ئەم بەرهەمە لە سەر

ئیزنی نووسەر بڵاو

بۆتەوە

Designed by: Emin Şabazi

@kurdica

# میرزا

«بەشی دووەمی هاوارەبەرە»

نووسەر: فەتاح ئەمیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەش بە ڕەوانی پاکی دایکم" سارا شەمسەدینی" کە گۆران گوتەنی :

" بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم وتم ڕۆ "

نێوی کتێب : میرزا " بەشی دووهەمی هاوارە بەرە"

نووسەر : فەتاح ئەمیری

لاپەرە:

تیراژ: ٣٠٠٠

چاپی یەکەم: ساڵی ١٣٧٢

تەراح: مێهدی زیائودینی

بڵاو کەرەوە: ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

" ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی "

ناو نیشان: ارومیه ـ صندوق پستی ٧١٧ ـ تلفن ٤٥٧٠٠

مافی لەچاپدانەوەی تایبەتی نووسەرە

بەرێزوسوپاسەوە لەسەر ئەرکیماڵی دوکتۆر عەبدولعەلی شەمسی بورهان چاپ کراوە٠

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا ، چ پیاوی دەربەدەر
« هێمن »

**خوێنەرانی بەڕێز !**

سڵاوێکی گەرم و گوڕتان پێشکەش بێ، ئێوەی ئەدەب پەروەر کە پێشوازیتان لە کتێبی کرچ و کاڵی هاوارە بەرە کرد، نیشانتان دا هونەر هەر چەند چووکەش بێ، لەبەر چاوی وردبین و بیری رووناکتان ون نیە. لە هاوارە بەرەدا ، بەڵێنیم دابوو، لە سەر ویست و داخازی خوێنەرانی بەڕێز بە شوێن" میرزا " دا بڕۆم، ئەوەش " میرزا " بەشی دووهەمی هاوارەبەرەیە .

لە تەواوی ئەو خوێنەرە بە هەست و چێژانەی ، دوای دەرچوونی هاوارەبەرە بە هۆی نامە، رووبەروو، بە تەلەفوون یا بە هەر شێوە و چەشنێك بیروڕای خۆیان دەربڕیوە و ئامۆژگاری و رێنموونیان کردووم بە گەرمی سپاس دەکەم، بەو هیوایەی قەڵەمی کول و بیری کورتی من جوابی گەورەیی ئێوەی بەڕێز بداتەوە .

بۆکان. فەتاح ئەمیری.
١٣٧٠/٤/١

سپاس دەکەم لەبرایانی بەڕێز کاك ئەحمەدی مەولانی وکاك مارف ئاغایی، کە هەڵە وپەڵەی تایپیان بۆ دۆزیمەوە و چارەسەریان کرد .

# ١

شەو درەنگانە• دارستان چۆل و هۆلە• لکە و گەلایەو سەرما • زریان بـــە نێوان و کەلێنی دار و پنچکانـدا رێ دەکاتەوە، قەمچی دەکێشێ• پەڵە پەڵـە زەوی چووکە، هێندی جێ خرمانێك لە دڵی دارستاندا وەبەر چاو دێ، گـــە لاٚ تالوو، کەکرە و مێکووك ئەویشی داپۆشیوە• چیلکەوچاڵ، خەزەڵ و ویشکـــە پایەندازی ئەسپە بۆرەیە•

شەو بەسامە • میرزا چاو نەترس و وریایە• ئەسپەکە بە باز و بوردە ، سمی زەلام و خڕی شین بۆرە، زرمە لە زەوی دێنێ• نێو دەستی فرەوان وســە ر پشتی پانی ئەسپەکە، هێندەی دی میرزای وەغیرەت خستووە•

هێندە مێرانە خۆی خستۆتە سەر خـانی زین، وەك دنیا نێری تێدا نە بێ• تاکە سوار و شۆڕە سواری ڕێگای درێژی شەوە•

مانگی لەکەل دەرکەوتوو، سەر چلۆوکی دارە بەرزەکانی ئەنگاو تووە ، چاوی روونی میرزا بە بێ ئەوەش ڕێدەردەکا•

ڕێ وەك توولەمارێك خوشیوە، لە سەر دڵـــی سروشت چۆتە پێش ،بە هەر شوێنێك دا کە جێی بووبێ•

ڕێی دارستان بە سەر لێ شێواوی تەسلیمی تەبیعەتە، ڕێ نیە، شوێنـــی

@kurdica

هات و چۆیە، شوێنی گیا نلەبەرە٠

تاشە بەردی سەر رێ ویێرای زەوی قوولْ بوون، رۆچوون و سواون، تەلْـەز - میان هەلْداوە، تەلْەزمی پانکەلْەی چووکە٠ لە سەر چەقی رێگاکە تاشەبەرد، خیزی وردی شین، دایپۆشیوە٠

رێ بە نێوەراستی دار و پنچکی خۆرست و رووا وی کێوی دا دەروا ٠دەنگی رێك و بێ وچانی سمی شین بۆرە، وردە پرپیشك و شەبەقی سم و بەردەویـزەی باو هاشەی لك و پۆپ ئاهەنگی سەرکەوتن لێدەدەن٠

میرزا جلْەوی شین بۆرەی شل کردووە٠ دەنگی نادا، رکێفی لێ نادا، ئەندێشێ ناکا و دلْنیایە٠

میرزا ئەسپەبۆرە لێ ناخورێ، ئەوە ئەسپەکەیە میرزا دەرفێنێ، وەك چی بە کۆلْەوە نەبێ، ئەمەگی دۆستایەتی دەنوێنێ و پەیمانی هاورێ یـی تازە دەکاتەوە٠ ئەسپەبۆرە وەك مقەست رێگا دەبـرێ٠

میرزا ئاور لە رابردووی دەداتەوە ٠ ژیانی پرکارەسات و بەسەرهاتـی بەسەر دەکاتەوە:

- رێ یەکی زۆرم بریوە، رێگایەکی دوورم لەبەرە، دەبێ نەخەلْەتێـم٠ داهاتوو حیساب لە سەر رابردووم دەکا٠ هەلْەم لێ دەکـەنەخەتا، خەتـام لێ دەبێتە تاوان، جەنگەی خرمان هەلْگرتن لە سەر نوخشان دەنکە گەنمێکـم لێ دەکەنە سوورێك، ئاخ٠٠٠٠٠ بارێکی گرانم لە کۆلْە٠ بری بام بە بـری ئەو کەسانەی خاتر جەمن، خۆزگە بە خۆزگە داران٠ گەلانی سەرکەوتـوو، بەختەوەرەکان، ئەوکەسانەی لە مێژە تێگەیشتوون و پێگەیشتوون٠ ئـەوان لە دنیایەکی دیکە دا دەژین٠ دنیای ئەوان جوانە، خۆشە، رەنگاورەنگـە، نەخشینە، مێرگۆلْەیەکی سەوزە ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا، مێرگۆلْەنیـە، دەریایەکی پان و بەرینە٠

ئاخ ئازادی چەند خۆشە٠[١] مافی ئینسانی خۆمە لێیان زەوت کردووم٠ وایان لێ دوور کردوومەوە خۆشەوە نەبێ، جاوەرە وەدووی کەوە، پشتاوپشت،

ئەوەی کە هی خۆت بوو ، حەقی خۆت بوو٠

منداڵێکی خەوت ، هەشت ساڵانە بووم٠ بێ خەیاڵ ، تێر ، تەسەل، کۆک ، پۆشتە ، نازدار و خۆشەویست ، تاقانە، گڕنەم لە هەرچی گرتبا بۆیـان دێنام٠ بابم بازرگان بوو ٠ دەوڵەمەند، هەمووشتی هەزار هە بوو٠٠٠٠ دایکم ژنێکی وریای دەستەی رەزا خۆش ، دایکێکی بە تەواوی مانا دایك ٠ ماڵێکی خۆشمان هەبوو٠ ئەمن پێیم وابوو ژیان هەر ئاوایە٠ گەرم و گـور ، تێر و تەبا ، لە تەرپیم دەخوارد و لە ویشکی دەخەوتم٠

ئێستاش تامی ئەو " تاس کەباب"ەی دایکم لە بن ددانی دایە٠ حەیـف بۆ ئەو جۆرە ژنانە٠ چ دەستاوێکی هەبوو، بۆنی رۆنی زەنگ و پیواز گەرەکـە ماڵێکی هەڵدەگرت٠ گۆشتەکەی هەل و پەل دەبوو٠ نان و چێشتی لە مدبەقـێ لێدەنا ٠ موغاری مدبەقەکە چەند رێك و پێك و بەجێ و رێ سازکرابوو، دو و سەکۆی چووکەی لەولاو لا هەبوون٠ جاری وابوو بە هەرەمە خۆم بە ژووری دا دەکرد، بۆنی چێشت ئیشتیای دەبزاوتم٠ دایکـم بەر هەڵێنجی بۆدەکردم٠

شیرینی چەند خۆشی سازدەکرد، نانە شەکری، گوێ فیل، لوقمە قـازی ، ویشکە هەڵوا ٠

کولێرەکانی چەند خۆش بوون، کولێرە ناسکە، کولێرە قەرە پەپاخـی ، ئای دایە بریا تۆم هەر مابا ٠

هەموو جێژنان، کەوای بۆ منداڵی ئەو گەرەکەی دەکڕی ،دەیدا بـە دایکیان بیان دەنێ، بە دزی منیش ئەو کارەی دە کرد، نە وەك بە چاویـان دادەمەوە٠

هەرکەس بۆنی چێشتی بە سەر دا چووبا ، دەبوو تامی بکا ٠ بەراسـت و چەپ دا ، لێی دەبەخشی، وەك دەریا ئەو میرەماڵە چی لێ دیار نەبوو، ئـای لەو دای و بابەی، چ شێرە ژن و نێرە پیاوێك٠

کوردەواری ئەودەم چەند خۆش بوو٠ ژیان چەند سادە و ساکار بـوو ، بریا ئەوێ دەمێ مردبام٠

شت و مەك زۆری هەر لە خۆی دا ساز دەكرا· كەل و پەل هەر بەرهەمی نێو خۆی بوو· كەم وابوو شتێك لە لاوەبێ· دراو دەستا و دەستی دەكرد· خەڵك دلاوا بوو· پەك كەوتە زۆر كەم بوو، هەشبایە دەستیان دەگرت· هەر كەس چنۆك و چاو نەزێربایە بە بەشەریان نەدەزانی · ئای كوردەواری " هەر ئەو ساڵ خۆزگەم بە پار "·

بابم حوجرەیەكی خاوێنی هەبوو، لە نێو بازاڕی، دوو عەمباری گەورە هێندێ مەیدانە ئەسپێك بە تەنیشتی یەوە راكشابوون· كەتیرە و مازووی ئەو ولاتە ، هەمووی دەهاتە ئەو عەمبارانە ، رۆژ تا ئێوارێ ، سێ چوار كرێكار خەریكی تا داگرتن و وەرگرتن و بەرێ كردن بوون· نەفێڵ هەبوونە تەڵەكە، سارد و سەودا حەلاڵ و بێ درۆ و دەلەسە بوو·

میرزا قادرێكمان لەلابوو، رۆژ دەچوو و دەبڕاوە بە خۆی و دوو - چاویلكانەوە چۆرتە دارەگوێزەكەی خرتە لێ دێنا و شەق و هوڕ دەیهاویشت ، جارجاریش دەفتەرەكەی دەنووسی ، وای لێ ورد دەبۆوە، هەر دەتگوت دەیدۆزێ·

میرزا قادر پیاوێكی كوێرەمووشەی خرپلە بوو· لە هەرەتی لاوەتی یەوە لە لای باوكم گیرسابۆوە ، بۆ خۆی و ژنەكەی لە چاوە خانوویێكی دادەژیان ، تەنیا كچێكیان هەبوو ئەویش شووی كردبوو،لە شارێكی دیكە دەژیا ·

میرزا قادر رۆژێ سەعاتێكی دەرس پێ دەكوتم، خەت و مەشقی لەگەڵ دەنووسیم ، بە تەواوی سەری خۆی پێوە دێشاندم، هەرگیز توند و تیژی لەگەڵ نەدەكردم· وێڕای ئیش و كاری حوجرە، دەرس و دەوری منیش بە باشی دەڕۆیشتە پێش · بابم زۆری چاو بە سەریەوە بوو· زیاتر لە مواجبی خۆی پارەی دەدایە· ساڵێ دووجاران بەرگ و پێڵاوی بۆ خۆی و ژنەكەی دەكڕی · میرزاش ئەوەی وەگیری دەكەوت دەیخوارد ·پیاوێكی دەروێش وبێ تەماح بوو ·

یەك دوو جێژنم لە بیرە، باوكم بە من دا جێژنانەی بۆ نارد ،دەیەویست رێزی لێ بگرێ · ئاخر جگە لە كاری حوجرە دەرسی بە منیش دەكوت ·ماڵەكە-

یان پاك و خاوێن بوو. ژیانێکی ساکار و ئاسایی ، تێروتەبا ، ماڵ وحاڵێکی بۆن خۆش و خشپیلانە.

میرزا ژن جارجار دەهاتە ماڵی ئێمە، ژنێکی سەر وروو خۆش و دەم بە پێکەنین و گەڕاوە بوو.

دایکم زۆری ڕێز لێ دەگرت. بە باشی لە بیرمە جارێکی بابم سەفەری هەمەدانێی بۆ هاتبۆ پێشێ ، نازانم لەگەڵ کام تاجری وێ ساردو سەودا و کەینە و بەینەیان هەبوو. ئەوەندەم لە بیرە رووی مانگێکی لەوێ ماوە.

وەتاغەکانی دەرێمان پیاوی لێ دەخەوت . من و دایکم لە دیوی ژووریّ - تەنیا بووین. دایکم وای پێ باش بوو کە سێکیش لە لای ئێمە بنوێ. ناردیە شوێن میرزا ژن ، ئەو ماوەی هەر لەوێ ماوە.

ئـای خۆزگەم بە وێ دەمێ ، دنیای منداڵی چەند جوانە، بریا قەت گەورە نەبووبام. ئەوەی ئێمە پێمان گەورە بوونە، چەشنێك لە بەین چوونە .

میرزاژن هەموو گیانی نەقڵ و نەزیلە بوو، بێ سەواد و نەخوێندەوار، کەچی هێندی کۆنە کتێبێکی چیرۆك و بە سەر هات دەزانی، بە گفت و لفتێکی خۆش، دەستی پێ دەکرد، شتەکەی وادەڕازاندەوە دڵێك و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو ،خوا هەڵناگرێ ئەو زۆر لە میرزا قادری بەڵەدتر بوو.

هەموو شەوێ لە خۆشیان خەو لە چاوم دەتۆرا ، لەبەر دایکم دەپاڕامەوە ، تکای لێ بکا حەکایەتمان بۆ بڵێ.

وێڕای دایکم نوێژی خەوتنانی دەکرد، لەنتەری یەکەیان لە سەر تاقەی شانشینی دادەنا . گڕەکەیان دادەکێشا ، هەتا بە تەواوی کز دەبوو.

هەر یەکەی لە بەرە کورسیەکی تێ دەخزان. ئەمن لە بەری نێوان هەردووکیان. ملم لە لێفەکورسی وەدەر دەخست.پەنجەی پێم لەوبەرە و بەری پێچکە کورسی یەوە توند دەکرد. کورسی ئەودەم بەسەلکەرەژی گەرم دەکرا . دوو سێ سەلکەرەژی لەگەڵ خاکەنازێك پۆلووی کوورەی لەقوڵکەی

دەکرا و برژێکیان خۆڵەمێشی وردی خاوێن بەسەر دادەکرد • دایان دەپۆشی • جاری وابوو بەشی دوو ڕۆژی دەکرد • کورسیەکە بە باشی گەرم دەبوو ،کەچی هێندەش داغ نەدەبوو لاق و لەتەران ئازار بدا •

میرزا ژن سەرینێکی گەورەی دوو قەد دەنوشتاندەوە و دەستی پێدەکرد • زۆربەی چیرۆکەکانی دەگەڕاوە سەردەمی غەزنەوی یەکان • بە تایبەتی کاتی پاشایەتی سوڵتان مەحموود • زۆریشی لە زمان پیسۆزەوە دەکوتن:

" ئەی پیسۆز ! ئەی حەمری من! ئەی چاوی من! میوانم و خەستەم و بەرێ یە دا هاتووم• نقلێك ، سەرگوزشتەیەکی هەتە بۆم بگێڕەوە" ئینجار لە زمان پیسۆزەوە دەستی پێ دەکرد :

" دەروازەی شار داخرابوون• سریوەی مێش نەدەهات• ڕێبوار لە دەرکی شاری دا • دەرکەوان کوتی : ـ چت دەوێ ؟ ! فەرمانی سوڵتان وایە هەتا بەیانی دەرکە ناکرێنەوە • ڕێبوار کوتی : ـ ئەوکیسە دراوەی بگرە وبیکەوە•

دەرکەوان لە کەلێنی دەرکەوە، کیسەی وەرگرت و گوتی : ـ سوڵتان مەحموود بە قوربانی ئەو دراوەی بێ لە باخەڵم دایە••••"

" سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و حەسەن مەمەندی بە جلی دەروێشی وەدەر کەوتن•••"

" سوڵتان مەحموود بەرگی غەزەبی پۆشی••••"

" ڕەش سوارێك هەر شەوەی لە دەرکی ماڵێکی دەدا • ساحێب ماڵ بە شل و شەوێقی دەرکی لێ دەکردەوە• ڕەش سوار شیرێکی لە ملی دەدا ••••"

" سوڵتان مەحموود بە بەرگی دەروێشی یەوە بە پەنا ماڵێکی دا دەرۆیشت•تیشکی ئاورگێکی دامرکا و لەکەلێنی دەرکە چاوی دادەگرت•سوڵتان وەژوور کەوت• جۆلایەك بوو شاڵی تورمەی دەچنی • هەر چەندی مەکووکەی داویت و شەپیتەی پێوە دەدا دەیکوت :

زمان ئامان! زمان ئامان ! ••••"

هیندی باسی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و حەسەن مەمەندی بۆ



@kurdica

کردبووم، لەگەڵیان وەك برایانم لێهاتبوو.

چیرۆکی دیکەشی دەکوتن . حەکایەتی رەندە و مەندە و مامەنـــدەی دوو سێ جاران بۆ کوتین. ئەمن حەکایەتی خەڕەکە نارنارم لە هەموویان پێخۆشتر بوو، لە دواییش دا گەرمە شینێکی باشم بۆ دەکرد. ئێستاش لەت و کــــوت لە بیرمە. دەیگوت:

" ساڵی گرانی ژنێك لەگەڵ کچە منداڵکـــارە کەی، لە هۆدەیەکی رەق و ویشك،بە برسیایەتی خەریکی خەڕەك رستنن. باوکی کچە بە شوێن ئـــــارد پەیدا کردن دا رۆیوە.

کچ : " دوو گوڵم رست و بیست و چوار "

- خەڕەکە نار، نار، نار، دایە مردم لە برسان!

دایـــك:

- رۆڵە گیان ئەوە بابت چۆتە دروێنەی .

کـــچ:

- خەڕەکە نار، نار، نار، دایە مردم لە برسان!

دایـــك:

- ئەوە باوکت گێرە دەکا .

کـــچ:

- خەڕەکە نار، نار، نار، دایە مردم لە برسان!

دایـــك:

- کچۆڵەکەم ئەوە بابت شەن دەکا .

کـــچ:

- خـەڕەکـــە نار ،نار ،نار، دایە مردم لە برسـان!

دایـــك:

- کچی دایکی ئەوە باوکت گەنمـەکە لاتیل و باڵەکەو دەکا .

کـــچ:

- خــەڕەکە نار ،نار ،نار ، دایە مردم لە برسان!

دایـــــك:

- ڕۆڵەکەم ئەوە بابت گەنمەکە قوونە کەو و گێژەو دەکا .

کـــچ:

- خەڕەکە نار ، نار ،نار ، دایە مردم لە برسان!

دایـــــك:

- ڕۆڵە گیان ئەوە بابت بارا شــەکەی بردە ئاشی .

کـــچ:

- خەڕەکە نار ،نار ،نار ، دایە مردم لە ،لە ،بر ،بر ،برسان،ن .

کوتەکوت و تەپە تەپی بارهێنانەوە دێتەگوێ، کچۆڵە سەری بە ســــەر خەڕەك دا کەوتووە .

دایـــــك:

- کچی دایکی ئەوە باوکت هاتەوە . ئێستا نانت بۆ دەکەم.

کچ لە برسان رەق هەڵاتووە، نارە ناری خەڕەك وپشووی کچ وێڕای یـــەك کەوتوون" .

ئاخ.... ئەودەم تەنیا خەمی ئەوکچەم بوو . لە دایکم تووڕە بووم بۆچـــی نانی بۆ نەناردووە.....

فڕەی باڵی باڵندەیەکی گەورە، ئــەسپە بۆرەی سڵەماندەوە . میـــــرز ا ڕاپەڕی .بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، جڵەوی بۆرەی توند کرد . بـــۆرە لابــــــازێکی هاویشت .گوێیەکانی لە مووچەوە برد . ئەمما زووهاتــەوە سەرڕێ . میرزا کەمێکی فیتوو بۆ لێدا لاوِاندیـــەوە ، هێدی و قورس و قایـــم دیسان ڕێی داگرت .

میرزا دەیەوێ خۆ لەخەیـاڵ دوور کاتەوە . لە دەست ڕابردوو هەڵــــێ . بەڵام ڕابردوو وەك پەردەیەك بـە بەرچـــــاوی داڕادەبڕێ:

- بە ڕەحمەت بێ میرزاژن، بۆ هەوەڵ جار باسی برسی یایەتی بۆ کردم .

ئەودەم پێم وابوو تەنیا ئەوکچە خەرەك رێسە لە برسان مردووە، خەڵکی د ی هەر وەك ئێمە گشتی تێرو تەسەلن.

* * *

چەند ساڵێك گوزەرا. میرزا قادر ئەوەی بۆ خۆی دەیزانی ، منیشی فێـر کرد . چۆرت هاویشتن ، سیـایی نووسین. تەنانەت حیسابی رقوومیشی پێ کوتـــم. ئەو رۆژانەی نەخۆش دەکەوت یا بابم بۆ جێ یەکی دەنارد ، مـــن لە جێگای ئەو کارم دەکرد.

بابم پێم خەنی ببوو . وەك دنیایان دابێتێ. لە نێو بازاڕی وە دووی خـۆی دەدام. وەیدەزانی ئاسمان کون بووە و ئەمنی بۆ هاتۆتە خوارێ . شانـــازی پێوە دەکردم. جارجار بە ئانقەست، ئەو جۆرەی خەڵك گوێی لێ بێ دەیگوت :

- رۆڵە میرزا هەیاس ! حەق و حیسابەکەت لێك داوەتەوە ؟

- بەڵێ بابەگیان؟ .

- ئەدی نووسیویشتە ؟

- بـــەڵـــێ .

- بـــاشە، زۆر باشە بابەکەم. ئەمن وردەوردە پیر دەبم. هۆشت بە سـە ر کارەکانەوە بێ. میرزاش پیر بووە، لێرەش بێ یاریدەی بدە . حەقی لەسەر - مانە. پیاوی هێندە راست و ئەمین وەگیر کەس نەکەوتووە . لە ماڵی مـن دا بەشی هەیە. پێم خۆشە دڵی من بشکێنی، ئی میرزا قادری خوانەکا ...

- رۆژگارێکی خۆش بوو . نەم دەزانی چۆن دێ و چۆن دەڕوا . خێروخۆشی ، نازو نیعمەت ، سەفاو وەفاو قەدر و حورمەت ، میوان بوون، میوانداری یان دەکـــرد .

خۆشی یەکان، بە داخەوە خۆشی یەکان کەم تەمەنن. وەك بلقی سەرئاوێ . دێن و دەتەقن. بەهار بەو هەموو جوانی یەوە، بە پرتاو هەڵ دێ. دووکەڵێك ، دووکەڵە شینەیەك، لە پاشی جێ دەمێنێ. دووکەڵێك پڕ لە بیرەوەری،بـــە جارێك ئارەزووەکان ، خەونەکانی منالّی ، خەیالّەکانی لاوی، دێن و دەڕۆن،

ون دەبن•وەك" سێبەر لە دەست رووناکی "،چەشنی تیری سارده کەوان•پـێ بەپێ و نیسێ بە نیسێ ، تەمەن هەڵدێ• هەموو جوانە مەرگین• تەنیا جوانی دەمرێ• دزێوی مەرگی نیە• بۆ خۆی مەرگە• بۆ خۆی نەمانە•ئەجەل لاچوونی جوانی یە، مەرگ مەرگی جوانی یە• ئاخ••• هەرگیز بیرم لە نەمان و تێپەڕبوون و شکان نەدەکردەوە•

بیرم نەی دەبڕی بەهار، پایزی لە شوێنە• پایز وەرزی داخ و کەسەرە• هەنگاوی بێ هێزی دوایی• ئەگەر دەمزانی ئاوا دێ وئاوا دەڕوا، لە ناخی هەر پشوو و هەناسەیەك سەدان پشووم دەکێشا و هەزاران کۆگام هەوای سووکی بەیان دەبردە نێو سی یەکانم•

**ژیان؟**

**ژیان بەیتی باوە ئاودەمە**
**گەرم و پڕ بەتین**
**لە باتی زەردەخەنەی جوان و پێکەنین**
**لەجێ چەمی شەکراو و رووگەی ئەوین**
**بارانی سارد و سوێری خەم**
**لەسەر بەند بەندی بەیتەکە**
**دڵۆپ دڵۆپ تکا**
**سواخی بە شۆرەکاتە دڵ**
**لووساوکی هۆدەکەی پڕاو پڕە**
**بە غورەم رۆ دەڕێژێ**
**دەرد و خەم**
**دڵ بازی فێرە ڕاوە**
**هەڵۆی بەرزی تێ شکاوە**
**خەم هات!**
**دوو بارە هات!**

**بابێ، هەر وابوو دڵ**
**ئاوارە بوو، ئاوارەیە، غەوارەبێ**
**ژیان بەیتی باوکە ئادەمە**
**بەیتە درێژ و کورتەکەی خەمە، خەمە•**

* * *

ئادەمیزاد، ئەو گیانلەبەرە چارەڕەشە ، کەس نەیزانی بۆهاتە دنیـا • لانی کەم من بۆم حەل نەبوو• میرزا ژن دڵی بە میرزا قادری خۆش بوو•میرزا قادر دڵی بە حوجرەی بابمەوە بوو• ئەمن میرزاژنم لە بەر چیرۆکەکانی خۆش دەویست• بابم بە هۆی منەوە خۆی بە وەجاغ کوێر نەدەزانی•

گەلە،ئاخ•••، چەندە خوێن شیرین بوو! کووچەی لێ دەگرتم• بە هێی دەدامێ • چەقۆی لێ دەستاندم• نامە جوانەکەی لە بەندیخانە••• من بۆ وابەدڵڕەقی جوو لامەوە• دەرکی پۆلا ، دیواری سارد و سڕ، ئەشکەنجە ، سووکایەتی ، منیشی بێ بەزەیی کردبوو• من وەرامی گەلەم بە ساردی داوە • گەلەی منال ، بێ دایك، بێ هەناسە سارد ، نەدەبوو وای بۆ بنووسم•

منیش ساردی زیندانم گرتبوو• منیش لە سەر ڕێ و ڕەسمی دنیای دەور و بەرم• گەلەی نازدار! دوای مەرگی دایکم چی کردووە؟ دوای وەرامەکەی من چ حالێکی بووە؟!

شووی کرد؟!

چۆن بوو شووی کرد؟!

بێ بەقا بوو؟!

بێ وەفا بوو؟!

چی؟ کام؟

بە نامەکەی من رووخاوە؟! بیر، مێشك، هومێد، هیوا ، داوا ، جارجار ناسكن• دەڕووخێن• تێك دەتەپن• خاپوور دەبن•••گەلەی منال، گەلەی ناسك، بێ ئەزموون، ساویلکە، ساکار • وەك شووڵی لاوێن هەر چۆنێك



تایبەت ترین پێگەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ویستبام وابوو٠ دڵی دەتکوت شووشەیە٠٠٠٠ ئەوێ جارێ دایکم بە ســـەت
کوێرەوەری هاتبۆوە لام٠ دەیگوت:

-کە تۆ گیرای لە سەر خۆم را زگم بە گەلە دەسووتا٠ زمانی رە دەرك و
بانێ دەخست٠ شێت ببوو٠ دوعای دەنووسی٠ شەمی دادەگیرساند٠٠
بە رۆژوو دەبوو٠ بۆنی بە لیباسەکانتەوە دەکرد٠ قسەی لەگەڵ وێنەکـــەت
دەکرد٠ سینگی دەکوتا٠ هاواری دەکرد٠

من بێ وەفا بووم؟ من و دڵڕەقی!٠ نانا هەر رێگای ئەوە بوو٠٠٠ ئەو بـــۆ
بە منەوە سووتابا ؟ کچۆڵەیەك کوا تاقەتی؟ ئەو زووخاوە هەر بۆ من باشە٠٠
وا باش بوو٠ چاکم کرد٠ شووی کردووە٠ وردە وردە منی لە بیر دەچێتەوە٠
وانەبا شووی نەدەکرد٠ چی کردبا ؟ من ئاوا ٠٠٠٠چاکتر ئەوەیە لە دڵــــی
خۆمی دەراوێم٠

ئەوین چیە ؟!
هێزێکی بە تینە!٠

لافاوە؟!٠ ناوێستێ هەتا دەگاتە دەریا، ئەودەمی دادەمرکێ٠ ئەویـــن،
ئەوینی دوو بنیادەم بەرامبەر بەیەك!٠
نیـــازە؟
ویستـە؟
هەوەسە؟

ناناهیچ کام، وانیە، وانیە، هەرگیز٠
ئەوین شەیدایی یە؟

نازانم، تێ ناگەم، هەوەس لە من دا مردووە٠ کوژراوە٠ من زۆرلەوە بـــە
هێزترم٠ ئافرەت ناتوانی دیلم کا٠ من لە مێژە ئەو نیازەم لە دڵ دەرهاو-
یشتووە٠٠٠

دەساڵ زیندان، کتێب، دەرس، دەور، خوێندنەوە٠٠٠دەیباشە ئەگـــەر
بڵێن، وای دابنێن ئەوین هەوەسە! ئەدی عیشق بە خوا چیە؟! بە وڵات؟!بە

مرۆڤ؟! بە ئامانج؟ ! بناخەی هەموو ئەوینێک، یەکە ، لە کۆلکە دایەکن • ئەوین یانی ئەوین•

میرزا قادر، میرزاژن، بابم ، دایکم، چ بێ وادە، یەك بە شوێن یەك دا مردن• ئەو هەموو هومێدە، ئارەزووی رەنگاوڕەنگ•••••بابم ، دایکم ، دایکی پیر و هەناسە ساردی تەنیا و بێ کەسم• کێ ناشتی ؟! گەلەی لە لابووە داخوا کێ تەسلیم بە خاکێ کرد•••• گڵەمەرگت بێ• گەلە لە نامەکەی دا نووسیبووی:

لە لای دایکت بووم، هەتا لە زمان کەوت، بە ئاواتەوە بوو دیدار ئاخر نەبێ، جارێکی دیکە چاوی پێت بکەوێ • دوعای ئازادی بۆ دەکردی•دەید - واندی وەك لەوێ بی•

*          *          *

جەماڵ، رەسوو، کەماڵ ، خالید ، خدر لە کوێن؟ چ دەکەن؟! بەندیخانە، ئەشکەنجە، پرسی یابەتی ، دووری ، دەرد، خەم ، ژان • وەکیل نیازی ، پۆتینەکانی قورس و خەپلەن• وەك پێ پشیلە ژێرەکەیان بزمارکوتە •دێتە ژووری • بەنووکە شەپ لە دەرکەکە دەدا • ئازەری یە• فارسی بە باشی نازانێ • تووڕەیە• قەمچی بە دەستەوەیە• پیاوەتی لە قالبی دا نییە • بە غەزە بەوە دەڵێ : - ئەیاز!

بە قۆنە قۆن هەلدەستم • پشتم بریندارە• سەرم پێچراوە• هێزم لەبەر دا نیە• بە پاڵە و پەستۆ وە دەرم دەنێ• دوو نەقورچم تێدەکوتێ• دەستم لە پشتەوە دەبەستێ• بەزللە تێم بەر دەبێ• بە پێلاقە دەمخا • دەگوڕێنێ :

- باوك سەگ تۆش دەکووژم• " کەماڵ"یشم کوشت• دەمباتە لای نایب • نایب فارسە• قامك ئەستوور• دەست قورس • لێم راستەوە دەبێ:

- بڵێ ، بڵێ ، بڵێ •

- چ بڵێم ؟

لێم دەدەن• دەکەومە سەرزەوی• زەوی یەکە خاو و شەدارە• پەڵە ، پەڵە

خوێنی پیاوه ویشك هەڵاتووه.

خوێنی چ چارە ڕەشێکە؟ فارسە؟ تورکە؟ بەلووچە؟ کوردە؟ خوێنە. خوینی ئادەمیزادە. میرزا ژنم دەکەوێتەوه بیر: - دێوی ڕەش، بە تەندوورەزەنـــــە هات، نەحرەتەی لە سینگی بەتاڵ کرد.

وەکیل و نایب هەر دووکیان دەگوڕێنن. لێم دەدەن بەبێ بەزەیی:

- بلێ، مارز باب، دارت لە قوونێ دەبڕم. زمانت لە بن دا دەبـــڕم. شەلاغ، دار، فەلاقە، نازانم چەندە ئاوا دەژیم. سەرم لە گێژەوە دێ.بـــەر چاوم تاریکە. ژانی لەش. گرمە. هەڵڵا. هاوار. ڕەشهەڵگەڕان. پشــووم نایەتە دەر. تارمایی، ڕەشکە و پێشکە و بێ هۆشی.

* * *

چاو هەڵدێنم. هەموو لەشم ژان دەکا. لەسەر زەوی فڕێ دراوم. دەستـــی خدر لەسەر سەرمە.

- میرزا! چاو هەڵێنە، منم خدر، تۆ نابێ بمری. تۆ بە هێزی...سەرم قورسە. چاوم تارمایی دەکا. واوەی من کە ماڵە. شەلاڵی خوێن، بێ هـــۆش کەوتووه. سەری ماسیوه. دڵی پێــی تك تك خوێنی لێ دەتکێ. نازانم شـــەوە یا ڕۆژ؟ لە خەودام؟ بەخەبەرم؟ تارمایی. ڕەشکەوپێشکە. دایکم، باوکـــم، گەلە، میرزاژن، برسیایەتی، خەرەك، گرانی، هاوار...

* * *

دەستی خدر لە سەر سەرمە. کەماڵ لەولاوە شەلاڵی خوێن کەوتووه.

خـــدر:

- میرزا! چاو هەڵێنە، خالید دوو ڕۆژە نەهاتۆتەوە. ڕەسوو یان بـــرد. نۆرەی منە. هەستە! هەستە! کەماڵ زەحمەتە بژی. بە حاڵ پشووی دێ. لە تاوان ڕاستەوە دەبم. سەرم لە گێژەوە دێ. دیسان بەردەبمەوە. هەمــو گیانم ئارەقەیە. ئارەقەیەکی سارد. برینەکانم دەکولێنەوە. ئارەقە وخوێن تێکەڵ بوون. چریکەیەك دەپشتم وەستاوه. دڵم خاو بۆتەوە، لە بوورەوە دەچێ.

هۆدە لەسەر سەرم دەسووڕێ. نالەیەکی کز دێتە گوێم. نازانم کێیە.هەتا دێ نزمتر دەبێتەوە. زرمە، شەقە، تەقە، هاوار هێلنج ، دەنگی نایبە ، دەگوڕێنێ، دەکووژێ، دەبڕێ:

- بلێ ، بلێ ، شریخەی قەمچی، هاوار ، نالە...

* * *

شەو و ئەسپە بۆرە ویڕای یەك بەرەو پێشن. ویزەی با ،سریوەی دارستان ، کوتەی ئەسپەکە، بێدەنگی شەویان شکاندووە.

میرزا لە قوولایی خەیال دایە. بیرەوەری کۆن وئەسپە بۆرە هاو سەفەرن. هەست بە تێپەڕینی کات ناکا. کۆڕی دادگا ، قازی بە کرێگراوی گوێ لە مست. ئەوەی ناوی هەیە، نیۆکی نیە. لەو شوێنەی ویژدان فرۆشراوە،تەرەیە، یاسا پووچە. مرۆڤ قاللۆرێکی بەتالە، نێو هلۆلە. هەزار هاوار بە پوولێکە. کوشتن ئاو خواردنەوەیە. بەشەر جگێکی سووتاو ناهێنێ. فەرمان فەرمانی سەرەوەیە.

تالاری دادگا ، بێ‌بێ جان. قازی،لۆتی بە پیرەی ژێر پەردە. تاوانبار بوو کە چینییە. دێتە سەرەوەی پەردە. دەسووڕێ. لارو کۆم دەبێ. لە ئەرزی دەدرێ.

دەنگ دەنگێکی گڕ و غلوور لەژێر پەردەوە:

- هەیاس! شا سێبەری خوایە، باوکی گەلە، هەلبژێراوی خەلکە.

چاوەڕێی وەرامی منە، ئەو قسانە بە من چی! جوابی نادەمەوە.

لۆتی‌یە پیرە دیسان وە گالە گال دەکەوێ:

- هەیاس ! تۆ دژی خەلکی، دژی ولاتی، چەتەی ،ڕێگری.
- من چەتە نیم، ڕێگر نیم، دۆستی خەلکم، ڕۆلەی ئەو گەلەم، بیژوو نیم.
- دیارە لەسەر داواکەت سووری ! تۆ ئاژاوەت ناوەتەوە.

- هەرگیز • درۆیە، من بەختەوەری گەلم دەوی، ئاوەدانی وڵاتم دەوێ•

- تۆ مێشکت شلەقاوە، بیروڕات نەخۆشە، زیادی • تۆ لوویەکی دەبێ بت بڕن و فڕێت دەن، خاین بخەوە تا دە ساڵی تر • ئاوی ساردبخۆوە • بووکە چینی لار دەبێتەوە، دەکەوێتە سەر ئەرز•

لۆتی یە پیرە دێتە دەرێ• بە دەماخ ، بە پۆز، بۆن خۆش ، منا ـ لەکانی تێر ، کۆك• ماڵەکەیان گەرم و گوڕ • داهاتوویان رووناك! لۆتی یە پیرە و هەر رۆژەی بی بی جانێك• بووکە چینی دەکەوێ، ئەو جۆرەی لە دەرێ ڕا دەڵێن، لۆتی یە پیرە پارە وەردەگرێ، باوەش ، باوەش•

یەك دەڕزێ ، یەك دەتەزێ و یەکیش دەبەزێ• ئەوی تر لە ناو نیعمەت دەکەوێ•

قابیل ، هابیل دەکووژێ• هەر کەس زەوی بۆ خۆی دەوێ• خوێن دەڕژێ ، زەوی دەیمژێ•

هەزار هومێد، هەزارهیوا ، هەزار داوا ، هەزار دڵی گەرم و بەتین، بە ئامازەیەك، بە دەستێکی قورس ، بە مێشکێکی نەفام : بێ هەست ، بێ بەزەیی ، سارد دەبێتەوە : دەخەوێ•

هومێدەکان، هیواکان، سەر لێشیواو ، دەسووڕێن، دەسوێن• بەرەلا ، حەرەلا ، سەر لێشیواو ، کەلێن، کۆلان، کێو ، دارستان• دیسان لە ناخی مێشکێکی تردا ، وەك چووزەیەکی ساوا سەر هەڵدەدەن• بیبی جان کۆ دەکرێتەوە• پەردە لا دەچێ• بازار تەختە دەبێ•

* * *

قەلەرەشە یەك پێ بە پێی ئەسپەبۆرە ، هەڵدەفڕێ، لەم سەر دارەوە،بۆ ئەو سەردار ، دەقرێنێ بە دەنگێکی گڕ و ناخۆش• غەریبەی دیوە•

میرزا وە هۆش دێتەوە• لە دڵی دارستان دایە• داربەڕوو باوەشێك ئەستوورن• ریشە هێندی لك و پۆپ چوون لە ئەرزەوە• رەگ لە دڵی زەوی دا ن، زەوی خۆی شل کردووە•



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

میرزا خۆی دەبینێ :

- رێگە نادەن ریشە داکوتم• منیش کوڕی ئەو خاکەم• سەربەرزی خەڵك ، بەختەوەری، تێرو تەسەلی، ئاوەدانی ئەو وڵاتەم دەوێ •••

مەبەستم ژیانە• ژیانێکی باشتر • بۆ هەموو کەس• ئاخ لە دەست باخەوانی باخ بڕ• ئەوانی لێیان دەدام، ئەوانی ، بێ تاوان تاوانیان دەخستە ئەستۆم کێ بوون؟! لە کامو لات راهاتبوون؟! بێ ریشە بوون؟! نا نا ، خەڵکی ئێرە، زرکوری ئەو خاکەن•

خەڵك خراپە؟! نا ، خەڵك چ بکا • دەردمان یەکە• دەرمانمان یەکە • نەزانی ، زانین•

ئەو خەڵکە بۆودوو رۆژە تەمەنە، چ بەلایەك ماوە بە سەر یەکی نەهێنن • بۆ وادەکەن؟ خراپ هاتوونە دنیا ؟! خراپ گووراون؟! نا ،نا خراپ بار هاتوون•

وەکیل دەیکوت :

- تۆ دەتویست من بکووژی• خاین، پیاوکوژ، دز، چەتە•••

- هیچ کام لەوانە لە من دا نەبوو• سەرم سوڕ مابوو! کەی من ویستوومە کەسێك بکووژم؟!

دوایی تێگەیشتم، وایان تێگەیاندووە• لە منیان تیژ کردووە• حکوومەت ، لە کاڵ و کرچی خەڵك ، بە قازانجی خۆی•••

من بمرم ، شا سلامەت بێ! شا سلامەت بێ بەسە! ئەو هەڵەنگوێ باسی سەرە! مەرِ بێ شوان دەبێ• نە من مەرِم نە ئەو شوان• ئەگەر دەیان هێشت ، قۆڵم لێ بلاو دەکرد• ریشەم دادەکوتا ، دە بوومە دار• دارێکی سەر سەوز ، سێبەرم دەبوو• بەرم دەبوو، لە بەر و بووی خۆم دەخوارد• رەگ ئاژۆم دەکرد • هەڵدەچووم•

دەبێ خەڵکی و لاتەکەم روون کەمەوە• لەگەڵ هەموو ناوچەکان پەیوەندیم هەبێ• ئێران پیاوی گەورەی زۆرە• دەیانـدۆزمەوە• ئازادی هەولێ دەوێ،خوێنی

دەوێ • راگرتنی دەوێ• خەڵك تێ نەگا ، پێ ناگا • رێگام دوورە، حەستەمە ، سەخڵەتە • بەلام بەئیمانەوە دەكرێ• نابێ راوەستم • وچان نادەم•درەنگە • محەمەد عەلی شا ، ئەحمەد شا ، رەزاشا ! یەك بە شوێن یەكدا • شایەك ـ دەخیچێ ، یەكی تر دێتە جێی• شا ، هەرشایە! هەژار ، هەر هەژار•ئـــــە و ئاڵ و گۆڕانە سەرفەیان نیە• هەر چی دێ سواری كۆڵمان دەبێ• كەس نیـــە كارێك بۆ خەڵك بكا • خۆیان كردۆتە سەر وەسی خەڵك• لانی كەم بریـــــا پیاوی باش بان• وەك كەریم خان• تەنانەت پێی ئیراد بوو• پێی بلێن شا • وەكیل•( وكیل الرعایا )• خەڵكەكە وە پاش كەوتووە• چ بكەم ؟! لە كـــوێ را دەست پێ بكەم؟ ! هەڵیم بۆ كوێ؟ ! تاكەی؟!

حاجی حەمە دەیگوت:

ـ چەك وچۆڵ ، كورە، كورە، دەست نادەین••••

ـ ئاغاكان ، ئاغاكان چ لێ بكەم؟!بۆ خۆیان شایەكی چووكەن• لەگـــەڵ پاشایەتی تێك خراون• چ دەكرێ؟! ئەو عەشیرەتە نیشتمانپەروەرانە چ لـــێ بكەم• سەدان ساڵە پەنامان دەدەن• بە درێژایی خەبات• بە درێژایی مێژوو ، ماڵی ئەوانە جێگای حەسانەوە بووە• هەمز اغا ، سمایلاغا ، لەو دیـــــوی شێخی گەورە• ئینگلیز بۆ وای كرد؟! ها ، شێخ نەیدەویستن• شێخ گەورەیـــی ئەوانی پێ شوورەیی بوو• حەیف بـو ئەو پیاوانە••••

حاجی چاكی لێك نە دابۆوە•• منی خۆش دەوێ• نایەوێ لە قوون دەركانم ببینێ• وەختی راپەڕین نیە، دەستێك بەتەنێ تەقەی نایە• خەڵكی ئێران بـێ تەفاوەت بوون• لۆس بوون• سەركوت كراون•

ئاخ••• سەتتار خان، باقرخان ، ئەو كەڵە كەلانە لە كوێن! تەورێـــزی قارەمان ، گوێی مەسجد، ئەرك، باخی گوڵستان، شاگۆلی••••

* * *

لە بەندیخانە ئاسوودە تر بووم• كتێب! دۆستی هەمیشەییم• پیــــاوی گەورە! دەرسم دەخوێند• فێر دەبووم• دەرسم دەكوت بە ژێراتر لە خـــۆم •

هەموو بابەتێکی تێدا بوو • ژیانی دیلی! بەلام بە مەبەستەوە • ئێستاچی! وڵات زیندانێکی گەورەیە • بە شەر خۆی ئازاردەدا • دیلی دەستی خۆیەتی • خۆی دەبەزێنێ • مرۆڤ گیان سەختە • رادێ، رێك دەکەوێ، رێك دەکەوێ • رەنگ دەگرێ • دەڵێن: " بنیادەم لە جەهەندەم دا ژن و میردایەتی دەکەن! "

وێدەچێ ، لەو حاڵەدا ئێستا گەلەم لە بیر نەچۆتەوە • لە مێژە نەمدیوە لێوە سوورەکانی هەر لەبەر چاومن • گەلەی نازدار • چەند روو هەڵما لاو بوو • منداڵ! بزۆز! جوان! شیرن! زار بە پێکەنین، ئای دەبێ ئێستا چۆن بێ ؟ گەلە هی یەکی ترە • خۆمن نەبوومە مەجنوون، خێزانی شەرعی کابرایەکە • ژنی " ئیبنووسەلام " • دەبێ لە بیرم بچێتەوە • من دەبێ نامووسی خەڵك بپارێزم • تەنانەت بە خەیاڵیش • گەلە بۆمن مردووە • بۆ هەمیشە • نایەتەوە! ئاخ سەختە! زۆر سەختە • گەلە کوا مردووە؟! خۆم فریو دەدەم • بە شەر لە زیندانی خۆی دادەژی • بە دەوری خۆی دا پەرژین دەکێشێ • من دەبێ بە هێز بم • زۆرلەوەی پتر • دەبێ گەلەم لە بیر بچێتەوە • گەلە مرد • هەتا هەتایە •••

هەرەتی لاویم لە بەندیخانە دارۆیی • ژنم نەهێنا ، بوومە پیاو • دەبێ ئەو وڵاتەی گەلەی! نا ، نا ، هەرگیز ، ناوی ناهێنم •••

ئەو وڵاتەی یای نازی لە سەرە •••• دەیباشە! قەیدی چیە • یای نازچەند جوانیان گوتووە :

" **بەرازم لینگ لاوازم　　،　　ماڵم نیە ژن دەخوازم** "

لە کوێی دانێم؟ کوێ هەیە؟! کێ هەیە! جالجالۆوکە وڵاتی تەنیوە • ئەو جار بکەومە دەست لۆتی یە پیرە، هەرجارێکی دیکە بچێتەوە ژێر پەردە ،باسی سەرمە • دەبێ پەنایەك ، پەسیوێك، شوێنێك واوەی سنوور بدۆزمەوە • راکەمەوێ • راکردنی بەجێ ئازایەتییە ••• یای ناز چی بەسەر دێ؟ شووناکا • لێی خاتر جەمم • زۆر لە سەرەخۆیە • یەکترمان بە باشی ناسیوە •بە بێ قسە کردن • شوانە دەیکوت بە شمشاڵ • بەلام ئێمە هەر بە چاو • هەر ئەو کاتە کەمە • هەر نیگایەك • هەر ئاخێزێك، عومرێکە • دڵ لە تەك دڵ • سرتەی

بێ زمانی • دنیایەك مەبەست، سریوەی دڵ، من چۆن سووتاوم، ئەویش هەر وایە•

چاو هاتبوونە زمان • دەبوو ما ڵاوایی لێ بکەم! دیسان خراپ جووڵا ـ مەوە! چ بکەم ؟ چم کردبا ؟! کۆمەڵ ئەو شتانەی بۆ قووت نادرێ• ئێستا ئەوین خەتایە• هەر چەند پاك و ئاسمانی بێ• خەڵك هەویای بە منە• چاك بوو نەچووم• سەد بەیت و باویان بۆ ساز دەکرد• دەبێ ئێستا چ بکا ؟ئەو چاوە جوانانەی سوور بوون! دلّم شکاند • دەستمشکێ• هەزار ئارەزووی کەسك و سووری لە خەیاڵ دابوو وە • دڵی دەیکوت! هەر ئەو رۆژە• هەر ئەو کاتە کەمە• هەزار قسەمان، هەر بە چاو، هەر بە دڵ کوت ، گوێی دڵ ، وزە ی باڵی مێش دەقۆزێتەوە•

ـ ناز ، نازی نازداری خۆم" نە من ژن دێنم، نە تۆ بکە شوو" • لێگەڕێ با ئەوین بگاتە ئەو پەڕی ناسکی• وەك پەڕی گوڵ• بانەژاکێ• با نەمرێ• دووری و نیزیکی • غەریب و ئاشنا • رێگام بدە با ئەوینەکانم بە هەستی ناسکی تۆوە بنەخشێن• سەبرکە با سەرتۆپی خۆشەویستی و لات بین • مۆڵەتم بدە با کۆشکی فەرهادت بۆ ساز کەم، با وڵات رزگاربێ• ئاخ ئەودەم، من دەبم و تۆ! هەر چی خۆشەویستی یە، دەیرێژمە بەر پات•

دەیکوت :

ـ هەرئێستا ، هەر ئێستا ! درەنگە• پیری نیزیکە• پایز ، تاتەشۆر•

ـ دەترسم•دەلەرزم• باوەشی تو ئەوەندە بە تینە لە وانەیە بمتوێنیتەوە • لە وانەیە ئەرکی سەرشانم لە بیربەرێ! پەلە مەکە با گۆوەندی ئێمە دەگەڵ گەڕی زەماوەندی ئازادی تێکەڵ بێ•

ناز! زەماوەندی گەورە، دڵنیابە، رۆژێك دێ ئاسەواری زوڵم نەمێنێ • هەناسەی سارد ئیدی کێو لە بن ناهێنێ• کۆنەبرین سارێژ دەبنەوە •گیانی شەهید دەبێتە کۆتری سپی• شەقەی شاباڵی،دڵی تاریکی شەق دەکا • گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە• ترس نامێنێ• دڵە کوتە و دڵە خورپە تەواو دەبێ•

ژیان رەنگ دەگۆڕێ. زەمان نوێ دەبێتەوە، زمان بەباشی دەگەڕێ. ئەو وەختە من و تۆ، تۆومن. ئەو وەختە باوەشی گەرمم بۆ تۆ ئاوەڵا دەبێ. باسکم دەکەمە سەرینی حەسانەوەت. هەزار بەسەرهات، هەزار کارەسات. هەزار چیرۆکی نەکوتراوت بۆ دەگێڕمەوە. پێت دەڵێم ئەوەی نەدەکوترا. بۆت باس دەکەم، گەڵێك، چۆن ژیا، چۆن مردو چۆن ژیاوە. ناز! لێگەڕێ، با گەڕی ئێمە لە گڕی نەورۆز بگەڕێ. با لە ژێر سێبەری ئازادی وەحەسێین. با دڵنیا بین هێلانە بەرزەکەمان، هیچ بایەك نایڕووخێنێ. ناز! ژیانی دیلی ژانە. دیل تەنیا ئەوینێکی بەسە. ئازادی، ئەو مەبەستەی "هەر دەڕۆیی و نایگەیەی" ئەو سێبەرەی لە هەزار رەنگ دەنوێنێ. کۆلکەزێڕینەیە. نووری ئەبەدیەتە. جوانترین خەڵاتی خوایە.

* * *

- وەکیل نیازی هەر لە تەمەنی من دا دەبوو. زۆری جەزرەبە دابووم. هێندی لێدا بووم بەزیبوو. بەو زمانە گۆڵە لێدراوەی دەیگوت:

- هەیاس! چت داوە لە ئازادی؟! ژن بێنە! منال دروست کە. نانی خۆت دە سفرەی خەڵك مەنێ. دەزانی ئازادی چیە؟ یەك بەزگت نانی بخۆی. منداڵەکانت گەورەکەی. لە پاڵ ژنەکەت بخەوی. ئەدی، ئەدی، گێلە! ئازادی ئەوەیە....

- کەرێتی چەند خۆشە. مێشکەکان وەك یەك ساز نەبوون. ویستن هێندی تێگەیشتنە.

وەکیل دەیکوت:

- من لە سەربازی را هاتوومە سەرێ. ئەو جووتە هەشتانەم بە هەزار - زەحمەت لە باسکم داوە. سەد کەسی لە سەر دەکووژم. سەد حەقی ناحەق دەکەم. مافی ئەو خەڵکەی پێ ڕێدەخەم. هەر چی نایب بڵێ ئەوە دەکەم. ئاخری دەبمە نایب. دە حەسێمەوە. ئێوە چی؟ هێندە و لە زیندان رادەگرن، پیر دەبن. هیچ ژنێك مێردو پێ ناکا. کۆڵەوار دەبن. ئێوە بۆ خەیانەت

@kurdica

دەکەن؟ دەوڵەت هەیە. قانوون هەیە. ئەمن پیاوی دەوڵەتم. هەر بۆ خــــۆ م دەوڵەتم. هەزاری وەك ئێوە یەختە دەکەم.

هەیاس! ئەیاز! دەگەڵ تۆمە. بیستوومە کوڕە دەوڵەمەندی. خوێندەواری دەتوانی ببیە پیاوی دەوڵەت. هاوکاری ئێمە بکە. ئاسوودە بژی. کەیف بکە.

* * *

- ڕۆژێ جاریکی ئێزن دەدایین بچینە سەراوێ. ئەویش تەنیا بەسێ فیــــت فیتە لێدان. هۆدەکەمان بۆ خاو و بۆ چڵکی لێدەهات. شیو و کوڵ نەبـــوو . خۆ شوتن هەر نانا . جلەکانم وەك دەفەیان لێهاتبوو.

ناز شەرت و شوێنی منی بە نابەدڵی وەردەگرت. چاوەکانی پڕپڕ بــوو ن لە داوا . بە چاو ماتەی بۆ هەڵدەگرتم، بە دڵ وەری دەگرتنەوە...

ناز حەقیقەتی! خێڵ سەرە و ژێرە. بەرە و پیری نخوون بووینەوە. تەمەن، کڵاو سووڕانێکە، کات هەر ئەوەیە تێیدای . بەلام چ بکەم؟ حیزایەتیــــم پێ ناکرێ. چش لەگەڵ ئەو ژیانەشم نەکرد. هەرگیز تاوێك نەحەسامــەوە . خۆشیم بە خەونیش نەدی.

بە پیری سەری و ئەو نەزمانە! تازە گەلەم لە دڵ دەردا ویــشت ، گەلەیەکی تر . ناز، ئەو ئافەتە چیە تووشی بووم. چۆنی لە دڵم دەراوێم. لەبەر چاوم لاناچێ. هەر دەڵێی سەدساڵە پێکەوە دەژین. ناز نوزەی لێ بڕیوم. ئەوینــــی خەڵك،ئەوین بە وڵات چ لێ بکەم؟ ڕیشەی لە دڵم دایە.

لەگەڵی گەورە بووم. کۆنە حەزمە. پیرە مریدی ئەوم.

باشترین کاتی ژیانم بەو هیوایەوە تێپەڕی. دایك و باب، کــــەس و کارم لە سەر دانا . سەروەت و سامانم تەواو بوو. کەوتمە قوون دەرکـــــان . تازە چی ؟ چۆن چاوی لێ بپۆشم؟! هەرگیز، هەرگیز، ڕێی ڕاست هەر ئەوەیە هەر ئەوەیە پێیدا دەڕۆم. من لە سەر ڕێگـــای حەقم، بمرم، مردووم،بکووژرێم ، شەهیدم. من زەرەر ناکەم. تەمەن لەکاتێك دا دەبڕێتەوە. مردن شــــەر م لە کەس ناکا . تازە دایدەنێم هەرگیز بە ئاوات نەگەیشتم ، دەی خۆ مــــن

ئەرکی خۆم بەڕێوە بردووە• لە بەرامبەر خوا، لە بەرامبەر خەڵك شەرمەزار نیم• لای کەمی کووژرانم کەسێك لە خەو رادەپەڕێنی • مەرگی وا شانازی - یە • شەهید لە دڵی خەڵك دا دەنێژرێ•

گەلی ئێران کەی راستەوە دەبێ ؟!• رەزا شا ، کێ هێنایە گۆڕێ ؟ بە مل هوری خۆی بە سەر خەڵك دا سەپاند• لە دەرەوەش را پاڵیان پێوەنا • پیاوی فەرەنگە• ئاخ تا کەی چارەنووسی ئێمە، خەڵك دیاری بکا ••••

ئەو کەڵەکەلانە بۆ دەنگیان لەبەر دەرنایە• قەشقایی ، رەشتی،مازەند- ەرانی، تورکەمەن، تاران، تەوریز •••

خەڵك دەنگ نەکەن، ئەوانە ریشە دادەکوتن• پاشان وەك قەجەرەکان دەیان ساڵ و لاتێ دەخۆن•کەس بە فکری ئەو و لاتە ویرانە نیە• رزاشا بەرگی خەڵکی دەگۆڕێ• شەپکەی بەدیاری هێناوە• شەپکەی چ لێ بکەم• مێشکەکان دەبێ پڕبن• هەر جارەی کلاوێکمان لە سەر دەنێن• رۆژێك قزلّ باش• رۆژێك شەپکەی پەهلەوی• شەپکە ملی پیاوی دەبڕێتەوە•

* * *

" میرزا ژن" باسی برسیایەتی بۆ کردم• برسیایەتی دەردێکی گرانە • بەشی زۆرتری بەشەر برسین ، بۆ نانی شەو مەحتەلن• بەرماوی ئەو چێشتانەی ساماندارەکان، هەموو ژەمان دەیرێژن ، بەشی برسی یەکان دەکا، هەژار زگی چووکەیە• دەولەمەند ورگنە( تێر ئاگای لە برسی نیە) لە بەندیخانە زانیم کێ برسی یە، برسی چۆنە• لە تێك سۆمی، پڕ لە وردەخیز، پڕ لە گوو مشك، هەویری نەبژراو، خاو ، فەتیر•

لەو زیندانەی رۆژێ چەند مەڕ و بەرانیان لە ئەرزێ دەدا • بۆنەکەی تەنیا بۆنەکەی بۆ بەندی بوو• شیشەیان لێ رادەکێشا • دەست و پێوەندی حکوومەت دەیانخوارد• بۆ ماڵێشیان دەبردەوە• چۆنیان پێ دەخورا ؟جیرەی دیلان ، بۆ دیلان دەچوو• مەزەی شەڕاب ، رسقی فەقیرە• کێ دەیکا • کێ دەیخوا ؟!• ئەوەی زۆر دەخورێ بەشی هەژارە•

جارجار ئەوەندە برسی دەبووم، دڵم دە بوو رەوە دەچوو. خەریك بوو دڵم بەر بێتەوە، هەرلەنانە ویشکیەکە بێزم هەڵدەستا.

رۆژێکی لەو بەندەنانە بەسەر گاوانێك داکەوتم. گارانەکەی مۆڵ دابوو. لە سەرکانییەك، زارکی هەمبانەی کردبۆوە. بە ئاوی کانییەکە نانی دەخوارد، ددانی نەبوو، پێخۆری نەبوو، نانی ویشك و ئاو! ماندوو نەبینیم لێکرد:

- مامە ئەوە هەموو رۆژێ ئەوە خۆراکتە؟

سەری هەڵێنا، چاوێکی لێکردم سەدمانای دەدا. سەبرێکی کوتی:

- نا کەسی مامی! ئەورۆ دۆدانەکەم لێ رژاوە.

کزەم لە جەرگی هات. دیار بوو رۆژەکانی تریش هەر نان و دۆی هەبووە. زیندانم بیر کەوتەوە. ئەو ژیان، لەم ژیانە خراپتر! لانی کەم نان و ئاوەکەی گاوان خاوێن بوو.

ئەو ژیانە نارێکە بە کوێ دەگا؟ ئەو هەموو فەرق و جیاوازییە. برسیایەتی بیر لە کار دەخا. زگی برسی، مێشکی برسی. پشتاوپشت - دەڕوا. دایك و باب دەیدەن بە کچ و کوڕ. لەو نەسلە بۆ نەسلێکی دی. فکر قوڵە دەبنەوە. روانگە تەسك و بەرتەنگ دەبن. زەوزووی برسیایەتی، ئاکامی برسیایەتی یە. ئەو هەموو هێزە، ئەو هەموو مێشکە بەفیرۆدەچێ. ئەمە و خەڵکە گێژەی دێن و دەڕۆن، هەر ئەوانەی نازانن دەوری چ پاشایەکە. ئەگەر وڵاتی رێك و پێکیان هەبا، کار لە جێ یەکی دی دەبوو.

پاك و خاوێنی، تێر و تەسەلی، هەستان و دانیشتن، مرۆڤ ساز دەکا. زگی تێر، وڵاتی خاوێن، لە دای و بابێکی وا، منالێکی واتر.

بەشەر وەدوا کەوتووە، چەتوونە هەستێتەوە، بە تایبەتی ئەو جۆرە وڵاتانە و ئەو چەشنە کۆمەڵانە.

خوایە پەنات بۆ دێنم! چ بکەم؟ سوورا و سوور لە بەر چاومە، چمان بەسەردێ. بیرم دەڕوا، دەستم ناڕوا. گەورەکانی وڵات پرخەی خەویانە.

خەونی شازادە و پەری دەبینن، خەونی تێری٠ خەیاڵ لە سەر تێری٠ لە کاتێك دا دڵم ئاشنای دەردە، دەزانم کوێم دێشێ٠ دەزانم چ کەسم٠ لە چی دەگەڕێم٠ بە کام تاوان هەڵدێم٠ بۆ کوێ بچم بۆنی زوڵمی لێ نەیە٠ کام شوێن هەیە پیاو پیاوی نەخوا ؟!٠

شیبا هەڵی کردووە٠ تەزووی سارد بە لەش دا دێنێ٠ ئەسپە بۆرەیەك وچان ڕێگە دەبڕێ٠ جارجار پرمەیەکی نەرمی لێ دێ٠ وڵات چۆل و هۆڵە٠ شەو بۆ لای بەیان دەڕوا٠ ڕۆژ بەرەژانی بەشەو هێناوە٠ ئارام ئارام لە داوێنی دەخزێ٠

زۆر بە ئەسپایی بەرەژان دەبنە گەرمەژان٠ بوولێڵ دەیەوێ خۆ بە دەستەوە نەدا ، بەڵام ڕووناکی بەری ناگیرێ٠

سوورە کەروێشکێکی قەڵەو، لەبەر پێی ئەسپەکە دەر دەپەڕێ٠ ئەسپە بۆرە وە نەرمە غار دەکەوێ٠ میرزا دێتەوە حاڵ:

" دەڵ بە کەروێشکی گوت : ـ بم ناسە ئەمن دەڵم٠ کەروێشك لە سەرەخۆ گوتی : ـ ڕاست دەکەی ئەمن چ نیم، با ئەتۆ دەڵ بی " پیاوی حکوومەت بە شوێنم دا دێن٠ سووتمانی یارە وەك کەڵەبابی بێ وادە، وڵاتی شێوانە٠ خەڵکەکەی ئازار نەدەن، شوێنی من ناشکێنن٠ ئەمن بە شەو، ئەوان بە ڕۆژ، شەوگاری پایز ساڵێکن٠ نامگەنێ٠ دەڵێن:

" کەروێشك بۆ خۆی هەڵدێ ، تاجی بۆ خاوەنی "٠٠٠٠

# ٢

بەیان ئەنگوتووە، مانگی کەت و زەرد خەریکە خۆ وەشێرێ، سپی رۆژ بە ئەسپایی وڵات دادەگرێ، دارستان کپ و ماتە، بابە تەواوی کز بووە و بە حاڵ سریوەیەك لە سەران ماوە٠

دارستان بەرە بەرە بۆتە پنچك ، پۆل پۆلی ئەستوور و کورت، نێوە نێوە تەنك بووە و جێ جێ پڕە، بەری نیساری تەپکێکی گڵەسپی یە، دەڵێـــــی ئانیشکەیەکی بادراو و خوارە، چەشنی دانگە مەرێکی گەورە کە لـــە دوو لایانەوە بەری با بگرێ، قوژبنێکی قەراخ دارستانی کردۆتە پەنا، لای شەماڵ و بارۆژی بە تەواوی گرتووە ، لای زریانیش دارستانی پڕوچڕ چیغی لـــە پێش تەنیوە و چنیوە٠ لەو پەنا کێو و بانەگرە دا ، کۆخێکی عەرزەکـــــی، ئەستێرێکی چووکە و باخە مێوێکی دە ستە،بەر چاو دەکەوێ٠ دوو دەلاقـــەی چووکەی کۆخ چەشنی چاوی زیتی گورگێکی بۆر ، خۆی لە رێبوار مات داوە٠

ئـە سپە بۆرە شەکەت و شەلاڵی ئارەق، بەرە و کۆخی " مەولوود کەوان " رێی داگرتووە، برسـی یە، خاڵیگەی چوار قامك قوپاوە٠

" میرزا " لە ئەسپەکە بێ وازترە، لە دەریای بیری ئاڵۆز و بلۆز ولـــە سەفەری دوور و درێژی رابردوو، هاتۆتەوە حاڵ، بەلام بیرەوەری خـــۆش و



@kurdica

و ناخۆش گێژ و مەنگیان کردووە، پەنجەی پێی لە رکێفێ دا تەزیوە ، جـــار جار لەرزەی ئەژنۆی زرینگەیەکی ورد لە ئاوزەنگی دێنێ، باوێشکێکی درێــژ دێنێتە خۆی، بەمستەکۆڵە لە سینگی دەکوتێ، بەراست و چەپ دا خـــــۆ بادەدا ، قرچەیەك لە پشتی دێ و قۆڵنجی دەشکێنێ، خۆ قیت دەکا ، هـــەوڵ دەدا شوینەواری بێ خەوی و ماندوویی نەباتە کۆخی " مەولوود کەوان"مـــام "مەولوود"ی دوو سێ جار دیوە، بڕوای پێدەکا ، بە پیاوێکی باشی دەزانـــێ بەلام کۆخەکەی سەرڕێی قاچاخـــچی ئەو نێوە نێومیە ، وەك قەلەمندارەی- کایەی منا لان ، قۆمرغانەی ئەم سەر و ئەو سەری سەفەرە٠ کاروانسەرایەکـــی بەلاشە، مام مەولوود پیرێکی لەبەر دلان و سەر زیندووە، کاری بە کـــا ری کەس نیە، پیاوێکی ساخ و بێ چاپ و چووپە٠

" مەولوود کەوان" بە عومری خۆی خراپەی لەگەڵ کەس نەکردووە، هـــە ر لە مندالی یەوە بە شوێن نانی حەلالەوە بووە ، بە زۆری شان و باهۆ مـــا ڵ و مندالی پێگەیاندووە، کەمی خواردووە و کز دانیشتووە، بۆ بەڕێـــــــو ە چـــوونی ژیانی ئاسایی خۆی، هەموو چەشنە کارێکی کردووە٠ شوانـــــی ، گاوانی ، سەپانی ، باخەوانی ، تەنانەت کۆلبارچی و کرێبارچیش بووە٠

مام" مەولوود "لە دێ یەکی قەراخ دارستان بە ناوی" گەنمان "لە دایـــك بووە٠ هەر لەوێش ماوەتەوە، لە تەواوی ژیانیدا هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە ، " رسقی سوار و بۆخۆی پیادە " ، بە هەزاری ژیاوە، هەر ئەوەندەی هەبـــووە پێشی سـوال بگرێ٠ سێ کوڕو دووکچی هەن، ژنەکەی سالی چاو قوولکـــەی ، بە پیری و نەخۆشی مرد، دوای مردنی ژنەکەی بە یارمەتی کوڕ و بووك و کـــچ و زاواکانی ، ئەو کۆخ و باخە میوەی بنیادنا ، لە هەوەلی بەهارێوە هەتـــــا قەوسی پایزێ لەوێ دەبێ ، زستانان دەچێتەوە ئاوایی، لە ئاواییش بە تەنیـا دەژی ، سەری خۆی‌دادەخا و گۆشەیەکی مزگەوت دەگرێ، ئێستا کە زۆریش پیر بووە، ژیانی خۆی بەڕێوە دەبا ، تەنیا چاوەنواڕی یەکی لە کوڕەکانی هەیە ، نردووە نانێکە رۆژانە بۆی بکەن: ئەوەی دەوێ و چ داوایەکی تری نیــــــە ،

بارگرانی خۆی نەخستۆتە سەرکەس، بۆ خۆی رەزەکەی رەنێو دێنێ، بەرهەم و داهاتی ساڵە وساڵی هێندێك" مێوژە رەشكە" و " مێوژە مام برایمە" یە، چەند مێشێکیشی راگرتووە، برێکیان هەنگوین دەبێ ، ئەویش هەر بەشی خۆی و ئەو کاروانچی یانە دەکا ۰ میوانی ئاپۆرەی زۆرە، ئاوی ئەستێرەکەی سووکە، زناوێکە لە قەڵەشتی گرە بەردێك دێتە خوار، وەك چاوی قرژاڵ روونە، هێند ساردە کەللەی سەر دەتەزێنێ ، بەشی باخە مێوەکە دەکا ، ساڵێ سێ جاری ئاودەدا ، مشار ئاو، هاوین ئاو و قەوساو، لە هەوەڵەوە وای فێر کردووە، هەوای فێنکی دارستان ولێرەواریش بە ئاوێکی دەبێ ۰ رەزەکەی لە گڵە سپی دا چەقاندووە، کەم وا هەیە تەکمیشی بوێ، ساڵە و ساڵ شیلەنمێکی دەکا ۰ وەختێك شەقە مێوەکانی دەچەقاند، قوڵکەی زۆربەیان جۆشی وەبەردەهات ۰ کەس پێی وا نەبوو ئاوا شین دەبێ و قوڵی لێ بڵاو دەکا ۰ مام" مەولوود" بۆ پڕ کردنەوەی قولکەکان لە جێگای دیکەوە گڵی دەکێشا ۰

بە هەر چەرمەسەری یەك بوو، باخی گەیاندێ بەڵام باخ چ باخ ، دڵێك و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو، ترێی مام " مەولوود" نێو و نێو بانگی دەکرد ، دێ بە دێ بۆی دەهاتن، ئەوەندە شیرن بوو کەس دوو هێشووی پێ نەدەخورا ۰

بنەماڵەی" کەوان" پشتاوپشت راوچی بوون، زۆرتریشیان ئەنگێوە و شارەزای هەموو چەشنە چەك و چۆلێك ، لە قۆچەقانی و تیر و کەوان را هەتا تفەنگی راوێ لە دەستیان نەکەوتبوو ۰

مام" مەولوود" تفەنگێکی کۆنی سەرپڕی هەر ماوە، هەتا چاوەکانی کەم بینا نەبوون بە تۆڕ و داو و تفەنگ سەر هەڵقەنەی کەوان بوو، لە ئاخر و ئۆخری زستانی ڕا دەستی دەکرد بەراوەکەو، کەوبوار ، کەوجووت، چۆلەپێچ ، مێرۆژ ، راوەباڕ و کۆتەڕاو ۰ شتاقی وەپاش نەدەدا ، دەتکوت بزووتە ، باڵندە لە ترسانی دەگریان و ئەحمەد راوکەر دەبوو بێتە سەیری دەست و تفەنگی ۰

ئەسپە بۆرە سەری داخستووە، مەڕی دەڕوا ، وەها نەرم و هێدی وەك مەلەوانێك مەلە" پێ یە" بکا .

" مەولوود کەوان" لە لای ئەستێرەکەوە بەرە وکۆخ دێ، هەنگاوەکانی توند کردووە، وەهمی میرزای لێدەکا . لە دەرکی کۆخ لانادا ، بە پیر سوارەوە دێ، گورج و گۆڵە، مسقالێکی گۆشتی زیادی پێوە نیە، پیرێکی زیت و زیندووە ، دەستی لە پشتەوە گرتوون، رەگی پشت دەستی شین و توندن، قۆڵی وەك باسکێشی بووز ویشك و پتەون.

هێندی ئەو سەر ئەو سەری جێ خرمانێکیان ماوە بگەنەیەك، " میرزا " لە ئەسپەکە دابەزی، " مەولوود کەوان" هەنگاوەکانی توندتر کرد :

- " یا خولا بە خێربێ میوانی ئازیز ، بە رۆژی بەهار بە شەوی پایز . "

" میرزا " ئەسپەکەی بەرداو " مەولوود " ی لە ئامێز گرت.

مام" مەولوود " لێکدا لێکدا دەست و سینگ و مل و روومەتی " میرزا "- ماچ دەکا . لەوەی دەچێ لە باوەشی گەرمی" میرزا " دا تەواوی برینەکانی رابردووی سارێژ بووبنەوە.

" میرزا " هەست دەکا ئامێزی بێ فرۆفێلی "مەولوود" ماندوویی و بێ خەوی شەوی پێشووی دەتارێنێ. مام" مەولوود" بە نموونەی راستە و خۆی چینێکی هەژار و چەوساوەی وڵاتی کوردەواری دەزانێ ، وەرامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەو هەموو وەفا و سەفایانە وەردەگرێ، خەڵکێك کە وەڵامی خۆشەویستی بە خۆشەویستی دەدەنەوە، کانگای دڵپاکی و رەپ وراستین ، دڵی " میرزا " لە لایان دەحەسێتەوە، لە رەفتاریان دا ئاکاری گڵاوی دەیان " بلە چەرچی" ون دەبێ و فەرامۆش دەکرێ.

" میرزا " و" مەولوود" لە چاك و خۆشی بوونەوە ، بەرە و دەرگای کۆخ دەڕۆن، ئەسپە بۆرە یاری یاری بە شوێنیان دا دەڕوا ، "مەولوود" لە کاتێك دا روومەتی سوور هەڵگەڕاوە و لە خۆشی " میرزا " وەختە خەنی بێ ، بە دەست ئامازەی دەرکی کۆخەکە دەکا :

ـ قوربان ئەتۆ فەرموو، منیش ئەسپەکە دەبەمە سەر ئاوێ•

میـــرزا :

ـ نا مام " مەولوود" بۆ خۆشم دەس نوێژێکی تازە دەکەمەوە•

" میرزا " لە سەر بەردە تاتی کانی یەکە نوێژی بەیانی دەگێڕێتـــەوە• مەولوود کەوان" سەوەتەیەك گزرە و سێ مست جۆی دەپێش ئەسپەکـــــــە کردووە و چەپەری لە سەر پێوە داوە• شانەیەك هەنگوینی سپی ڕەواق داری لە سەر کەولێکی چوار گۆشە داناوە و سێ چوار نانی خڕ و سووری لە تەنیشت دووقەد کردووە•

کۆخ نەوی یە، بەدار و قامیش داپۆشراوە، قامیشەکەیان بۆ پا کردووە و زۆر جوان و ڕێك و پێك دایان پۆشیوە، ئێستا ش قامیشەکە لە دارەکان سپـــی تر دیاری دەکا•

" میرزا " تێرە ، ئەسپەکەش هەروا، ئانیشکی خستۆتە سەر سەنیرێك، چاوەکانی لێلّی خەون، بە تەواوی لە" مەلوود کەوان" خاتر جەمە، دلّی لــە حاستی حەساوەتەوە، بەو حالّەشەوە هەر دلّی سوارە ، دەبێ نوێژی شێــوا ن وەڕێ کەوێ:

ـ کۆخی مام" مەولوود" جێی مانەوە نیە، سەرە ڕێ یە، چاك و خـــراپ رووی تێدەکا ،ئەوەندەی بۆ خۆی پیاوی چاکە، ئەوەندەش جێگاکەی ناقایمە : " دەولّەت کەروێشکی بە عەڕابە دەگرێ، دەبێ دوور کەومەوە، بۆ کوێ ؟هەتا کوێ ؟••• ناهێلّن وەحەسێم، ئەی زالّم ابینە! چیان لە گیانی من دەوێ ؟ من ئاشقی ئەم و لاتەم، من خۆشی ئەو خەلّکەم دەوێ• ئەی بۆ ؟ چیم کردووە ؟ مالّی کێم خرا کردووە؟ ••• بریا حکوومەت ئاقلّ با ، چ دەبوو ،ئێمەش وەك خەلّك باین؟ ••••"

" میرزا " تەخت لیّی خەوتووە، خەونی ئازادی و رزگاری دەبینـیّ•

* * *

مام" مەولوود" گۆشت چێرگی لە ڕۆن و پیواز هاویتووە ؛ ئەوەندەی ئەو

دیو ئەو دیو پێ کردووە، وەك دندووکی کەو سوور بۆتەوە، بۆنی پیواز و ڕۆن بە و لاتی وەربووە، ئاورگەکە دامرکاوە، داری جەنگەڵ بوونە پۆلوو، ڕۆژ درەنگە ، نیزیك نوێژی نیوەڕۆیە، و لات گەرم داهاتووە، مات و بێ دەنگە. مام" مەولوود" بە لکی پشتێندەکەی ئەو لاو ئەولای تاوەی گرتووە ، لە سەر کەوڵەکەی دادەنێ، سەلکێك پیوازی گەورە چوارقاش دەکاو پیاڵەیەك خوێی ورد لە پەنا.

" میرزا " بۆ خاوی دەس نوێژی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ژووری ، سەری رادەوەشێنێ و دەڵێ:

- مام " مەولوود" ئەو هەموو گۆشتەت بۆ سوور کردۆتەوە؟

مەولوود:

- کاکە گیان قەدیمی گوتوویانە: " میوان رسقی لە پێش خۆی دا دەگاتێ" بەیانی پێش مەلا بانگدانێ دوو چێرگم لە عەرزی داوە، ئەوە ئەوی چکۆڵەیا - نە، پێم وایە ئەوی دیکەیان دوو هێندە دەبێ، فەرموو با سارد نەبێتەوە! گۆشت چێرگ هێندێك چیرە، لە پێش دا کو لاندوومە، پاشان سوورم کردۆتەوە ، بۆ خۆشم بەرکولێکم لێ کردووە. لا لاییم گاتێ بۆ وەختی جحێڵێ ،دەعبام نەدەبوارد، باڵندە لە ترسانم وە ئامان هاتبوون ، بە دایمەی خولای گۆشتی راویم لە ماڵێ نەدەبڕا ،دوو سێ ساڵێکە چاوەکانم کز بوون، ئەو دەعبایانەی ڕەنگی عەرزین بە باشی نایان بینم، گۆشت کەوم زۆر پێ خۆشە، کوڕکوڕەش هەر باسی ناکرێ، راوە کوڕکوڕە کاری هەموو منداڵێکە، باڵندەی هێندە کەر هەر پەیدا نابێ، لەو سیپەی دا یەکێ بکووژە، پاش تاوێکی سێ چوارێکی دیکە دێنە بەر لوولەی تفەنگێ، خوا نەکا سڵەی بکەن: ئێوارە و قاوەڵتوونان دێنە سەر ئەو زنە و شاویرانە، نە بۆنی باڕووتێ دەکەن نە دەسڵەمێنەوە، بەلام گۆشتی کوڕکوڕە هێندێك ویشکە، سینگەکەی خۆ لا دایناوە بۆ برژاندن. خوا عافووی کا لەگەڵ مردووی ئێوە، خەجیجی خێزانم چاکی دەبرژاندن. ئای دنیا بەکەس نامێنێ. هەتا نێچیرێکی سەر دەبڕم



@kurdica

ئەوم وەبیر دێتەوە، هەتا دیمەوە مالێ و کەس نیە بلێ، " کێردت بە خوێن بێ "، کزەم لە جەرگی دێ· ئەودەم پیاو بووم، لەو چۆمەلْ و دەراوانە راوی - سوێسکە، رەش بەشە، مراوی ، سۆنە بۆرە، پێ بە قوونە، کورە جا چوزا نەم کاکە " میرزا " ، خوا تۆلەی هەمانی لێ کردوومەوە، چاوەکانم لە کورتێ یان داوە، " خەجیج" یشم لە کیس چووە·

" میرزا " لە بەرەوە دەخوا، گوێی داوەتە قسەکانی مام" مەولوود " پاروەکەی قووت دەدا و دەلێ :

- مام" مەولوود "! چاوەکانت بە چاویلکە چادەبن·

" مەولوود " :

- بە خولای ئەمنیش بیستوومە، بەلام تازە بۆ چمە، ئاهی نەگرفتە دەچمە راوێ دەیبا کەو نەبێ، کور کورە نەبێ، چ زۆرە بالندە···

قوربان جارێکی چوو بوومە ئەو شاوێرانەی سەرێ بۆ راوە کورکورە، ئەو رۆژە راوە گۆشت بوو، کاکە ئەوەندەم کوشتبوو بێزرا بووم، هەتا پوول نەبان تفەنگم نەداویشت، لە دوایی کە لەسیپەکەم هاتمە دەرێ، لەوانە بوو شێت بم، لە پەنا بەردی سیپەکە مارێك کەوتبوو هێندی دۆدانەیەکی، لەتە حەوجۆشێکی وە تۆقی سەری کەوتبوو، بروام پێ بکە وەسەری نەکەوتبا و گەیبا نێو سیپەی تووکی سەرم با دەیبرد·

ئیدی تۆبەم کرد قەت لە بەشی خۆم پتر بالندە نەکووژم، کورکورەکان ئەوەندە زۆر بوون مارەکەم پێ نەهاتەوە، هەر ئەوەندەم پێ کرا بە شەقاوبی پێوم، دوو شەقاو و بستێك درێژ بوو، بە قەد ئالوو دارێکیش ئەستوور·

" میرزا " لە نان خواردن کشاوەتەوە: مام " مەولوود " هەر خەریکە و خۆ دەخافلێنێ ، پاشان کەولێ خرکردەوە، لە سەر هەرزالێ دانا و رووی لە میرزا کرد·

- دەی قوربان نەت فەرموو لە کوێ را هاتووی و بۆ کوێ دەچی؟

- مام" مەولوود " چت لێ وەشارم، راپۆرتیان لێداوم، وام بە باش

زانی ماوەیەك دوور كەومەوە، هەتا بەفر دەكەوێ خۆ وەشێرم، بزانین خــولا چ دەكا.

ـ ئەرێ قوربان ئاخری ئەو شەو وشەونخوونیە دەبێتە چی؟ ئەرێ برالە گیان دنیا لە تاریفت تێر نابێ، ئاخر ئەوە فایدەی چیە؟ ئەمن دە هەموو كـــەس گەیشتم دە تۆ نەبێ!!

ـ وەڵڵاهی مام" مەولوود" خۆ تۆ دەزانی من لە رێی خراپە دانیێم، ئەوەی من دەمەوێ ئەوەیە، زوڵم و زۆری لاچێ، ئەوەش هەر بە فكر پێم وایە واباشە، خۆ تۆش دەزانی، ئەو فكرە ئەگەر كوفریش بێ، " فكری كوفر، كوفر نیە، " كەسیش خەیاڵی بۆ لە قەفەس نەكراوە، منیش دەستم لە ئەوكی كەس نەناوە، ئەوە حكوومەتە دەڵێ دەبێ لە سەر ئیزنی من و بە كەیفی من بیربكەیەوە!

ـ مام " میرزا " دەڵێن رەزاشا، عەفوەتی داوە، ئەی چی لە تۆ دەوێ؟ ئەتۆش وەك ئەو خەڵكە عەفوەتی وەرگرە و كڵاوێ بە تیلاگی سەرتەوە نێ.

ـ مام" مەولوود" ئاخر ئەمن چ گوناحێكم كردووە، عەفوەتی بۆ چـــی وەرگرم؟

ـ خوا هەڵناگرێ چم نەبیستووە، بەڵام كاكە گیان" ئاوی زاڵـــــــم سەربەرە و ژوور دەڕوا " ئەوان پێ یان وایە تاوانباری.

ـ مام" مەولوود"! كورتی ببڕینەوە، هەتا رۆژێكی زوڵم و زۆر لادەچێ، " میرزا " هەر لەو كێوانە دەبێ، هەتا زوڵم هەبێ" میرزا " بە كیش دەبێ ببێ، هەتا دەمرم هەوڵ دەدەم، هەر دەمێكیش مردم زەرەرم نەكردووە، مـــن لە سەر رێی حەقم، مردنیش حەقە، بە جێی ئەوە لە سەر نوێن بمرم، با لـــە سەر عەرزی رەق تەواو بم.

ـ قوربان دڵت لە من نەیێشێ، بڕوام پێ بكە ئەوەندەم خوش دەوێی بـــە نارەحەتیت جەرگم دێشێ.

ـ مام" مەولوود"! ئەوەندەی بزانە ئەمنیش خەمی تۆ و ئەوانەی وەكـــی تۆن، پەرپووەی هەندەرانم دەكا، منەتیش لە سەركەس ناكەم، هەر بۆ خـــۆم

دەزانم کوێمدێشێ٠

- جا چاکە قوربان خەیاڵی کوێت هەیە؟

- مامە گیان بڕوام بە تۆ هەیە، هەر لە لای خۆت بێ، گڵ لێت نەبیە، بە خەیاڵم هەتا هەواری " مەحموود بەگ" هەڵکشێم، بۆیەش هاتمە لای تـــۆ ، پشوویەك بدەم و ڕێگاکەت لێ بپرسم، دەنا دەزانم ئێرە جێی مانەوە نیــە ، هەر هەتا ئێرەش بەلەدم٠

- قوربان ئەتۆ بەمن قایل بی، ماڵی من کاو لاشی خۆتە، بەلام سەرەڕێ - یە، ئەورۆ لەسایەی خواوە جارێ کەس نەهاتووە ، ئێوارانە و شەوانە پەیـدا دەبن، ڕێ یەکەش وەك بەری دەستم شارەزام ، دەش فەرمووی بۆ خۆم لـــــە خزمەتت رادێم٠

- نا ، مام " مەولوود" ئەتۆ زەحمەت نادەم. ڕێگاکەم پێ بڵێ چـــــی دیکەم ناوێ٠ ولات تاریك بێ وەڕێ دەکەوم٠

- خێرخێر، قوربان دەبێ نانی شێوان لێرە بخۆی، مانگ هەلات وەڕێ کەوە، بەشەوێك ناگەیە هەواری " مەحموود بەگ"، کە گەیشتی یە ئەوێندەرێ تەنیا کێوێکت دەمێنێ بۆ دیوی گەرمێنێ، لەوێ کەس پێت ناوەستێ، ڕۆژێ سێ جاران ئەو دیو ئەو دیوێ دەکەی، بێ ئەوەی کەس بڵێ لەچی دەگەڕێی،ئەو سنوورەش تا ئێستا بە کەس رانەگیراوە، هەزار رەزاشا لەوێ بە پوولێکــی رەشە، دەشتوانی بەلای " سەردەشت"ێ دا لە چۆمی" کەڵوێ" وەپەڕی، بـــە " بێورانی خوارێ" دا بچیە" بێورانی سەرێ"، لەوێش را هەر کێوێکـــت دەمێنێ بۆ ئەودیوی ، هەوەڵ دێ، بەوێدا " هێرۆ"یە ٠

- مام" مەولوود" ئەمن دەچمە هەواری" مەحموود بەگ"ی ، "بێوران" ی چێ و ڕێگای کوێ؟ ناشمەوێ بچمە گەرمێنێ، خۆ من قاچاخچـــێتی - ناکەم، بەلای خۆمەوە دەمەوێ دژایەتی شای ئێرانێ بکەم٠

- دەی باشە قوربان، ئەمن هەموو ڕێگاکانت عەرز دەکەم ، نەوەك دنیایـە ڕێت دەوێ کەوێ، پەلە نەکەی وەهات بەڕێ دەکەمە هەواری" مەحموود بەگ "

سەرت سوور بمێنێ ! هەر لێرە را بەو رێ باریکەدا رێ و رێ بەرەو رۆژئاوا هەڵدەکشێ، ئەو رێ بە چ رێی دیکەی لێ نابنەوە، هەتا دەگەیە نێو ماڵی چۆم و ئاشی" رەشیدە دزە"، لەوێ میوانی " رەشید"بە، سەری چوار رێ - یانە، " رەشید" بۆ خۆی لەگەڵت دێ، " میرزا "!دەستی من و داوێنی تۆ، کورە نەچی بەتەنێ ملی رێ بە بگری، کوڕانی " مەحموود بەگ" چوارپێی وایان هەن پیاوی دەخۆن، بە رۆژدەیان بەستنەوە، شەوانەش بەرەڵڵایان دەکەن، دەبێ هەر چۆنێك بێ " رەشید"ی لەگەڵ خۆت بەری، ئەو بەڵەدە و گورگ خنکێن، هاتو بیانووی گرت، پارەی بدەیە، پەتی کە بۆ هەر جێگایەکی دەتەوێ• ئەگەر بە کاوەخۆ بڕۆی، نوێژی بەیانی لە نێو چۆمی دەبی•براگیان ئەوەشت پێ بڵێم" رەشید" پیاوێکی باش نیە، هەر چەندی دەتەوێ دەغەڵە، خۆ بە" رەشید" ئەسپاردن، وەك" مەڕ بە گورگ ئەسپاردنە•" ، بەلام بێتووتەنیا و تاقەسوارە بی چارە هەرئەوەیە، بە سەری شیرنت ئەمن بەش بە حاڵی خۆم، هەرگیز دلم لە پیاوی وا نەحەساوەتەوە، حەیف نیە دەدارای دە - دنیایەدا پیاو ئەمینی خەڵك نەبێ؟! ئەو کەللەکەرە بە رواڵەت خراپەی وەلاناوە، بەلام ئەوەی فێری دزی و حیزی بێ، کەم وایە نەچێتەوەسەری•دەڵێن تۆبەی گورگ مەرگە•"•" خوویەکی بیگری بە شیری ،تەرکی ناکەی بە پیری"•

ئێوارەیە و نیسێ بەسەران کشاوە، " میرزا " و " مام" مەولوود" لە سەر سەکۆی کۆخەکە دانیشتوون• دوو زەلام سێ یەستریان بەبارەوە قولەپێچ کردووە، رووبان لە کۆخی مام " مەولوود" ە• " میرزا " دیتوونی، مام " مەولوود" چاوی لە چاوی" میرزا "یە، دەزانێ دووردەڕوانێ ، مام "مەولوود" چاوی بڕیوەتە روانگەی " میرزا " ، وەك سیلەی لە نێچیر گرتبێ، خاڵە رەشەکان وەك تارمایی دێنە پێش چاوی، تاق و جووت دەبن، کۆ دەبنەوە سەر یەك و لێك دەپچڕێنەوە•

مام" مەولوود" بە چاو بۆی ساخ نابنەوە، حیسابی رێبواری ئەو

ڕێگایەی لە دەس دایە، دەزانێ کێ ڕۆیوە و کێ گەڕاوەتەوە، بە دڵی دادێ:
دەبێ بە هەموو حیسابان" کەماڵ" بێ، سابڵاخی یە بزۆزەکە، دەی جا ڕەنگە " میرزا " ی بناسێ، کوڕی چاکیشە، سەواد دارە! بڵێی جـــا ئەوەش... ، کورە نا ، نا ، پێم وانیە باسی بکا!؟ جا بۆچی بە خۆی نەڵێم ، " میرزا " ڕۆژێك میوانی منە، خوا بەو ڕۆژەی نەکا بە لایەکی بەسەر بـێ ، هەرگیز سەرم هەڵنایە، ئابڕوو چوونە، سەردانان لە سەر شۆڕی باشترە ، دەترسم دەنگ بکەم، بەڵکە جۆرێکی دیکەی لێك داتەوە، " میرزا "ش بنیادەمە هەڵەی بنیادەم...ئەی کوڕە " میرزا " و هەڵە!؟ پیاوی وا ، دەبێ پێی بڵێم.
دوو سێ جاران دێ قسەکەی پێ بڵێ، دەیگێڕێتەوە ، دەیگنخێنێ،ئاخری بە مینگە مینگ و قۆنە قۆن دەڵێ:
- مام" میرزا "! تۆ خەڵکی شاری ، پیاوێك بە نێوی " کەماڵ" دەناسی ؟
- شار پتر لەسەد " کەماڵ"ی تێدایە، کامیان ؟ کوڕی کێ یە؟ چ کارەیە ؟
- نازانم کوڕی کێ یە، پیاوێکی زرینگ و وشیارە، لە تەمەنی تۆ دایە، هێندێك ڕەقەڵەیە، چاوو برۆ ڕەشە، دەستە پیاوە، جارێکی دەیکـــوت مامۆستای قوتابخانە بووە، گیراوە، لە کاریان وەلاخستووە....
- چاوێکی تانەی لە سەرە؟
- پێم وایە ، یانی هەرچۆنێك بێ چاوی وی لە چاوی من چاکترە.
" میرزا " لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:
- مام " مەولوود " کارم بەوە نیە چاوی ئەو لە هی تۆ بە حوکمترە،دەمە- وێ نیۆنیشانەی هەڵدەم. شتێکی دی مام" مەولوود " ! چۆنە لەو " کەماڵ"ە دەپرسی؟
- قوربان ئەو ڕەشایی یانەی لەو بەرەوە دێن، پێم وایە یەکیان " کەماڵ " بێ، کوتم بزانم" میرزا " ،ئای ئەندێشی لێ ناکا . بۆ پەزەکان زەرەری نیە .
- ناوەڵڵا ئەو "کەماڵ"ەی ئەتۆ دەڵێی ، برادەرێکی نیزیکی خۆمە، لێـی بەشك نیم سەهلە، مزگێنیشت دەکەوێ.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

- کوڕە دەنا من پێم وانەبوو، چاکە ، چاکە، " میرزا " ! بە باشی دەیان بینی ؟
- ئا ئا ، ماڵتە خۆ دوورنین.
- چەند کەسن؟
- دوو کەسن، سێ یەستریان بە بارەوە وەپێش داوە.
- راست خۆیەتی، میرزا " کەماڵ"ی خۆمانە، بازارێك لەوەی پێش رۆیی.
- بۆ " کەماڵ" چ دەکا ، بۆ کوێ چووە؟
- وا دیارە ئەتۆ لێی بێ خەبەری قوربان، " کەماڵ" خەریکی ساردوسەودایە، هات و چۆی" قەلآدزە" دەکا.
- بەڵێ مام" مەولوود" ، " کەماڵ" دۆستی نیزیکمە، ماوەیەکی لە بەندیخانە پێکەوە بووین، پیاوی چاکە، زۆریش تێدەگا ، هەڵبەت بێکاری تووشی ئەو رێ یەی کردووە، ئەودەم سێ چوار منداڵی سەروپێچکەی هەبوو ، نەداریش نەبوو، بەلآم هیمەتی هێندی ئەو کێوەیە، پێم خۆشە جارێکی دیکەش بی بینم. زارخۆش مام" مەولوود "خۆش خەبەر بی.

مام" مەولوود " راست دەڕوانێتە ئەو شوێنەی کوتەی نارێك و تاو تاوی سمی یەسترەکانی لێوەدێ ، چاوی رەشکە و پێشکەیانە، جاری وایە رەشاییەك لەبەر چاوی دەبێ بە دوو، دەبێتەوە یەك، جارجاریش پتر.

" میرزا " بە چاوی راستی و بە چاوی ئەقڵ دەڕوانێ، " کەماڵ" و رابردووی لەبەر چاوە:

- زیندانی " قەسری قەجەر"، ئەشکەنجە، کەماڵ، خۆراگرتن، پیاوەتی، ئەمانەت، بێ خەوی، برسی یایەتی ، سووکایەتی ، ناپیاوەتی... :
- ئەی" کەماڵ" ! سەد جارم شوێنی کەلەپچە لە جومگەی دەستەکانت ماچ کردبێ کەمە، بە راستی هەر مامۆستای قوتابخانە نەبووی!! گەورەترین مامۆستای ژیانی من بووی، دەرسی ژیانم لە تۆ وەرگرت، بیری منالیم بە رێی تۆوە شکلی گرت، ئاە" کەماڵ" ! پالەوانەکەی خۆمان، تۆ دەریای، تۆ

گۆمی قوولْ و مەندی ، کێوی قەندیلی ، کوێستانی سەهەندی ! " کەمالْ " ە بێ ماڵە خۆشە ویستەکەم، هەتا گلێبانی چاوانم دەکەن، ئەو پیاوەتی یەت لە بیر نابەمەوە، ئەو جارەی بەرپرسی ئەشکەنجە لە دەستت جارِز ببـــــــوو ، کوتبووی: " پیاوت لە پالْ دەکەم! " ئاە " کەمالْ" گیان چەند سەختـــــە سووکایەتی، تا ئەو رادەیە، مەردی دەوێ خۆراگرێ ، " کەمالْ" تۆ زۆر بەرزی باوکی زەمان فەخرت پێوە دەکا ! تۆ ، تۆ ! کەمالْ! پالەوان! گەرووتالْ،ئـا ە جەرگت هێندی سێلێکە، تۆ کوتبووت: " من لە مندالْی یەوە، ئەو فێلـــــە م دەگەلە! "، تۆ لەوپەڕی لە خۆبوردوویی دابووی، بەو وەلامە شێت ببوون ، ئاوی کولاویان بە لاق و لەتەرت داکردبوو، لاقەکانت چەکمە ببوون. ئـــە ی " کەمالْ" ! برای بەرز و بەرزەفڕم، تۆ جەوهەری پیاوەتی ، تۆ " کەمـــالْ" ی کاملْی، ...

" کەمالْ" ماندوو ، تینوو، برسی، هیلاك، لە نەکاو بەسەر "میرزا " و مام " مەولوود " دا کەوت ، هۆگانێکیان بەینە، پێی وایە خەون دەبینـــێ ، باوەڕناکا ، چاوەکانی سڕی ، راوەستا ، حەپەسا .

" میرزا " زوو تێگەیی ، وزاقی خۆی دا ، ئامێزیان پێکدا کرد،مەچەکیان لێك ئەنگاوت ، دوو دلْی گەرم کەوتنە بان یەك ، باوەش ، باوەشی برایەتی، دۆستایەتی، بە سینگێکی پڕلە رازەوە، باوەشی حەسانەوە، بۆنی ئامێــــزی ئازادی لێوەدێ، ئەو باوەشەی شتاقیان بۆنیان نەکردووە.

مام" مەولوود" وڕ وکاس، بە چاوە کزەکانی سەیریان دەکا :

- من هەرلە باوەشی " خەجیج " دا دەحەسامەوە، قەت برادەرێکی ئــاوا ئازیز و خۆشە ویستم نەبوو، بە مردنی " خەجیج" ویشکاوی هات. هەمـــو و ئامێزێك بۆ من نامۆیە، سەیرە ئەوە دەبێ چی یەکتربن؟ رەنگە هاوالـــــــی مندالْی بن؟ رەنگە تۆپێنیان پێکەوە کردبێ، نا ، گوێیێن، کەلەمستێـــن ، شایەدیش رەفیقە راوچی بووبن، کوڕە خۆقسە یان پێناکرێ، لالْ و پـــــا لْ بوون!

یەستر باریان لێ کراوەتەوە، هاوڕێکەی" کەماڵ" بردوونیە سەر ئاوێ ، ڕۆژ خەریکە ئاوا دەبێ، " کەماڵ" وەك مەنجەڵ دەکوڵێ، " میرزا "لێگدا لێگدا دم و لووتی ماچ دەکا ، هەر دووکیان شاگەشکەن.

چاو پێکەوتنی دوو دۆستی گیانی، دوو هاوالّی ڕۆژگاری تەنگانە ، دۆستایەتی دوو ئاشنای فەرعانە و یاری با وەفای تەنگانە ، سەفا و تام و چێژی عیرفانی خستۆتە سەر وڵات ، دڵ بێ ژەنگ و ژوار، چاو پڕاوپڕ لە شۆقی خۆشەویستی، خۆشەویستی بە مەبەستی خۆشەویستی ، زانینی دەرد ، هەست کردن، ویست ویستن، حەول و دەول، پێ نەگەیشتن، ئەشکەنجە، بێ - حورمەتی ، سووکایەتی، برسی بایەتی ، دەرد، ئاشنای هەر دوو دڵن . ئامازەی ناوێ، نیگای ئاشنا پڕە لە مەبەست ، پڕە لە بیرەوەری، هاوڕێ ، هاوبیر ، هاوکار ، هاودڵ، بە جووتە گریان و پێکەنینیان لێ دەباری.

" میرزا " بە زۆر " کەماڵ"ی وەپێش خۆی دا ، پەسا پەسا دەستی نەرم و خاوێنی بەسەر و گوێلاکی زوور و ئارەقاوی دادێنێ،دەیلاوێنێتەوە، دڵی دەحەسێتەوە، دڵی دەحەسێنێتەوە.

- دەی " کەماڵ" ، ئەوە لە کوێی ماڵت خرا نەبێ ؟

- میرزا گیان، ئەو دوو ڕۆژە ژیانە، دوای ئەو هەموو پەت پەتێنە ، چ ماوە تووشم نەکا . خەریکی ساردوسەودام، چ بکەم! ؟ ئەوە لە منەتی دەوڵەت چاکترە، خێزان بەخێوکردن چەتوونە، منال هێنانە دنیا لەو چە شنە کۆمەلانەدا هەڵەیەکی گەورەیە، بریا ئەوەی ئێستا دەیزانم، هەوەلّی زانیبام، و لاتی زولم جێی زەو زوو نیە، " ڕۆسۆ" ڕاست دەکا کە دەڵێ : " باوکم جنایەتی کرد." " میرزا "! تۆ لە هەمووومان ئاقڵ تر بووی،بە شوێن بیروبڕوای خۆتا ڕۆیشتی، بڕوام پێ بکە، ئەوەی خەڵك بە ژیانی دەزانی ، من بەشەڕێکی خۆترێنی دادەنێم، من بە بۆنەی منالەکانمەوە شەرەف و - مرۆوایەتیم لە کیس چووە، من خۆم نیم: ئامرازێکم، مەکینەیەکم، حەولی ئەوەمە ژیانی پڕ لە نەگبەت، پڕ دەرد و داخی خۆم درێژە پێ بدەم، دەمەوێ

بەسەرهاتی خەم و پەژارە درێژ کەمەوە.

جاری وایە دێمە سەر ئەو خەیاڵە ، ماڵ و منداڵ جێ هێڵم، ئەرکی سەر شانم بێنمە جێ، بە خۆم دەڵێم ، هەزاران مناڵ بە سەغیری گەورە بوون ، فەرقی منداڵی من و خەڵك چی یە؟ ئەوانیش ڕۆژێك پێدەگەن، " بەرخ هەر لەبن سەوەی دا نابێ. " ، کەچی نیگای بێ خەوش، چاوی هیوا و هەستی بەرپرسی بەرامبەر بە منداڵەکانم، جەرگم دەبرژێنێ ، ریسەکەم دەکاتەوە خوری، تەریق دەبمەوە .

" میرزا " ! ڕاستی یەکەی ئەوەیە لەو جۆرە کومەڵانەدا ، مافی ئادەمیزاد خوراوە، وەك ڕەشە وڵاغ چاوی لێدەکرێ، بگرە کەمتریش، جا ئەو کارە بۆ منی بە ساڵاچووی گەڕیدە، زۆر سەخت ترە، لە خەڵکی دی پتر هەست بە ئازار دەکەم، هەرگیز لە خۆم خاترجەم نیم، لەم لای و لات یەکێکی بگرن، من لێرە سڵ دەبم، دڵم وەك گونی هەڵلاج لێدەدا ، جا ئەوە بۆ پێی دەڵێن ژیان؟ پاشایەتی دەستمان لەیەخە ناکاتەوە، ئێران هەروا بووە، لە هەوەڵ تا ئاخر یەك لە یەکی خراتر، نادرشا تەنانەت کوڕی خۆی کوێر کرد ، ئاغا محەممەد خانی یەختە ڕۆژێ بێژنگێکی چاو دەردێنا ، قەجەرەکانی ئەو دوایەش هەر خەریکی کەیف و نەهەنگی خۆیان بوون، لایەکی ئێرانیان بە خوێڕییەتی لە دەس دا ، ئێستاش ڕەزا خان سەگ و پیاوی لێك دەبەستێ ، چاوەکانی دەلێی کەشکە فەریکەن، ئەوەی ماوەتەوە، ئەو قووتی دەدا ،هەر کەس زوو هەستا لە خەوێ دەبێتە شا ، شای نەخوێندەوار، ئەو خەڵکەی کردۆتە عەبدی خۆی، قازاخ کەڵەگایەکە، ئەمنیە کەڵەگایەك، شەپکە ملی پیاوی دەبڕێتەوە.

- وەڵڵاهی " کەماڵ" گیان خۆراست دەکەی. لە دڵی من دای ، هەست دەکەم بە ئانقەست خەڵکی ئێران و دەورو بەری وە دوا دەخەن. ڕێگای فکر کردنەوەی دەبەستن. دەستێکی گەورە لە کار دایە. دەبێ ئێمە نەزان بین و ئەوان بمان خۆن. ئەو نەوتە خوا داوەش هۆیە کە بۆ ئەو دواکەوتوویيە. نەوت

ژیـانـی ئەورووپا هەڵ دەسووڕێنـێ• چەرخی سەنعەت بە نەوت هەڵدەسووڕێ•
هەر جێگایەك چاڵێکی نەوتی لێ بێ، دەبێ خەڵکەکەی گێژ و نەفام بن•ئێمە
وەدوا کەوتووین• شایەك دەڕوا، شایەکی تردێ• ئیسم دەگۆڕێ• رەســم
هەر لە جێی خۆیەتی• لە بیرتە کەماڵ، هاو بەندی یەکانمان، لەبەندیخانە
دا پێیان دەکوتین چەتە! لەوێشدا، لە کاتێکدا هەموومان دیل بووین،خۆیان
لە ئێمە بە گەورەتر دەزانی! قەت دەزانی لە کەنگێوە خەبات دەکەیـن،
لەکەنگێوە خوێن دەدەین• بۆ چەتە بووین؟! ماڵی کێمان خواردبـوو؟!
حەقی کێمان زەوت کردبوو؟!••••

شۆڕشی گەورەی" فەرانسە"، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە• ئێمەش دەبـێ
هەوڵ بدەین، حکوومەتی پاشایەتی بەیەکجاری لابەین• شایەتی باوی نەماوە•
ئەو فکرە گلاوانەش شوێنەواری سەدان ساڵ پاشایەتی یە" خەڵك بەگـژیـەك
دا کەن و وڵاتی بە پانەوە بخۆن"• من هومێدم بە داهاتوو زۆرە، ئاسـۆی
روون دەبینم•

جا کاکی خۆم بە من دەکەی، جارێ دەس لە خۆت مەدە• وەختی بـێ
دەنێرمە شوێنت• پەلەمەکە• ئەو چیرۆکە بەو زوانە نابڕێتەوە•

- دەی" کەماڵ" خەبەری شاری چیە؟

- شار ناخۆشە" میرزا"! خەڵکەکە وەك جاران نین، بەزیون، گورگەیـان*
تی کەوتووە، شۆفار زۆر بوون، پیاوی دارۆغە و حاکم و وڵاتیان تەنیـوە،
خەڵکیان لێك دردۆنگ کردووە، کەس بڕوای بە کەس نیە، ئەوەش بۆ خـۆت
دەزانی رێگای هەر چەشنە بزووتنەوەیەك دەبەستێ، ئەوانەی تێدەگەن، بـۆ
لای بێ تەفاوەتی دەچن، ئەوەی خراپ نەبێ، سستە•

- منیش وام بیستووە،" رەسوو" چ دەکا؟

- " رەسوو" لە حوجرەی بابی دانیشتووە، باری هێلکانی لێ بنێـی
نایبزێوێ، خوا هەڵناگرێ کوڕێکی خراپ نیە، ئەوەی هەیە ئەو رەسـوو ە
نەماوە،" خالید" و" جەماڵ"یش هەروا لە بەندیخانەدان، وەك دەڵێـن



کوردیکا @kurdica

دوو سالّیان ماوە بێنە دەرێ، " خدر " ئێستاش هەر چەرچی یە، سەریشی لە گولّمەزان دەخورێ، وردەوالّە بە کولّەوە گێل گێل بە کۆلانان دا دەخولێتەوە ، بە خوای دەلّێن بێوەژنێکی نەزۆکی دیوەتەوە ، قەرارە مارەی کا .

" مەولوود کەوان" لە نێوان قسەی" کەمالّ" دا هەلّیدایە :

- وەلّلاهی ناشی ناسم ، بەلام هەر " خدر " قازانجێ دەکا ، کورە بابم ئێوە خەریکی چن؟ کەلّەکی کوردی سەرناگرێ، ئای لا لاییم گاتێ "خەجیج" م مابا وەمدەزانی لەشکری رۆمێم لە پشتە .

" میرزا " مۆڕەیەکی لێکرد ، مام " مەولوود " ماتەی هەلّگرت و پندرە* سەری داخست . بەبێ ئەوەی روو لە کەس کا ، هەستا ، پاشان بە ئەسپایی گوتی :

- با بڕۆم بە لای شێو ساز کردنێوە ، وادیارە رێی دەمم نیە .

" حەمە حەسەن" کرێبارچی یەکەی " کەمالّ" ، ولاغی تاقەت کردوون ، سەبیلەی ئاورداوە ، خێراخێرا مژی لێدەدا ، دەرکەی کۆخ ئاوەلا نەبایە تا ئێستا قانگی دابوون، فکری زستانی داهاتوو لە مێشکی داوە :

- بێتوو بەفر زوو بکەوێ، ئەو سالّیش بە سەمەرگیدەبێ بژین، مندالّەکان هەموو بێ کەوان، زمهەڕی زستانم دانەخستووە ، گەرمێن شێواوە ، ئیش کەمە ، بەڕێچوون چەتوونە ، خێزانم جل و بەرگی دەوێ، بەراتی مەلام نەداوە ،سەربانم سواخ نەکردووە ، یەسترەکان پیربوون، ئیسقات و تەلیلەی دایکم هەروا باقی-یە ، بابم بە جێ وبان کەوتووە ، سووتەمەنی و بناوەرەم کەمە .

" کەمالّ" هەست دەکا بە قسەکانی " میرزا "ی ماندوو کردووە ، بە بزەیەکی فێلاوی یەوە دەلّێ :

- " میرزا " ! ناتەوێ هەوالّی " گەلە "شت پێ بلّێم؟!

" میرزا " بە بیستنی ناوی" گەلە " رادەچەنێ ، دە یەوێ بە خۆی بوەستێ ، بەلام لە پلەی دەردەچێ .

" گەلە" ! ؟ چی بە سەر هاتووە؟

ـ کورە ماڵتە هیچی بە سەر نەهاتووە، لە جاران جوانترە، هێندە قەڵەوە قاورمەی دەکا٠ "میرزا" سەری داخست ، "کەماڵ" زانی بێ مەیل نیە:

ـ بەڵێ قوربان چت لێ وەشارم، دایکم دەیگوت: "لەسەرخۆشی ماڵی "وەستا حوسێن" تووشی هاتم، بە تەنێ بوو، خۆی گەیاندە پەنام، چاك و خۆشیمان کرد، ڕێ وراست هەواڵی "میرزا"ی لێ پرسیم، منیش ئەوەندەی دەمزانی بۆم گێڕاوە٠زۆرگریا ،ژنەکان پێیان وابووخەمی وەستا حوسێنیەتی، تەنیا من دەمزانی بۆ کێ دەگری٠ داوێنی بادام و کوتی: "پورە خەیاڵ" لە مێژە ئەو قسەم لە دڵی دایە، نەموێراوە لای کەس باسی بکەم، رەنگە "میرزا" بڵێ "دەبوو زووم لێ حاڵیبا کیژۆڵە بێ وەفانە"، بە خولای بە خولای لەسەر تاتە شۆرێش هەر بە هەوبای ئەوم، ڕەنگە"میرزا" وا بزانێ داوێن شل و سووك و چرووك بووم، خۆم پێ رانەگیراوە"میرزا" لە بەندیخانە بێتە دەرێ ، لە تاوان مێردم کردووە٠٠٠

پوورە"خەیاڵ" ئەتۆش وەك دایکی خۆمی، ئەو غەدرەی لە من کرا، رەببی لەگورگی کێوان نەکرێ، پوورێ گیان بۆ خۆت دەزانی، کەس نەزانێ ئەتۆ ئاگات لێ یە، لە منداڵی یەوە، هەتا عازەب بووم جیرانی ئێوە بووین ،تۆ ئەو قورئانەی مێردی ئازای لێدەگەڕێتەوە، چت بە منەوە دیت؟ بە نێوی خولای لە"میرزا"ی بە دەر قەت پێم وانەبووە ئەوشارە نێرەوەزی تێدایە،هەی "میرزا"ش خوا هەڵناگرێ بۆ خۆم گەیاندم، ئاخ جەرگم رەش بێ، رەببی "میرزا" کوێربم و بە کزیت نەبینم،

"یا خوا سەبەب کار بە کۆی زووخاڵ بێ٠ "میرزا" لە نێو گەڕەکێ قەت سەری هەڵنەدێنا ، ئەوەندە بە ماریفەت بوو هەر ناگەڕێتەوە، دەمزانی کەنگێ دەچێتە بازاری ، چ وەختیش دێتەوە، بە راستی پوورە"خەیاڵ" سێ چوار مانگ دەبوو"میرزا" دڵی رفاند بووم، ئەو لە من گەورەتر بوو، ئەمن تازە دەگەیشتمێ ، ئەو پیاوێکی کامل، هەر چەندی لە سەری کۆڵانێ وەدەر -

دەکەوت، ئەمن وەك نۆبەتێ دایدەگرتم، وەلەرزین دەکەوتم، هەموو رۆژێ لـــــە چاوەڕوانی بزەیەك دا، چاوی رەشم کاڵ دەبۆوە، دەگەیشتە حاستی من سە ر ی دادەخست، بە ئەدەب دەڕۆیشتەوە ماڵێ، پووریٰ گیان کافرم و لە ســــــە ر دەستت موسوڵمان دەبم، ببوورە، لە دایکی خۆم فەرزتری، جاری وابـــــو و لێدەبڕام پڕی دەمێ، ئارا و قارام لێ هەڵگیرابوو، " میرزا " وەك دار و - بەرد نە سەری هەڵدێنا ، نە ملی دەسووڕاند، شەونەبوو خەونی پێـــــــو ە نەبینم، خەونی خۆش خۆش. لە خەونم دا دەبووینە بووك و زاوا، لــــــە نەکاو لێم دوور دەبۆوە، هێندە دوور دەنگم نەیدەگەیشتێ، لە حەیبەتـــان وەخەبەر دەهاتم. رۆژێکی بابم دوو قەرتاڵەی بەهێ لە بازاری را ناردبـــۆوە، بۆ زستانێ هەڵێواسین، تێکەوتم دوو بەهێی زەرد و جوانم هەڵبژارد، هـــە ر یەکەی چنگێك، لە دەروازەی را ملم کێشابوو، دەمڕوانیە کۆلانێ، "میـــرزا " بە پەنا دیواری دا دەهاتەوە ماڵێ، هەنگاوێکی مابوو بگاتە حاندی مـــن ، بانگم کرد :

- " میرزا " !

سەری هەڵێنا ، راوەستا ، پێم وایە قەتی ئاوا نەدیبووم، بزەیەکی هاتـــێ و کوتی :

- بەڵێ ، چت دەوێ" گەلەخانم" ؟

کوتـــم:

- چەقۆت پێ یە ؟

دەستی دەگیرفانی نا ، قەڵەمبرێکی راجیزی دەرێنا ، دایەدەستم. بەهـــێ - یەکم بۆ راگرت، دڵاودڵ بوو ، بە دەنگێکی خۆش، وەك دەنگی بەهەشتییا ن کوتی :

- ئەوە چی یە ؟

کـــوتـــم:

- ئەگەر منداڵی ئەوەی وە رگرە، ئەگەر پیاوی ئەوانی خۆم... " میــــرزا"

تازە ئەو چەقۆیەت نادەمەوە!
گــوتــی:
- باشە، کەمێکیش لە سەری زمانتی پێ ببڕە!
گـوتـم:
- ئەگەر ئەتۆ بتەوێ زمانم لە بن دا دەبڕم.
بەهێ کەی لێ وەرگرتم، دەستم وە دەستی کەوت، دەلەرزی ، زانیم کــار تەواوە.
گـــوتــی:
- دەستت ناگێڕمەوە، منداڵیش نیم، لە کووچە هەر ئەو بەهێ یەم دەوێ.
هات بڕوا ، گوتم:
- دەرکەکەی خۆتان پێوەدە، دوای نانی نیوەڕۆیە، چەقۆکەت بۆ دێنمەوە.
گــوتــی:
- کەسمان لە ماڵێ نیە، تەنیام!
گـوتـم:
- بەوەی چاکە تەنیای ، تۆ تەنیا و منیش تەنیا.
بە بیانووی چەقۆوە چوومە ماڵەکەیان... چەقۆکەم ئێستاش لە لایە ، - وەك حەمایەڵێك بە متفەرکی دەزانم." میرزا " زۆرتر لە فکردابوو، ئەمــن نەمدەزانی چ دەکا ، هەتا ئەو رۆژەی لەگەڵ میرزا " کەماڵ" و ئەوانی تـــر گیران، رۆژی رەش بوو ، قەت هێندە هەناسە سارد نەبووم، بابم مردبـــا ئەوەندەم خەم نەدەبوو ، چاك و پیر نەما پەنای بۆ نەبەم، گومبەزی بـــداخ سوڵتانی، چاکە چکۆڵە، قسنی شێخ تەهای ، نەزرم کرد ، شەمم هەڵکــرد ، رۆژووی " خدری زیندە و خدر ئەلیاس"م گرت، دوعا و نوشتەی دنیایـــەم نووسی، ئەوەندە گریام لەوانەبوو کوێربم، رۆژێ سێ جاران دەچوومـــە لای دایکی، " میرزا " ، هەموو جارێش گەرمە شینێکی باشی لەگەڵ دەگێڕام، پاشان دڵخۆشی دەدامەوە، ماچی دەکردم، هەموو جێژنان لیباسی بۆدەکڕیم ،

هەرچی بۆ خۆیان خواردبایان بەشی منیشی هەڵدەگرت، بابم ئاگای لەو هات و چۆیە هەبوو، دەنگی نەدەکرد، دایکم خوا لێی خۆش بێ ، لەگەڵ مـــردووی ئێوە، لە مێژە نەماوە، ئەمن بنەوانی باوکم بووم، دایکی " میرزا " لەگەڵــە خۆی دەیبردمە حەمامێ٠" میرزا " نەگیرابا کارتەواو بوو٠ بابیشم حـــەزی دەکرد، ماڵێکی نێو بەدەرەوە و سەرئاوەلا بوون ، هەموو کەس منەتــــــی دەبرد خزمیان بێ، هەموو کەس کچی پێشکەش دەکردن، کچی شاریش هەمــو و بۆ " میرزا "ی شێت ببوون٠

ئاخ و سەد ئاخ بەوانەش رازی بووم، بە هەویای " میرزا " پرچی سپیــم لە ماڵە بابم دەهۆندەوە، سەد ساڵی چاوەڕێ دەبووم، لە قەبریش دا ئێسکــە ڕەشەکانم بە ئاواتی یەوە دەرزان، بەلام چارەرەشی من ئەوێ دەمێ یەگجـاری بوو، باب و دایکی " میرزا " بە مەعبەینی شەش مانگان مردن، دیقیان کـردە دیدار ئاخر بوون، هەرگیز لە بیرم ناچێ پاش مردنی بابی " میرزا "،شـــە و و رۆژ لە لای دایکی بووم، بە مردنی مێردەکەی هێندی گیرانی " میرزا "ی بە خەم نەبوو، " میرزا " دە ساڵیان زیندان بۆ بریبۆوە، دایکی دەیزانی هێندە ناژی، تەنیا جارێکی بۆ ملاقاتی کوڕەکەی چووە تارانێ، زۆری حەول لـەگەڵ بابم دا ، ئیزنی نەدام، ئای بابە رەببی ، نەحەسێیــــەوە ، وەك نەحەساوەوە دوای ئەو چاوپێکەوتنە، چی وای نەبرد، نەخۆش کەوت و مرد، ئاخـــــــر هومێدی من دایکی " میرزا " بوو٠

حاجی " حەسەن" ، باوکی " رەسوو" ، دەچوو بۆ تاران، ملاقاتـــــــی کوڕەکەی بکا، خەبەرم زانی، بەو کەتە سەوادەی خۆم کاغەزێکم بۆ نووسی ، زۆر لەبەر حاجی پاڕامەوە لە لای باوکم باسی نەکا، ئەویش بەڵێنی دا ،کاغە -زەکە وەلامی هاتەوە، ئای کوێربم، " میرزا " چەندە جوانی نووسیــبوو ، بەلام لە ئاخری دا کوتبووی، لە سەر من رامەوەستە، نامەوێ خۆت فیــدای من کەی، جارێ روون نیە چم بەسەردێ، بەڵکە بە ساخی نەجاتم نەبــێ ، زۆر لەو قسانە ، هەر یەکەی لە دڵی مندا کاری خەنجەرێکیان دەکرد، ئــە و



@kurdica

نامەیەم وەك دووعای " ئەبوو دوجانە" دەپاراست، نازانم چۆن وەگیر باوکم کەوت.

ئێوارەیەك زووتر لە رۆژان هاتەوە ماڵێ، بانگی کردم، لە پەنا خــۆی دانیام، ماچی کردم، دڵم خەبەری دا، وردە وردە دەستی کرد بە نەقڵ و نەزیلە:

-کچ دەبێ مێردی بکا، شەرعەن گوناحە، نامەوێ قەبرەکەم ئاورین بێ کچم...

کــوتــم:

- بابە ئەو نەقڵ و نەزیلەی ناوێ، مێردی ناکەم، خۆت ماندوو مەکە.

کــوتــی:

- ئەمن بابی تۆم، واباشە بە قسەم بکەی، کچ نابێ لە قسەی بابی دەرچێ، قسە، قسەی بابە، قازانجی تۆ لەوەدایە، بەختەوەری تۆم دەوێ.

کـوتـم:

- ئەدی کێ بنەوانی تۆ بێ؟

بە تووڕەیی یەوە کوتی:

- ئەتۆ کارت بە من نەبێ، ژن قات نیە، ژنەتیوێك، پیرێژنێك، کەسێکی دەدۆزمەوە.

بە گریانەوە کوتم:

- بابە گیان ئەمن قەت شوو ناکەم.

هێندەی دی قەڵس بوو، گوڕاندی:

- دەزانم لەبەر ئەو هەتیوە بێ دایی و بابەی راوەستاوی، ئەوە نیــــــە کاغەزی بۆ ناردووی، ئەوە نیە لێت لە حاشایە، قەت شتی وات دیوە،هەتیو بە هیوای خۆی نیە، کچەتیوی من بە تەنێ خۆی دەسووتێنێ، رۆڵە گیان ئــەوە نابێتە مێرد، خۆ تۆ سەوادت هەیە، ئەوە فێری زیندانێ بووە، هێندیــــا ن لێداوە گەلاوگەڵ دەروا، حاجی " حەسەن" دەیکوت: " شەوانە لە خۆدەمیزێ، دەستێکی سرە." دەڵێن باتوویانٛ* باداون، مەعلووم نیە چی بە سەر هاتووە، تازە کوا نەجاتی دەبێ، هەتا ئەو دێتەوە تۆ دەبێ بە وەکازێ بڕۆی، هــەی

خودا بە زیادی نەکا میردی وا ٠

ڕۆڵە گیان! دەت دەم بە پیاوێکی پیاو، دەوڵەمەند، کەیخودا، نۆکـەر و قەرەواشت لەبەر دەستی دا دەبێ، داوای ئاوی حەیاتێ بکەی بۆت بێنن،تێر و تەسەل، خانم بە، خاتوون بە، حوکماتێ بکە، دەست لە ڕەش و سپـی مەدە٠٠٠٠ ئەدی ڕۆڵەم ئەتۆ نازانی بابی تۆ کوێ دەخوێنێتەوە، کچی مـن دنیاش پێی دەوێ، شەرتە هەزار قۆڕە"میرزا " ی وەك هەیاسی بە نۆکـەر نەگرێ، کچەکەم تۆ نووری چاوی منی، تۆ وەکازی پیریمی٠

گـوتـم:

ـ بابە، بە قەرەواشت بم، لە ئاو یێم مەکە، شووکردن بە زۆری نابـێ، من نامەوێ شوو بکەم، ئەگەر پاروە نانێکی منت لێ لە چاوە، ئیزنـم بدە دەچمە ماڵی کاکم٠

بابم بە تەواوی تووڕە بوو، نەڕاندی:

ـ کاکم، کاکم، خۆزگە و هەزار خۆزگە، لەباتی ئەو کاکانەت دوو دێڵـی دیکەی وەك تۆم هەبا، براکانت وەدووی ژنەکانیان کەوتن، ئەتۆی منـداڵ، ئەمنی پیر بە هەناسە ساردی لەو کاولاشەدا بەجێ ماین، ڕۆڵە هەتا مـن ماوم خەڵك دەتناسێ، دەست هەڵگرە لەو قسە پووچ و بێ مانایە٠٠٠٠ بـە مێردم داوی و بڕاوەتەوە، ئەمن بابی تۆم، بە شەرعی خودا و پێغەمبـەری حەقداری تۆم، تێگەیشتی؟ زۆریشی لە سەر مەڕۆ، بە گومبەزی پێغەمبـەری هێندەت دەکوتم بمری! داومی بە میرزا " بارام"!

باوکم خانووچکەی ئاواتەکانمی رووخاند، تا لانی کردم، لە سەر شۆرکەی دانام، ئیدی گوێم لێ نەبوو بابم دەڵێ چی، مووچرکێکم بە نووکی پێی داهات لە تۆقی سەرم چۆ دەرێ٠

کورتی ببڕمەوە، پوورێ گیان، بابم ئەمنی فرۆشت،بە پارە، بە زێـڕ، بە زەوی، بە باغ، چووزانم ئەوەندەی وەرگرت بارستایی ئەو وەتاغـەی پووڵ دەکرد، سەر بە سەر بە زێڕ فرۆشتمی، بە زەبری کوتەك و خەنجـەر

مارەیان کردم، ئێستاش کە چوار منداڵم لەو ڕێوی یە پیرەی هەیە، بە مێردی خۆمی نازانم ، ئەمن حەلاڵی " میرزا "م ، بزانم لە کوێ یە، دەست و بەجێ دەچمە لای ، هەرگیز ئەوم لە بیر ناچێتەوە ، قەت کەسم وەگیرنەکەوت، هەتا بە سەرهاتی خۆمی بۆ بنێرم.

داوێنی با دام و بە گریانەوە کوتی :

- تۆ بێ ئەو خولایەی لە ژووری سەرە پورە " خەیاڵ" ئەو قسانەی من بۆ میرزا " کەماڵ"ی کوڕت بگێڕەوە، بەڵکە لەو هات و چۆیەدا تووشی بێ و بۆی بگێڕێتەوە، بڵێ " گەلە " دەیکوت هەتا ئیقرارزی عالەمێ خۆم بە دەزگیرانی وی دەزانم، دەمەوێ لانی کەم رووحی من هی " میرزا " بێ، "میرزا" پیاوی خەیالّی منە. "

دایکم زۆر لەوەی پتر دەگێڕاوە، دەشی کوت ، پاشان لێم پرسی :

- ئەرێ تۆ خولاکەی " گەلە"! چەقۆکەت هەر ماوە؟

کوتی :

- ئەرێ وەڵلا هەر ماومە.

لە گیرفانی دەرێنا و نیشانی دام.

کوتم:

- رۆڵە ئەگەر " میرزا " ت ئەوەندە خۆش دەوێ، قسەکەی لە عەرزی مەدە و " کەمێك لە سەری زمانت ببڕە ".

بەو قسەیە ژیرم کردەوە، بزەیەکی هاتێ و کوتی :

- پوورە " خەیاڵ" گەیشتۆتە یەسکانم، دەنا هێندە بێ حەیا نیم، چ بکەم پوورێ گیان ئەتۆ نازانی چم لە دلّی دایە، دنیا هەر دلّداری تێدایە، ئەویش کاتێك کچ شێت و شەیدای کوڕە، ئەگەر تەنیا جارێکی دی" میرزا "م دیباوە ، بە خاترجەمی دەمردم، " میرزا " سەرەپەتی داوە ئالۆزەکانی ژیانی منی بە دەستەوە ، هەزار کوڕی کاکۆڵ زێڕین دەکەم بە قوربانی سەعاتێکی ئەو.

ڕێوی یە پیرەش ئەوەی چاك دەزانێ، لە هەوەڵەوە زۆری حەول دا ، بەخشڵ

و زیوەر " میرزا "م لە بیر بەرێتەوە، بەرتیلی دەدامێ، گروانکەیەکی زێـــر بۆ کرپوم، بەلاّم تەنیا زێرپێك لە لای من بە بایەخە، ئەویش ئەو گەو هەرەیـە کە لە زەریای ئەوین دا ونە٠

" میرزا " لە حـالێکدا چارەنووسی " گەلە " شوێنەواری خەم و داتەپاوی خستۆتە سەر روخساری ، هەر وا سەری داخستووە، ئەو پرسیارانەی کـــە " گەلە " بۆ وا گۆرِا ؟ بۆ هێندە بی وەفا بوو؟ لەبەر چی لە سەرم رانەوەستا ؟ ژن بۆ ئەوەندە بێ بەقان؟ ئەو پرسیارانەی سەدان جار لە خۆی کردبوو، وەرامی دۆزیبۆوە، وەرامێکی دڵ تەزێن و یەگجاری، داب و نەریتی نالەباری کۆمەڵ ، کچ فرۆشتن ، هەست کوشتن ، ئەوین خنکاندن٠

سەری هەلێنا ، چاوە غەمبار و شلەژاوەکانی برِیە " کەماڵ " :

- بەلێ " کەماڵ " گیان! چ رۆژگارێك بوو، " گەلە " کۆشکی دووهەمـــی ئاواتەکانم بوو، لەو ئاواتانەی کە لە ناخی دلّی بریندار و سینگی پر لـــە دەردم دا ، یەك لە شوێن یەك نێژراون، هاوبەشی بیر و هاورێی خەیالّم دەسالّی تەواو، دەسالّی رەش ، لە چالّی رەشی " قەسری قەجەر "، " گەلە " هومێدی زیندوو مانەوەی من، " گەلە " هەموو کەسی من، کاتێ لە بەندیخانە هاتمـە دەرێ ، پێش ئەوەی لە " تاران " دەرکەوم، زانیم " گەلە " شووی کردووە ، ئیدی هاتنەوەم مانای نەبوو، تەنیا جارێك بۆ ماوەی سەعاتێك بە مەبەستـــی دیتنی گلکۆی دایك و بابم ، بۆ رێز و حورمەت لەو هەموو جزیایەی مـــن تووشم کردن، هاتمەوەشار ، سەرێکیشم لە مالّە چۆلەکەمان هەلێنا ،جێژوانـــی چـــۆل و کـــەروو هێنــــاو ٠ بەلاّم بەسەرهاتی " گەلە "م هەرگیـــز لە کەس نەپرسی ، مالّت ئاوەدان بێ، پێویست بوو هەوالّم هەبێ٠ من لە مێژە " گەلە "م لە گۆرِستانی دلّمدا ناشتووە، لە وەتی هەوالّی شوو کردنیـــم هەیە، " گەلە " مێردی هەیە، نامووسی خەلّکە، مافی یەکی دیکەیە، گەرچی زەوت کرابێ، ئەوە بریاری کۆمەلّە، ئەوەداب و رەسمی زەمانەیە، گەرچـــی چەواشە بێ، من پارێزگاری لە نامووسی خەلّك دەکەم٠ " کەماڵ " گیـــان !

چوویەوە شاری هەر چۆنێك بێ بیبینە، بڵێ: " میرزا مرد! "

مام" مەولوود " شۆرباو چێرگی بە بامیە و باینجانی ئامادەیە ، هەر کەسەی کاشی یەکی لە پێش رۆناوە، کەوڵ، نردوویەك نانی رەق و هێندێکی نەرمی لە سەرە، "میرزا " و " کەماڵ"مەدەیان گیراوە، " حەمە حەسەن" ، و مام " مەولوود" لە بەرەوە ملچەیان دێ، شێو بە بێدەنگی دەخورێ، چرای رۆن گەرچەك پرتەپرتی یەتی ، شەماڵ هەڵێکردووە، جارجار خشەیەك لە چیلکەی چێوپا شاری* دێنێ•

لە شێو خواردن کشانەوە، هەر کەس سەری لەبەر خۆی ناوە، " کەماڵ " لە نەکاو دەڵێ:

- حەمە حەسەن"! هەستە ئەو قاوە جۆشە دەرێنە، با قاوەیەکی بدەین بە " میرزا "، رەنگە بە لوورە لووری ئەو بایە سەفەری ئەو شۆمان هێندێك چەتوون بێ•

" میرزا "! لە بیرمە ئەوێدەمێ منداڵ بووم، دایکم دوعای ژانەزگی بۆ دەخوێندم، دەستی رەزگم دەخست و دەیکوت: " ئەو شۆ شەوی باوبۆرانە ، رەسووڵی خوامان میوانە، لە پیاوێ سەیر و سەفایە، لە ژنێ جەور وجەفایە ، ئەوی دەوزگەی دایە، شۆربێتەوە خوارێ• "

" میرزا " بە پێکەنینەوە گوتی :

- لە من و لە تۆ کامەمان دوعامان دەوێ؟

" کەماڵ" گوتی :

- من چ زگم ژان ناکا•

هەر دووکیان لە قاقای پێکەنینیان دا، " میرزا " بەرە و ئەستێر دەڕوا ، " کەماڵ" خەریکی قاوە لێنانە، مام" مەولوود" قاپ و کەوچکان دەشوا ، " حەمە حەسەن" تفاقی خستۆتە بەر پەسترەکان•

" میرزا " لە مێژە قاوەی ئەوەندە خۆشی نەخواردۆتەوە، ماندوویی رەواندووە، مانگ لەکەل هاتۆتە دەرێ ، پەستر قەمامەیان لێ کشاوە، کاتی



کوردیکا @kurdica

لێك هەڵبڕان نیزیکە، کەس دڵی نایە وەپێش کەوێ، هەموو دەڕواننە مانگەکە ، کەت و زەرد، " کەماڵ" سەری بورجی دێتەوە یاد٠" حەمە حەسەن"کولێرەی گەنمەشامی وەبیر دەکەوێتەوە٠" میرزا " روخساری" گەلە"، ناوەڵلا ینا ی " ناز"ی وەبەر چاو دەکەوێ٠

بە نابەدڵی باوەشیان پێکدا هێنا ، یەکتریان ماچ کرد، هەر کەسەی بەرێی خۆیدا ، چەشنی برسی یەك کە نیوە تێر لە نان بکشێتەوە، " کەماڵ" بە دەنگێکی خەمبار، غەریب ، دڵ پڕو کۆست کەوتە، تێی هەڵکرد :

" فاتمۆکێ کوێستان چەند خۆشە کوێستان
فاتمۆکێ سینگی تۆم باخ و بێستان"
" فاتمۆکێ کوێستان سەریان بە تەختە
فاتمۆکێ مێرد کردنیش بە بەختە"

شەماڵ جارجار دەنگەکە دەپسێنێ ، جارجار مۆڵەتی دەدا ، هەنگا و بە هەنگاو یارە هاوڕازەکان دوور دەکەونەوە، هەتا بە یەکجاری دەپسێنەوە و ون دەبن٠ دیسان دەنگی ناڵی یەکسمە و تەنیایی ٠ رێگا دوورە، قۆرتە ، مەڕێ، نەرمەغار، تەقڵە کوت، جارجاریش بە پرتاو دەڕوا ٠

# ٣

سپیایی بەیان وەك زوقمی بەجێ ماوی سەفەری شەو لە چاو دەدا • وردە ـ زیوی پرژاندۆتە سەر زەوی • رووناكی هەر ئەوەندەیە دۆست و دوژمن لێك دەكرێتەوە• قەراخی رووبار هەڵمێكی كەم رەنگدا پپۆشیوە• شنەی بەیان دەبیزێوێ و نابیزێوێ• هەڵمەكە پێش ئەوەی بگاتە كەلاوی كەندەڵان لێك دەپسێتەوە و ون دەبێ•

ئەسپە بۆرە بە رێیاریكەی قەراخ كەندەڵانی چەم دا سەرەوژێرە• لافاو ی بەهاری رابردوو لە هێندێك جێیان كەنداڵی بنكۆڵ كردووە و پچڕیوە•پانایی باریكە رێی تەسك تر كردۆتەوە• بنكۆڵ درز و قەڵەشتی بە ئەو بەر ئەوبەری رێ داوە• كەنداڵ لە سالان ئاوەلاترە• تاق تاق داروپنچك بە بەرقەدی هەرەس هێناوەكان دا سەرە و نخوونن•

رەگە مێكووك بە تەنیشتیان دا شۆڕ بوونەوە• چەشنی مارێكی سڕ بە ئاتەگی كەندەڵان دا خۆی هەڵخستبێ•

رێ حەستەمە، سامناكە، كە چی ئەسپە بۆرە بێ ئەوەی سڵەبكا ، قەراخ و قەراخ وەك زمانزانێك لادەدا و دێتەوە سەر رێ• ئەو جێ یەی لە ژێر سمی بلەرزێ خۆی لێ نادا، رەفێچكەی دەنەوێنێ و خۆ سووك دەكا •

ئاخر لێژایی پێش ئاومالْکی چۆم، ئەوبەری کەندەلاّن و ئاشی " رەشیـــد" وەدەر دەخا • ئاشەکە لە بەری بەر رۆژێ یە • ئاش دۆڵە • ئاو لە حەواڵـــەڕا لادراوە• لێواری حەوالە و جۆگەی بەر ئاش پنگەی لێ رواوە• بە بلێندایـــی نیوگەز ، لە هێندێك جێ یان گەزێك• کە پرۆکەیەك بە پۆلەپنگە پێ بە پێـــی جۆگە ساز بووە• گەلا رەکێشە، فریزوو وقەیاخ لە ژێر لقە مەیلە و ویشکەکانی پنگە پنجی داکوتاوە و خۆی حەشارداوە•

ئاشگێڕێك ئاو لەبەر قەدی حەواڵەوە بەرە و ئاومالْکی چۆم بەرەلایـــە • گابەردی سپی و لووس ، نیوێك لە خیزدا و نیوێك بە دەرەوە خۆیان وەبـــەر گرتووە•ئاوهەڵدە کو تێتە سەریان و قەلْپەزەدەکا • دەبێتە تۆز و بلاّو دەبـــێ • لێواری گۆمیلکە کەف دایگرتووە• ئاوی خوڕ، گۆمی مەند دڕ دەدا • لـــە نێو قەد را لەتی دەکا • شەپۆل زل و زلتر دەبنەوە• دەکشێنەوە و دێنـــە وە پێش • وردە خیز دێنە قەراخ و دەخزێنەوە نێو شەپۆل•

دەرکی ئاش وەوەی دەچێ لە ژوورەوە گاڵە درابێ و چل مێردەکرابـــێ • گۆنگەی بەر دۆزەقە بێ ئاو و کزرە• ویشکە بەردی دیواری ئاش ســـارد و شەدارن• بەرد کاری ئەوەندە خوارو خێچ و لە مێژینەیە، پتر لە دەسکـــاری سروشت دەچێ • بەردەکان ددانەیان لە ژێر دەرپەڕیوە، دیوار زگی داوە و گیرساوەتەوە• ویشکە بەرد تەپیونە سەر یەك• لە سەر پشتی یەکتر جێـــی خۆیان کردۆتەوە•

ئاش لە تەمەنی کەس دا نیە• پێش ئەوەی مام" رەشید" بێتە سەری ، سۆفی قادری باوکی هەڵی دەسووڕاند • ئەو ماوەیەش کە مام " رەشیـــد " یاخی بوو هەر ئاوا مابۆوە، کەس زاتی نەدەکرد بە لای دابڕوا • کۆن بوو • کۆنتر لە هەموو ئاشەکانی ئەو مەڵبەندە• ئاشی رەشیدەدزە سەدان نەقـــڵو نەزیلەی بە دواوە بوو• هەر ناو هێنانی ئاشی رەشید ئەفسانەی ترس وسامـــی دێناوە بیر :

" ئاشیرەشیدە دزە پڕە لەجندۆکە! شەوانە دێنە دەرێ! رەشید لێ یـــان

ناترسێ • نانیان لەگەڵ دەخوا! گـالتە یان پێ دەکا! سەر چۆپی داوەتیان بۆ دەکێشێ! رەشیدە دزە نەهەنگە! بەرازە! نەترسە! بێ رەزایە! پیاو کوژە! بێ بەزەییە! سەگ و پیاوی لێك دەبەستێ! رەشیدە دزە جارێکی نۆزدە کەسی بە خەنجەرێ زگ دڕیوە! جندۆکە یاریدەی دەکەن! سەد جاران دەوری گیراوە رزگاری دەکەن! کەس ناوێرێ لەو ئاشە دا بخەوێ رەشیدنەبێ• "

میرزا ، ئەو قسانەی زۆر جار بیستووە• رەشیدی لە نیزیکەوە ناناسێ • بڕواشی بەو قسانە نیە •ئاکاری پەسند ناکا • بە پیاوێکی خراپی دەناسێ• دڵیشی لە لای ناحەسێتەوە• ناشیەوێ پشتی پێ ببەستێ• بە شوورەیی دەزانێ پەنای بۆببا • بەڵام لە تەك ناعیلاجی چ دەکرێ؟ لە ئاشەکە نیزیك بۆتەوە • بەدڵی داهات:

- ئەو ڕۆ دەبێ لەو ئاشەدا بمێنمەوە• چارە نیە• رەشید چی پێدەکرێ؟! خەیاڵی ناپیاوی هەبێ تەمبێی دەکەم• دەنا نا چی ویست دەیدەمێ• پیاوی وا مردووی پارەیە• لای ژووړووی لە سەر هەست دەخەوم•

قاچاخی ئەوانەی پێوەیە• پێم وا نیە هێندە ناپیاوبێ راپۆرت و شتی وا بدا • کەسیشی لە لا نیە وەكدەڵێن• دەی جا چی پێدەکرێ• ئازاشە، پیاوی - ئازا کەمتر وایە کاری حیزانە بکا • لێ بدا بە دەستی خۆی لێدەدا • منیش دەستم نەبەستراوە• نێرگانێکم پێ یە وەك سەگ دەلوورێنێ • دەروەستی رەشید نەیەم ئەدی لە چی دەگەڕێم • بە رەشیدی نەوێرم هەر لێرەڕا بگەڕێمەوە شاری باشترە!

سێ و دووی ناوێ• رێ و راست وەژوور دەکەوم• میوانی ئەو دێڵەدزەی دەبم• رۆژگار موحتاجی پیاوی واشم دەکا • چ بکەم ژیان ئەوانەشی هەیە•

ئەسپە بۆرە لەبەر دەرکی ئاشی حیلاندی • حیلاندن و دەرکەکردنەوە یەکە• پێش ئەوەی میرزا پێ لە رکێفی بێنێتە دەر، رەشید پڕی دا جڵەوی ئەسپەکە • بە دەنگێکی گڕوپیاوانە:

- بە خێر هاتی مام میرزا! پێڵاوت لە سەر چاوەکانم• لەوبەری چۆمی

راگوێم لە زرمەی ئەسپەکە هەیە، ئەمما وەهمی تۆم نەدەکرد. دەڵێن دارپیر دەبێ جارێکی باز لە سەر دەنیشێ. لە نێو چاوانی خۆم رانەدەدی. باز لە سەر شانی پیاوی هەژارا! چابوو بە چاوی خۆم دیتم.

میرزا بەرووخۆشی یەوە رووی تێکرد :

- سڵامەت بی رەشید. چۆنی رەشەدز ، ماوی؟ دەگەڵ فڕوفێڵان چۆنی؟

- قوربان لە سایەی سەری تۆوە، لە مێژە لە سەر چ ڕێ یان نیم. ئاخری لە سەر دەستی پیری تۆبەم دادا. حکوومەتیش تا ئێستا کاری پێم نەبووە. پاروە نانی ئاشەوانیش بەردڵم دەگرێ. فەرموو تکا دەکەم.

ئەتۆ فەرموو ژووریٚ با ئەسپەکە ببەستمەوە. بێ چاوێنی بێ سەری سوارێکە کلکی سوارێك.

رەشید ردێنی بە چەقۆ تاشیوە. سمێڵی ئەستوور و بادراوی تووکێکی رەشی تێدا نەماوە. دەستە پیاو و تێك سڕماوە. مەچەك و قاچ وقولی خەپلە و قەڵەون. بەشان و باهۆیە. پشتی برێك کووڕ بۆتەوە. دەکرێ بڵێی پیر بووە. بەڵام هەروا پان و پۆڕ و بە تاقەت لە چاو دەدا . سەرشان و نێو پشتی کلۆکلۆ و گرێ گرێن. بەرگە کۆن و نوێ یەکانی خاوێنن. چاوی خەواڵوونین.

میرزا ، هەرگیز پێی وانەبوو، رەشیدە دزە ئاوا سازو تەیار، کۆك و پۆشتە ، بە هۆش و گۆش و بە دەماخ دەرکی لێ بکاتەوە. لە دڵ دا لێی قایل بوو. بارەکەڵڵای دەدایە. پێی حەیف بوو ئەو جۆرە پیاوانە ڕێگای راست بەردەن و دزی و چەتەیی رەچاو کەن.

رەشید ئەسپەکەی بەرە و تەویلە راکێشا. ئاتەگی زینەکەی هەڵداوە. ئاوزەنگیەکانی بە سەر داهێناوە. تەنگەی زینەکەی شل کردەوە. لغاوی دارنی. دەسکە و سارەکەی لە گوڵ میخی ژێر ناڵ گرێ دا. سەوەتەیەکی کاو وێنجە دەپێش کرد و بە پەلە گەڕاوە لای میرزا.

میرزا :

- برالە رەشید، لە خۆشیان نەهاتوو مەلات. ئەسپەکەم ماندووە، ئەوە

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

قری دێ• بۆ خۆشم هەروا • فکرم لێ خرا مەکە• ئەوەی بە کەلکی تۆ دێ ئەسپە بۆرەیە• ئەویش یەکە تاسە*، بە خۆم نەبێ رکێفێ نادا • بە ئەسپەوە میوانی تۆین• هەرچی دەشتەوێ دەت دەمێ•

رەشید ناقایل و لالووت وەڵامی داوە:

- ئای لە منت نەکەوێ میرزا! ئەگەر وامدەناسی دەبوو گورگ بتخواها وارم لێ نەکەی• رەنگە زۆر بە ناپیاوم تێ بگەی! رەشید دزە، پیاوکوژە، رێگرە• چەتەیە، شڕەخۆرە، بەڵام ناپیاوی، ئەویش لەگەڵ میوان، لەگەڵ میرزا، کوڕە جا چۆن وام تێدەگەی؟ ئەگەر وا گەواد بام بۆ پاروە نانێکی سینگی خۆم بە گوللەیەوە نەدەنا• دەست خۆش مام میرزا! کورد زۆریش ناپیاو بێ لە میوانی خۆی رۆنایە• هاتوو وانەبوو، کوردنیە•زۆڵە، دایکی دوڕاندوو - یەتی• مام میرزا! پێم خۆش بوو، خەنجەرێکم لە سەر دڵی دەی ئەمما ئەوەی نەفەرمووی• فەرموو، فەرموو بڕۆ ژووری، حەدم چیە، سەگ بە ساحێبی ناوەڕێ•

رەشید بە تووڕەیی یەوە بەرە و کادێن رۆیی•

میرزا بڕێك بە خەجاڵەتی و هێندێك بە ئەندێشەوە لە کۆنەئاش وەژوور - کەوت• ئاش دانی تێدا نیە• دیوارەکانی تازە سواخ کراون• سەکۆی پەنا بانیژە جێ یەکی لە سەر راخراوە• هەروا گەرمە• لێفە و سەرین و لبادێکی خەرسەك لە سەر حەسیرێکی گرێ چنە• جێ جێی میچ هەڵاشی شۆڕ بۆتەوە•تۆز ئاش شکڵی کلکەرێوی زستانانی پێداوە• بۆنی گەنمی کۆن دێ• هەوای نێو ئاشەکەی گران کردووە• لە دەڵاقەیەکی چووکەوە سپیایی دەرەوە دیارە• چاوی میرزا لێڵی خەوە • شانی کوتراو و داتەپاون• خەو و ماندوویی گێژ و وێژیان کردووە• خۆڕاگرە• لە مێژە عادەتی بە بێ خەوی گرتووە• بەڵام ماندوویی ئەو رۆژی گاڵتەنازانێ• لە سەر لێواری سەکۆ رۆنیشتووە• بێ واز و بە ئەدەب • دوو شەو و رۆژە بە باشی نەخەوتووە• تۆزی رێگای دووری لە سەر دابێژراوە• شوێنی بێ خەوی لە سەر گۆنای دیارە•چاوەکانی سوورن•

لەشی داچۆڕاوە، پیر دەنوێنێ. قامکە تێلک چەقاوەکانی ویشك و بێ رووحن. تەنیا شتێکی هەروەك خۆی دەچێ، ئەدەب و وێچوویيەتی. هەروا قـــورس و قایمە. بێ دەنگ و ماقووڵ، پەیکەرەی پیاوەتی و لە سەرەخۆیی یە. لە خـۆی زیزە لە بەر ئەوەی دڵی رەشیدی شکاندووە. دەیەوێ هەڵەکەی بە بارێك دا پینە ـ کا. خۆی فریو دەدا : بە دڵی دادێ:

" مەسڵەحەت بوو. ئەو قسانە پێویست بوو. دەبوو بیڵێم. با نەخەڵەتێ. ئاخ و سەد ئاخ ئاکاری گڵاوی خۆیەتی رەوشتی من دەگۆڕێ، چم کردبا ؟ هەوەڵ جارە دەیبینم. توند و تیژی لەگەڵ پیاوی وا حەقی خۆیەتی " شەرعی مـاری بە داری" ئەوانە بۆ وایان لێدێ؟ دەتوانن باش بن! ئەگەر رەشیدە دزە، ـ رەشیدەکانی دی، دزەکانی دی، وانەبان، وایان نەکردبا، ئەگەر خەڵکـــی وڵاتەکەم تێ گەیبان، ئەگەر خاوەنیان هەبا ئەمن بۆ لێرە دەبووم؟ جێگــا م لە جێ یەکی تر بوو.

بەڵێ دزە گەورەکان، دزی چووکە فێردەکەن، پاشان بۆ ئەوەی دەنـــگ و باس بخەوێ هەڵیان دەلووشن. جاری وایە دز و ساحێب ماڵی پێکەوە قـــووت دەدەن. زگی ئەوانیش وەك دۆڵی ئەو ئاشەیە...

رەشید بەڵکە وا نەبێ. رەنگە بە هەڵە چووبم. توندی بە گژ داهاتـــم. قەت وا نەبووم. قسە ی خەڵکی فکری گۆڕیوم. پیر بووە. دڵ ناسکە. بـــــا چەتەش بووبێ. بە رواڵەت وەك ساخ دەچێ. کێ دەزانێ دڵی خەڵك چـــــی تێدایە؟ هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ. بەندە ناس هەر ئەوە. هەموو کەس بـــە خاوێنی لە دایکی دەبێ. تەنانەت منداڵی بیژوو، خۆ ئەویش بۆ خۆی گوناهی نیە. تاوانی هی دوو کەسی ترە،جینایەت لە تەك مرۆڤ نایەتە دنیا. کۆمـە ڵ ، خەڵك ، خراپی پەروەردە دەکەن. باشی بار ناهێنن. غەدری لێ دەکـــەن. زوڵمی لێ دەکەن. پاڵی پێوە دەنێن بۆ لای خراپە. دەیکەنە پاچـــــی هەرمەنی. لە لاق و لەتەری خەڵکی بەردەدەن. پاشان هەر خۆیان تفی لێدە ـ کەن. ترۆی دەکەن. ئەوە کۆمەڵە زوڵم دەکا. ئەوە یاسای هەڵەیە جینایـــە ت

بەدی دێنێ . ئەوە رێ و رەسمی خراپە شەیتان دێنێتە گۆڕێ . رەنگە مام رەشید هەر لەو کەسانە بێ کە بوونە قۆچی قوربان ."

دەنگی گڕو مێرانەی رەشیدە دزە ، لە چوار چێوەی دەرکەوە میرزای خوو- دار کرد . لوولەی تفەنگێکی سێ تیری چەخماخ خوار ، بە دەستەوە ، رای داشتە لای میرزا :

- بگرە ! مشکلۆزمەت بم ، لەو چەکەی بەدەر شك نابەم . ئەویش دەدەم بە تۆ . لە ژێر سەرتی نێ و بخەوە . بە خاترجەمی . دەرگاکەش لە ژوورەوە داخە . ئەمنیش وەك سەگی ئەسحابان لەبەر دەرکەکەت دەکەوم . دەزانم شەکەت و کەلەلای . بگرە ، بابم بگرە !

میرزا بە سەر لێشیواوی تفەنگی وەرگرت . فڕێی دا سەرجێگاکە . بەلام پێش ئەوەی فیشەکدانەکە وەرگرێ ، لە کارەکەی پەژیوان بۆوە ، بە دڵی داهات :

- دەبوو وەری نەگرم . رەشید لە من ئازاتر دەرچوو . خۆ من نەمدەزانی تفەنگی هەیە . بۆ خۆی هێنای . دیارەبە تەواوی بە هەڵە چووم . دەك عەمرت نەمێنێ هەیاس . ئاوا بەربەرەکانی حکوومەت دەکەی . کەلێ کۆتانێ ! پیاوی سیاسی ! چەتەیەك دەس بە سەری کردی . ترسەنۆك ! خوێڕی ! قزە ! دەست و پێ سپیلکە ! رەشید گەمەی پێکردم . . .

میرزا چرژا . رەش هەڵگەڕا . لەرزی . لەئانێك دا گۆڕا . وەرەگی غیرەتی کەوت . خەو و ماندوویی بە سەر چوو . خوێن شا لاوی بردە مێشکی . لە نەکاو وەها غلوور و بە غەزەبەوە گوڕاندی ، رەشیدی بە عەرزیەوەبزمارکرد :

- رەشید ! وەرە ئەو کۆڵەوەژە لابە . دەگەڵ تۆمە کوڕە ! خێرا ! دەی،دەی !

رەشید سەری هەڵێنا . میرزا بە هەیبەت بوو . شەبەقی چاوەکانی کەڵی دەخەساند . نەی وێرا چاولە چاوی بڕێ . رەگی نێو چاوان و لاملی هێندی - کلکە تەشیەکی دەبوون . دەفەی سینگی بەقەد سێلێکی لێهاتبوو . میرێکی هاتە بەر نەزەر . مەزنێك . پاڵەوانێك . پیاو کوژێك . سامی رەسەر سام

خستبوو• قسەی لە سەرنەبوو• پیاوێکی تەواوی دەدی• فەرمانی مێشك و دڵی دەلەرزاند• میرزا ببووە پۆلا•••

ڕەشید نالاندی و بۆلاندی • خۆشی دەویست و لێی دەترسا • لە حاستی ببووە پەلە پووش • حەبەسا • شڵەژا • لە دڵ دا گوتی :

- دەك بابم لەبەرت مرێ! دایك ڕۆ ڕۆت بۆ نەکا • بە سام تری لە حەولای حەسۆی، لەوە لەدی بەرازی • بە بابەوەت دەبەر مرم نێرە پیاو! ڕەشید تفەنگەکەی هەڵگرتەوە• لوولەکەی گرت و قۆنداخەکەی لە لای وی کرد• بە دەستی ڕاستی چەخماخەکەی دەرهێنا • تفەنگی بێ چەخماخی بە فیشەکدا - نەوە بردە دەرێ•

میرزا سۆکنایی بە دڵی داهات• چەخماخی فڕێدا بەر پێی •نێرگانەکەی لەبەر پشتێندی دەرکێشا • سەبرێکی لە ژێر سەرینەکەی ڕۆ کرد• دەرکە هەروا ئاوەلایە•لە سەر جێ ڕاکشا • وردە وردە پشووی هاتەوە سەرەخۆ•

دوای نیو سەعات، مژۆڵی لێ قورس بوون• بە ئەسپایی چاوی لە سەریەك دانا • بێ پرخە چووە باوەشی خەوەوە•

ڕەشید تفەنگی شاردەوە• لە بەرامبەر میرزا خۆی بە دۆڕاو دەزانێ • پشتی هەوایەکی دیکە چەماوەتەوە• قۆڵی شۆڕ بوونەوە• هێندە شۆڕ وەك لە ژێر ئەمری لەشی دانەبن• دڵ شکاو و بەزیوە• بەرە و کادێن دەڕوا • بێ وازە کەوشەکانی دەخشکێنێ • بە دەم ڕێوە دەڵێ :

- هیچ وێ نەدەچوو هێندە ئازا بێ! نەموێرا بە قوربانی گوللەیەکی کەم• قەت وا نەترساوم• پیری ترسەنۆکی کردووم• پێم وابوو پیاوی سەردووکانێیە• کوڕە دەنگی چەند پیاوانەیە! گەرووی ببووە هۆڕ هۆڕە• لە چ عەشیرەتان پیاوی وام نەدیوە• ئای لە میرزای ، شێتی کردم• بەر پشتێندی هەڵمسابوو • لە خۆڕا نیە• بێ شك سەگ ترێنێکی پێ یە• دەستیشی بۆ نەبرد! بە هێندی نەگرتم• بە ڕاستی ئازایە• ئەمن کەنگێ وا لە سەرە خۆ بووم• کوڕە هەر بە هێندی نەگرتم• بە ئاوەدانی نەزانیم• چاوەکانی تیژ بوون • بە سام

بوون• دەڵێن رەزا شاش وایە• کەس ناوێرێ چاوی لێ بکا • ئەی مارز•بنیادەم یەك بە هەزارە• بەلایەکیش دا حەقیەتی • نە دیو و نە ناسیاو• بۆ بروام پێ بکا • بە کوێم؟ بە پیاوەتیم؟ وەڵڵاهی خۆ هێندەش ناپیاونیم• حەقیەتـــــی ، حەقیەتی ، ئازایە، ئاقڵ،خوێندەوارە• هەزاری وەك من دەباتە سەراوێ،ئـاوی نادا دەیگێڕێتەوە• بریا ئەوێ دەمێ یەك دوانێکی وامان لەگەڵ بان• کـورە جا خۆ هی وا چەتەیی ناکا • ئەرێ چۆن بەرێ دەچێ• دەیگوت : ـ چت دەوێ دەت ـ دەمێ• لە کوێی دێنی ؟ خۆ دەوڵەت نایداتێ؟!•

کورە نەوەڵڵا، دەوڵەت ئی وای بۆ هەڵکەوێ لە پلێی دەبا • نانا ئەمــــن نازانم!• ئەمن هەر دز بووم، چەتە بووم• ئەوە شتێکی دیکەیە• خەڵك دەیداتێ• لە شارەکان رابۆیان دەنێرن• لەو دێیانەش را هەروا • ئای چ دەردێکـــــی دامێ!• خۆمن بە هەویای چ نەبووم• بە خولای دەغەڵ بام و سۆسەی کردبـــا ، دابێژدابێژی دەکردم•وەڵڵا نێرەپیاوە•ئەدی بۆ دەیانگـــوت شارستانـــــی چ نین• خۆ لەوانە بوو قووتم دا• نا نابێ لە دڵی گـرم• میوانی منە• پەنـای بۆ هێناوم!• قەت میوانی وام نەبووە• بەناشکوری نەبێ میوانەکانی مـــــن سەرێکی چەتە و دز بوون، ئێستاش کەردار و ئاشێرن• درۆنەبێ جارجـــا ر " میران" سەرم لێدە دا ئەویش ئەمەگی سەردەمی چەتەییەی ماوە• میـــرزا میوانی منە• کورە ئەمنیش نێو و نێو بانگم هەیە!• میرزا ، میرزا هاتۆتـــە لای رەشیدە دزە!• دەبێ رێزی بگرم• ناهێڵم بەو زووانە بڕوا • ماقووڵـــە • کورە با ئەمنیش دوو رۆژان ، وەك پیاوان بژیم• ئەو رێ یەش تاقی دەکەمەوە•

بریا ژنەتیوێك، بناوانێك، ئاودەنگێك، شتێکی وام هەبا • هەموو کـە ل و پەلێکم هەیە• قاپ و کەچك و دیزە و گۆزەشم وەك خۆڵێ یە• کابانم نیە • دەی باشە خۆ ئەویش ئەوەی دەزانێ • میوانی سوڵتان مەحموودی نیە• ئـە ی بۆ خۆم چم• قۆڵی لێ هەڵدەماڵم• ئەمنی رەبەن• هەروادەبێ ، ئەی چــــی ؟ هەر ئەوەم لە دەست دێ• بۆ خۆشی دەزانێ • چۆل پەرستی هەرئاوایە•هـەزا ر شەك و کاوڕی خەڵکیم خواردووە• با میرزاش گیسکێکی من حەلاڵ کـــا •


@kurdica

گیسکە کۆڵەی سەربڕم چاکە· هێندە قەڵەوە هەر لەرەی دێ· تووکی بکێشـــی ڕۆن دێتە دەرێ·

ڕووی سێ مانگە سەر گوڵی وێنجەی دەخوا · خەریکە هاربێ· لایقـــی میرزایە· هەتا هەڵدەستێ دەبێ گۆشتەکەی لەت و کوت کەم· بیشۆمەوە·لـــە میرزای ماقووڵتر کێ دێتە لام· ئەرێ لەڕێوە بۆ ئەوەندەم خۆش ویست؟!·وە - کوو کێم هاتە بەر چاوی؟ بـەشەری هێندە ڕێك و پێکم نەدیوە!· کوڕە زۆر - وێچووە· پیاوی هێندە جوان!· لە پێشدا وام نەهاتبووە بەر چاو· هی ئەورۆ م حەلە نیە· پیاو حەیبی خۆی بڵێ· لیێ ترسام· ئای شێوەی" حەمـــــە" لاوم لێکرد!· نانا نەم ئەنگاوت· حەمە لاو دەتگوت کەندووە کۆنە· نەخێرنەخێـــر ناوەڵڵا بێ حەینی" حەسکۆ" وەك سێوێك بن لەت کرابن· ئەی خۆیەتـــــی!· ئەوە ئاقڵ ترە· جەسکۆش مابا هەر لەو تەمەنە دا دەبوو· ئاخ حەسکۆ گیان ، گۆڕ غەریب · قەت لە بیرم ناچیـەوە ئەی لەبەر گۆڕەکەت مرم· چەتـــــەی ئاوا پیاو، لاوچاك، مەرد و ڕەند·حەیف بوو، سەد حـەیف ، سەد حەیف ···

ئاه!· کوڕە ئەوە دەڵێم چی؟ زوو وەخۆ نەکەوم، میرزا قڕی دێ لە برسان!· درەنگە هەتا وە خەبەر نەهاتووە، دەبێ دەست دەمێ·

ڕەشید گورج و گۆڵ ڕاستەوە بوو· لە گۆشەیەکی کادێن" گیسکە کۆڵـــە " کرم و هۆڕ دەلەوەڕێ· وەها لەبەر یەك ڕەویوەتەوە بۆتە هومبـــــە· قەڵەوێکە قاورمەی دەکا · چاوەکانی بە تەواوی بز بوون· دە گۆشتی دا سوور بووە·

ڕەشید دەستی دا گوێلەوسارێك· چوار پەلی گیسکەکەی ڕاست و چـــە پ خـستە سەر یەك· گرێ یەکی قەڵەوی لێدا · گیسکی بە بێلەبێل دەبن هەنگڵی گرت· بەرە و بەردە ناتی جۆگەئاش وەڕێ کەوت· جۆگەی خوڕ قەڵپەزە دەکا · کەف دەچێنێ· خوڕێکی وایە ماری دەپسێنێ·

گیسکەکەی بە ئەسپایی بەرە و قیبلە درێژ کرد· خەنجەرە شینــــــــە تیخەکەی لەبەر پشتێندی دەرکێشا · دمەکەی دوو سێ جار لە لێواری بەردەتات خشاند· بیسمیللایەکی کرد· وەك مژێ لە قەنەی دا ، ئەوکی هەڵبڕی· خوێن

فیچقەی کرد. بۆنی خوێن بە بەر لووتی داهات. پێش ئەوەی گیسکەکە لە تەکان بکەوێ، بە هەر دووك دەستان ئێسقانی ملی تێك شکاند.

شینە تیخ لە سەر لاکەلەکەی گیسك بە خوێن و خوڕەوە داندراوە. خۆری سەرما بردووی بەیانی پایز، بۆی ویشك نەبۆتەوە جۆگەلەی باریکی خوێن، تێکەڵاوی ئاشگێڕێك ئاوە. هەر دەڕوا و کاڵتر دەبێ، هەتا لە ڕەنگ دەکەوێ.

ڕەشید چاوی تێ بڕیوە. غەرقی خوێنە. غەرقی ڕەنگی خوێنە. خوێن. خوێنی گەش و ئاڵ. نەشەی کردووە. هێرشی بۆ دێنێ، دەیلاوێنێتەوە وگێژی دەکا. هەتا دلۆپێك خوێن دەتکێتەوە سەر ئەرز، تەکانێك دەخوا، وەك نزگەرەی بێتێ. شانی سووك دەبێ. دەحەسێتەوە پتر و پتر. برینەکانی دەکولێنەوە و مەلحەم دەکرێن. لەمپەر لە سەر ڕێی لادەچێ. ئاشقە خوێنە! ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون، بۆتەوە لاو، لەشی سووکە. ئەژنۆکانی ئیتر تەپا و و پەستاو نین، ناڵەرزێن. چاوەزیت و زیندووەکانی، بەرە بە بەرە لێڵ دەبن. مەیلە و سوور، ئاڵ، سوور. ڕەنگی خوێن دەگرن. خوێن لە چاوی دا شەپۆلان دەدا. دەمێشك و دەماری دەرەخسێ لە ڕەگانی دەمەیێ. ئیندی خوێنە و خوێن. نە ئاشی لە بیرە و نەحەسکۆ. نە میرزای لە یادە نە ئەسپەکە.

شینە تیخ ویشك بۆتەوە. لێواری جۆگەلەی باریکی خوێن، دەڵمەی بەستووە. پۆلێك مێشی سەوز لە دەور و بەر وزەیان دێ. سیسارگە کەچەڵەیەك، دووراو دوور سایەدە. پشووی بانایە. بە تەواوی کونی گیراوە.

ڕەشید گێژ و مەنگە. دەستی هەروا خوێناوین. پشت قامکی ڕەق هەڵا توون. وردە وردە پەڵە خوێنەکان، ڕەنگ دەگۆڕن. قاوەیی دەبن. توند و توندتر قرچ دێنە بەر چاو. ڕەش هەڵدەگەڕێن.

لەبەر چاوی ڕەشید دار و بەرد، ڕەنگی خوێنی گرتووە. ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا. دەریای خوێنە. مژۆلان لێك نادا. چاو ناترووکێنێ. لەوەی دەچێ، ڕووحی تێدا نەمابێ. پەیکەرەیەکە لە نێو دەریای خوێن. وەها

هەڵتووتەکاوە لە گەڵ ئەرزی بۆتە یەك. ئاگای لە خۆی نیە. لە مێژە لــــە و حاڵەدایە. رووحی هــەڵــفڕیوە. هەر دڵێی شوێنەواری حەیات لە لەشی دا جێ نەماوە. وەوەی دەچێ بووبێتە بەرد. بەردێکی گەلاڵە. چاوی بڕیوەتــــە نوختەیەکی دوور، زۆر دوور. لە سەر ئەو خاڵە رایگرتووە. بێ چاو ترووکا ـ ندن. بێ بڵێند و نەوی کردن. لە خوێن دا نوقم بووە. لێکدراوە،تواوەتــەوە. لە خوێن دا خنکاوە. شەتڵ بووە.

رۆژ لە نێوەراستی ئاسمانە. خەریکە کل دەبێ. رەشید هەروا بێ دەنــگ و بێ گیان، کۆتەڵێکە کەڕو لاڵ. زل و حۆل و گێژ و وێژ.

لە نەکاو تەکانێکی وردی خوارد. جوولانەوەیەکی بەکاوە خۆ. وەك باڵــە فڕەی مەرگ. چاوی رەشکە و پێشکەیەکی کرد. تراویلکە. هەڵم. شەپــۆل. شتێکی وا. زۆر دەبێ و زۆرتر.

رەشید لە نێوانی خەو و شیاری دایە. لە خەوێکی گران، لە خەونێکـــــی درێژ چاو هەڵدێنێ. خەوبەری نادا، خەون دەیکێشێتەوە لای خۆی. نەشەیــە ك تێکەڵاوی ژان. حاڵەتی گێژی و مەنگی. خۆشی و دەرد. وردە لەرز و نۆبەتی سست و کڕومات. حەساوەی ماندوو. بە کەیفی پەژیوان. وردە وردە لـــە دنیای پنگاو و راگیرکراوی کات و زەمان، دێتە دەرێ. دەپچڕێتەوە. رەنگـــی خوێن لە سەر دەریای خەیاڵی کاڵ دەبێتەوە، کاڵ وکاڵتر. تارادەیەك کــــە تیشکی خۆر بەرە و زەردی دەچێ. ئاوروون دەبێتەوە. گابەردەکان سپـــــی هەڵدەگەڕێن. بەر پێی خۆی بۆر و خیسکن دەبینێ. سروشت دێتەوە سەر پێ و دانی خۆی. جودایی لەو حاڵەتە، شادی و خەمە، دەرمان و دەردە و ناخۆشی و خۆشی یە.

رەنگی سوور لە پیلووی چاوەکانی کەم کەمە کاڵ دەبنەوە. تەمی نێــــو چاوانی بەرە بە بەرە دەڕەوێ. لە پڕدا وەك لە بانێکی بەرز فڕێی دەنـــــە خوارێ، خۆیەتی و خەنجەری شینە تیخ و کەلاکی ساردەوە بووی گیسکەکۆڵە. وەك هەر ئا ئێستا بێ، قرچەی شکانی ئێسکی ملی گیسکەکە لە گــوێــی دا

دەزرینگێتەوە٠

* * *

دەستێکی بۆ باخەڵی برد٠قوتووە تووتنە ژەنگاوی یەکەی بەبێ هێــــزی دەرکێشا ٠ بە نووکی قامکی دوو جاری لە تەنیشتی دا ٠ سەری کردەوە٠ سیغار ـ ێکی خوار و خێچی هەڵبەست ٠ لە مۆدنەی دارتراشی راکرد٠ ئەستــــــێ و پووشووی لێدا ٠ دایگرساند ٠ مژێکی توندی لێدا ٠ هەموو دووکەڵەکەی بر دەسینگێوە٠ جارێك بە توندی کۆخی٠ سەری هەڵێنا ٠ چاوێکی لە ئاسمانێ کرد٠ لە بەر خۆیەوە بۆ لاندی:

ـ رۆژ درەنگە! نوێژی نیوە ڕۆیەبووە ٠ لە مێژە هۆشم لە سەرخۆ نیــە ٠ چاکە هەوا ساردە، دەنا کەلاکەکە بۆگەنیو دەبوو ٠ با دەست دەمــــێ ٠ بلێی میرزا هەر خەوتبێ! ئەسپەکەم ئاونەداوە! وەخۆ کەوم٠

وەك گورگی برسی دەستی کرد بە کەلاك کەوڵ کردن٠ چی وای نەگـــرت کەولی بە مەشکە دەرهێنا ٠ جەرگ و دڵ و گون و گورچیلەی لەگەڵ برێك گۆشتی فیلە و مازەپشتە، پڕی جامێکی مس، شوتەوە٠پل پل و چینچك چینچکی کرد سێ سەلکە پیوازی جنی و تێی هەڵپشاوت٠ کەمێکی خوێ پێوە کرد٠ باقــی گۆشت و سەر و پێ یەکەی هەروا بە نەشۆراوی لە سوێنەیەکی هاویت٠نەشتێکی بەسەردا نخوون کردەوە٠ لە قەراخ ئاوەکە بەردێکی گەورەی لە سەر دانـــا ٠ ورگ و ریخۆڵەی بە ئاوێ دادا ٠ کەوڵەکەی تێر خوێ کرد ، بە سینگی قـــەدی دیوارەکەی دا هەڵیواسی ٠ جامە مسی لە بەر نیسێ دانا ، مەنجەڵێکی بـــە سەردا نخوون کردەوە٠

رای کردەتەویلە٠ ئەسپە بۆرە جارێکی حیلاند٠ بە پەلە دەسکەوسارەکەی، کردەوە٠ بە قۆرتە بەرە و ئاو رای کێشا ٠

بۆرەی تینوو بینی بە ئاوەوە نا ٠ هەتا دەنگی لە زگی هات٠ لەبەر یــەك رەویەوە٠ خۆی راوەشاند٠ یەکێك لە ئاوزەنگیەکانی خلۆر بۆوە٠ وەقەبرغــەی کەوت٠ دەرپەڕی٠

رەشید هاتەوە بیری زینەکەی لێ نەکردۆتەوە• هەروا بە فیتوو لێــــد ا ن بەرە و تەویلە تێ هەڵبوو • چەوەڵی ئاخوڕەکەی بە گەسکە کۆڵە ماڵــــــی • سەوەتەیەکی کا و وێنجە دەپێش کرد • زینەکەی لێ کردەوە • دوو شەقا و دواوەتر لە نێو ئاخوڕەکە داینا •

بە حیلەی ئەسپە بۆرە میرزا وەخەبەر هات • خەوبەری نەدا • کەوتـــــــە سەر لاتەنیشت • چینێکی دیکەش خەوت • پاشان بە نارە ناری رەشید وردە - وردە چاوی هەڵێنا •

بە خەواڵوویی دەستێکی بەرێ کردە ژێر سەرینەکە • لوولەی ساردی نێرگان دەستی ماچ کرد • دڵی حەساوە •

خەونەکانی وەبیرکەوتنەوە • چاوی لە کات ژمێرە باخەڵی یەکەی کـــرد • لە مێژە خەوتووە •

خەونی ئاڵۆز و بڵۆز، خەونی ناخۆش :

" یای ناز دەگریا •کەماڵ بە سەر شێرێکی شەرانی دا کەوتبوو • شێــــر شا لاوی بۆ دێنا • کەماڵ بە گژی دا دەهات • هاواری میرزای دەکرد • میــرزا چی لە دەست نەدەهات•••"

لەبەر خۆیەوە کوتی :

- خوا وەخێری گێرێ • لەوەی ساردتری نەکا • شکی تێدا نیە یای نـــاز دەگری، بۆ منیش دەگری • ئەگەر هیچ بڕ ئاقڵم بێ وایە • کەماڵیش شێـــــر دەیشکێنێ، ئەو پیاوە بەو بیرو بڕوایەوە، حکوومەتیش بەو ئەهل و سەهلی بە هەر چی دەبێ با ببێ • پیاو دەبێ گوێی نەداتێ • لە پێش مردن دا مردن ، خوێڕی گەری یە • داهاتوو بۆ کەس روون نیە • پیاو ئەوەی لە سەرە حەول بدا •

رەشید ، هەر دێ و دەنگی لێ بلێند دەکا • بەجێ و ری و وەستایانـــــە • گۆرانی یەکەی جۆرێك ناڵەیە • پڕ لە سۆز و کوڵ :

گـــــەوهـەری هـــــــەی گـــــەوهـــــــەرێ
پـــەرۆانـــــەم لـــــە دوای خێـــــڵـــــــــــی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

" کەس نیە پێم بڵێ مـــاڵ وێـــرا ن
ئـەتـۆ لـە دوای چــــی وێـــڵـــی "

" هەڵ نـەگـری ئـەی هـەڵ نەگـــر ی
لـــە پـــەهلـــەوی زوڵمـــــی زۆر "

"رەبی مێـردە گــولــەت بمــــــر ێ
هـەنـــام بـــــە ئـەحمـــەدی کـــۆر "

" گــەوهـــەرێ هــــەی گـــەوهـــەر ێ
بــەس لێــم بگـــرە بــەهـــانـــە "

" رەبـــی مێـــردە گــولـــەت بمـرێ
بـــۆ خـــاتـــری ئـــەو قـورئـانـــە "

میرزا لە مێژە دەنگی واخۆشی نەبیستووە٠ تێر خەوە٠ حەساوەتـــەوە٠ گۆرانی رەشید ئاوپڕژێنی دڵی دەکا ٠ ئاهەنگێکی رەسەن و خۆماڵی یە٠ لـــە دڵ رادێ و بە دڵەوە دەنووسێ٠

تاوێکی باشی خۆلێ خەواند٠ گوێی هەڵخست ٠ گۆرانی خەوشی لـــە دڵی بڕی٠

بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ هەرای کرد :

- خۆش بی رەشید! زار خۆش ٠ نەمری یاخوا ٠

رەشید گۆرانی یەکەی بڕی و گوتی :

- دە هەستە ، برالە هەستە! ئەوە ئێوارەیە٠ خۆ تۆ خەوی حەوت شـــەو و حەوت رۆژەی ناکەی٠ ئەو گورە گورەم بۆیە بوو ، بۆ خۆت هەستی٠ ماڵتە خـۆ تۆ برسیایەتیش نازانی٠ ماڵم قەبرە بە گرێوە خەو کەس لێت ناباتەوە٠میرزا هەستاپێ٠ خۆی راستە و پاستە کرد٠ نێرگانەکەی لە بەر پشتێندی نـــا ٠ کەلاشەکانی هەڵکێشا ٠ وەڕێ کەوت٠

رەشید ، شیشەی لە کەبابی راکێشاوە• بۆ چرووکی ئەو نێو چۆمـــــەی داگرتووە•

میرزا ، بێ چرپە دێتە پەنای و دەڵێ:

- ماندوو نەبی مام رەشید! برا لە ئەو زەرەر و زەحمەتەی نەدەویست•

رەشید :

- نانی خەجاڵەتی یە قوربان• ببوورە هەر ئەوەم لە دەست دەهات•

میرزا چاوێکی برایانەی لێکرد• چاوی خۆشەویستی و شەرمەزاری•سەری داخست و بەرە و دەس نوێژ داگەرا خوارێ•

رەشید کەبابچی چاکە،کەبابەکە دەبرژێنێ و بەرۆنی کەرە ئەولاولای - چەور دەکا • دیسان نووکی شیشە بە بەردی کوچکاورەوە دەنێ و دەیسوورێنێ • هەتا وەك دندووکی کەو سوور دەبێتەوە• بە نانێکی نەرم دایدەماڵێ• لـــە نێو قەدی نان دەجامێکی مس دا لە پەنا ئاورەکە دایدەنێ•

بۆنی کەباب• خەو و حەسانەوەی‌تەواو، ئیشتای میرزای بزاوتووە•بەلام رەفتاری لەگەل رەشید و پیاوەتی رەشید لە بەرامبەر ئەو ئازاری دەدا •شەرمە - زار و بە ئەدەب سەری داخستووە و نان دەخوا • رەشید لە بەرەوە خەریکە ، هەر جارەی نیوە شیشەیەکی بەلەتێك نانی چەور دادەماڵێ• لەزاری رۆدەکا • جاری وایە بە خڕی قووتی دەدا •

میرزا لە سەرە خۆ پێی دەڵێ :

- مام رەشید! بە من دەکەی چیدی مەبرژێنە• هەر ئەوەی لە ژێر نانەکەی دایە بەشی نۆ کوردان دەکا • بەسە خەسار دەبێ•

- قوربان! ئەتۆ عەیارەی* زگی من نازانی • هەتا مەیلت دەبا رامەوەستە• ئەوەی ماوە بۆ خۆم خۆش دەگەم• نۆکەری خۆت سەد جاری کاورێك بەتەنـــێ خواردووە، ئێسکەکانیشی کرووستۆتەوە• بەماڵی خەڵك زگم کراوەتەوە•ئەمما ئەوەت پێ بڵێم، لەو گۆشتگیسکەی دڵت نە گۆڕێ • بە سەری میـــرزای مافی کەسی پێوە نیە • ماڵی حەلاڵی خۆمە•

میرزا گوتی:

- رەنگە راست بکەی ، ئەگەر ماڵی حەلاڵت هەبێ.

- وەڵڵاهی خۆ راست دەفەرمووی . ماڵی من و خەڵك بەش نەکراوە، بەلام بە سەری ئەو مام میرزایەی ، دەساڵیش دەبێ جگێکی کەسم بە ماڵێ دانەها - تووە، یانی بە لانی دزی وڕێگری یەوە. وەڵڵاهی درۆ نەبێ جارجار ئەو مەر دارانەی دەور و بەر بۆم دەنێرن. ئەمنیش دەستی کەرەم ناگێڕمەوە. بابم ئەمن شێتی حێلیم. پێشت وانەبێ بەرماڵم لە سەر ئاوێ دەگەڕێ، خێر، خێر قوربان! راستت دەوێ ماڵی خەڵك و ماڵی خۆم هەر تامێکی هەیە . بە من دەکەی میرزا ! ئەتۆش هێندە فوو لە دوێ مەکە، بەو پێ ودانەی لەو کێوانە لە برسان دەمری.

- دەی ، دەی مام رەشید! خەریکی وردە وردە نەرمم کەی، دەتەوێ بمکەیە چەتە! ها ، وانیە؟

- ئەی بێ بەلابی ، کێ کوتوویە ببە چەتە؟ دەڵێم هێندەی گوێ مەدەیە .

- برالە مام رەشید ! ئەو قسانەی من لە دڵ مەگرە، شۆخیت دەگەڵ دەکەم. بابم قسەکانی بەیانیش تووڕەیان کردی، رووی قاچاخی رەش بێ پیاو لە خۆڕاسڵە، بۆ خۆت دەزانی پیاوی دەربەدەر لە نیسێی خۆی بەشکە. مام رەشید! دەمەوێ دڵم لەگەڵ چاکەیەوە.

- کوڕە نۆکەرتم میرزا! شتی وا مەفەرموو. لە حاست تۆ کوا دڵم؟ خاکی بەر پێی تۆم. ئەتۆ ئەمنت بە پیاو زانیوە، وە دەزانم خولا خەنی کردووم. ئەو چەنە چەنەش بۆیە دەکەم حاجز نەبی. حەقیشت دەدەمێ، ئەتۆ قەت ئەمنت نەدیوە ئەورۆ نەبێ. بەلام میرزا ئەمن ئەتۆم دیبوو، جارێکی لە ماڵی حاجی حەمە ، جارێکیش لە تەنگی گرژاڵی تووشت بووم. دووراودوریش تاریفم بیستبووی. قوربان ئەمن لێرە ئاودەنگیم زۆرکەمە. جارجار میران دێتە لام. ئەمنیش زستانان زۆرتری لەوێم. پیاو بە تەنێ قڕی دێ. زستانانە لەوەرەزیان، زۆرتر دەچمە راوێ. راوە رێویم زۆر پێ خۆشە. تەڵەم هەیە ،

دەرمان ریوێیم پڕی جامە ربەیەکی ماوە• هەموو سالێ ئەو وەختانە قەپـــــە گۆلێك و تولەیەکی کونێ پەیدا دەکەم• میرزا ! ئەرێ بۆ ئەو سالْ رەفاقەتێـم ناکەی• شەرتە قەت هێندە خۆشت لێ نەگوزەرابێ•

کەولە ریوی بـــە قیمەتە• کەولێك بزنێکی دەکا• بیستوومە کەولە ریو ی دەبەنە عرووسیاتێ• لەوێ دەیکەنە کلاو! ئەرێ میرزا! شێت نین؟!

- جا بۆ شێتن، ئەوێ ساردە، رەنگە کەولە ریوی گەرم بێ•

- کورە جا ئارەخچـنێکی لە سەر کەن، ئەو کافرانە پوولێ بۆ بـــەو ە ی دەدەن! ئەی دەلێی کلاو و پیچ قات بووە! بریا سەرما رەقی کردبان•دەلێـــن دراویان زۆرە! ئەی لا لاییم داتێ دەستم وێیان رانەگەیشت• دنیا بەوکافرانـە براوە• قیامەتیش بە ئێمە• ئەرێ میرزا! بلێی لەو دنیای ئەمنیش بەرنـــــە بەحەشتێ ، حۆریشم دەنێ؟!

میرزا لە قاقای پێکەنینێی دا ، دەستێکی لە پشتی دا و گوتی:

- ئەی فیلە! رەنگە خۆت لێ خۆش کردبن!

- ئەتۆ بە سەری خۆت میرزا دلم ناخۆش مەکە• بابم خۆدەرکی تۆبـــە ی دانەخراوە • هەموو رەمەزانان بە رۆژوو دەبم، نوێژانیش دەکەم، درۆنەبـــێ هەر رەمەزانان نوێژێ دەکەم، بە خولای هەر نوێژەی نوێژێکی بە کاوە خۆشـی لە سەر دەگێرمەوە• رەنگە پێت سەیر بێ مام میرزا! لە هەر جێگایـــــە ك مزگەوتێکی بنیاد دەنێن، بەشی خۆمی تێداویم• جارجارە مەولوود وقوربانیش دەکەم• سەرفترەی دەدەم• زەکاتم لێ ناکەوی قەوەی حەجێشم نیە•خۆشـــم بە رووسیا و خەجالەتبار دەزانم•

- مام رەشید! بەندە ناس خولایە• ئیشاللا روحمت پێ دەکا•

رە شید هەروا خەریکی برژاندن و خواردنە• میرزا دەستی کێشاوە:

- رەبی بە زیادبێ، قەت هێندەم نەخواردبوو• دەست و چاوت خۆش بێ!

- ئەوە تازە خەریکم برێکت لەو دلْ و گون و گورچیلەی بۆ لێدەم• وەللاهی دەخۆی•

- بەزیاد بێ مام رەشید! باوەڕکە تێر تێرم. چی دی نابا.
- دوای تێر خواردنێ چل پاروو سوننەتە. تەلاقم کەوێ بە زۆریش بێ دەر خواردت دەدەم.
- ئەرێ مام رەشید! تەلاقێ دەخۆی ژنت هەیە؟
- ناوەڵلاّ قوربان! کێ بە من رازی دەبێ لەو چۆل و هۆڵە. لەو دواییەدا، سێ، چوار پڕ و پیرێژنم دیەوە. ناردیشمە لایان، یەك گوتی ناوێرم، یەك گوتی ئەو شێتە فێدارە دەمکووژێ، یەك گوتی دەخۆوە رانابینم، ئەی هەر یەکەی بیانوویەکی هێناوە، ئەمنیش وازم لێ هێنان.
- جا لە بەر چی مێردت پێ ناکەن؟
- قوربان حەقیانە. بە ناشکوری نەبێ، چ گوزەرانێکی وام نیە. بیانی لە سایەی سەری تۆوە نەدارنیم. بەلاّم چ رێ و شوێنێکی پیاوانەم نەگرتۆتە پێش. بە کوێم بنازن. چارەنووس ئەوە بوو. بەشەر هەتا تێدەگا پیر و کوێر دەبی. ئەو دەمیش بە کەلکی نایە.
مام میرزا! دنیا ئەمنی وەدەرناوە. بۆ خۆم لە روو ناچم. بە بێعاری ماوم. " دنیا زۆر دار و بێ عاردەیخوا ". ئەمنیش بەشی خۆم کردووە و خواردووە. رۆژێکی بەتەنێ لەو کۆنە ئاشەی سەردەنێمەوە. حومرم بە خەسار چوو. ئەو ردێنەم لە ئاشی سپی کرد. نەم زانی چۆن هات و چۆن رۆیی. هەر شەرە شەپ بوو. تازە ئاوەکەم وابۆ رژاوە. هەر چی دەیکەم با کاری چاکیش بێ، کەس بە هێندم ناگرێ. ژنان دووعایەکیان هەیە دەڵێن" ئاخرت خێر بێ " ئەمن ئاخرم خێر نیە. خەڵك هەروا ناخۆشی دەوێم. لە مێژە چەتەییم وەلاناوە کێ بروام پێ دەکا؟
ئەوانەی شت و متم بۆ دەنێرن، لە خۆشەویستیان نیە، لێم دەترسێن. نامەوێ وام چاو لێکەن. زگم بە خۆم دەسووتێ. کەس نایەوێ خۆشی بوێم. میرزا! ئاخە هەر چی بم ئەمنیش دڵم هەیە. دڵ گۆشتە. لە دەست خەڵك هەلاتووم. وەدەریان ناوم. بابم سەد گوناح و تۆبەیەك.



کوردیکا @kurdica

میرزا بە ئیشتیاوە پرسی؟

- مام رەشید! هەر قەتت ژن نەهێناوە؟

- بەڕێ وەڵلا. بریا قەتم نەهێنابا. هەر لەویرا بوو.

- چی لەویرا بوو؟

- هەموو چارەڕەشی یەکەی من. چەتەیی. ماڵ ویرانی، شەو بە کێــوی. میرزا گیان! نەخوێندەوار کوێرە، بەلام بڕوابکە ئەتۆش لە جیاتی من بــای دەبوویە چەتە.

سەراوان و بناوانم لێ گیرابوو. دارێکم بە دەستەوەبوو، هەر دووســەری پیس. کەس نەبوو هاواری بۆ ببەم. ئاغام کوشتبوو! هەموو جێگایەکیــش ئاغای لێ بوو! چ قوڕێکم وە سەر خۆ کردبا! نەبووبامە چەتە چم کردبا؟ بابم لە گێژاو کەوتبووم. سەرم دەرنەدەکرد. ئەڕێ نەزان بووم، جحێڵ و کەلــلە پڕ بووم. کوڕە میرزا! ئەگەر بارت کەوت کەس نیە، راستەوەت کا. بـــە سەرت دادەدەن، وەك قەلی سەرقوڕاوی، بە هەمان لە سەرت دەدەن.

مۆڵەتیان نەدام، کەس نەبوو دادم بپرسێ، نەزان بووم، نەفام، رێــم دەرنەکرد، مامەوە، شێت بووم. کوڕە چووزانم! هەزار شتم لە دڵی دایــە نازانم بە باشی پێت بڵێم. دڵم دەیڵێ، زمانم نایڵێ.

- چاکە هەوەڵێ ئاغات بۆ کوشت؟

- کاکە دەبێ لە سەر را بۆت بگێڕمەوە. جا تازە فایدەی چیە؟

- فایدەی زۆرە. من دەزانم کەس لە خۆڕا هار نابێ. ئەمما جاری وایــە پیاو بۆ خۆی خەتابارە، جاری وایە خەڵك خراپی دەکەن.

- وەڵلاهی ئەوەندەم دەست بە پۆلوویەوە سووتاوە، سڵەی دەکەم! ئەمـــا دەی. شەرتە ئەوەی لەدیزەی دایە بە ئەسکوێ دەری دەم. بەلا لە درۆیەدا ،لــە هەوەڵەوە کەمێك دەست پیس بووم، قۆشمە و ناجسن، بەلام خرچە و شوو تی، قەل و مریشك و ئەو حەلەم قەلەمانەم دەدزی، ئەویش هەر بەشی زگی خۆم.

خدر ئاغا، ئاغای دێ یەکەمان بوو. سەگ و پیاوی لێك دەبەست. ئەوەی

خولا و پێغەمبەر پێ یان خۆش با نەیدەکرد.

ڕۆژێکی کوێخای نارد بووە شوێنم. هەستام چووم. سلاوم کرد، جوابی نەدامەوە. وەك کەرِبێ. نیو سەعات بە دیواریەوە ڕاوەستام، جا سەری هەلێنا:

- ڕەشید!

- بەلێ قوربان چ دەفەرمووی؟

- بیستوومە پیاوێکی وریای، دەمەوێ بێ یە لای خۆم. بەختت هەستاوە.

گوتم:

- قوربان خوا ڕاوەستاوت کا، ئەمن هەر نۆکەری تۆم. هەر چی ئەتۆ بفەرمووی سەرم لەرێ دایە. بەلام بابم پیر بووە. لە سایەی سەری تۆوە جێ جووتمان هەیە، ئاشەکەش هەروا. بە یەگجاری ناتوانم. کارەکەی خۆمان دەمێنێتەوە.

- هەتیو ئاقل بە، خۆت کەرمەکە!

نێو چاوانی تێك نا، چاوی زەق کرد. غیرەتم وەبەر خۆم ناو گوتم:

- باشە قوربان، ئاخر دەبێ پرسێکی بە بابم بکەم!

- لە سەر قسەی من قسان مەکە! بابم، بابم، سەلکە سەگ! بوویە ڕێوی قەل و مریشکی ئەو ولاتەت تەواو کردووە. یا هەلۆی دەوید باب؟! خۆمن نامەوێ مەلەغانم بۆ بگێڕی. دەمەوێ بتکەمە باب نۆکەر.

- سەرم داخست، متتەق لە دار و بەردی هات، لە من نەهات، ئاخر چم کوتبا، ڕاست ڕاستی دەگوت. بزەیەکی فێلاوی هاتێ و گوتی:

- هەتیوە گلاوە! دزیە دەکەی دزی پیاوانە بکە.

- چۆن دەفەرمووی قوربان! دزی پیاوانە چۆنە؟

- مەڕی بێنە، گاڕانێ بێنە. وەك ئەو دزانەی دی، هەتیوە پیسە! کوێنت دەبەر بێ، ئەمنیش نەمردووم. پیاوی من بی کەس ناوێرێ خۆت لێ بدا. ئەمنیش دەخۆم، ئەتۆش. ئێمە سایە چەورین، بەسێ چوار سالان، ئەوەندت دەدەمێ

خەنیت دەکەم• تێ گەیشتی! دەزانی دەڵێم چی؟

- خەریك بووم بڵێم قوربان نامەوێ دزی وا بکەم، مۆڵەتی نەدام•بە تـووڕەیی گوتی:

- بە سەری باوکم زمانت بگەڕێ ، زمانت دەبڕم! لەو شۆڕا پیاوی منی!

عەرزی بە خزمەتی ئاغای خۆم بکەم ، دەستم پێکرد• بوومە باب نۆکەر• جاوەرە قوربان بە شەوی پاییزێ کێشەوەی بکە• هەر چی دەشمان هێنا ،تەحویلی ئاغام دەدا • بۆ خۆشمان مافینگی دەڕۆیشتینەوە ماڵێ• جارجار شتێکی دەدایێ• وەك خێرمان پێ بکا•

بە سەری میرزای ، سەر و ماڵم بە قوربانی سەری میرزای بێ! دووساڵی رەبەق ئەوە کەسپی من بوو• وام لێهات هێلکەم لەبەر قەلێ هەڵدەگرت•

وردە وردە نۆکەرەکانی دی کە تێم بەڵەد ببوون، گوتیان:

" براله ئەتۆ ئەوە چ دەکەی! لە برسانمان مەکووژە! پێت وایە ئەوەی خدر ئاغا نەمان داتێ حەرامە! براله خۆ وا نابێ، بۆوی دەدزین، بۆ خۆشمان دەدزین " •

جا ئەو جار قوربان کەوتمە سەر بارەکەی• هەرچی دەمان هێنا ، پێش ئەوەی بگاتە دەستی خدر ئاغا داخمان دەدی• بە خولای پێم وایە دەشیزانێ ، بەلام چ دەنگی نەدەکرد• دزا و دز کەوتبووین•

خدر ئاغا بە رواڵەت زۆری خۆش دەویستم• لەلای ئاغا بەڕوو بووم• زۆر جاران دەیگوت:

" ژنت بۆ دێنم"

- لە پاشخانە بەرماوی ئاغا بۆ من دادەندرا• ئەمنی کەوتبووە بەر دڵی• پاروم دەڕۆنی کەوتبوو• بەونان و قەسەمەش رازی بووم•

ماوەیەك گوزەرا• نێو و نێو بانگم دەرکرد• تاریفی دزی و ئازایەتی من بە وڵاتی وەربوو• خۆفم خستە نێو دڵی خەڵك• منداڵیان بە ناوی رەشید دەخەواند• زۆر جاران ئاغا لە نێوان قسەکانی دا دەیگوت:

" نۆکەرەکەم لە خەڵکی پیاوترە • رقم لە هەر کەس بێ وردە ویەخسیری بە تا ڵان دێنم • رەشیدی بنێرم ئاوی حەیاتێم بۆ دێنێ "

ئەمنیش کە ناوی خۆم دەبیستەوە، هێندەی دی فیل سوار دەبووم• وا - غلوور ببووم کەسم بە ئاوەدانی نەدەزانی، قەتپێم وانەبوو گوللە دەمبڕێ • شەوێکی لە ماڵە خۆمان بووم• بابم بانگی کردم، دیار بوو قەڵسە، بە تووڕەیی گوتی :

" هەتیوە گلاوە• بیستوومەکار و پیشەت بۆتە دزی • هەناوت خرابێ ! بنەماڵەی ئێمە نانی بە متفەرك رۆیوە• فرچکت بە نانی حەلاڵ گرتووە• بە ئاشەوانی، بە کوێرەوەری ، بە قوڕ بە سەری گەیاندوومیە ئێرە، ئەوە چ فیتێکە فێری بووی• دەك داوەشێی کوڕە سۆفی، ئەوە رووی باب و باپیرت سپی کردەوە• هەگ بە زیادم نەکردی پیاو ! هەستە! هەستە ! وەدەرکەوە ، ماڵی من جێگای دز و درۆزنان نیە• یا خدر ئاغا ، یا دایك و بابت• لە ماڵە مندابی دەبێ وەکی من بژی• دەنا نا حەقت نیە سەر بەو ماڵەی داکەی• دێڵەدزە! حەرام خۆر! خوێڕی! هەستە راستەوە بە، یاڵڵا وەدەرکەوە!•"

هەر چەندی دایکم لە بەری پاڕاوە، لە خۆی دا ، سەرو قژی هەڵکەند ورووی خۆی رنی، هەر ئەوە بوو• بابم دەریکردم•

وەك نە بام دیبێ و نە بۆران ، چەپەری نێو ماڵم پێك دادا وگوڕا - ندم• " دەرم دەکەی ئەوە لەگەڵ تۆشم نەکرد، پێی وایە گورگ دەمخوا ، چوار رۆژی دی پیر دەبی ، دەکەویە سواڵێ، دەرم دەکەی چش • "

رۆیشتمەوە خزمەت ئاغا • نەقڵەکەم بۆ گێڕاوە• پێم وابوو دەنێرێ لە دووی بابم و بە سەری دەڕوا یا لێی قەڵس دەبێ و جبەبەی دەکا • بەلام واینەکرد مزەیەکی هاتێ :

- رەشید ! قەدری خۆت بزانە، لەبەر دڵی تۆ نەبایە، ماڵیم لە گای تۆڕ دەنا • سپیاڵم فڕێ دەدا سەر بەفر، ئەمما دەی ، بە خاتری تۆ چ ناڵێم • هەر ئێستا بچۆ بە کوێخای بڵێ، دیوێکت لە حەوشەی خۆیدا بۆ چۆل کا •

راخەر و پێخەف و قاپ و کەچــکت چەندی دەویٚ بۆ دەنێرم• بەو مەرقـــەدەی بابم چۆتیٚ، دەت کەمە ماڵێك سەتی وەك بابت بە نۆکەر نەگریٚ• ئەی لـــــە منت نەکەویٚ! هەتیوە خەمیٚ مەخۆ، ئەو بابت نا، ئەو بابەت•

بە خۆم نەبوو، غوربەتیم هەستا، گریان لە ئەوکم گیرا، هەر ئەوەندەم پیٚ کرا کەوشەکانی لە سەر سەرم دانێم و بڵێم!

- قوربان! ئەمن خولامی تۆم• نۆکەری تۆم، هەتا هەم لە بەر پێت دەکەوم•

ئاغا گوتـــی:

- هەرۆ، هەرۆ ئەو کەوشانە دانیٚ• جاریٚ چت دیوە، شەرتە سپڵەنەبی و لە قسەم دەرنەچی، ئەوی چاکیە دەگەڵت بکەم، ژنت بۆدێنم•ماڵت بۆ سا ز دەکەم وەك ماڵە جم جمە سوڵتانی• لەوانەیە بتکەمە کوێخاش•

مام میرزا! بەو سەرە شیرنەت، هێندەی دەبەر هەڵ خوێندم، بە کلکـــم گوێزم دەشکاند• ئەوەندەی بلێن یەك و دوو لە لاقانم وەراند، بە هەلاتـــن و بە حیندر حۆ، خۆم گەیاندە ماڵی کوێخا و فەرمایشتی ئاغام پیٚ راگەیاند• کوێخا بە سەر و رووخۆشی وەری گرتم و گوتی:

- عەرزی ئاغای بکە، هەر چی ئەو بفەرمووی•

میرزا گیان سەریشت دێشێنم، لە سەر ئەمری ئاغای بۆ سبەینیٚ مـــاڵ و حالێکم بۆ رازاوە وەك ماڵە قەرە تاژدینیٚ • لە سەر نانو پێخۆریش پەکـــم نەدەکەوت لە دیوەخانی ئاغای بە لێشاو بوو،لەماڵی کوێخاش راهەر بۆم دە-هات وەكگوێلکی جووی بە خێویان دەکردم، قوربان قوڵی ئەو قوڵی نەمابوو• شتێکی کە زۆری پێوە گیرابووم، ئێستاش گریٚ یە لەسەر دڵم و بۆتـــــە پەرۆی شین، لە سەرشانم دوورواوە، ئەوە بوو• خەڵك هەر خەڵکەکەی جـــاران بـــوو، ئـــەمنیـــش هـــەر قـــەل دزەکـــەی پێشـــوو، کـــــە چی هەموو کەس مۆرەی لیدەکردم، لە حاست من دەتگوت زاریان دوورواوە، هەر بزە یان نەدەهاتە سەر لێوی• هەموو نێو چاوانێك لە حاست من گـــرژ و مۆن بوو•



@kurdica

سەرم لەو سورەی دەرنەدەکرد • بۆ کەس رووی خۆشم نادا!تیٚ ؟ لەبەر چی لێیان بوومە دێو و دوژمن! ؟ بۆ کردوویانمە گورگی رەش؟ باوەڕکە ئاواڵەکانی خۆشم هەر وابوون• سەیزادە کلسووم کەمەمکی دابوومیٚ و لە دایکم فەرزتر بوو ، بە هێند ی نەدەگرتم•

وام لێهات میر غەزەب تای نەدەکردم• وردە وردە خەڵکم لەبەر چاوی رەش بوو ، ئیدی کەم کەسم خۆش دەویست ، ببوومە پیاوێکی رق ئەستوور و نێو زگ رزیو •

سەد کەس بە رۆژێکی مردبا موچوڕکم پێدا نەدەهات • بە نێو دیٚ دا ـ دەڕۆیشتم• پێچەکەم دێنا نێو چاوانم• خۆم تووڕە دەنواند • سڵاوم لە کەس نەدەکرد • زۆر جارانیش هەردك دە ستم لە کەلەکەم دەنا • وەك کەس سەری پێوە نەبیٚ • قیت قیت بەڕیٚ یە دا دەڕۆیشتم• منەتم لە سەر عەرزی دەکرد ، وەك کوڕی حەنەتڕ پاشای بم•

کەمتر خۆم لە خەڵك دەدا • ئەو رۆژانەی لە ماڵیٚ بووم، هەر ئاغا چاوی خافڵ کردبا ، فیزەباریکەم دەدایە، دەچوومەوە حەوشەی کوێخا و هۆدەکەی خۆم• لەویٚ دەحەسامەوە •

میرزا بیٚ حەدەبیشە، لە دڵە خۆمدا بە دزی حەزێکم ساز کردبوو•هەر بە دەنگی هات و چۆی • بەزرمەی سۆلەکانی،ئەودڵەکۆست کەوتەیەم کوتەی دەهات• هۆدەکەی من لە گۆشەیەکی حەوشە بوو• ماڵی کوێخا کەمتر کاریان بەویٚ بوو • کەوتبووە پەنا دەرکی حەوشە• عەلاوەی کەسی بە سەرەوە نەبوو•

کوێخا رەسوو پیاوێکی گەڕاوەوە، ئاقڵ و گەڕیدە بوو• وەها لەگەڵ ئاغای رێك کەوتبوو، موویەکیان لە بەرەوە نەدەچوو، خوا هەڵناگریٚ سەنگ و سووکیشی لەگەڵ چاك و خراپی دیٚ یەکە دەکرد•

زۆر شتی وابوو نەیدەهێشت بگاتە ئاغا ، هەتا بۆی کرابا پینەی دەکرد •

سیٚ کوڕی بەژن و ماڵی هەبوون، هەر یەکەی مووچە و مەزرا ی خۆی جیا بوو• ماڵیشیان هەروا • بە زیندی سەر ئەوەی لە ئاغا وەریگرتبوو،دا بووی

بەوان • شوانی سەر بە خۆیان هەبوو • هەر یەکەی پیاوێك بوون•

کوێخا و خەجێی خێزانی و زلەخای کچی پێکەوە دەژیان• زۆریش تێـــر و تەسەل بوون• زلەخا مندالی چووکەی کوێخا بوو، تازە دەگەیشتێ•هەتا دەست هەلێنی کەلەگەت ، لە گەلای دارانی دەدا ، دەتگوت ئاسکە، سەحەت سووك، لەبار ، خڕ و خۆل، توند و تۆل، نەپکەی نە بخۆی هەر تەماشای سایـــــە ی گەردنی کەی• زلەخا بە شەرت زلەخا بوو•

میرزا بە دل گوێی داوەتە قسەکانی رەشید ، لە ناخی دلیەوە تاریفـــی زلەخا دەکا • گنجەکانی نێو چاوان و قولکەی چاوەکانی لە زیادێن•دەنگـــی لە دوورەوە دێ• بە تەواوی پاشە و پاش کشاوەتەوە• خەمێک شانـــــــی داگرتووە• قرچەی لە ئێسقانی دێنێ • هەر جارێك ناوی زلەخای دێتە ســـە ر لێوان دنیایەکی خەم و ژان، ناکامی و حەسرەت لێ دەبارێ• رەشید وەهـــا چووە دەرابردووەوە، وەك حەوشەی کوێخا و لار و لەنجەی زلەخا هەر ئەئێستا بێ• زیندوو ، بەرچاو، جوان، مەزلووم، خەمبار•

میرزا نایەوێ لێی تێك دا • خۆی لێ گێژ کردووە• جارجار سیلەی چـــاوی دەداتێ، ئارام ئارام سەری بۆ دەلەقێنێ، دێتەوە بیری:

" ژیان بەیتی باوە ئادەمە"•

رەشید جارجار دەنگی وەها دوور دەکەوێتەوە،وەك لەبنەبانی ئەشکەوتێــك بـــــا لە تاقەی چالاوێکی قوول دابدوێ• رەشید ئیدی هیچی لە لاگرینـــگ نیە• دەلێی هەموو دنیای بە جارێك و بە قومارێك دۆڕاندووە• قومـــــاری گەورەی ژیان• دۆڕاندنی ئەلماسی تەمەن، بەبێ ئەوەی بزانێ حەرامانـــە ی بەکێ دەگا •

تووکی پشت دەست و سەر سینگی رەشید ، کە تاق تاق رەشیان تێدا ماوە، چەشنی نەشتەر راستەوە بوون• قسەکانی پڕاوپڕبە ئیحساسەوە دەکا • راســت بێ فێل و تەلەکە•وەك ئیقراری مەسیحی یەك لە لای کەشیش•

دەردەکانی دەلێ، ئەو دەردانەی لە مێژە باری گرانی کۆلی ئەون•تەنانەت

تاریفی جوانی زلەخا دەردێکی گرانە• برینێکی تەشەنایە•

چەشنی چاوی بازی ، لە خەوی ناز هەڵاتووی ، بە گێژەڵووکەپڕپۆوە•باخ وبێستانی، شەختە لێدراوی برکەمرد• لە هەر جوولە و ئاکارێکی خەم هەڵدەقولێ، بە بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ دەڵێ: " ئاخ کوێر بم زلەخا" هەڵدەبەزێتەوە، وەك مەلەوانێك لە بن گۆمێکی سارد سەر دەر بێنێ یا دوو دەستی بە تاقەت رای تلەکێنێ• چاوێك لە میرزا دەکا•

میرزا زۆر شارەزایانە ، چ نەدیو وچ نەقەوماو وەسەر خۆ ناهێنێ•

رەشید: روو دە میرزا دەکا ودەڵێ:

- بەڵێ مام میرزا ! جوان بوو ، جوان بوو، بە قەد هەموو دنیایە جوان بوو• تازە دەگەیشتێ ، ویڕای ئەو هەموو رەزا خۆشیە، هەتا پتر لێی ورد دەبوومەوە خەمێکی گرانم لە چاوەکانی دا دەدی• دڵم خەبەری دەدا ، کەمێك تۆسقاڵێك ژاکابوو•

مام میرزا ! ئەمن هەروا شێتوولکە بووم، بڕوام پێ بکە دڵم خەبەری دەدا• زلەخا پشووی خۆی نەبوو، کەمتر قاقای لێدەدا• زۆرتر بزەی دەهاتێ• ئەمما بزەی چی حەینەن دەرکی بەهەشتی دەکردەوە• ددانەکانی بێشکیخولای دەتگوت سەدەفن• بەژن و باڵای زۆر رێك وپێك وساخ بوو• هەر ئەوەندە توند بوو وەك تۆپی جیڕ• ئەی چ لەرە و لەنجەیەکی هەتیوکوژی هەبوو•

ئەورۆژانەی لە ماڵێ بووم ، لە هۆدەکەی خۆم را تێر بە چاوم سەیرم دەکرد• ماڵم قەبرە بێ حەیب بوو • جار جار زرمەی هات وچۆی لە خەوێ رادەپەڕاندم• ئیدی نەدەخەوتمەوە•

زۆر جاران دەمگوت: " دایکم دەنێرمە لای کوێخا ژن" بڕوا بکە نەمدەوێرا، دایکیشم لە ترسی بابم وەلای نابووم ، بەڵام ئەوەندەم هومێد مابوو جارێکی تاقی کەمەوە• کارەکە بەوەی خرابوو ئەمن هاوشانی کوێخا نەبووم• دەبوو قسەیەکیش لە زلەخایە بزانم• بە هەر لایەك دا بۆیدەچووم هەونەبوو• جار جار تووشی زلەخایە دەبووم ، بزەیەکیشی دەهاتێ•پێم وایە دووجاریشی ماندوو

نەبینی لێ کردبووم وتیژ تێپەڕیبوو٠ چم لێ هەڵنەکراندبوو٠ هەر لە دڵـــە خۆم دا خۆشم دەویست، شەرمم لێدەکرد، لە حاستی دەلەرزیم٠ قسەم پێنـــە- دەکرا٠ سەرم دادەخست، دەچوومەوە ژووری ٠ ژوورەکە پاك وخاوێن وبـــێ- منەت بوو٠ ئاغا هەموو شتێکی دابوومێ، بریا لە برسان مردبـــام و وەرم نەگرتبـان٠٠٠

بە خولای بابم میرزا! چیدی سەرت نایەشێنم، ئەوەی بۆ خۆشت دەتزانی لێم تێك داوی، زۆرکوتن قورئان خۆشە٠

میرزا بە رووخۆشـیـیەوە گوتی:

- نا، مام رەشید! شتی وامەفەرموو، ئەگەر ئەمنت خۆش دەوێ ئـەوەی لەبیرت ماوە بۆم بگێڕەوە٠

- دەترسێم دوایە پێم بڵێی، پیر بووە، قەوەی کەوتۆتە چەنەی٠

- نە پیر بووی و نەواش دەڵێم! دەی براڵە، دەی، بێکاریە و ماوە بەرو- بوو درێژ، تکا دەکەم درێژەی پێ بدە٠

- بەڵێ قوربان! دایمە لە دڵە خورپە دابووم، زڵەخام لە گۆڕی مـــردووم خۆشتر دەویست، کوڕە جا مردووی چی! زیندوو ومردووم بە قوربانـی سەحاتێکی دەکـرد٠

قسەی خۆمان بێ هێندەش جسن نەبووم شەرمێ بکەم، لەبەر ئەوەی کوێخـــا لە حەوشەی خۆیدا جێی دابوومێ، پێم حەیب بوو خۆی لێدەم دەمگوت نەوەك بە گوێی کوێخا بگاتەوە٠ نارەحەت بێ یا بە گژم دابێ، ئەی شکایەتی ئاغام لێ بکا، ئەو جێ و ڕێیەشم پچێ٠ خۆم دەخواردەوە، وەك مار جینگڵم دەدا٠ ئەی خودایە چبکەم؟ چکەردەن؟ فکر، فکر هەتا رۆژێکی هەلم بۆ هەڵکەوت٠ کوێخا و کوێخاژن بە جووتە لە ماڵی ئاغا بوون، سەبرێکی خۆم دزیـــەوە، لە لاقانم وەراند، هەیدێ بەرەو ماڵی کوێخا٠ بێچرپە خۆم گەیاندە دەرکـــی نێوماڵێ٠ دەرکە کە ئاوەڵابوو٠ زڵەخا شانەیەکی داری بە دەستەوە بوو٠سەری دادێنا٠ ئای خۆزگەم بەوێ دەمێ٠ بریا هەر ئەوێ دەمێ مردبام٠ پشتـی لـە

دەرکەی بوو • ئاوێنەیەکی چووکەی لەبەر دەمی دانابوو • سەری بە شانە دەکرد خشەی شانە دارەکە، لە سەر بسکە خاوەکانی ئێستاش هەر لە گوێم دادەزرینگێتەوە •

پرچە ئاڵۆزو تەڕەکانی بەولاو لای سینگی داهێنابۆوە خوارێ، ئەوەندە درێژ بوون دەگەیشتنە ئەژنۆی • لەبەر خۆیەوە نەرم ، نەرم ، گۆرانی دەکوت و دەلۆراوە • تاوێکی باش خۆم پەنادا • ئەمنی نەدیبوو • بە کاری خۆیەوە بە تەواوی خافڵابوو • دەنگی زۆر نەرم و خۆش بوو • دەتگوت ڕۆنی زەنگە •هەناسەم نەدەکێشا • لەوانەبوو بخنکێم • بە هەویا نەبووم لێی تێك دەم • نازانم لە ئاوێنەکەی دا دیتمی ئەی لە خۆڕا ئاوڕی داوە ؟! چۆن بوو ، چ بوو ؟!•

یەك بە خۆی قیژاندی:

– ئەیە ڕۆ ئەوە لێرە چ دەکەی ؟!•

وەك مێوژۆکە دەلەرزی • پڕی دا خەنەپێچەکەی و بە یەك قەدی بەسەری دادا • سپی سپی هەڵگەڕا • لێوی دەلەرزی • چابوو کەس لەو دەوروبەرەی نەبوو کوتم :

– باشە بۆ دەقیژێنی ؟!

گوتی :

– لە چی دەگەڕێی ؟!

– تینوم بوو •

بە دەستی ئیشارەی گۆزە ئاوەکەی کرد • پڕی جامێکی هەمەدانیم ئاو تێکرد • بۆم ڕاداشت :

– چۆڕێکی پخۆوە! بڕێك ترساوی •

بە لەرزە لەرز جامەکەی لێ وەرگرتم • گەرووی تەڕ کردەوە • کەمێك هاتەوە حاڵ و گوتی :

– ئەیەڕۆ ئەوە لێرە چ دەکەی ؟! بە خولای بابم بت بینی دەمگوژێ •

گوتم:



کوردیکا @kurdica

- ئەتۆ جاریّ ئەمنت کوشتووە، مالّەبابم!، خەو و خۆراکت لیّ حەرام کردووم ، ئەوە دلّم بۆت دەتۆقیّ.

برێکی لیّ چوومە پێشیّ، دەستم دەیگەیشتیّ، گوێم لە کوتەی دلّی دەبوو. مندالّترم دەهاتە بەر چاو. هەردووك دەستی لە نێو قوولایی سینگی بە لکی خەنەپێچەکەیەوە بوو. یەك ناگا وەك شتێکی وەبیر کەوێتەوە، چاوی زەق کرد:

- مەیە پێشیّ! دوور کەوە! دەنا هاواریّ دەکەم.

هەنگاوێك کشامەوە دوایە ، زۆر لە سەرە خۆ گوتم:

- خۆ تۆ مندالّ نیی، هاواری چی! یەکی ناشارەزابیّ دەلّیّ گورگی دیوە. زلّەخا بابان وێران خۆشم دەوێی. هێندی ئەرز و ئاسمانیّ.

بزەیەکی ویشکی هاتیّ و لەسەرە خۆ :

- ئەیەلۆ، ئەیەلۆ، دەی ، دەی ، هەلّم دەفریوێنیّ، خەریکی دەستەمۆم کەی!.

گوتم :

- بروام پیّ بکە خەیالّی خراپم نیە! زلّەخا! ئەمنیش دلّم هەیە .

گوتی:

- پیاو جێی بەقایە نیە ، ئەویش ئەتۆ! کەس ددانی بە خێرێت پێدا ناهێنیّ.

گوتم:

- زلّەخا! کافرم لەسەر دەستت موسلّمان دەبم. چۆنت بویّ وادەکەم. یالّلایەکی تۆم بەسە.

گوتی:

- ئەریّ بەراستیتە ؟! درۆیە ناکەی ؟ ئەو خۆ فەقیر کردنەت بە دەهۆ نییە؟

گوتم:

- خودا کوێر و زەلیلم کا، ئەگەر درۆت لەگەلّ بلّێم. زلّەخا بەو خودایەی

لە ژووری سەریە دەگەڵم بێیە رەدایـە ، دەستم رادەگرم بە سەری دا برۆی.
گـوتـی :

- سوێنـدم بۆ دەخـۆی ؟

- سوێندت بۆ دەخۆم ، حەوت جاریش دەست بە کەلامی خولای دادەدەم - بڕوا بکە خەیاڵی خراپم دەگەڵ تۆ نیە. مێردم پێ بکەی دەتهێنم ، ئەگەر نانی شەوێم نەبێ. کچێ ماڵتە ئەتۆ بۆ هێندە بێ بڕوای ؟!

گوتـی :

- جا ئەگەر بەراستیتە ، نیوەشەوێ ، بە پێخواسـی ، بەبێچرپـە وەرە هۆدەکەی من. دایکم و بابم لەنێو ماڵێ دەخەون. بڕێکیش خەویان گرانــــە . منیش دەرگاکەم دانـاخـەم. بەلام رەشید! ئەگەر دەتەوێ ، قومارم پێ بکــەی ، تکات لێدەکەم وازم لێبێنە، لەوانە نیم، ئەوەشت پێ بلێم نەخەڵەتێــــی قامکم بۆ بێنی، بە خولای بە خولای هاوارێ دەکەم، بۆخۆشت دەزانی بـابـم سەگ بە حەسارت پێ دەکا .

هەر ئەوەی کوت لە خۆشیانی لەوانەبوو شێت بم، داوەتم لە دڵـی دا دەگەڕا ، بێ سێ ودوو گوتم:

- باشە ، شەرتە چۆنی بتەوێ وابکەم !

بزەیەکی شیرنی هاتێ وگوتی :

- ئیدی لێرە رامەوەستە! نەوەك دایکم بە سەرمان دابێ! شەوێ چاوە - ڕێم ، چوارپێکانیش شەوانە لەمەڕین ، حەوشە چۆل وهۆلە، دەجا بەخێرچی!

دڵم نەدەهات برۆم ، دەتگوت بەزنجیری کەڕە دایانکوتاوم ، لەبەر ئەوەی دڵی نەشکێ یەك دوو هەنگاوم پاشەوپاش هەڵێناوە ، پانیەم وە ژێر نـــالـــی دەرکەکە کەوت ، هەر ئاهێکی مابوو بەراوپشت بم .

سەبرێکی پێکەنی و گوتی :

- ملی خۆت بە شکان مەدە، جووانکەی !

ئەو سووڕا و ئەمن سووڕام، سەری خۆم داخست و سەبرێکی رۆیشتمـــەوە

ماڵی خدر ئاغا.

مام میرزا! بەسەری تۆ، وەها وەقلە کەوتم، قەت قەت شام بە گاوان نەدەگرت و گوڵم بە لابار هەڵنەدەگرت، هەموو کەسم خۆش دەویست، دنیا رەنگێکی دیکەی گرتبوو، لەخۆڕا بزەم دەهاتێ. ئەورۆژە هەر سەحاتێکم بە ساڵێك لێ رابرد. قەت پێم وانەبوو زڵەخا ئاوا سووك و ئاسان مل بدا. پێم وابوو خەونە، لەخۆم رەبا دەدا، جیفڕکم لەخۆم دەدا...

قوربان! ئەو رۆژە هەتا شەو بە سەر دەستان داهات، هەرچی دەمکرد و دەمکراند ئۆقرەم نەدەگرت، هەر چۆنێك بوو رۆژ ئاوابوو.

سەری شەوێ لە پاشخانەی دیوەخان، لەگەڵ نۆکەرەکانی دی دانیشتبووین، گوێمان لە قسەکانی خدرئاغا و "میران" راگرتبوو.

"میران" کوڕە گەورەی "مەحموود" بەگ نـوێژی شێوان هاتبووە لای ئاغا دیار بوو عەرز ودادی هەبوو، دەیگوت:

- ئاغا! باوکم عەرزی دەکردی، پیرو بێ تاقەتم دەنا دەبوو بۆخۆم بێمە خزمەتی. عەرزی دەکردی ئەو هەوارانەی ئاغا بۆ ئێمەی قەرار کردووە، نازانم لە رووی چیە و بە پێی چە رەسم و شوێنێك دەبێ بدرێ.

ئەو هەوارە لەمێژساڵە هی باب و باپیری خۆمانە و بەشی کەسی پێوە نیە، ئێمە لە زەمانی جانیبنی جانەوە هەر لەو جێ ورێیە دا ژیاوین. نەسل و بنەچەکەمان مەردار بووە. لێرە ژیاوین و لێرە مردووین. پێم خۆش بوو بزانم خدرئاغا لەسەرچی دڵی گۆڕاوە وبێمەیلی مان لە تەك دەکا. کام هەوارانە؟! هەوارانەی چی؟ ئێمە لەسەر ملکی خۆمانین. بە حەلاڵی خۆمانی دەزانین لە کەسمان رەوگیر نەکردووە. ئەگەر بیانوومان پێدەگری، لەئاغا - یەتی ئەوە بە دوورە دەنا نا چی لێمان دەوێ؟! ئێمە قەباڵەمان هەیە. خەڵکی ئەو وڵاتە هەموو ئاگادارن.

میران زۆر لەسەرەخۆ و بە ئەدەب و دەنکە، دەنکە قسەکانی دەکردن، هەمووشی لە زمان مەحموود بەگی بابیەوە دەگوت. قەلافەتێکی زۆر پیاوانەی

هەبوو • کەڵەگەت و نێوشان پان ، جوان چاك وبۆشناغ ، مەردو گەڕووتـــاڵ ،
پیاوێك بوو هەموو کەس شەرمی لێ دەکرد • ئێستاش هەروایە ، خوا هەڵناگرێ
قسـەی لەسەر نیە •

لە قسەکانی را هیچ وەوەی نەدەچوو لە خدرئاغای بترسێ ، وای قسە دەکرد
وەك مسقاڵێکی لەبەر دانەنوێنێ • بەڵام زۆر بە ئەدەب بوو ، نیشانی دەدا
زۆر پیاوێکی بنەماڵە ورەسەنە • قسەکانی وی زۆر لە هی ئاغای حەقتر بوون •

خدر ئاغا رانەوەستا میران قسەکانی تەواو کا ، گوڕاندی:

- ئەو فلتە فەرمایشتانە کۆن بوون ! قەباڵە قسەی منە ، قسە قسەی منە •
هەر کۆنە بەگ و پساغایەکی راستەوە بێ ، قسە لە قسەی مندا بکـــا ، دەری
ناهێنێ • کیرمیزی لە ماڵێ دەبرم • بە منداڵی ساواشی روحم ناکەم •هەتیوە !
ئاگات لە زاری خۆت بێ • ئێستـــا بۆنی شیری خاوت لە زاری دێ •زۆرووئاوی
بێلغاو خواردۆتەوە ، بە سەری بابم ، بە گۆڕێکی باباغام چۆتێ ، واو لــێ
دەکەم باری هێلکان نەبزێون • پێم وایە گەورە و چووکەیی لە لای ئێوە تــەواو
بووە • هەر جارێکی بە زستانێ دەڵێن ساردە • ئێستا بۆتان سبووت نەبـــووە ،
ئاغای ئەو وڵاتەی خدرە ؟ زگم پێتان دەسووتا ، پێم وابوو دەبێ باڵتان بەسەر
بکێشم ، خەڵك قووتتان نەدا • ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا ، ئەو ئاوە ڕۆیـــــە
مڵکی منە • هەمووتان رەعیەتی منن • چ ئاغا و چ نۆکەر ، چ قەرە و چ جــووت-
بەندە • هەتیوە زەلامە ! ئەو سەفەرەی نۆبــەخشت بێ ، ماڵی خۆم نەبا دەمگوت
هێلێکت بریەنن • یاڵلا وەدەرکەوە ! کۆنە بەگ ئێستاش رەگی گونی ئەستوورە •

میران رەش هەڵگەڕا • رەگی ملی وەدەر کەوتن • خڕڕەی لەچەخماخی پێنج
تیری قازاخ هێنا وگوتی :

- ئەو کەسەی بە من دەڵێ وەدەرکەوە ، ئێستا لە دایکی خۆی نەبووە • کوڕی
مەحموودبەگی چاویان لەکەس ناترسێ • لغاوی بابم لە زاری دانەبێ ،زمانــت
بەقوونت دا دێنمە دەرێ ! رەنگە چوار هەتیو ومەتیـوت لە دەوری خۆت دیوە ،
تەواو خۆت بە گون رەش بزانی ! ئەگەر پیاوی بنێرە هەوارانەت وەرگـــــرە ،

ئەگەر پیاوی مـرڕەت بێ ، دایە خۆم کفن کردبێ حەپەت لەبەر هەستێ تەرس و گووت تێکەڵ دەکەم . ئاغایەتی لەتۆ ناوەشێتەوە! هەتیوە رەنگە دزیـت لـە چوار قەرەو قوتان کردووە، تەواوێك خۆت بە زل بزانی . دێڵەدزە! سمت لـە هەوارم نیی لەتی گەورە گوێت دەبێ .

میران بە نەڕە و گوڕەوە وەدەر کەوت . هەی لەبەرت مرم پیاوی پیـاو ، ئەوەندە مێرونێر بوو دەتگوت زاوایە لە پاڵ بووکێ دێتە دەرێ . براکانـی میران ، "مارف" و "مراد" ئەسپەکانیان لەبەر دەروازە راگرتبوو، هەردوو - کیان فیشەکیان وەبەر تفەنگێ دابوو . مراد رکێفی زینەکەی بۆ کاکی داگرت ، دەست بەجێ هەر سێکیان سوار بوون . رکێفیان هێنایە و بەچوارناڵە ئانیشکە- ی کۆلانیان جێهێشـت و دوور کەوتنەوە .

بە ئاغا ونۆکەرەوە تفمان دە زاری دا ویشك ببوو، کەس هۆشی نەمابوو چ بکا ، ئاغا هەرای کرد :

- رەشیـد !

- بەڵـێ قوربان ! چ دەفەرمووی !.

- پێم وابوو مردووی ! ئەدی ئێوە چکارەن ؟ هەتیوێکی وا گوێ نەبڕن .

گـوتم :

- قوربان چاوەڕێـی فەرمانی تۆ بووین . چ دەفەرمووی وادەکەم .

ئاغا بڕێك هاتەوە سەرە خۆ و گوتی :

- بارەکەڵلا رەشید ! دەزانم جەرگت جەرگت دەخواتەوە ، بەلام کورم سـەد قەل و بەردێك ، کەنگروماست بە وەعدەی خۆی . دەبێ تەممبێ کرێ . شەرتـە ئەو هەتیوەی وا لێبکەم بۆ نانی شەوێ موحتاج بێ . سەلکە سەگی خوێڕی دەبێ چاو ترسێنی کەم . هەتیوی "مەحموودبەگ" لە هەموو کەس بێحەیاتـرن . وا چاکە خەڵکیش بەوانەوە تەممبێ بن . خۆیان لێ هەڵنەکەم ددانیـان سپـی دەبێتەوە . ئەو ولاتەم پێ رەوگیر ناکرێ . مەرەکەیان رادەین چۆنە؟ رەشید!

- قوربان چ دەفەرمووی وادەکەم! ئەمما ، بەڵێ ، هەرچی تۆ بفەرمووی!

@kurdica

ئـاغـا گـوتـی :

- رەشید قسەکەت مەگنخێنە ! بلێ بزانم چت بە دڵی دادێ ؟

گـوتـم:

- قوربان ! لە شێر ترسان مەنع نیە. ئەوەی ئەمن دیتم دەبێ پیاوێکی ئزا بێ. مەڕی ئەوەی هەڵدەگیرێ ،ئەمما قسەی تێدا نیە دەست دەکاتەوە. پێم خۆش نیە قوربان دەرکی تۆ بە خوێنی ئەو گلاوانە پیس بێ. مەش فەرموو رەشید دەترسێ، ئەتۆ سلامەت بی ، نۆکەری خۆت ئەوەی نەیزانێ ترسە. دەفەرمووی لێرەرا دەستەوخەنجەر هەڵکوتمە سەریان. نۆکەری خۆت نەمردووە! بە خولای کارێکی وا دەکەم خوێن بێ و سەران بەرێ. رێگای باشتریش هەن.

ئاغا پـرسی :

- چۆن رەشید ! راستەوخۆ بلێ بزانم چ دەکەی ؟

- ئاغای خۆم بە عەرزی نۆکەری خۆت دەکەی ، قەدەرێکی بێدەنگەی لێ رادەکەین. لەو ماوەی دا هاتوو خۆیان دەتەویلەی هاویشت ئەوە بۆخۆت دەزانی، دەیان کووژی ، ئەی دەیان بەخشی... هاتوو وانەبوو شەوێکی دەچم هەرچی گیاو وێنجەی هەیانە ئاوری دەدەم. وایان لێدەکەم مەڕەکەیان لەبرسان قڕان بکا . یا نیوەی لە نیوەی بدەن. پاشان بێ حەدەبیشە با هەر بتـرێ و بوەرێ.

ئـاغـا گـوتـی :

- ئافەرین رەشید ! نەم دەزانی هێندە ئاقڵی ، دەستێکت بەرگ خەڵات بێ . بە پیاوەکانی دیکەش بلێ ، باسی بێ عەدەبی ئەو هەتیوەی بۆ کەس نەگێرنەوە. ئافەرین! ئافەرین ! خدر زەینی بە هەڵە نەچووە چاکی تێگە- یوی ! بەلێ. بەلێ.

هەتا شەو شەق بوو، خدرئاغا سێچوار جاری بانگ کردمە وەتاغێ وبەرێی کردمەوە پاشخانە.باس هەرباسی میران وسووتمان و تالان بوو. خەوی لە چاوان رەویبوو.

# ٤

" یای ناز" شێت و شەیدا ، شێواو و شڵەژاو، بە نێو ماڵدا، دێ و دەچێ • کیسە دراوی میرزای بە دەستەوەیە، توند لە دەستی گرتووە و بۆنی پێوە دەکا • یای ناز تەنیایە و هەزار بیرو ڕا :

- میرزا چۆتە کوێ؟ روو لە کام شوێن دەکا ؟! بڵێی جارێکی دیکە بیبینمەوە ! ئاخ ئەو جارە لە ماڵی حاجی حەمە! لە داوەتی یارە،پارەی بۆ ناردووم••• پارەم بۆ چیە؟ بۆ وەتمان؟ ! ئەو چی لێدەکا ؟ ! نانا هەر مەبەستی منە••• ئێمە نەدار نین، بەشی خۆمان هەیە• بۆ ما لاوایی نەکرد ؟! هەڵبەت دێتەوە! پێی حەیب بووە! ئەی کوێر بم چەندە نەجیبە، شەرمێکی پیاوانەی هەیە، چاو حیزو چلێس نیە• ئەمنی خۆش دەوێ، زۆریش ! ئاخ میرزا گیان! لە کوێی ؟

دەست دەکا بە گریان، دەستە چووکەکانی تێك چەقاندووە• مەچەکی خڕ و توندی بێ بازنە بازنەیان هەیە، ئەنگوستیلەیەکی زلە لە سەر قامکی لە چاو دەدا ، نەقیمە سوورەکەی لە بان ئەسمەرەی* رەنگی بۆتە نەخش • دەستە نەرم و نۆڵەکەی کار و کرگاری زۆریش نەیتوانیوە تۆسقاڵێك لە چاوی پخا •

دەستی ، خاراوی کارو پاراوی جوانی یە• تەنانەت کەت و کرووتی جێی جێی نینۆکی کە شوێنەواری شیو و کوڵ و تەختی رەق و تەقی سوێنەن، لە جوانی ، دانەشکاندووە•

بە گریانەوە، بە سۆ ز و کولەوە دەلۆرێتەوە:

" رێگای دارستان داچێنم بە گوڵ "
" ئاوی لێ بنێم بە خوێناوی دڵ "
" بەڵکە یارەکەم لێی بگری مەنزڵ "

* * *

" ئەگەر دەمزانی لە کوێ دەکەی راو "
" خۆڵی بەر پێتم دەداشت بە شەکراو "
" دەمەکەت بێنە بینێ نێو کانی "
" با ببێتە قەنداو بۆ ئاوەدانی "

دەگری ، بە دڵ بە کوڵ، ماتە ، بەو ماتی یەوە جوانە• جوانێکی تایبەتی کامڵتر دەنوێنێ• بەرێز ، خان و مان، هەڵکەوتوو و کۆست کەوتوو •خەم بە لەشیەوە رەنگی گرتووە• ئەسرین لە سەر گۆنای وەك شەونمی بان گوڵ دەترووسکێ• شەونمێك کە بەیان و هەتاو لە سەر گوڵ و گەڵای ناسرێتەوە ، ئاونگێك کە هەر دلۆپێکی ، ئەڵماسێکە لە سەر یاقووت ، رخساو، قەتیس ماو، خەم و جوانی تێکەڵە• بسکە پەرێشانەکەی ئاهەنگی سیمی پساوی دڵی لێوە دێ• کیسە دراو لە پەنجەی چووکی دا وێك هاتووە• چرووك بووە• بە سینگی یەوە دەکوشێ، بۆنی پێوە دەکا ، بۆنی دەگرێ، بۆنی ئاشنای خەیاڵ ، هەوێنی هەناوی تینوو• خەیاڵی ئاڵۆزی شوێن تراویلکە• هەستی ویستن و لەرزەی یاس • هەنیسکی دڵ و لەرەی لیمۆ•

تەما ، خەیاڵ ، ژان ، هەست ، ویست ، شەونم، بۆن و حەز لە مێشکی دا شاتلۆرەیانە•

لە بەهاری تۆراوی خەیاڵی " یای ناز " دا ، هەزار سوێسنە و هەڵاڵە ،

مێلاقە و شەوبۆ ، شلێرە و بەیبوون ، گیابەندو گیاخاو پس پس دەبـــێ ، سەرپسێن دەکرێ دەژاکێ ، دەمرێ پێ شێل دەکرێ.

ئەو بەهارەی کە گوڵ بە گوڵ و چڵ بە چڵی ، چەقاو و دێراو و پـاراو و نێژراوی دەستی گولبژێری خۆیەتی. لە حاڵێکدا بۆنی بەهاری نەکردووە،گوڵ لە داوێنی فڕیوە. ئەوین رای کردووە، رەشە با بردوویەتی،خەیاڵی پڕ لـە شەرمە، باخی بەهارەکەی بە پەرژینە. میرزا هومێدی وەرزی دوا جـاری دڵیەتی، ورەی دەردی گرانە. ژانی خۆشە ویستی یە. دەسی سارد و سـڕی دوای باوەشی چۆلە. دووری میرزا دەردێکی بە سەر " یای ناز" هێناوە بـا بە دەواری شڕی ناکا. ریسەکەی بۆتەوە خوری. خەیاڵی خاو لە ئاو هاتۆتـە دەرێ. " یای ناز " هەر بەشی فرمێسک و هەنیسک ماوە. دنیای روونی لـێ تاریکە. " یای ناز " لە دەروون دا رووخاوە.

دوو رۆژە دێ ئاڵۆزە. ئەوەی بیر لە سووتمان نەکاتەوە، تەنیا "یا ی ناز"ە لە تاوی میرزا رایەڵ و پۆی تێکەڵ بووە. ئەو حەزە، ئەو تەمایە، ئەو داوایـە هەوەس نیە. گوناه نیە. خەتا نیە. هاواری دڵە، نالەی جودایی یە "یای ناز" پاش باوکی " وەتمان". تەمای شوو کردنەوەی نەبوو. ناتەواوی هەست دەکرد. جێ یەکی بە تالی لە پەنا خۆی دەدی. بەلام ئەو هەستە، ئەو بە تا لایی یـە ئەوەندە بەتین نەبوو، منالەکانی و داهاتوویان لە بیر بەرێتەوە. هەستـی دایك بوون و بەرپرسی بە سەر نیازی ئینسانی ئەودا زاڵ بوو. رۆژی مـاڵ چاکردنەوە، بۆ هەوەڵ جار میرزای دیت. میرزای کەوتە بەردڵ. دڵی وەرگـرت و دڵی دایە. ئەو خەیالە وردە وردە، پەرەی گرت، ئەو نەوندە ساوایە،چوزەی کێشا ، پەلی داکوتاو پنج بەست بوو . رۆژی مارەکردنی" خەزاڵ" بـە تەواوی خۆی وەدەرخست. وەك رۆژی رووناك. هەر دووکیان سوور هەڵگـەڕان، ئەوکیان گیرا ، شلەژان ، شێوان، لەرزین. لەبزیان لە لەبزی نەگەڕا ،تەنانەت قسەیەکیان نەکرد. کەچی دەفتەری گەورەی ئەوینیان خوێندەوە.

میرزا هەرگیز وا نەلەرزیبوو.

" یای ناز " لەوانەبوو بخنکێ•

ئەوین نەرم نەرم وەدەرکەوت، شکلێ گرت، بەرز بوو، تیشکی هاویـــت برژاندی، کولاندی و سووتاندی•

" یای ناز " لەلای کەس نەیدرکاند• دەسووتا و هاواری نەدەکرد• لـــە لای خۆشی بە شەرمەوە دەیەویست• ئەمما بە ڕۆیشتنی " میرزا " ئـــاوری گەرمی ژێر خۆڵەمێش کلپەی کرد، گیرسا، نێڵەی هات• ڕێگای بڕی•

" یای ناز " دنیا لە میرزا دادەبینێ• هەناوی تۆڕ و بەرزەفڕی لـــە لای میرزا دەسوکنێ، بە گریانەوە دەڵێ:

- میرزا! لەبەر چی ما لاواییت نەکرد؟! دڵت نە بوو! چۆن تۆ دڵـــت نیە! یانی من هێندە گێژم؟

نانا " میرزا " من باشم ناسیوی، چاکت تێدەگەم، گەورەی، گەورەیٚ تـــا خوا حەز بکا گەورەی!

دوای شەو و ڕۆژێك، شوێنەواری سووتمان لە سەر هەوای سووکی دێ - هەست دەکرێ• بۆنی دووکەڵ، دووکەڵی گیا، گزرە، لباد، حەسیر، جـــەواڵ، بۆ کرووز، بۆنی نیوەسووتی خوری و بەرگن لە دار ودیواری دێ نیشتـــووە• ماڵی " بلە چەرچی " لەوە دەچێ بە قوڕەڕەش گەسکە سواخ کرابێ•

سەرەپەت، کوتە لێفە، کۆنە بەڕە، ئەوەی سووتـاوە، سووتاوە• ئـەوەی ماوە بە قوڕمی کۆن و دووکەڵی تازە و ئاوی هەڵپڕژاو، ڕەنگی مەعلوومـــەی نیە•

پۆلێك ژن لە سەر سەکۆی ماڵی " بلە چەرچی " دانیشتوون، بازاری قسە گەرمە " پەریزادە شەل" ڕوو لە " خات خاوەر " خێزانی " بلە چەرچی " دەکا و دەڵێ:

- خات خاوەر! قەزا و قەدەر ناگەڕێتەوە، دەبوو ببێ، ئەلحەمیـــلا دەولەمەندن، دەی با خەڵك پێوەی بدڕێ• خوا تـۆڵەو بۆ دەکاتەوە• بە خـولای خوشکێ ئەمن دیومە، ئەوەی ڕسق بێ بە کەس نافەوتێ• ئەوێ ساڵێ، ئـــاوە



کوردیکا @kurdica

دە ، پازدە سالێك لەوەی پێش، ئەمن جحێلٚ بووم، گیشەی مالی مــــام " سولتان" یان ئاوردا ، ئاورەکە بێ ئامان بوو، زۆر درەنگ کووژاوە،لەوانە بوو ئەو دێ یەی پێوە بسووتێ، رەببی کەس نەبینێ، پیاو تاك و لۆ لە نێــو دیێ بوون• ئەوانیش زۆرتریان ، پیروپاتالٚ ، هاوارەکە وا هەستا بەنـــد ی جەرگ و دلێ پساندم! ئێمە هەرشتەمان دەبریەوە، قرچە قرچی گەرمای نیـوە ـ رۆیە بوو، هەروا بە قۆلچاغ و بەربینکەوە دەرپەریم• ئاور نێلەی دەهات • ژنەکەی کاك سولتان گلٚ خەبەری بۆ نەبا ، بە سەری رووت و یەخەوبەرۆکــی دادرا و هاواری دەکرد• لە خۆی دەدا • دەگریا • خوشکێ ژن و مندالی ئـــە و ئاوەدانی یە، بە سەتلٚ ، جامەمەڕی، لوولینە، حەوجۆش ، دیزە و گـــۆزە ، هەرچی هەمانبوو و نەمانبوو، ئاومان پێدا دەکرد، ئاور نەکووژاومـەوە و ناکووژێمەوە• هەتا خانەی ئاوەدان بێ، خولا لە دلێ نا مام" حەسەن"د ا٭ ری لە ئەستێرەکە راکێشا ، هەر چۆنێك بوو هێنایە بن گیشەکە• ئەوەندەی بلێــی یەك و دوو، قولکەیەکی هەلٚکەند و گۆلاوێکی دروست کرد• بەوی باش بــوو خەلکەکە پێشی ئاورەکەیان گرت، دەنا خات خاوەر! بەو تەپەتەپە٭ی ولاتـــی هەلدەگرت• سەریشت دێشێنم، هەر چۆنێك بوو ئاورەکەیان کووژاندەوە•خودا و راستان ئەو سالە هەموو بزنەکانیان دووانەی دی• تۆلەی گیایەکە کراوە•

خات خاوەر! خوا هەموو دەرکان ناگرێ•خاترجەم بە، قەرە بووتان بـــۆ دەکاتەوە•

خــاوەر :

ـ وەلٚلاهی دێدەپەریزاد خۆ ئێمە بە زەرەرەکەیەوە نەگیراوین• بۆ خــۆت دەزانی هەرچی دەستی بۆ بەرین هەزار هەزارمان هەیە، ئەمما کارەکـــە ناخۆشە برایم خراپەی لەگەلٚ خەلك نەکردووە، دەستی چاك و خراپی ئـــە و ولاتەی دەگرێ• بەو رۆژەگارەی دێنە لای• هەر چۆنێك بێ ساحێب چاکەیە • ئەمن نازانم ئەو بەردەمان لە کوێ را وێکەوتووە• سەیدە کەرو لالەکــە ، بە قوربانی شالە کەسکەکەی دەبم، دوێنێ هاتبوو هەر دەستی بۆ لای چاوی

دەبرد. تفی رۆدەکردە عەرزی . پیێم وایە دەیگوت: " کاری چاو و زارە".
سەد جارم پێ کوت بە سەدەقەت بم، دوعایەك ، نوشتەیەك، تیتۆڵێکی شاڵ دادڕێ ، سێ چوار گرێی لێدا و دایمێ.
" شەرافەت" لە مێژە چاوەڕێی نۆرەیە، هەڵدەکوتێتە سەر قسەکەی:
- دێدە خاوەر! هەر کەسەی هەوایەکی لێدەدا . خات پەریزاد هێندەی خۆ منداڵ کردۆتەوە، تازە گەزە گەزەی فێر دەبێ. خولا پێم نەگرێ، دایکم دەیگوت:
" ئەگەر مێردی کرد، گەڕابۆوە"
" پەریزادە شەل" چاوەکانی لێ قیچ کرد و شاتاندی:
- ئەیەڕۆ شەرافەت! ئەوە دەڵێی چی؟ جا خۆ دایکت لەرێ یەکی دوور نیە. ئەمن گەورە کچ بووم، ئەتۆش دوو جار رەدوو کەوتبووی. بەڵا لە ئاقڵی ناتەواوت دا . لە خۆڕا نەیان گوتووە:
**" پیرێژنی ئەو زەمانەی خۆیان خستە بەر بایە"**
**" شەرعی من و تۆ دەکەن هی خۆیان وەبیرنایە"**
جاچاکە ئەتۆ بۆ بەمنەوە دڕاوی. خۆ بە سەر تۆ نەهاتووم، ئەڵڵای دەکرد ، سێ جاری دیکەش هەڵدەگیرای. گەورە کچە بە پنج و مۆرەکە! تەمەشا تەمەشا ئەو بەژن و بالایەی، دەڵێی کۆلوەسوورەیە!
پوور ئامان هەڵی دایە:
- گێڕە بەسە! هەر دووکتان تازە دەگەنێ، بزانن دەست لە لا لغاوی یەکتر نانێن!
شەرافەت دەڵێ:
- خو ئەمن چم نەکوتووە پوورئامان! دەڵێم هێندە خۆت منداڵ مەکەوە.
پەریزادە شەل جوابی دەداتەوە:
باشە ئیدی هێندەی لە سەر مەڕۆ! بە خولای لێت راستەوە بم، تیتۆڵێکت بە دەرپێ یەوە ناهێڵم!

" فاتە تەڵاش " مۆڕەیەکی لێکردن و هەڵیدایە :
- ئێستا ئەو شەرە و بۆ هێناوەتە ئێرە! بە خولای دایکەکەم پیری وجحێڵی بۆ خۆی هاواری دەکا ، جوانیش هەروا ، کێ هەیە بڵێ " یای ناز " ناحەزە٠
حاجی ژن هەڵدەداتێ :
- رەببی لاڵ بم، تاوێ دی چوومە ماڵی " یای ناز " ئەوەندە گریـــــاوە، چاوەکانی وەك گۆمی خوێن وان، ئەو ژنە چەند ژنی چاکە، قەت پێم وانەبـو و ماڵی خات خاوەری ئەوەندە خۆش بوێ٠ سەحاتێکم دڵخۆشی داوە٠ متەق لـــە دار و بەردی هات، لەوی نەهات ، هەر سینگی دەکوتا و دەیگوت: " رەببـــــی سەبەب کار بە کۆی زوو خاڵ بێ٠ "
دوێنێ ئێوارێ ئەو ژنە قەرەچیەش هات، لەبەر دڵی خات خاوەر نەشدەـ بوو بیگێڕمەوە، تالحەم پێگرتەوە، دەیگوت: " ئەو سووتمانە کاری چـــــل سوارەی غەیبێ یە داخوا چۆن دڵیان لە مام برایمی گۆڕاوە، گەورەن ئیدی ، ئەنگاوتوویانە ، خوابکەم هەر ئەوەندە بێ، شتی ناخۆش ناخۆشی دەکوتن، وەڵڵاهی چووزانم، حاجی ئاقیدەی بەوانە نیە، چابوو لە ماڵێ نەبوو ،ژنەتیو زۆری دەرست: " هەڵلا ، خوێن ، نارەحەتی، ناتەبایی٠٠٠ "
مەلا ژن، بزەیەکی بە مانای هاتێ و سەری راوەشاند:
- حاجی ژن! چل سوارەی غەیبێ هەیە، بەڵام چکاری بەگیشە سووتانـــدن داوە٠ چل سوارە پیاوچاکن، موسوڵمانێك لە وڵاتی کافران بمرێ، کاریـــــان ئەوەیە، دەیبەنەوە قەبرستانی موسوڵمانان دەینێژن، جا ئەوان کوا کــــاری وا دەکەن؟!
حاجی ژن جوابی دەداتەوە :
- بە خولای مەلا ژن! خۆ راست دەفەرمووی ، بەڵام ئەوژنەش ، هەمـــوو ساڵێ دێتە ئێرە، هەموو جارێکیش تالحەم پێگرتۆتەوە، قسەکانی وەراســـت گەڕاون، جاری وایە، ئەتۆ نیازێکی دەگری، ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو ،قۆڵی هەڵدەماڵێ، لە قامکەتووتەی را بۆلای باسکی دوو بستان دەپێوێ ، پاشـــان

دوو بست دەگەڕێتەوە، ئەگەر قامکەتووتەی بکەونە سەریەك ، ئەوە مەخسوودت حاسڵە، دەنا نا خاترجەمت دەکا • چت حەرز کەم زۆرم پیێوە دیوە، حەیــارە ، گەڕیدەیە، دەیگوت: " ئاگام لە هەستی مارومێرووی هەیە ، ئەو کارانە لـــە پتریپۆتی فێر بووم" •

هێندێك شتیش هەن باسیان ناکا • جگە گورگی پێ یە، شاخەماری پێیە • کاری وا دەکا ، دەنکەجۆی بە دیواری هەڵدەگێڕێ•

" مەلا ژن" خۆی گەیاندە " حاجی ژن " و بە سرتە گوتی:

- ئەوە لە بەرئەو ژنانە دەنگ ناکەم، قەدەرەێکە لە مەلای بەشکم، سبەینێ دێمە ماڵی ئێوە، بنێرە لە دووی، لە لای کەس دەنگ مەکە، باتالحەیەکیــــش بۆ من بگرێتەوە، چت لێ وەشارم خوشکێ، مەلا قەدەرێکە وەك جاران نەماوە، بەڵکە حیلاجی بکا •

پەریزادە شەل و شەرافەت هەر لێك مۆڕ دەبنەوە، ژنەکان یەك یەك و دوو- دوو بڵاوەی دەکەن•

مەلا ژن و حاجی ژن پێکەوە دەڕۆن، مەلا ژن لە سەرەخۆ دەڵێ:

- حاجی ژن! ئەتۆش وەك خوشکی خۆم! مەلا قەدەرێکە هەر باسی ژن - هێنانی ئەو پیاو چاکانە دەکا ، دەیگوت: " هەتا چوار ژنان بۆ پیــــاوی مەباحە، ئەو پیاوە گەورانە هەموو وایان کردووە• بێوە ژن مارە کردن خێــرە موسوڵمان نابێ ناشکوری بە نێعمەتی خولای بکا • رسقیش هەر ئەو دەیدا • منداڵیش هەتا زۆربێ باشترە" زۆر شتی وا باس دەکا • دەترسم حاجی ژن ! مەلا لەوانەیە دەببەم پێ بکا • ئاخەر هەوێساریم پێ ناکرێ• بە نیوەکــاری مەلای قایل نابم، رەنگە تەماحی سێگبە ریشی هەبێ• بە خولای هـــەزار قیلە شەرعی وا بێنێتەوە ، لای بۆ شل ناکەم•

دیوتە خوشکێ ، بۆ خۆت ئاگات لێ یە، ئەو هەموو خوازبێنی کەرەم بوو، کا دەرۆیشی نەما نەنێرێتە لای بابم، ئەمن دەمکوت مەلایە، موسوڵمانـــە دەست وپێ سپیلکەیە، بۆ دنیا و قیامەتێم ئەوە چاکترە، ئێستاش ئـــەوە

دەبینی وەك كەڵ دەچاوی كردووم • بە هەزار كوێرەوەری ئەو ماڵ و حاڵــەم پێك هێناوە، خەریكە تێكی دا ، وا سوور بۆتەوە خۆشەوە نەبێ• لــە لای كەسیش باسم نەكردووە • خوشكێ گیان! ئاگایەكت لە من بێ• لەگەڵ حاجی نێوانیان زۆر خۆشە، ئەی شتێكت بیست، سۆسەیەكت كرد، بێ خەبــەرم مەكە•

حاجی ژن دەڵێ:

- خوشكێ پیاو جێی بەقایە نین• هەر ئەو ساڵ، سەرە بەهاری حاجیش ئەو ئەدایانەی لێ وەدەر كەوتبوون• هەتا رۆژێكی ، لە خوازبێنی خــەزاڵدا بە میرزام گوت، كچەكێ دەردێكی بە سەرهێنا خۆشەوە نەبێ• رەببــی خولا دەست بە حەمر و ماڵی گرێ، میرزا هێندە ئاقڵە مارو ئەژدیهای لــەلا رام دەبێ • حاجی پەژیوان كردەوە• دەنا بە قورحانەكەی مامۆستای حاجیش فێری ئەو حەمەلەی ببوو•

- ئەرێ خوشكێ میرزا دیار نیە! ئەستۆی شەیتانی شكێ ئەمن نەمزانــی ئەو پیاوە چەند گەورەیە• دەیجا خۆ ئەویش موسوڵمانە• نەداریش نیە. ئێستا ژنی نەهێناوە، هەر سەریشی هەڵنا هێنێ! ئاوا دەبێ پیاوی خولای •

- میرزا پیاوی چاكە، بە حەدەبە، چاو حیز نیە، لە سەرە من زۆرجــاران دەگەڵ حاجی دندووكەی كردووە• ئەمما مەلا ژن! بێتوو حەرز و حاسمـــان مەحبەبین بێ، خولا ئەو رۆژەی نەهێنێ مەلا،ژن بێنێ، هەموو دەس پێدە كەن• چشمان لە دەست نایە• چیان لەگەڵ دەكرێ!؟ پیاو بە ژنی خۆی دەوێرێ.

مەلا ژن:

- ئەدی ناكرێ میرزا بە گڕ مەلا داكەین؟ بەڵكە ئەویش بێدەنگ كا•

- وەڵڵاهی خوشكێ چت لێ وەشێرم، لە لای كەس باسی مەكە• میــرزا رۆیی!

- بۆ كوێ ؟ !

- خولا دەزانێ، رای كردووە• پێم وانیە بەو زووانە بگەڕێتەوە•رەببـــی



كوردیكا @kurdica

لەوەی خراتری لێ بەسەر بێ ٠
- کێ ؟ !٠
- بلە چەرچی ، ئەو خوێڕی یە،ئەو ژنانیلە، راپۆرتی لێداوە٠
- جا ئەگەر ئەوە وایە خوا پێم نەگرێ، رەنگە گیشەکەش ومالەکەشی ٠٠٠
- ئا ، ئا ، کچەکێ ! دەنگ مەکە، لە لای کەس باسی مەکە، پێی خۆمان تێدەکەوێ٠
- چۆن ! کێ ؟ بۆ ؟
- کوڕەکانم! زاواکەم! دەبێ بیکەینەقاوە، ژنە قەرەچی دەیگوت کاری چل سوارەی غەیبیێیە، بلە دلّی شکاندوون، ئەنگاوتوویانە٠
- ئەرێ بلێی ژنە قەرەچی حەزی مەلای بناسێ؟
- حەزی مەلای کێ یە! لە کێ بەشکی پێم بلێ؟ مەی شارەوە، زووکە٠
- وەبالّ بە ئەستۆی ئەو ژنەتیوە، خاوەر دەیگوت: " لەگەلّ یای ناز "٠
حاجی ژن لە قاقای پێکەنینی دا ٠ مەلا ژن هێندەی دی قەلس بوو،گوتی:
- بە چی پێدەکەنی؟ !دەستە خوشکم نەبووی ! خراپم کرد سفرەی دلّم لە لای تۆ کردەوە؟ گەپم پێدەدەی؟
- بۆیە ئەوڕۆ هاربووی؟
- یانی وا نیە؟ ئەدی یای ناز خەمی بلەچەرچی یەتی! ئەدی بۆ دەگری ؟
- ئەی گێلە! کەرەژن! پلتۆخ! لەبەر میرزای دەگری٠ مەلای بۆ چیە! تێگەیشتی ٠ با ئەوەت پێ بلێم! نەکەی باسی بکەی٠ بە خولای بیسمەوە پرچەکانت دەردێنم٠ " یای ناز " تەنیا میرزای خۆش دەوێ، پیاوی دیکە بە پیاو نازانێ٠
- ئەتۆ لە کەنگێ وە ئەوەی دەزانی .
- لە خوازبێنی خەزالێ وە، هەر دووکیان رەنگیان گۆڕا ، لالّ و پالّ بوون٠ رەنگە لە ترسی یای نازی ئاراوقاراوت لێ هەلگیرابێ؟
- ئەرێ بە خولای ، رووی مانگێکە نەخەوتووم٠ مەلا تاریفی دەکرد ،

سڵاوی لێدەکرد، چاك و خۆشیان هەبوو. خاوەریش وایدەگوت، چبکەم بـڕوام کرد.

- خاتر جەم بە ، بای‌ناز لەو میرزایەی بەدەر شوو بە کەس ناکا.
- یانی ژنە قەرەچی بانگ ناکەی ؟
- ژنە قەرەچی ، فرتۆڵێکە، بەرەڵڵایە، چ نازانێ.
- ئەدی بۆ دەتگوت وابوو، واچوو؟
- دەمەویست ئەو قسەیان دەزاری کوشم. هەتلەیان کەم ، تێگەیشتی ؟
- ئەی دێڵەنەوسن، دەیانکوت جندۆکەت لەگەڵە بڕوام نەدەکرد! ئێستا دەزانم چ کەمتیارێکی ، باشەدەی، لە لانی مەلایەوە خاترجەم بم؟
- ئەگەر هەر ئەوەت بیستووە، خاترجەم بە، ئەگەر شتی دیکەش هەن بیانڵێ.
- وەڵڵا هەر ئەوە بوو، واش تۆقیبووم، لەوانە بوو بەردەرکێ بە بای‌نازی فەقیر بگرم.
- هەگ داوەشێی ! ئەدی ئەمنت بۆ چیە؟ پەرۆش مە بە. مەلای هەژار چی لە باران دا نیە. دڵت نەگۆڕێ پیاوی وەك مەلای هەر نیە. هەر کەست دی، باسی چل سوارەی غەیبێ و ئەوانەی بۆ بکە. بڵێ هەیە، هەزار کەرەت دیتراون ، لە کتێب دا هەیە، چل سوارەی غەیبێ دەست دەوەشێنن،دڵناسکن. لە دز و درۆزنان قەڵسن، سووتمانێ دەکەن....

بەر هەیوانی مزگەوت پڕە لە خەڵك. پایزە و بێ کاری.حاجی حەمە ،مام حەسەن ، سۆفی هەباس و ئەولە، لەوێن.

مەلا و مام برایم ، سەبر، سەبر دەگەنێ. مام برایم رەنگی بە روویەوە نەماوە. لێوی ویشك، روومەتی داچۆڕاو، چاوی کز و بێ حاڵ ، وەك لە ژهراوێ لەوەڕابێ ، نێو چاوانی گرژومۆنە.

دەوراندەوری هەیوان ، مووره کۆلکەی لێ داندراوە. بە دیتنی مەلا ، هەموو هەڵدەستن. موورەدار وەدەرە دەکەون. سڵاو و چاك و خۆشی لەگەڵ

ماموستا تێکەڵ بوون. خەڵکەکە لێگرا و تێگرا جێگای بۆ چۆل دەکەن.
" بلە چەرچی " وەك لە هەمووان قەلس بێ، چاوی لە ئەرزی یە. ماتـــــە، بێ دەنگە، ئەو ماتی یەی چەشنی ئاوری بن کایە،بەسامە. قسە و لیـــرەی لەگەڵ کەس ناکا. لە لای خواریَ لەبان مورەداریك هەڵدەتووتەکێ. پــــاڵ وەکۆڵەکەیەك دەدا. یەخەی ئاوەڵایە. تووکی لامل و سەر سینگی بۆز و قـــرژ و تێك هاڵاون. خەریکە جگەرە هەڵدەپێچێ. فکری تۆڵە ئەستاندنــــە و وەك مۆرکە نێو کلۆڵی کردووە بە تایبەتی ئەو ماتی و قسە نەکردنەی،دڵـــی خەڵکەکەی نیگران کردووە و لە شکی هاویشتوون. ئەگەر پێیان عەیب نەبێ، یەك یەك دەستی بۆ بە قورئان دادەدەن، دڵی پاك دەکەنەوە.
نوورږ* و نێو چاوانی " مام برایم" شەڕوکێشەی لێدەباریَ. بزەی نایەتێ وەوەی دەچێ بەزەیی تێدانەبێ. مەلا نەرم نەرم دەیدوێنێ.
- مام برایم برالە! گیشەیە و سووتاوە، نێو ماڵیش هەروا. تـــەواوی دنیایە بدەی تازە دوێنێ ناگەڕێتەوە. کاری خراپ دەبێ چاك بکرێ. خەڵکـــی ئەو دێ یە، ئەوەی لە دەستیان هات لە بری ئاور کوژاندنەوە کردیان. خـــوا هەڵناگرێ وەك هەرەوەزیان بێ، کەس دەستی نەگێڕاوە. جا بە خاتری خەڵکە - کەش بێ دەبێ لە سەرەخۆ بی. برالە! شەرمی ناوێ شکت لەهەر کەس هەیە سوێندی دە. باناکۆکی نەکەوێتە نێو ئاوەدانی. ئێمە هەتا ئێستا بۆ خۆمان بووین. واباشە شتەکە لە نێوخۆمان دەرنەچێ. ئاغا و کوێخامان لــــــە بەیـن دانیە. کارەکەش هێندە چەتوون نەبووە. راستە و خۆ لە کێ بە شکــــی حەقت هەیە سوێندی بدەی.دیزە بە دەرخۆنەی پێدەکەین ، بانەتەنێتەوە.بە هەویای حکوومەت مەبە.ئەمنیە لە فکری گیرفانی خۆی دایە. کاری بەگیشە و ماڵی سووتاوی تۆ نیە.تەنیا دەیانەوێ خەڵکی ئازار دەن و گیرفانیــــان پڕکەن. ئەوەش بۆ تۆ نابێتەوە ماڵ، بە من دەکەی چیدی چیلکە تێ مەوەژێنە.
مام برایم خۆی پێ راناگیرێ ماموستا قسەکانی تەواو کا هەڵدەکوتێتە سەری:

- قوربان! بێ حەدەبیە لە خزمەت تۆ، قەدیمی کوتوویانە" ئەوەی لە شەڕ دانیە شێرە" ئەمن ئابڕووم چووە. دوژمنایەتیم تووش بووە. زەرەرخوردە بووم. تالان کراوم. ئاخەر لە سەر چی ؟ بۆچی؟ ماڵی کێم خواردووە؟زەرەرم لە کێ داوە! زیانی کێم کردووە؟ مامۆستا خۆ من منداڵ نیم، ئەو سووتمانە لە خەڵکی ئێرە رانەبوردووە. دەزانم کوێم دێشێ. کابرایان دیوە، دەیناسم، باشیشی دەناسن، شەرتە وەك مار پێوەیدەم. ئای بێ بەلا بی! ئەوە دەفەرمووی چی، سوێندی چی! سوێندی بۆ چیە! شتەکە ئاشکرایە. قوربان! ئەو کەسەی سووتمانێ دەکا، سوێندیش دەخوا. سوێندخواردن گوناحە، سووتمانیش هەروا. ئەوانە وەك ئاوخواردنەوە خۆ لە تیغی خولای دەدەن. سوێند بۆ موسوڵمانە. سوێند بۆ تۆ سوێندە. قوربان ئەو ردێنە سپیەت دێنمە تکایە سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە. شەرتە بە شەرتی پیاوان، ئاورێکی بکەمەوە، هەزار ئاوری وای لە زگیەوە بچێ. مامۆستا! خۆ لەمن خوێن نایە و لەوان ئاو. حاشا لەو قەبرەی ناڵەی لێ نایە. بەشایەدیش بە برایم هێرشی پێکراوە. قوربان ئەمن نەمدەویست وای لێ بێ. ئەمن ماڵم خۆڵە، پووڵم خۆڵە. ئەمن دایمە دەوڵەت پارێزیم کردووە. پیاوێکی شڕ و دڕنەبووم دەستم بە کڵاوەوە داگرتووە، با نەیبا. بەڵام حەیبە کوتەن" شەڕ و تڕ بە خۆت نیە" ئای ئای کوڕە وەك کەڵ لە چاویان کردووم." حیزی هەمبانەی کولوانە". بەو کەلامەی لێت خوێندووە، بەردی دووپووتیان دەگونی دەخەم. لە گرتووخانەدا دەیانڕزێنم. شەرتە لەو دێ بەش نەمێنم. چ زۆرە کاو لاشە - کۆن، کوڕە دیقیان پێکردم. راوەستە قوربان. خوا بۆمەش گەورەیە. شانامە ئاخری یەکەی خۆشە. لە مێژە جەغزم لە دەورەی دەدەن.

حاجی حەمە لە سەرە خۆ و گران و سەنگین هەڵیدایە:

- برالە مام برایم! کەیفی خۆتە چ دەکەی و کێ دەکووژی، ئەمن بە خۆم و بە کوڕمەوە لە هەر جێ یەکی دەتەوێ و هەر چۆنێکت دەوێ دڵت پاك دەکەینەوە. چەند گیشەی وەك ئەو گیشە سووتاوەی تۆشم هەیە. سەرپشك بە

یەکێ هەڵگرە• لە سەر دەستی مامۆستای هەر چەندی زەرەرت دیوە، ئەمـــن دەیبژێرم• ولاتی بەربەڵا مەکە• کورە تا ئێستا گورگەمان نەکەوتۆتە بەینێ• براله با ئاوەدانییەکە نەشێوێ• بە من دەکەی هەدادە• ئاخری هەر ئـــــە و خەڵکەت پێ دەمێنێ• زەرەرە و هاتووە• وادەزانم هی من بووە• بنێرە چەندەت دەوی گیا و وێنجەم هەیە• سێ چوار لێفەکۆنت سووتاوە، ئەویش کوێنـــت دەبەربێ بیکرەوە• قسەی مامۆستای لە ئەرزی مەدە• خۆشت هێندەمەماسێنە• دنیا ئاخر نەبووە• هەر ئەتۆگیشەت نەسووتاوە• داخوا کێ قونچکە سیغار - ێکی فڕێ داوە گرتوویەتی•

کاری خراپ دەبێ چاك بکرێ• لێشت ناترسم! سەد هێندە با دەخۆتکەی! ئەوەش بزانە، حکوومەت بازاڕە، پارەی بدەی چۆنت دەوێ وا دەکەی بـــە و لانەش دا وەك منت پێ ناکرێ• نە دڵ و دەروونی منت هەیە، نە هێنـــدەش دەوڵەمەندی• هەدادە! داکەوە! بە سەری ئەو جەماعەتەی بە ڕاستمـــە زەرەرەکەت ئەمن دەیدەم•

برایم ڕووی دە حاجی کرد و گوتی:

- حاجی! وەڵڵاهی تێتڕادەبینم، لەوەش پتر، دەشزانم ئەتۆ پیـــاوی گیشە سووتاندنێ نی• بە سەری تۆ! بە زەرەرەکەشی نەگیراوم• کارەکـــەم پێ ناخۆشە حاجی براله ئێمە هەتا غەیرەمان لە نێو نەبوو، تێروتەبـــا بووین!

حاجی حەمە بە واق ورماوەوە دەپرسێ:

- کام غەیرە؟ کاکە قسەکەت مەجوو، تەواوی کە ، غەیرە کێ یە؟

برایم جوابی داوە:

- حاجی! کوڕە حاجی! ئەوە دەڵێی چی، ئەتۆ باش دەزانی، ئەتۆ وریای لە خۆت مەگۆڕە، کوڕە بۆ ئیمانت زەرەرە، کوڕە دەچین لە بستە خاکێکەوە، کوڕە حاجی بە کێ دەڵێی، هەر دەدانم بە سالێکی هاتووە•

- دەیجا دەفەرمووی میرزا گیشەی سووتاندووی؟



@kurdica

- نا حاجی ، قەت ئەو فکرەی ناکەمەوە، بەڵام لەوی ڕایە، ئاماژەی ئەوی تێدایە، کوڕە هەزار جارم پێگوتی مەڕی تۆش هەر کاری ئەو بوو· دەجا بە و حەجەی ئەتۆ چووی ئەمنی ماڵ وێران خزمەتم پێکردووە ، چ بکەم نمەکم سوێرە، حەقی چاکەیخراپەیە·

- کاکی خۆم ئەوەت پێ بڵێم ئیمانم هەیە میرزا نەکاری وا دەکا ، نە ئیشارەی پێ دەکا ·

مـام حەسەن دەڵێ :

- جا برایم ئەوەی ئەتۆ دەتەوێ و ئەتۆ دەڵێی ، ئەو هەویرە ئاوێ زۆردەبا ئێمە هەموومان میرزامان میوان بووە، رامان گرتووە، نا شی شێرینەوە، - نا ش شاردرێتەوە· ئەگەر ئەوەی دەڵێی لێگرا وتێگرامان لە دەست ئەمنیەی کە، با جووقەوارمان لێ ببڕێ· ئەمن دەزانم چیت دەوێ، بە گۆڕی ئـە و شێخەی یەکێك خوێنی لە لووتی بێ، سەڵای سەگ و بە یتی کەرت پێدەکەم·

- ئای ئای حەسەن! ئەوە ئەتۆش ، دیارە ئەتۆشی! دەی، دەی ممبارەکە·

- بە خوڵای بە خوڵای لەبەر مامۆستای نەبا هەر ئێستا گوێم دەبڕی · سەگە گڵاو،سووت خۆر! راپۆرتچی! شیش کوت ! سووزمانی! ژنانیلە !

مەلا بە تووڕەیی‌یەوە دەست پێ دەکا :

- کاکە عەیبە! برالە شوورەیی یە،ئێوە جیرانن ، رۆژی قیامەتێ سوال و جوا بی جیرانی لە جیرانی دەکرێ، ئەوە بۆ وادەکەن! مام حەسەن ئەتۆ ردێنت سپی یە، کەیخودای، پیاوی ، عەیبە، حەیا بکەن!

مام حەسەن بە ئەدەبەوە جوابی مامۆستا دەداتەوە:

- کوڕە مامۆستا بە سەرت ئەوە دەیەوێ بیکاتە چێوی خمێ · شڵتاخی دەکا · ئەمن کۆڵەواری دەستی تۆم! لێرەنەبی هەرادەکەم کوڕەکان بێن خوری شۆری کەن· پشتی وەك زگی نەرم کەن· ئەوە حیزە، هەتا لە بەری بپارێیەوە چێ تر دەبێ ·

مام برایم تووڕەیە،سوور هەڵگەڕاوە و بە سەر حەسەن دا دەگوڕێنێ :

- ئەوە حەسەنە گنە ! بە من دەڵێی حیز ، شەرتە بە شەرتی پیاوان نێفەکت ببڕم، کوڕە هەر بە دەستی خۆمت دەکووژم، جا ئەتۆش بانگی کوڕان دەکەی٠٠٠
ئەوەندی دەنگی لەگەرووی دایە دەگوڕێنێ :
- ئەهۆی ! ئەهۆی٠! کوڕە ئەوە بۆ ناگەنێ ، بلە چەرچی وەجاغ کوێرە٠٠٠٠ هەڵڵا گەورە بۆتەوە ، کوڕانی مام حەسەن،کوڕەکانی مام برایم هەریەکەی بە تێلایەکەوە گەیشتنێ٠
سۆفی هەباس ، سپی هەڵگەڕاوە، دەلەرزێ ، دەپاڕێتەوە، خێرا خێرا چاو لە مەلای دەکا :
- مامۆستا ! مەهێڵە، پیاو دەکوژرێ، خوێن دێتەگۆڕێ، دوژمنایەتی ساز دەبێ، قوربان گەلەکەی ناسکە٠
حاجی حەمە، دەمێکەئەولەی ناردۆتە شوێن نەسە و یارە٠
مامۆستا و حاجی لە بەینیاندان،هەر جارەی لایەکی دەکشێننەوە٠مام برایم و مام حەسەن لێك راستەوەبوون٠ سۆفی هەباس کەوتۆتە بەینیان٠
خاوەر بە سەروپرچی ئاڵۆزەوە بەغار دێ، بەرێوە هاوار دەکا :
- سەڵا و قەت کەسم نەما ، ماڵمان دەسووتێنن، پیاومان دەکووژن ، - کافرستانی یە٠ ئاخر زەمانە، خوایە هەڵی نەگری٠
هەروا بەهات و هاوار خۆی گەیاندە مام برایم، خەنجەرێکی دەسك ماهی لە باخەڵی دەرکێشا ، بە پەلەدای بە مێردەکەی ٠
مام برایم کالانەکەی لە بەر پشتێندێ نا ، خەنجەری رووت بە دەستەوە گوتی :
- حەسەنە گنە! جاوەخۆکەوە! کەڵەگات گەیشتە سەری، ئێستا تەرس و گووت تێکەڵ دەکەم، بە مەشکەت دەردێنم!
مام حەسەن ، پریدا جوونگەی٠
سۆفی هەباس ، دەترسێ و ناکشێتەوە، هەروا لە بەینیانە٠
پەریزادەشەل یەك بەخۆی هاوارێ دەکا :

- کوڕە بگەنە شەنگەی! سۆفی نەگاتێ دێ یەکە بەر بەلا دەبێ، سۆفی ئەحمەد، خێراخێرا بگەنە سۆفی ئەحمەدی.

شەرافەت، قەلسی تاوێدی ماوە، بە فروفلاتاو دەڵێ:

- شەنگە هەر وەختێ گێلاخان ئاوە پیاو بوو، شەنگە ئەو شەنگە نەماوە، لانکە شکاو!

پەریزاد و شەرافەت ڕۆبوونە سەر و قژی یەکتر.

هەر بابایە و دەگاتێ، ژن و منداڵ، گەورە و چووکە، پیروجحێل، تەواوی خەڵکی دێ، لە بەر دەرکی مزگەوت کۆبوونەوە. کەس ئاگای لە کەس نیە. تێکەو لێکەیەکە ئەو سەری دیارنەبێ. قاژوقروژ، هەڵلا، بیکووژە! لێدە! وەك خۆڵێ یە. حاجی و مەلا جارێ دەروەستیان هاتوون. لەو بەینەدا جارجار گۆپاڵێك وە کەسێکی کەوتووە، جنێوی پیس پیس دەدرێ، وردە - وردە شەڕ گەرم تر دەبێ.

حاجی روو لە هەر لایەکی دەکا، دڕی پێدەدا، زۆریش لە سەرە خۆیە، مەلا ماندوو بووە، هانکەهانکی دێ، دەنگی نووساوە.

ڕەسوو، کوڕی مام حەسەن، بابی دیوە جومگەی برایمی گرتووە، ئەویش خەنجەرەکە بەرنادا، لەو وەختەدا کە مام حەسەن ترسی ڕێ نیشتووە، لەوانەیە هەڵێ، ڕەسوو گۆپاڵێکی لە نێو شانی مام برایم راکێشا، یەك بە مەیدانێ لە عەرزێیدا. کوتەك کەوتنەکایە، شڵپ وهۆڕ پەیدا بوو. شەخسی ووەخسی لێك رادەکێشن. تێك داوێن. تەقەی داران ئەو سەر ئەو سەری دێ دەڕوا. مەلا مەندیلی لەملی کەوتووە. بەهەناسەبڕکە خراوەتە قەراخێ. حاجی وەك کەلَ چەقیوە. بەبێ ترس و خۆف نێوبژی دەکا. بەلام شەڕە کە بە تەواوی گەرمە. حاجی قەوەی بە قەوەیان ناشکێ.

یەك هەڵدەخلیسکێ، یەك دەکەوێ، یەك دەوەشێنێ، یەك خۆ لادەدا. لە تۆقی سەری یەکتر دەدەن. سەر و گوێلاك خوێناوی بوون. چڵم و لیك تێکەڵن. تەپ وتۆز و لاتی داگرتووە.

مام حەسەن، خەنجەری لە چنگ مام برایم ئەستاندووە. برایم گردەنشینە.
مام حەسەن، پالّی وە دیواری داوە، سۆفی هەباس پشووی هاتۆتەوە بەرەخۆی .
شەڕ هەر دێ و گەرمتر دەبێ.
حاجی ، سەرەنگرێ بوو، هەولّی دا ، خۆی پێ نەگیراوە، کەوتە بەر
پێیان . وەتمان یەك بە خۆی زریکاندی:
- مامە حاجی! مامە حاجی!
لەو وەختەدا ، سۆفی ئەحمەد، یارە ، ئەولە ، نەسە و خەزالّ گەیشتنێ .
سۆفی گوێی لەزریکەیوەتمان بوو، حاجیشی لە بەرپێیان بەکەلاکی و
ماندوویی دیت.
سۆفی گوڕاندی، گوڕەیەکی پیاوانە، ئەرز دەلەرزێنێ:
- لێیان دەن! بیانکووژن ، هەموویان بکووژن!
بۆ خۆی هەررای کردە نێو شەڕەکە، حاجی دەرکێشا قەراخێ . سۆفی
وەك شەوی دوای سەرەخۆشی ، بە سامە، کەلّە، دەگرمێنی، لەبەرانبەر سۆفی
کەس زاتی نیە. کەس دەنگی دەرنایە.
حاجی ژن و یڕای سۆفی گەیشتە سەر حاجی.
حاجی، بزەیەکی ساردی هاتە سەر لێوی:
- ئەحمەد ! چ نیە، لێکیان کەوە، بگەیە ، یەکتر دەکووژن!
سۆفی لە حاجی خاترجەمە. گەیشتە نێو دەستەکەی خۆی. دەستەی سۆفی
روو لە هەر لایەکی دەکەن شڕی دەکەن. کوتەك ئاشی دەگێڕێ. فڕکەی
پەیاغان دەچنە ئاسمانێ.
کەلاك وەك پەنجەی دەستی کەوتوون. سۆفی لە نێوەڕاستی شەڕەکەدایە
. بە شەپ و شەپلاغە تێیان بەر بووە. یەك یەك و دوو دوو دەستیان شل
دەبێتەوە، سۆفی بە سەد حالّ لێکی کردوونەوە.
هەر کەس بریندااری خۆی دە باتەوە. قیژە و هەرا وردە وردە ئەهەوەن
دەبێتەوە سەر شکا و برینداار زۆرە، مام برایم رەگی پشتی وەرگەڕاوە.

مەلا بە نێویاندا دەگەڕێ. سۆفی وەك كەڵ چەقیوە. حاجی بە پێوەیە. پەریزادە شەل هەڵدەداتێ:

- كاران كار كردە! شەنگە نەگەیبایە، كارەكە پیس دەبوو.

شەرافەت پێی دەڵێ:

- هەو چ جسنی، دنیا ئاو بیبا، شەنگە بگاتێ بەسە. بە هەویابە!

شەرافەت و پەریزاد جارێكی دیكەش لێك مۆڕ بوونەوە.

شەڕو هەڵڵا كۆتایی هاتووە. دڵ هێندە سارد بوونەوە بۆ خاویان دێ، پەژیوانی و دڵ ساردی لە شەڕ، لە كێشە، گڕوپف، باوبۆران. هەور و تاو. چەشنی سێ شەشی بەهارێ.

تاوی بێ تین و زەردەڵۆكی پایز، شۆقێكی كاڵ و ماتی لە سەران ماوە. پەڵەپەڵە هەوری بۆری چلكن، وە لۆكەی لێفەكۆنی دوورە پریشكی كەوانی هەڵلاج دەچن. لۆكەی بۆری تۆزاوی. سووچێك لە ئاسمانی رۆژئاوایان داگرتووە.

تاریكی وردە وردە دەتكێتە نێو رووناكی، ئاسمان رەنگی بۆر و خیسكنی زەوی گرتووە. زەوی یە و هەزار بە سەرهات. شەوە و رەشی یە و بێدەنگی. چیرۆكی شەو تۆزی خەمی بەسەر هەڵپڕژاوە. خەم میوانی زۆربەی ماڵەكانە. دار و دیوار پەژیوانی و حەسرەتی لێدەبارێ.

مەلا دەگەڵ حاجی حەمە، چۆتەوە ماڵێ، هەر دووكیان بێدەنگن. ماتی و پەرێشانی، هەستی بەرپرسی بەرانبەر بە خەڵك، بارگرانی ئاوەدانی. حاجی بە بێوازی هەڵدەداتێ:

- مامۆستا! ئەرێ پیاو لەگەڵ ئەو خەڵكە چ بڵێ؟ شەڕی ئەورۆ قازانجی چ بوو! بۆ وادەكەن، مەگەر بڵێی راستیان كوتووە: "شەڕ لە بێكاری باشترە" بۆ نا حاوێنەوە، چیان لەگەڵ بكەین؟

- حاجی! بەلایەكی دیكەش لە پێشە! بلە چەرچی، هەروا دانا مەزرێ. پشتی بە حكوومەتەوە بەستووە. راستی یەكەی ئەوەیە، ئەمن دەترسێم، ئە و


تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

گڵاوە لە سیر هەتا پیواز ، باسی میرزایان بۆ بکا !
ـ قوربان خۆ میرزا لە بەر دەستیان نیە٠ قەی چ دەکا ٠ هەر چی دەیەوێ بابیلێ٠
ـ برالە ئاخر پێی ئێمەش تێدەکەوێ، هاوکاریمان کردووە، جێمان داوەتێ نانمان داوەتێ٠
ـ قوربان جارێکی دیکەش ئەو راپۆرتە هەبوو، میرزاش هەر لێرە بوو ٠ " نایب" بە شوێنی داهاتبوو٠ دیارە نایب پیاوێکی باشە٠ لە نێو ئەوانیش دا چاك و خراپ هەیە٠
بەڵێ ئەوێ جارێ نایب بە خۆی و سێ چوار قوڵە ئەمنیەوە، هاتن ٠ پرسیاریان کرد٠ پووڵێکم دانێ٠ خوا وەتحەسێنێ، رێگای خۆیان داگرت و شتەکەیان پووش بە سەر کرد، وەك چ نەقەومابێ٠
بەڵێ قوربان ئەوە دەرچی دێ٠ ئەمن نیگەرانی شتێکی دیکەم، شەڕوکێشە کلکی هەیە٠ بلە چەرچی، شکی لە هەر کەس بێ، بە لانی گیشەکەوە ، دەگیرێ٠ جا ئێستا کە ئەو شەڕە دارە کراوە، بیانووی پتر بە دەستەوەیە٠
ـ نیگەرانی کێی ! بلێی کوڕەکان؟!٠
ـخێر قوربان لە کوڕەکان بە شك نیم، بەڵام یارە٠٠٠٠ مامۆستا پێت وایە شکایەتی کردبێ؟
ـ بەڵێ، ئەمن ئێوارێ خەریکی ئەوە بووم، هەر چۆنێك بێ سەر و بەری پێك بێنم٠ حەسەنە گنە، شەڕی هەڵیساند، بلە، ئەوێ شەوێ ناردوویەتە شوێن نایب، بەوەی چاکە نەخوێندەوارە دەنا ئەوەی هەبوو دەینووسی ٠ جا وەرە ئەو کەرەی لە قوڕێ دەرێنە٠ هەر چی هەیە و هەر چۆنێك بکەی سووتمانەکە ناشاردرێتەوە، بەڵام نێوی میرزای نەیەتە گۆڕێ مەسڵەحەتە٠
ـ ئەگەر " نایب" بێ، هەمووی لە عایدی من ، ئەو کابرایە پووڵەکی یە ٠ دراوی نیشان دەی کار تەواوە٠ بریا مامۆستا شەڕی ئێوارێ نەکرابا ٠ بلە بە قسەکانی مە خەریك بوو نەرم بێ٠

- حاجی پێت وایە سووتمان کاری یارەیە!

-قوربان پێم وانیە، ئاگام لێ یە. کاکە مەلا خۆمن چ لە تۆ ناشێرمەوە ئەو هەتیوە میرزای لە گۆڕی مردووی خۆشتر دەوێ. ئەوێ شەوێ میرزادەڕۆیی، ئەمن و سۆفی و یارەی لەلابووین، چۆنیان راپۆرت لێداوە و چۆنی خەبەر وەدەست کەوتووە و بلە چەرچی چی کردووە. سەرلە بەر بۆی گێراینەوە. ئەمن و سۆفی میرزامان بەڕێ دەکرد، یارە، ون بوو، ئێستا میرزا ئاوا نەببوو، مالّی بلە دووکەلّی لە سەر هەستا. بە هەموو حیسابان کاری یارەیە. ئەو هەتیوە زاوامە و هێندی کورەکانیشم خوش دەوێ. بەلّام خوا هەلّناگرێ ئیشارەی میرزای تێدا نەبوو، پیاو لە دارای دەدنیایەدا حەیفەجوانان بشکێنێ، میرزا رقی دنیا یەی لەو جۆرە حەمەلانە بوو.

مەلا و حاجی چوون دەفکرەوە لەو وەختەدا " وسێن مجێور " وەژوورکەوت. سلّاوی کرد، بە پێوە راوەستا.

مەلا رووی تێکرد:

- عەلێکە سەلام، دانیشە مام وسێن، خەبەری نێو دێی چیە؟

- مامۆستا سلّامەتی تۆ، پوور ئامان سەری کوڕەکانی برژاندۆتەوە. مام برایم هەنگوینی نەداینێ، لە مالّی یای ناز وەرمان گرت. برینەکانیش دەرمان کراون. کەس ناڕەحەت نیە.

- دەی! ئەدی مام برایم چۆنە؟

- قوربان حەلەمی لێ براوە، قیت قیت بەڕێ یە دا دەڕوا.

- ئەو سەیە دمی بگاتە برین تەواوە.

- مامۆستا شتی سەیر سەیر دەلّێن! یانی قسەی ژنان.

- چۆن!

- عەرزت دەکەن" سووتمان، کاری چل سوارەی غەیبێ یە"!

مەلا و حاجی پێدەکەنن، حاجی ژن سەری زمانی خۆی گەست.

* * *

شەو هەر دێ و دەچێ لە قوولایی بە سامی تاریکی یەوە. مانگ هەڵنەهاتووە. ئەستێرە چاو دادەگرن. یارە و خەزاڵ شەڕێکی جانانەیان کردووە، مەست و سەرخۆشن، غلوور و کەللە پڕن.

سۆفی مات و پەرۆشە، لە فکر دایە:

- ئەو هەتیوەی دەگرن! ماڵم لێ دەشێوێ. بۆ وای کرد؟ کێ کوتی! کێ سووتمانی پێ خۆشە؟ بۆ هاربووە! چ بکەم؟ چۆنی پینەکەم؟ تازە دە هات ماڵەکەمان گەرم بێ. لە مێژە لە ئاواتی ئەو رۆژە دابووم. ماڵ و حاڵ، کوڕ و بووک، نان و دۆ... بلە چەرچی کوا پەکی بەوانە دەکەوێ، ئە و مارزبابە کۆنە چاڵی پاروپێراری هەرماوە. تفاق سووتاندن گوناهە، رسقی ماڵات، رەسمێکی چەوتە، شومی باش نیە، ئای " بە کەرێ ناوەستێ بە کورتانێ رەپە رەپیەتی " بلەی مەلعوون، بلەی کافر، لە مێژە رقی لێ هەڵگرتووم.

سۆفی بەئیمانەوە دەژی، لەوەتی هەیە وایە. نایەوێ زۆری فکر لێ بکاتەوە، ئەمما هەر چی دەکا خۆی لە خەیاڵ پێ نادزرێتەوە:

- میرزا دەبێ لە کوێ بێ؟ شەوی سووتمانەکە، ئێستا میرزا ئاوەژوو نەبوو، هەر لەو دیوەی بوو. دەبێ زۆر لە یارە تووڕەبێ! ئاخر میرزا هەرگیز شتی وای نەکوتووە، قەت نەیدەویست سووتمان... کاری ئاوا خوێڕیانە، ئای لەبەر ئەو پیاوەی. دەترسم بەسەر میرزای دابێنن، بە و کارەئابرووی بەرن. میرزا زۆر گەورەیە. بەربەرەکانی حکوومەت و گیشە سووتاندن. نانا هەرگیز، هەرگیز ئەوە نابێ میرزا ئەو ئاکارەگلاوانە پەسندناکا، دایمە دژی ئەوانە بووە. جارجارشتی وای دەگوت قەتم نەبیستبوون. ئەوێ جارێ، دە چووینە خوازبێنی خەزاڵ دەیگوت:

" ئارەزوومە خەڵکی وڵاتەکەم، هەمووی خوێندەواربن، هەر گوندەی قوتابخانەیەکی هەبێ. خەڵکەکە تێ بگا، ئەو دەمە ئاواتەکانم دێنەدی. خەڵك تێگەیشتووبێ ئەو رەسم و شوێنە نالەبارانە لادەچن. داب ورەسمی

ڕەسەن جێی ئەوان دەگرنەوە، ژن هەڵگرتن ، شیربایی، کچ بەزۆری بە شوودان، خراپن.چەوت و نالەبارن. ژن بە ژنە خراپە، ئەگەر چی پێم وایە ریشەی لە هەلومەرجی ئابووری دایە. داهاتووی ژن بە ژنە پەژیوانی یە، بەڵام چەشنێك ئاسان کردنەوەی ژن هێنانی تێدایە، یەکسانی تێدایە، کە دەچێتەوە بنەڕەتی مەسەلەکە ، لە ئەسڵدا دەس نەڕۆیشتنە. کابرای نەدار، کچ بە کچ سەودا دەکا . بنیادەم قوماش نیە، نابێ ئاوای سەودا لە سەر بکرێ، دەکرێ بڵێن قۆناخ ئەوەیە، ڕوژیك بەشەر لە بازاڕی دەفرۆشرا، ئێستا ئاوایە، دەبێ هەوڵ دەین ئەوانە چاك بکرێن. گیشە سووتاندن، مێوبڕین، لە هەمووان - خراپتر مارە بە جاش، ئەو چەشنە خوێڕی گەری یانە بەشەر چووك دەکەنەوە بنیادەم زەبوون دەبێ، دەپووچێتەوە، دەشکێ. "

ئەو هەتیوەی چ لێ بکەم؟ خۆشم دەوێ، زۆریشم خۆش دەوێ. لە جێی هەموو خۆشەویستەکانمە. بڵێم راکە! بۆ کوێ ؟ لەسەری سبووت دەبێ خراتر، خراتر! بیگرنماڵەکەم دەشێوێ ، خەزاڵ دڵی دەتۆقێ. زۆریان یەکتر خۆش -دەوی، بە دڵی خۆیان بوونێ. دڵداری حەڵاڵ، خۆشەویستی ، جحێڵی، شەڕ، دندووکە، ئاشت بوونەوە، ئاشتی دوای شەڕ، خۆشە ، ئاخ حەیف بۆ ئەو تەمەنە بە فیرۆ بڕوا.

ئاخ منیش ، ئەویش! پیرەگیان چ رۆژگارێك بوو، وەك خەون لە بیرمە، پیرە چەند توند و تۆڵ بوو، شیرن ، مەزەدار، بەوەفا، منی هەر لەبەر خۆم دەویست. بێ تەماح بووین. نەدار. دڵاوا، بێ خەم، رازی، چی لێهات، کوا! ؟

رۆژێکی جۆماڵی جۆگەی ئەو بەرقەدەم دەکرد، دەمەویست کارەکەی تەواو بێ، نەکەوێتە رۆژێکی دیکە. شەوبەسەر دەستان داهات، مانگە شەوێکی رووناك بوو، پشتم گەرم داهاتبوو. بەتەرکە پێمەرە فرێزووم بەریشەوە دەردێنا. وام خاوێن دەکردەوە رۆنی لێ رۆکەی. دڵم بە کارەکەوە بوو، ماڵم لە بیر چووبوەوە. ئاگام لە خۆنەبوو، خشەیەك لە پشتەوەم هات.هەڵبەز -

یمەوە. ئاورم داوە، ئاخ کوێربنم، پیرەبوو، ئەی گڵە مەرگت بێ. سپــی،سپی هەڵگەڕابوو. دەگریا! ماندوو، پشووسوار...

گــوتــم:

- ئەوە لە چی دەگەڕێی؟! چ قەوماوە؟!

گــوتـی:

- چ بقەومێ! ئەتۆ نەهاتیەوە، پەرۆش بووم، هاتم...

یارەی بگرن! چ لە خەزاڵێ بکەم، ماڵەکەم دیسان دەشێوێ. سەر لــــــە نوێ دەنگی فینگە فینگی ژنان. پاشان بێدەنگی و هەناسە، بێدەنگی بۆنــی مردن دەدا. مات بوون جوورێك مردنە. مردنیش لە نووکە نووك خۆشترە...

کوڕە ئەهـ... بزانین چۆن بەوەش دەوەستین. ژیانی من هەر زۆرەوانــــی بوو. با بێتە پێش، ئەوەی ناوێ، یارە لە میرزای زیاتر نیە. میرزاش دڵــی هەیە. چش با یارە بگرن، چەرمی ئەستوور دەبێ. پیاو ئەوەیە سەری لـــــە گوڵمەزان دابێ، چەرمی ئاوە سووبــــێ.

لێدا، لێی دەن، هەڵێ، ڕێکەوێ، بکەوێ، هەستێتەوە. چاك چاکی کرد، سووتمان و سووتمانیش، ئەویش بگیرێ دەژیم، دەژیم. ئەو چەلەش ناکــەوم، من کوڕی تەنگانەم. حیزنیم، دزنیم، میرزام خۆش دەوێ، هەر چی دەبـــــێ بابێ، خوالە سوڵتان مەحوودی گەورەترە.

* * *

مانگ هەڵاتووە، خرمانەی داوە. کەتە. زەردە. بەو حاڵە شەوە ئەستێرەی هەڵپەساردوون. وڵات بێ دەنگە. بێدەنگی شەوە دەنگی شیبای وەدەرخستووە. سۆزێکی ئارام، پشوویەکی بێ وچان. وریـنگەیەك لە بەیتی درێژی شەوگار. حەیرانێکی خەمبار، کۆڵان بە کۆڵان دەرك بەدەرك دەگەڕێ. سۆزی شەوهێدی و بێ پەلەیە. شەوی درێژ و پرلە رازی پایز، هەنگاوی شل شل دەگوێزێتەوە، بۆ سینگی دەردەداری بای ناز ڕێگایەکی دوور و سەخڵەتە، ئەوین وئەهــــوەن بوون چەتوونە.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ناز شێواوە. لە چاوی ئەستێ ، ون نیە. وەتمان خەوی نایە. شەڕی ئێواریێ ترساندوویەتی. گریمانەیەکی زەق لە سەر مێشك و بیری. نەخشێکی دزێو ، لە سەر ئاوێنەی خەیاڵی بێ خەوشی منالی . کەڵەیەك لە ناخی بێستانی ساوا،چقڵێك لە بان گەڵای گوڵ. وەك درکی لە قاچی راچێ،مچوڕکی پێدا دێ. وەك ژێی کەوان وێك دێ، دەڵێ :

- دایە گیان! مامە حاجی ، کەوت ، مامە سۆفی پلی دایە. دادە خەژا ل شەلی کلد، کاك یالەش شەلی کلد.

یـای نـاز :

- چاکە رۆڵەگیان! کوڕی من ئازایە. ناترسێ، کوڕی من شەڕناکا ، ئاقڵە . لە پەنای درێژ بووە. دەست بە پشتی دادێنێ، دەیلاوێنێتەوە.دەبەوێ شەڕەکەی لە بیر بەرێتەوە. بە دەنگێکی نووساو :

- وەتمان گیان! بخەوە، ئەوشۆ حەکایەتی " بز شیردا بۆ داپیر دا "ت بۆ دەگێڕمەوە .

وەتمان:

- دایە ، هی ، هی ، لێویەکەی کلکی پەلی؟

یای ناز :

- ئەرێ ، ئەرێ !

" دایە پیرەیەك بوو، بزنێکی هەبوو، هەموو رۆژێ دەیدۆشی، شیرەکەی هەوێن دەکرد، مام رێوی پێی فێر بوو . هەموو شەوێ دەهات دەیخوارد .رۆژێك وا ، دوورۆژ وا ، هەتا شەوێکی خۆی لێ گرت، رێوی هات ماستەکە بخوا ، داپیر کەتەداسێکی لە کلکی دا ، کلکی پەڕاند. رێوی هەڵات. ڕۆیشتەوە نێو رێوییەکانی دی، ئەوان کوتیان:

" ئەتۆ لە مەنی ، کلکت نیە"

هەر چی پاڕاوە و لاڵاوە هەر ئەوە بوو، هاتەوە کن داپیر، داوای کلکی کرد، داپیر کلکە قوڵەی نەداوە گوتی :

ـ دەبێ بچی شیرم بۆ بێنـی ، کلکە قولّەت دەدەمەوە •

ڕێوی چووەکن بزن گوتـی :

ـ بز شیردا ، بۆ داپیردا ، داپیر کلکە قولّەم وێدا •

بزن گوتـی :

بچۆ گەلا دارم بۆ بێنە •

ڕێوی چووە کن دار گوتـی :

ـ دار گەلاّدا ، بۆبزدا ، بزشیردا ، بۆداپیردا ، داپیر کلکە قولّەم وێدا •

دارگوتـی :

ـ بڕۆ ئاوم بۆ بێنـە •

ڕێوی چووە کن کانـی گوتـی :

ـ کانـی ئاودا ، بۆ داردا ، دارگەلاّدا بۆ بزدا ، بز شیردا بۆ داپیـــــردا ، داپیر کلکە قولّەم وێدا •

کانـی گوتـی :

ـ دەبێ کچ بێنـە سەرم هەڵپەڕن، هەتا ئاوت دەمێ •

ڕێوی چووە کن کچان گوتـی :

ـ کچ چۆپی کا ، لەکانـی کا ، کانـی ئاودا ، بۆ داردا ، دار گەلاّدا بۆ بزدا ، بز شیردا بۆ داپیردا ، داپیر کلکە قولّەم وێدا •

کچ کوتیان:

ـ کەوشمان بۆ بێنە •

ڕێوی ڕۆیشتە لای وەستا گوتـی :

ـ وەستا سۆل کا ، بۆ کیژ کا ، کیژ چۆپی کا ، لە کانـی کا ، کانـی ئاودا بۆدار دا ، دار گەلاّدا بۆ بزدا ، بز شیردا بۆ داپیردا ، داپیر کلکە قولّەم وێدا •

وەستا گوتـی :

ـ بچۆ هێلکەم بۆ بێنە •

ڕێوی چـــووە کن مریشكگوتـی :

- مریشك هێلکەکا ، بۆ وەستاکا ، وەستا سۆل کا بۆ کیژکا ، کیژ چۆپی کا ، لە کانی کا ، کانی ئاودا بۆ داردا ، دار گەڵادا بۆ بزدا ، بز شیردا بـــۆ داپیر دا ، داپیر کلکە قوڵەم وێدا ٠

مریشك گوتی :

- بچۆ دانم بۆ بێنە٠

ڕێوی خۆی لە گۆلاوێکی وەردا ، خرمانە هەرزنێك لەوێ بوو ، خۆی تێدا گەوزاند هاتەوە کن مریشك خۆی ڕاوەشاند٠ مریشك هێلکەی کرد٠ بردیە کن وەستا٠ وەستا سۆلی دایە٠ بردیە کن کیژ٠ کچان لە سەر کانی هەڵپەڕین٠ کانی ئاوی دایە٠ دار گەڵای دایە ٠ بزنیش شیری دایە٠ شیرەکەی داوە بـــە داپیر ، ئەویش کلکە قوڵەی وێدا ٠ "

وەتمان و ئەستی پرخەی خەویان دێ، یای ناز وەك خوێی لە چاوان کرابێ خەوی ڕەویوە٠ دەگری و بە میرزای هەڵدەلێ :

**" دارە بەرزەکەی بـــەرە و هـــەورامان"**
**" سەری بە زریزە بنـــی بـــە گوڵـــدان"**
**" لە خۆم شێتەکێ لێم زیزە حەیـــران "**
**" لە خۆم شێتەکێ لێم زیزە چاوجوان "**
**" دارە بەرزەکەی بەرە و مەنگـــوڕی "**
**" سەرم هەڵێنا یەخەی خـــۆم دڕی "**
**" لەبەر بەد کاران مەیلی تۆم بـــڕی "**
**" سەر زین نەرمە زین ڕکێف شیلانـــی "**
**" خۆزگەم بەو جێ یەی تۆی لێ میوانی"**

یای ناز بە درێژایی شەو دەگری و دەلۆرێتەوە٠ چاوی وەك گۆمی خوێن سوورن کەڵەبابی بەیانی دەمێکە خوێندوویەتی٠ ناز ڕوومەتە تەڕوخاوەکانی لـــە شەونمی بەیان سڕیەوە٠ زرمەی سوار و تەپەی پیادەدێ٠ سەری لە چەپەری حەوشە بردە دەرێ٠ لە تاوان و لە ترسان پێی بە ئەرزیەوە ویشك بووە٠پێـــی

وایە خەون دەبینیّ، چاوەکانی ترووکاند، سولّتان، ئەمنیە، بلە چەرچـــی ، یارە٠ یارە قۆڵبەست کراوە٠

سولّتان دەڕوانێتە یای ناز٠ وای چاو لێدەکا لەوانەیە قووتی دا ٠یای ناز چاوی لە چاوی حیز و بێحەیا و پڕاوپڕ لە هەوەسی سولّتان دزیەوە٠ پاشـــە و پاش کشاوە، چەپەری پێك دادا٠ وەتمان و ئەستی لە خەوی نازدان٠ ناز خەمی یارەشی کەوتۆتە سەر شانی٠

# ٥

ڕەشیدە دزە بە خەمەوە و بە شەرمەوە، درێژە بە بەسەرهاتەکەی دەدا :

- بەڵێ قوربان، ئەوێ شەوێ هەتا درەنگانێکی ، هەر کێشە و هـــەرا و شەڕە فرێبوو. بە خولای بە چاکی لە بیرم نەماوە ، ئەوەی لە بیرمە، میران ، خدر ئاغای بۆ بابی ئاقڵ کرد. قەتم نەدیبوو خدر ئاغا هێندە ترسابێ.

شەو بە تەواوی زرینگا بۆوە. ئاغا ڕۆیشتەوە حەوشەی ژووریّ ، ئەمنیشی مرەخەس کرد.

بە ئەسپایی بەرە و ماڵەکەی خۆم تێهەڵبووم، وڵات مات و بێدەنگ بوو ، سەگ لە چەق و لوور کەوتبوون، نێو دێ ئەوەندە تاریك بوو، چاو چاوی نەدەدی . بەشێنەیی خۆم لە ژووری حەوشە هاویت، پێم وابوو کەس بە خەبەر نیـــە . قەنەکێشێکی چوومەوە دیوەکەی خۆم. دەترسام. ئێستاش تێنەگەیشتم لەبەر چی ترس سواری شانم بوو. حەجمانم نەبوو، تانووتم لە خۆم دەدا : " ئـــەی حەمرت نەمێنێ، ئەوە بۆ تۆقیوی!؟

بریا دڵت تۆقیبا ، ئەدی ئەگەر واخوێڕی کچی خەڵکی بۆ بە هەویا دەکەی؟ بریا خوراباى نێرەزەلام! "

هەر چۆنێك بوو ڕاستەوە بووم. دەرگاکەم پێ هەست کردەوە. چوومــــە



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

نێوەڕاستی حەوشە٠

دلاودڵ بووم٠ پێموابوو خەوی لێ کەوتووە٠ نەمدەزانی چ بکەم! خودایە کوێخا وەخەبەر نەیە! لە لای ئاغا ئابڕووم دەچێ٠

ئەوەندەم دی، زلێخا وەك تارمایی ، وەك تاووسی مەست بۆ لای من دێ ٠ سەبرسەبر دەهات وچاوەچاوی دەکرد٠ بە تەواوی هاتەپێشێ٠ سەری پەنجەی لە سەر عەرزی دادەنا ٠ تازە بەری مانگێ رووناك ببوو٠ زەردایی دابووە ولاتی٠ دەهات وەدەرکەوێ٠ زلێخا گورگئاورێکی داوە٠ ئەمن هەروا لە نێوەڕاستی حەوشە چەقیبووم٠ گەیشتە پەنام، دەست دەیگەیشتێ٠ بەسرتە گوتی:

- ئەوە بۆ وا درەنگ هاتی؟! پێم وابوو هێلکەی لە قەلێ دەدزی، دەبوو پێش مانگ هەلاتن لێرە بی٠

گـوتـم :

- ئاغای تێرحەمرنەبوو، بەری نەدام٠ لە سەری شەوێ وە مەحتەلی کردووم٠

زلێخا گوتی:

- بە دووی من دا وەرە، وریابە خشەی پێت نەیە٠

ئەو رۆیی ، ئەمن بە دووی دا ٠ سەکۆیەك لە پەنا گیشە گوێنی یەك، دەرکەی نێو ماڵێ ، لێ نەدیو دەبوو، گەیشتە وێ راوەستا ٠

مانگ بە تەواوی دەرکەوتبوو٠ ولات زەردی دەنواند، مانگ کەت ببوو٠ لە کورتی یەی دابوو٠ بەلام ئێستا لە رووناکی نەکەوتبوو٠ ئەوجار بە چاکی زلێخام دەدی٠ کراسێکی سووری چیت قەرەچی لەبەر کردبوو٠ دەسماڵەکەی لاپێچ کردبوو٠ بەرمووریکی رەنگاورەنگی لە ملی‌دابوو٠ قاشی نێوەڕاستی بەرمووڕەکە دوڕوبایەك بوو دەوری بەزێو گیرابوو٠ قاشەکە لەبەر تیشکی زەردی مانگە شەو بەچاکی دەزرووقاوە٠

مەمکی حەیبە کوتەن هەر دەتگوت قەرە خرچەن٠ بەرمووڕکراسی داگرتبوو٠

مەمکی پتر دەرپەڕیبوو•

ئیدی ترس‌ومرسم لە بیر نەما • مام میرزا بە سەری تۆ بە حومری خۆم شتی وام نەدیبوو • بڕوابکە زۆر لە مانگەکە جوانتر بوو • ئەی بریا ئەوێ دەمێ مردبام • دەتگوت سێوی لاسوورە• نەمدەوێرا دەستی بۆ درێژکەم • دەمگوت نەوەك دڵی بشکێ• بۆنم لێدە کرد لە دووررا •بۆنی ئەوەندە خۆش‌بوو• شێت و شەیدای کردبووم•

بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- دەڵێی دەترسێی؟

گوتم:

- زڵەخا! رەنگە بە باشی نەمناسی، بڕوابکە لەوەتی هەم چاوم نەترساوە بە خولای بە خولای قەت ، قەت ، لەسەدسواری پشت ناکەمەوە• ئەوە ئەتۆی شێتت کردووم ماڵە بابم! قەت دەزانی چەندە جوانی؟

گوتی:

- لەوانە گەرێ، دەترسم دایکم وەخەبەر بێ، ئابڕووم دەبا، جێگاکەمان زۆر خراپە• وڵات روونا کە•

گوتم:

- ئەرێ بۆ نەچینە هۆدەکەی من؟

گوتی:

- سوێندێ دەخۆی دەستم بۆ نەهێنی؟

گوتم:

- ئەرێ وەڵڵا•

سەبرێکی رۆیشتم ، ئەویش دلاودڵ بە شوێنم داهات • لەبەر دەرکی هۆدـکەم ، شتێکم بەدڵی داهات، گەڕامەوە و گوتم:

- پچۆ سەنیرەکەت راکێشە و لێفەکەی بە سەردادە، وەخەبەریش بێن وە دەزانن خەوتووی•

سەری هەڵێنا و گوتی:

- ئەی فێڵەزان! چەندە حەیاری، شەیتان کەڵەکی وا نازانێ.

لەبەر دەرکەی راوەستام. تاوێکی پێچوو، بە دڵەکوتە هاتەوە، لێوەکانی دەلەرزین، خەریک بووین دەچووینە ژووریٚ، لە دەلاقەی دیوەکەی مـــن را، ئەگەر پشیلەیەك وزاقی خۆی دا و قەلامبازی بەسەر دا هاویشتین! هەردوو - کمان ترساین. لەوانەبوو زراومان بتۆقێ. زلێخا بەبێ ئیختیار خۆی لـــە باوەشی من هاویشت! ئاخ مام میرزا! ببوورە خەجاڵەتم، وەك هەر ئێستا بێ، لە ترسان چووین لە باوەشی یەکترەوە، دڵی وەهای دەکوتا، دەتکوت چۆلە - کەیە فرڕەی باڵی دێ.

ئای چ شەوێك بوو، هەروا بە باوەش بردمە ژووریٚ. گەڕامەوە حەوشـــە، جامێکم ئاوی سارد لە جەرەگڵە تازەکەم تێکرد و دامە دەستی. چۆڕێکی ئـا و خواردەوە. جامەکەی لە سەر رفحەی دانا.

گوتم:

- دەیجا فەرموو با دانیشین.

کەمێك دوور لە یەکتر لە سەر لبادێکی دار و گوڵ دانیشتین. زلێخا گوتی:

- چاك ترسام! لەوانەبوو یەك بە خۆم بقیژێنم، ئەو سندان کوشتووە بـــە کوێ داهات؟

گـــوتـم:

- بەو دەلاقەی دا دەرپەڕی.

مانگە شەو پڕ بە دەلاقەکە شۆقی دابووە ژووریٚ. بە ئانقەست زلێخـــام خستبووە لای رووناکی. دەتگوت سەرمایەتی، خەجلا بوو. مچورکی پێـــدا دەهات. دەلەرزی و کەمێك بە شەرمەوە چاوی لێدەکردم. بە تەواوی لێی گـەڕام بێتەوە سەرخۆ. یەك دوو جارم تەما کرد، دەستێکی بۆ باخڵی بـــەرم، نەموێرا، نازانم بۆ چی شەرمم لێدەکرد. زمانیشم لۆغە لۆغەی لێدرابـوو. لە حاستی بەسترا بوو. بە سەد زەحمەت گوتم:

ـ دەی زلّەخا ! ئەمن بەش بەحالّی خۆم وەك تای تەوەرداسیم، قسەکەی ببرینەوە، ئەگەر مێردم پێدەکەی بلّێ٠ کارێکی وادەکەم بابیشت رازی بێ٠ پەلّپ و بیانووشی هەبێ بە جێی دێنم٠ هەر نە بێ خدر ئاغای بە گژ دادەکەم٠ ئەویش نەیکا، دیسان ئەتۆ لە سەر قسەی خۆت بی، ڕێگای دەمێنێ٠ لەگەلّم بێی بە بێ ئەوەی ئەوشۆ ئەوشۆی لێ بکەم هەلّت دەگرم٠ دەچینە ولاتێکی دیکە٠ هەزار کچ ڕەدوو کەوتووە، دنیاش بە قوڕ نەگیراوە٠ ئەوەش بزانە پیاوێکی دەستەوستان و دەست وپێ سپیلکەنیم ٠ وامەزانە هەر دزی وجیزیم کردووە بە خولای دەس دەمە مەلّەغانی ، قەرە قۆلّی دەپسێنم ، دەس دەمە داسی هەتا خەلّك سوالّەیەکی هەلّدەبڕێ ، باقەیەکی دەبەستم٠نا هێلّم گەردت لێ بنیشێ٠ شەرتە نەهێلّم با دەرکت لێ بکاتەوە، وات بەرێدەبەم سەد لە مالّە بابت بە ڕەحەتتر بی٠

زلّەخا ، بە مینگە مینگ لەبن لێویەوە دەستی پێکرد :

ـ ڕەشید ، چاکت دەناسم، بەلام هەوەلّی ڕۆژێ قسەی خۆم بکەم باشترە ئەمنیش ئەوەندە قوونلێکەوتوو نیم، لە پاڕووەنانێکی ئەندێشێ بکەم ٠ دەست دەمێ بە ژنەتی خۆم کاروکرگاری قووت دەدەم٠ ڕەشید ! دووشەرتم هەیە، رازی بووی قسەم نیە، بژیم هی تۆم، بمرم هی گلّی٠ دەنانا وەك پیاوێکی پیاو، بەردێکی لە سەر دانێ و لە خەونیش داباسی من مەکە٠ئەگەر بە پیاویشم نەزانیبای ئاوابەو نیوە شەوە ، لێرە نەدەبووم ٠ قسەکەمان دەبرینەوە، پێت خۆش بوو چاوێکم ، پێت خۆش نەبوو هەردووك چاوم٠لەو شۆڕا یا هەتاهەتایە ئی تۆم، یا وەك باب و برای خۆم چاوت لێدەکەم٠ئەوەش بزانە کچەتیوەیەك نیم، حەیای خۆشم هێندی دنیایەکی دەوێ٠

گوتم:

ـ شەرتەکانت بلێ !

گوتی :

ـ یەکیان ئەوەیە دەبێ دزیە وەلانێی ، وەك ئەو حەشیمەتەی خولای سەر

بە سەری یەکەوە دەنێین، لە کەمیکەم ولە زۆری زۆر ٠ بەلاّ لە درۆیە دا ،بە بە خولاّی کوڕی قەراڵی فەرەنگ بێ ، دزی بکەی شووت پێ ناکەم٠ جا توخولاّکەی ئەو حەمەلە چیە ڕەچاوت کردووە٠ جا حەیف نیە پیاوی وەکی تۆ لاوچاك ئەوەی بکا ٠ خۆ نانت بە سەر سێڵێ وە نەسووتاوە، پەلە مەکە ، قەراربێ هەموو ساڵێ لە تۆ پتربێنمەوە٠ چ زۆرە بێرەدۆشی ، نانکەری سەپانی نیسك و نۆکان ، ئەمن کارم پێ حەیب نیە٠لێی ناپرینگێمەوە٠حەزێ دەکەی هەر لە ماڵێ مەیەدەرێ، بۆ درۆ و راستیان ساڵێکی تاقیم کەوە٠

گوتم:

- ئەمن پەلەی دەوڵەمەندی یەم نیە٠ باوەڕم پێ بکە٠ خدر ئاغا ، بە زۆری دزیم پێدەکا ، ئەوساڵم لێگەڕێ، هاتوو شەرتم پەڕی، دزی بکەم گەوادی شەرعیم٠ کچێ ئەوانە چ نین، شەرتمان ئەوەبێ بە بێ تۆ قاملە دە ئاوێ نەنێم ٠ هەر چی دەتەوێ وا دەکەم٠ ئەوەش بزانە مەگەر ئەمن بمرم ئەتۆ کاری خەڵك بکەی٠ شەرتە ئاوی حەیاتێت بوێ،ڕوحی بنیادەمت بوێ، دەست و بەجێ بۆت حازرکەم، سەرم دەکەمە پردەبازی رێگات ٠ پشتی من و داری تۆ ٠ هەر ئەو ساڵ مۆڵەتم بدە، با ئاغا بابم بە سۆنگەی منەوە عەزیەت نەکا ، شەرتم پەڕاند هەر چۆنێکت ویست وادەکەین، شەرتەکەی دیکەشت مەلێ ٠ لە سەر ئەو دەستە جوانانەت تۆبەی دادەدەم٠ موسوڵمان دەبم٠ بە خولاّی زلّەخا ! دڵت نەرم بێ قامکێکی تۆ بە خەراجاتی دنیایە نادەم٠ هەزاری وەك کچی شای دەکەمە کلفەتی کەوشەکانت ٠ ڕەشیدت دەبەر ئەو قاشی چاو و برۆی مرێ٠ دەستم رادەگرم بە سەریدا بڕۆی٠ هەر چاوی تۆم لێ دیار بێ وەدەزانم خولا خەنی کردووم٠ ئیدی شەرت و قەراری ناوێ، هەر لەئێستارا لە تۆ بەدەرحەلاڵی دنیایەم لێ حەرام بێ٠

سەری هەڵێنا ، گەردنی دەتگوت کێلە، لێوی دەلەرزی، ڕەنگی پەڕیبوو :

- ڕەشید ، شتێکی دیش هەیە دەبێ پێت بڵێم! سوێندێ دەخۆی بەکەس نەڵێی ؟



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

گــوتم:

- ئەی کچێ ئەوە دەڵێی چی !بۆ رەشیدی قوربەسەر ماوە هەتا سوێنــــد ت بۆ بخوا • هەر چی دەتەوێ و هەر چۆنێك پێت خۆشە • وەرە زلەخا تۆ ئــــە و خولایەی لە ژووری سەری یە، تۆ ئەو جوانی یەت، یا خەنجەرێکم بـــــــە و خەنجەرەی خۆم لە سەر دڵی دە، یا چیدیکە دیقم پێ مەکە • کچێ مردم! دەبڵێ بەڵێ و هێندەی لێ مەکۆڵەوە •

زلەخا ، مات بوو ، پێم وابوو دڵی نەرم بووە ، سەری داخستبوو ، چاوەڕێی ئەوە بووم بڵێ بنێرە سەرم، یا شتێکی وا ، ئەی دایك و بابم رازی بــــــن دەیکەم• هەر وا چاوەڕێی ئەو مزگێنی یە چاوم لە دمی بوو ، دڵم زرمە زرم لێی دەدا ، لە نەکاو دیتم فرمێسکەکانی وەك بارێزەی بارانێ بە رووومەتـــــی دا دێنە خوار • مەمکی وەك لە داوەتێ دابێ هەڵدەبەزیەوە• سەر شانی ورد ورد دەلەرزی• ئەنیسکی هەر دەهات و توندتر دەبوون• وەك شینگای تاقەبــــرا ی بکا • گریان بەری ئەوکی گرتبوو • تفی بۆ قووت نەدەدرا • لووشمە لووشمــــی دەهات سەری بە ئەنیسکانەوە هەڵدەقەندرا •

زگم پێی دەسووتا • نەمدەزانی لەبەر چی دەگری• کەسی وا دڵناسکـــــم نەدیبوو • کەمێکی لێ چوومە پێشێ• دەستێکم لە سەر شانی دانا ، خــــۆ ی نەکێشاوە! دەنگی نەدام، کەمێکیش ئەهوەن بووەوە • خۆم لێدا باری جەفەنــــگ بــــە پــێکەنینەوە پێم گوت :

- مەگری خاترجەم بە ژنت بە سەر ناهێنم، مەگەر زۆر بەدفەڕی یە بکەی ، دەنا قەت لێشت نادەم، ئەرێ بۆ بووی بە خاتووزمەهەریر ، ئەو گەرمەشینــــە ت لە چیە؟ نایکەی ، مەیکە! خۆ کەس حوکمی لێ نەکردووی• بەو قسانـــــــە برێك باشتر بوو ، دیسان ماوەیەك دڵخۆشیم داوە، هەرچی قسەی قۆڕوگاڵتە ی دەمزانی بۆم هەڵڕشت• بە سوێندانیشەوە شین و رەش بوومەوە، کە بــــڕوا م پێ بکا ئەوەی دەیڵێم دەشی کەم• هەر چۆنێك بوو وە قسەم هێنا ، بــــــــــە دەنگێکی نووساو لەبەر لێویەوە گوتی :

- ڕەشید! ئەدی ئەگەر حەیبم هەبێ چی؟! دیسان پێم قایل دەبی؟!

گــوتم:

- ئەرێ وەڵڵاهی، گول بی، شارەودەرت کەن، بە دووت دا دێم.

- گول نیم، حەلەمیشم لێ نیە. ئەدی حەیبی دی؟ قسە وباســـم بــە دوەوەبێ؟

- لەوانە گەڕێ بە هەموو حەیبانەوە، دەمەوێی ، سەد قەلیشت لە ســـەر هەڵفرێبێ.

- ڕەشید! لە پیاوێتێت رابینم! لە لای کەس باسم ناکەی؟ ئەگـــــەر نەتەویستم باسم ناکەی ؟

- جا چۆن نامەوێی ! ئەو فینگە فینگەت هی ئەوەیە!

دوو جاری بەشەرمەوە چاو لێکرد م، چاوەکانی هەروا پڕبوون لە ئـــــاو یەکناگا ، لە کلپەی گریانی دا ، بەبێ وازی، و لێ قەوماوی یەوە، خـــۆ ی لە باو شم هاویشت.

سینگی گەرم گەرم بوو. وەك شەو تێیی گرتبێ. چەشنی تەندوور دابیسا. بۆنی خۆشی پرچە تازە شۆراوەکانی بەبەر لووتم داهات. گێژ و ویـــــژ ی کردم. لەوانە بوو شێت بم. دەستم دەلەرزی. دلم دەیکوتا ، پشووم سواربوو. سەرم لە گێژەوە دەهات. نەمدەزانی چ بکەم. دلم نەبوو دەستی بۆ بەرم. لـــە باوەشمدا بە تەواوی شل ببۆ وە. سەر سینگم بە فرمێسکەکانی خاو ببـــوو. دەلەرزی ، ڕێك دەهات، قسەیەکی دەهاتە سەر زمانی و نەیدەگوت. دلاودڵ - بوو. بە گریانەوە،لەبەر لێویەوە نالاندی:

- وەرە تۆبی ئەو خولایەی لە ژووری سەریە بمکووژە. ئەگەر خۆشت دەوێم، بمکووژە و نەجاتم دە. ڕەشید! غیرەتت سەگ بیخوا ئەگەر نەمکووژی، ڕەشید ئەمن قابیل بە تۆ نیم. دۆڕاندوومە، ئەمن کچ نیم!

مام میرزا برالە گیان لە سالان و لە مانگان جارێکی میوانی من بووی ، ئەویش بەو فلتە فلتە مێشکی سەرم بردی، بەس نیە؟ فایدەی چیە. کـــــای

کۆن بە با کردن.

میـرزا :

- رەشید ! دەتەوێ ئەزیەتم کەی! قەت بە سەر هاتی ئاوا خۆشم نەبیستووە تکا دەکەم، هەرچی لە بیرت ماوە بۆم بگێرەوە.

رەشید :

وەڵڵاهی قوربان ئەوبە شەی چارە نووسی خۆم و زلەخایە بوو، وەك رۆژی - رووناك هەروا لەبەر چاومە، زلەخا هەموو کەسی من بوو، ئەوەشت پێ بڵێم! تەنیا کەسێکی ئەو بەسەرهاتەی بە تەواوی گوێ لێبووە، ئەتۆی، لە مێژە وەك مار لە سەر سینگم پاپووکەی خواردۆتەوە. کەسی وام وەگیر نەدەکەوت قسەی دڵمی پێ بڵێم و گەپم پێ نەدا و بە سووکیم چاو لێ نەکا. هەر چەندی قسەت بۆ دەکەم، بارم سووك دەبێ و دەردم کەم دەکا. دایم لە کەسێکی دەگەڕام تێم بگا. کاکە ئەمن خراپ بووم، لەسەگ خراتر بووم بەلام وەڵڵاهی لە خۆڕا هار نەبووم، کورە زوڵم، زۆری، ناپیاوی، غەدر پەڕیوەی کێو و شاخی کردم. بە خولای ئەوەی بەسەر من هاتووە، بەسەر ئەو کێوانە هاتبا دەڕووخان.

سیغارێکی لە قوتووە ژەنگاوی یەکەی هەڵدەپێچێ، دایدەگیرسێنێ. دەنگی خەمناك و خەمبارە. جارجار هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ. ئاکاری، گوفت و لفتی سەرپاك پەژیوانی و حەسرەتی لێدەبارێ. وەك قومار بازێك، قومار بازێکی دۆڕاو کە دارونەداری لە قوماری گەورەی ژیان دۆڕاندبێ. هەناسەکانی، خۆڕاوەشاندنی و قامك شکاندنەوەی، هەر یەکەی حەکایەتی هەزارناکامی و کۆست کەوتوویین.

میرزا، دڵی بۆی دەسووتێ، کەوتۆتە ناخی مەسەلەکەوە، بە چاوی گوناهبارێك، بە چاوی چەتەیەك چاوی لێ ناکا. دەزانێ هێندی قورسایی کێوێك دەردی لە سەرە. وەك هاواڵێکی دڵسۆز گوێی بۆ رادەگرێ. هەر چاوەڕێی هەلێکە وەقسەی بێنێتەوە. زۆریشی بۆ ناهێنێ.

تاو بە تەواوی پەڕیوە• بەحاڵ زەردەیەك لە لای ڕۆژ ئاوا لە چاو دەدا • وەك كفنێكی كۆن ، زەرد و كەم ڕەنگە• بەسەرهاتی ڕەشید ئێوارەی پایـــزی سەد هێندە خەمباركردووە، هاشەی باو جوو لانەوەی لك و پۆپی دووری دارە - كان، بێدەنگی ڕەشید پتر وەدەر دەخا • ڕەشید، دەردو خەم، جحێڵی لە دەس چوو و پیری شانداگرتوو، دەرد و دەرد و دەردەكانی دی وێڕای یەك هەست دەكا ئەو وەختانەی لە لای زڵەخا ، ڕای بوواردووە، بەهاری جوانی، هەرەتـــــی كامرانی• بە ئاكام نەگەیشتن ، قاچاخی، ڕێگری، دزی، تەركەوەتەنـــــی، بەرسیایەتی ، جینایەت ، پیاوكوشتن، لە ئاخری دا ، تەنیایی ، پیـــری ، بێكەسی، چۆلپەرستی، ئاشەوانی••••

ڕەشید ، وەها چووە لە گێژاوی ژیانی پڕ كارەسات و چەرمەسەری، بەلاو قۆرتەكان لە سەریەك بە تەنیشتی دا هاشەیان دێ • یادی شنەی بەهـاری لاوی و ڕەشبای پایزی پیری مچوركی پێدا دێنن وزیپكەی پێدەكەن، چەقوچۆیـــان خستۆتە لەشی • قۆڵی شۆڕ بوونەوە، جگەرەی نێوقامكی نیوەسووت كووزا - وەتەوە• ئەوەندە بێدەنگە وەك بە یەگجاری دەنگی دەنگدابێ و جوابی كردبێ •

سێ چوار تاجیلۆكەی ورد، پنجێك بابڕدەڵەی قرچی ویشك بـــــە - دەوروپشتیان دا ، یەخسیری دەستی بای پایـیزن• لە پەنایان جوولەیان دێ و جارجار بۆ ماوەیەكی كەم دەگێرسێنەوە•

میرزا ، حاڵەتی ڕەشید هەست دەكا • دەزانێ دەبێ چۆنی ببزێوێ• فكری ، بیری ڕەشید دەخوێنێتەوە، زۆربە ئارامی و لێو بە پێكەنین دەڵێ :

- ڕەشید !

- بەڵێ قوربان!

- دەكرێ گوێم بۆ ڕاگری؟

- دڵم لێ یە قوربان!

- مام ڕەشید ئەو بابڕدەڵەیەت دیوە، سێ چوار سەعاتە بە دەوروبەرماندا دەجووڵێتەوە؟ دەزانی بەهارانە، وەختێك شینەچی پێدەڵێن؟

ـ بەڵێ میرزا ! ئەو بـابڕدەڵەیە، بە شینی نێوی گیا ئەسپۆنەیە •

ـ بەڵێ راستە، گیا ئەسپۆنە، بەهارانە شین و گەشە• شریخە و هـــۆڕی هەوری بەهار، بارانەی بە رەحمەت،ڕۆژ بەرۆژ گەشتر و سەر سەوزتری دەکـا ، پەسا پەسا گەڵای پان و تورت دەبێ• ریشەی بڵاو دەبێ و پنجی گەشی خـــڕ هەڵدەدا • زریان ئەو نازکێشی کۆنی نازدارانی ناز شێواو، زۆربەی رۆژان لـە بەرەبەیانێکی تەروپڕ لەجوانی دا ، چاوی خەوالێووی لە خەوی نازی بەربەیـان بە ئەسپایی رادەپەڕێنێ•

ئەو گیا ئەسپۆنە رۆژگارێکی بە هەوای سووکی کوێستان پەروەردە بووە ، پنجی داکوتاوە ، لەگەڵ گوڵ و گیای بەهار پەنجە بازی کردووە• ئەو وەخـــت ئەو گـــیایە بۆ خۆی بەهاربوو، بەهاری پێدەڕازاوە•

بەڵام ئێستە چی ! بـــابڕدەڵەیەکی سڕی بێ ناز، قرچ و ویشك، سووك و پەلەپووش، بێ بایەخ و بەرەڵڵا• شەماڵی شەوگەڕ، بێ بەزەیی، لــــە رەگ و ریشەی خۆی جیا کردەوە، ئاوارەی خڕ و شیو و دۆڵ و دەرانی کرد•ئەوەنـــدە سووك بوو شوێن و جێ پێی تەنانەت لە سەر خۆڵی وەریوی بن کەندال وەبەرچاو نەدەهات• گەلا ویشك ولوولەکانی بە هەر شنەبا و گزە بایەك سریوەیەکـــی ویشك و وردی لێهات تا رادەیەك کە ئیدی گەلایەك بە قالۆری ویشـــــك و بێ گیانیەوە نەما• رووت و ئاوەڕووت کرا، ئەوەندەی سووکایەتی پێکرا هەتا سووك بوو• بوو بەو پنجە رووتەڵەیە، ئەوەتا دەیبینی• چی لێ نەماوەتەوە ، بەڵام کاری خۆی کردووە• وەختێك گێژەلووکە و شەماڵ و باسەر، گێژیـــــان پێدەد ا، دەیان سووڕاند و دەیانتەکاند• کاتێك بە کەلێن و قوژبن و پەنـــاو پەسێوان دا دەکرا، تۆوی دەچاند، تۆوەکانی دەخستە سەر زەوی• ئەو تۆوانەی کە رۆژێك بە سۆزی زریان خڕ و پڕ ببوون•

با، نەیتوانی لە کەلکی بخا، زەمان هێـزی نەبوو لە هێزی خا ، گەرمـا نەیتوانی بیتوێنێتەوە•

هەموو گیانلەبەرێك ئەو قۆناخانەی هەیە• هەر بەهارێك پایزێکی لــــە

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

شوێنە • ئەمن ، ئەتۆ ، ئەوانی تر ، ئەو ڕێگایەمان لە پێشە •

دەردمان یەکە ، دەرمانمان یەکە • هەر کەسەی بە پووتی خۆی وبەکیلەی خۆی • مام ڕەشید! درەنگ نیە • ئێستاش دەتوانی هەڵەوپەڵەی رابردووت هەڵگریەوە • ئەمن پیاوەتی تۆلە ئاکارەکانی رابردووت بەرزتر دەبینم • ئەتۆ گەورەی! تەنگ و چەڵەمەی ژیان ، هێزێکی تایبەتی داوە بەتۆ ، بەبێ ئەوەی بۆ خۆت ئاگات لێ بێ پوختە و کارامە بووی • دەس دەیە • لەو ڕۆژرا زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە قازانجە • بە دنیایەك تەجرەبەوە • دەتوانی بە کردەوەی باش ، پەڵەرەشەکانی رابردووت پاك کەیەوە • دەروونت خاوێنە • ئەمن تەواوێك هومێد و هیوام بە تۆیە • تکا دەکەم سەرگوزەشتەکەت تەواوکە ، ئێمە دەتوانین پێکەوە دۆست و برادەر بین • خولاش دەرکی تۆبەی ئاوەلا هێشتۆتەوە •

ڕەشید سەری هەڵێنا • سیغارێکی هەڵپێچاو دایگیراند • چاوێکی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی لە میرزا کرد • سەری داخستەوە •

تا ئێستە کەس ئەو قسانەی بە ڕەشید نەکوتووە • هومێدێك لە دڵی دا ریشە دادەکوتێ • میرزا دڵی بردووە • ڕەشید ، جاران پێی وابوو پردەکانی پشت سەری بۆ هەمیشە تێك دراون ، تازە ڕێی گەڕانەوەی نیە • بەلام میرزا ، زیندووی کردۆتەوە • پیاوێکی دیکەیە ، بە هەویایەکی گەورەوە • بەدڵی دادێ : شەرتە میرزا! • وەك سەگی ئەسحابان لە دەرکت بکەوم • شەرتە ژیانی لەوەو دوام ، ئەوەبێ کە تۆ بۆم دیاری دەکەی • • •

شوێنەواری رازی بوون لە روخساری ڕەشید وەدەر کەوتووە • دڵنیایە ، تەخت دانیشتۆتە سەر ئەرز • خۆی بە غەریب و نامۆ نازانێ • ڕەشیدێکی دیکەیە ، بە بیرێکی نوێ وە ، وە دەزانێ تازە لە دایکی خۆی بووە •

وردە وردە شەوبە سەردەستان داهات • ڕەشید راستەوە بوو • چۆوە ژووری ئاشەکە • لێفە و سەنیرەکەی هەڵوێزنی ، لە سەر سەکۆکە کردیە پاڵەو پشت • چۆلە چرای هەڵکرد • ڕووناکی یەکی کز ، بێ شۆق و مەیلەوزەرد ئاشە-

کەی داگرت٠

میرزا ، هاتەوە ژووریٚ ، لە سەر لبادەکە نویٚژی شێوانی دابەست ٠ هەتــا سڵاوی نویٚژی داوە، رەشید یەكوچان لە بەژن و با لای فکری٠ جار لەگەڵ جــار پتری خۆش دەویست ٠

میرزا ، ئانیشکی خستۆتە سەر پاڵەوپشتەکە٠ لەبەر لێویەوە خەریکـــی دوعا خوێندنە٠ چۆڵەچرا جارجار پرتەیەکی دەکا ٠

میرزا ، سەری هەڵێنا وگوتی :

- هەڵکشیٚ مام رەشید! راست دانیشە٠

رەشیـــد :

- قوربان جێگاکەم باشە، بادەستم بگاتە ئەو چرایە ٠ چۆڵە چرا دەبیٚ یەکێك هەر تێی وەژێنیٚ٠ دیوەخانی رەشید هەر ئەوەی قابیلە٠ ئەوە هەر دە مگـــوت راسپێرم لەنتەرییەکم لە شاری بۆ بکڕن، بە خولای جاریٚ کەسی وا وریـــام وەگیرنەکەوتووە٠

مام میرزا! هەر دەمایەکی برسیت بوو، تینووت بوو، ئارەزووی شەو - چەلەت کرد، خەوت هات، دەنگیٚ بکە، لە خزمەتت دام٠

مەش فەرموو نیەتی، لە سایەی سەری تۆوە، هەموو شتێکم هەیە٠یانـــی واش نەبیٚ بەریٚ ناچم، قرم دیٚ ، جاری وایە رووی دوو، سیٚ مانگان کرێوە و باکوت ریٚ و بانان دەبەستیٚ٠بەنا شکوری نەبیٚ وەك گولی دوورا وایـــە، چ هاودەنگی و جیرانێکم نیە٠

- باشە مام رەشید! هەرچی بمەویٚ دەنگی دەکەم، ئەوەندەت کەبـــا ب دەرخوارد داوم بەشی دوو رۆژانم دەکا ، ئەگەرچی دەڵێن" زگ تێشووی هەڵنا - گریٚ" هێندەش زۆر خۆرنیم٠ برالە نەقلەکەم لە بیر مەبەوە!٠

-بەلیٚ قوربان!٠ بەو قسەیەی زلەخا وەك بەردم بە کەللەی دادەن،گێـــژ و وێژ بووم٠ زلەخا هەروا لە باوەشم دا دەکولی، دەگریا و دەیباراند٠ خێـــرا خێرادەیگوت :

ـ ئەگەر خۆشت دەویـّم بمکووژە، بمکووژە، با وەحەسێم، بــــا ئـــەو پەرۆشینەم لە سەر شانی لاچێ. رەشید! ئەوە بوو پیاوەتی تۆ؟ لەسەرچـــی راوەستاوی، بۆ نامکووژی؟

وەك منداڵ گرنە لە دایکی بگرێ، چنگ و نینۆکی بە باسکم دادەگـــرت و سەری بە گریانەوە رەسینگم دەخشاند.

زۆرم تانووت لە خۆمدا، قەوەم داخۆم، دەمەویست وەك شێفەلەتە بەقەدی دیواری دادەم، تفی لەرووکەم، لە هۆدەکەمی وەدەرنێم، ورد و خاش بیهاوێمە پێش سەیان. نەمتوانی، تەنانەت تاقەتی ئەوەم نەبوو لێی بپرسم، بۆ ئەو پەندەت بە سەرهات؟ کەنگێ؟ کێ هەڵیفریواندی؟ بۆ؟ لە کوێ؟

بەبێ ئیختیار، دەستم بەسەر و پرچی داکێشا، لاواندمەوە، دڵخۆشیم داوە. دڵنەوازیم کرد.

لەوەی بەدەر لە توانامدا نەبوو. میرزا! ئاخر نەمدەتوانی، نەمدەتوانی! چم کردبا؟ تەواوی دڵخۆشی یەکەم زلەخا بوو. کێ بە هیندی دەگرتم؟ کێ بە ئاوەدانی دەزانیم؟....

لە دڵدا بەخشی بووم. دڵی ئەوەم نەبوو لێی بێشێ. هێندەم دەست بـــە سەری داهێنا و بۆنم پێوە کرد، ژیرم کردەوە. وەك ئاسکی ماندوو دەباوەشی گەرمم دا ئەهۆن بوەوە. دڵەکوتە و ترس و شەرمی بەسەرچوو. هەستم دەکـــرد دەباوەشمدا حەساوەتەوە. سەبرێکی سەری لە سینگم کردەوە و گوتی:

ـ رەشید! لە گوناهم دەبووری؟!

گـــوتـــم:

ـ ئـــەرێ.

گوتـــی:

دەزانم زۆرت خۆش دەویـّم، بەڵام پێم وانەبوو ئاواش ئەمنت بوێ! رەشید! ئەگەر ناتەوێم پیاوەتیت هەبێ بمکووژە، دەنا باسم مەکە! رەشیـــــــد! دەمخوازی؟! پێم رازی دەبی؟

گـوتـم:

ـ قسەی تێدا نیە٠

سەری خستە سەر پێم،دەستی وەرێنا بەلەکانم٠ بە خەجاڵەتی یەوە ـ نالاندی :

ـ قەرەواشیت دەکەم٠ تۆبەت لە سەر دەستی دەکەم، هەر دەمێکی بوومە حەلاڵی تۆ ، لە سەررا هەمووت بۆ دەگێڕمەوە، ئەودەمیش پێت وابوو ، خەتابارم ، سێ بەردە و ماڵی فەقیری٠

رەشید! ئابرووم دەکریەوە٠ زیندووم دەکەیەوە٠ بەرمنەتت دەبم، قوڕاوی کەوشەکانت دەخۆمەوە٠ بەری پێت ماچ دەکەم٠

رەشید! بەو قورئانەی مێردی ئازای لێدەگەڕێتەوە، خەتام نەبوو،مندال بووم٠ هەڵی فریواندم، ئاقڵم پێ نەشکا٠ هەتا ئێستا ئەو هەموو داواکارەم بووە، لە هیچانم رانەدی، لە تۆ نەبێ، هەر لەهەوەڵەوە جوابم دەکردن،دەمەویست قەت قەت مێردی نەکەم٠ چت لێ بشارمەوە لە مێژە خۆشم دەویێی دەمزانی ئەتۆ یادەمگووژی یا دەمبەخشی، ئێستەش سەرپشك بە، لە مردن ناترسم، لە ئابڕوو چوون تۆقیوم٠ رەشید! ئاخر ئەمنیش دلم هەیە، جاری زۆر٠٠٠

قسەی پێ نەکرا ، باوەشی لە لاقم توند کرد، دەستی کردەوە بە گریان لەسەر لاقم هەڵپچڕی، بە زۆری سەرم پێ هەڵێنا ، بە بزەوە گوتم:

ـ خاترجەم بە! دنیا بە پەندی سیام هەڵێنێ، لە تۆ بەدەر نامەوێ ، واش مەزانە هەرگیز ئەوەت بە چاوی دادەمەوە، لەگوڵێت کاڵتر پێ ناڵێم٠ لە سەر دەستانت رادەگرم، مەگەر نەتدەن٠ سوێندت بۆ دەخۆم دز بەش وەلا نێم، هەرنەبێ لەو ولاتەی هەڵدێین، لە چنگ خدر ئاغای خۆ رزگار دەکەم٠ هەر جێ یەکی پێت خۆش بێ دەچینە ئەوێ٠ ماڵێکی گەرم و گوڕ ساز دەکەین، بێ کەم و کووڕی ، چت بوێ وادەکەم!

کەڵەبابی بەیانی قووقەی دەهات٠ زلەخا بەوقسانەی من ژیر دەبووەوە٠

هیچمان نەمانزانیبوو شەو چۆن رابردووە.

زلّەخا ، هەستاپێ ، وەك خەرمانەی گوڵان. ئاخ نەمدەویست لێی جیـــا ببمەوە، پێم خۆش بوو شەو هێندی ساڵێك با.

چاوێکی پڕلە خۆشەویستی لێکردم و گوتی:

- سبەینێ هەر بۆ خۆت خوازبێنی لە دایکم بکە. بزانە تامی زاری دایك و بابم چیە. بۆ خۆشم بە دایکم دەڵێم. رازی بوون ئەوە هیچ ، رازی نەبوون لەگەڵت دێم، بۆ هەر جێ بەکی دەتەوێ. رەشید شەرتت شەرتی پیاوان بێ!.

هەستامە پێ بە رێی کەم ، بستێك لە من کەڵەگەتتر بوو. چاوی هێندەی دی خومار ببوون، بەشەرمەوە چاوی لێدەکردم، وەك پێم قەرزداربێ. بە ئاشکرایی چاوی لە چاوم دەدزیەوە. بە جارێك رووم لێی کرابوەوە. سەبرێکی گوتم:

زلّەخا گیان! هەروا بەساردی لێك هەڵبڕێین!؟ ئاوا سووك و هاسان!. سەری داخست ، مەزلووم ترم دەهاتە بەر چاو. بە دڵم داهات لەودوایی ـ یەدا لە ئامێزی گرم، هەرچی کردم و کراندم، دڵم نەهات . وەك شتێك لـــە حاستم شل ببووەوە. مەکەی نەمابوو ، بە بێ وازی گوتی:

- کەیفی خۆتە. ئەدی شەرتەکەت چی لێهات، قەرار نەبوو...

گـــوتم:

- راست دەکەی! بـە خولام ئەسپاردی .

وەك نیسێ بە کەلێنی دەرکەدا وەدەرکەوت، بێ چرپەوبێدەنگ. وڵات بـــە تەواوی سپی هەڵگەڕابوو. پاساری لە کەلێن و کاژێری بەردان وەدەر دەکەوتن و هەڵدەفڕین.

لەکم زلّەخا ، گەیبووەوە هۆدەکەی خۆی. سەبرێکی لە حەوشە چوومە دەرێ خەو و ماندوویی لە لەشم دانەبوو. بە فیتوو لێدان چوومە سەر کانی یـــە . یەك دوو شڵپـم ئاو بە سەر و چاوم دا هەڵپرژاند. دوورا و دوور بابم دیت ، لە نوێژێ دەگەڕاوە. سەرم داخست. بەلای بەرەوە دا ، دەورێکی دێ گەڕام.



کوردیکا @kurdica

فیتووی شوانی وردەماڵ لە قەراخ دێی را دەهات ، گاوان هەرای دەکرد " کاران رۆیی " سەگەل چەق ولووریان بوو، نێو ماڵەکان تاك ولۆ دووکەڵیان لە سەر هەڵدەستا ٠ زگم لە برسان قۆرەی دەهات٠

رۆیشتمەوە ماڵی ئاغا ٠ پیاوەکان وەجووڵە جووڵ کەوتبوون٠ یەك مانگای سەردەدا ، یەك گوێلکی تێبەردەدا ٠ گوێلکە ساوایەك بە حەساری تەویلەی دا غارغارێنی دەکرد٠

* * *

لای ئێوارە، یاری یاری خۆم گەیاندە کوێخا ژن٠ پڕی قەرتاڵەیەکی خوری شۆراوە لە پێش خۆی دانابوو٠ لە سەر سەکۆی شەوێ خوری دەپشکنیەوە٠خۆم فەقیر و بە حەدەب کرد ٠ سڵاوێکی خۆماڵیم لەبەر دمی بە عەرزی دادا٠ سەری هەڵێنا و ئاخێزێکی لەبەر کردم و گوتی:

- ماندوو نەبی رەشید! چۆنی ، چاکی ، بێ مزەڕەتی شکور! دەرۆنیشە رۆنیشە! ماڵتە ئەوە بۆ دەڵێی چرای ئێمەت دزیوە، بە خولای ئەمنیش و کوێخاش لەگەڵ کوڕەکان فەرقت ناکەین، رۆڵەم لەوبستە رێ یەی هەر سەر - ئاسۆمان ناکەی، زەوادمان نابڕی٠ ئاخر کوڕی من خۆ وا نابێ، نانێك ، ئاوێك ، چۆڕەدۆیەك، خۆ دەزانم ئەلحەمیلا ئاغا باڵی بە سەر کێشاوی و کەم وکوڕیت نیە٠ بەلام ئێرەش ماڵە خۆتە٠ ئەمن دەستەخوشکی مندالی دایکتم، بە لای خۆیەوە خۆم بە پووری تۆ دەزانم٠ بادایی و بابت ئەلحەان لێت قەڵس بن٠ پاشان چی، ئەمن خەجاڵەتی دایکت مەکە٠ هێندەش بە ئیفادە مەبە، جارێکیش سەر لەو ماڵەی نێ٠لێت کەمنابێتەوە٠ ئەدی رۆڵە گیان٠! ئەوە هەر دەمگوت دەیبینم و پێی دەڵێم، شیوێك ، کولێك ، حاجەتێك٠

لەو بەینەدا زڵەخا جارێکی خۆی نیشان دام، ئەوەندە بە دەماخ بوو هەر درینگەی دەهات ٠ خۆی لە تەپڵی گولێ دابوو٠ بۆنی مێخەك بەندی گەرەك بە گەرەك دەرۆیی٠ لکی قۆڵچاخەکانی هاویتبوە پشت ملی٠ بە قۆڵی پڕلە

بازنەوە دوو جاری دەست بۆ لە سەر چاوی دانام. بەدزی کوێخا ژن دەستێکــم بۆ لەسەر سەرم دانا . کوێخا ژن سەری داخستبوو، لە بەرەوە خوری دەپشکنیە ـ وە و قسەی لەگەڵ دەکردم. لە تاوی زلەخا نەمدەزانی دەڵێ چی . هەر چەنــد لە دڵدا برێکی لێ تووڕە بووم. بەڵام میرزا، چت لێ وەشێرم بێشکی خوڵای هەر ئەوەندە بوو دڵم بۆی نەدەتۆقی . گیان لە جێ یەکی سەختە و نایەتەدەر . حەیبەکانیم نەدەدی. فکری دوارۆژم نەدەکردەوە، لە حاست زلەخا سەروماڵــم هی خۆم نەبوو، ئای چ جوانێك، ئای چ خان و مانێك" ماڵەبابم ئای لـــە و خەڵەو خرمانە" لەت و کوت گوێم لە قسەی کوێخا ژن دەبوو . دڵخۆشـــــی دەدامەوە . دڵسۆزی بۆ دەکردم. دەیەویست نامۆیی نەکەم، هەرچی بمـــەو ێ بە تێرادیوی داوا بکەم. ئەو من وتۆیەی وەلانێم.

زلەخا، وزاقی خۆی دا، ڕۆیشتەوە نێوماڵێ، وەك بۆ داری پچێ . وەهـا م دەست و پێ لێ ون بوو، خەریك بووم هاوارێ بکەم، هەڵم کوتا سەر قسەکانی کوێخا ژن و گوتم:

ـ دادەخەجێ! ئێوە لە دایك و بابی خۆم فەرزترن. کوڕەکان کوڕن ئـەمــن نۆکەرم. دەمەوێ شتێکت عەرزکەم!جا نازانم بوێرم یا نەنا ؟ دەستی بـــە خوری یەکەیەوە شل بوو، سەری هەڵێنا و بزەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ دەمزانی شتێکت بە دەمەوەیە، ئاوە ڕێگات هەتلەکردووە . دەی باشـــە ڕۆڵەم بڵێ! ئەمنیش وەك دایکی خۆت، دەی دەی کوڕانم. هەرچی دەتـــەوێ داوا بکە.

مام میرزا! بەو سەرە شیرنەت ئەوەندەبەقۆنە قۆن و نەقە نەق دەستــــم پێکرد، مەپرسە، هەر یەکێکی دەویست مستێکم لە فلچی دا، لێو و لیچــم لێ تێکەڵ دەهات، ئێستاش وەبیرم دێتەوە پێکەنینم دێ، دەتگوت گۆڵەم لـــە زمانی هاتووە. قسەکەم وەها جووت هەرشتەی لێدەهات، لە ئاخری دا ئـاوام تەواو کرد:

ـ دەمەوێ بەنۆکەری خۆتا نمقبوول کەن.دادە خەجێ! دادە خەجێ!هاتوومە

سەر بەڕەی.

کوێخا ژن سەرێکی مات بوو. چاویشی لێ نەکردم.چم لێ نەدەخوێندەوە، لەوانە بوو بخنکێم. پاشان خولا لەدڵێنا و گوتی:

- وەڵڵاهی ڕەشید، بەش بەحاڵی خۆم پێم خۆشە، کچ زوو دابین کەری قازانجە ئەتۆش بێ سۆرە و تۆرەی، ژنیش بێنی ڕەنگە ئەو هاروهاجی یەی وەلانێی. با بزانین چۆن دەبێ! کوێخا ڕەسوو بڕێك قۆڕەدەماغە، خووی ئەو ئاغایانەی گرتووە. ڕەنگە ئاگاداری زۆر کەس ناردوویەتە سەر زلەخا، ماڵی باش باش، کوڕەکوڕەی ئازا، بەخولای جارێ هەر ملی باداوە. نازانم دەیەوێ هەڵیگرێ بۆ حەزرەتی عیسا، ئەی بە هاوشانی خۆی نەزانیون، چی مەحلوومەی نەبووە. سەبرێکی بگرە! قیسمەت بووبێ ئەوە خولا پێکی دێنێ، قسەکە هەر لە نێو خۆمان دابێ، ئەمن ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم، هاتوو باشارم نەکرد، پێت دەڵێم" خدر ئاغا " ی بە گژ داکە، لە خولای هێندە ناترسێ!

قوربان بە دزی و بە ئاشکرایی هەزار جارم خۆ بە قوربان و سەدەقە و نۆکەری دادە خەجێ کرد. وەڕێ کەوتم بڕۆم، دادە خەجێ ئەو دڵخۆشی یەشی دامێ:

- بۆ خۆم خەبەرەکەت دەدەمەوە!

جیفرکێکم لە خۆمدا، لە سەکۆ و گیشەکە نەدیو بووم، لە پەنا چەپەری حەوشە، زلەخا وەك تاوسی مەست بە جووتێك گۆزەی سوورەوە لە بەرامبەرم چەقی. لە کانی یە دەهاتەوە، دەست و چاوی تازە شوتبوو، کەزیەی هەر وا تەڕ بوون کولمەی وەك سێوی لاسوور، دەتگوت مەلایکە شتوویانە. گۆزەی سوور و بازنەی نەخشین، لەدەستی دا ببوونە نەخش، باۆڵەی باسك و مەچەکی هەر باسی ناکرێ. قوربان! دیسان وە دڵە کوتە کەوتم. سەد لە شەوێ جوانتر و شیرنتر بوو. بە پەلە قسەکانم بۆ گێڕاوە. بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- پێم وابوو پەزیوان بوویەوە!
گــوتـم:
- گوو بەریشی پەزیوان ، لەمن و لە تۆ محانج.
گـوتی:
- خۆمن ریشم نیە، پەزیوانیش نیم.
زۆری لە بەر بەزن و با لای مردم و بە جێم هێشت.
دوای ئەو رۆژە ، زلەخا ، پاریزی نەدامێ، کە نەدامێ، دادە خەجێـــی غەزەب لیگیراویش بە ئازاز و کەرەمێ حەوشەی بەجێ نەدەهێشت. دایمە کێشك و کەوانی لە دەورەی زلەخایەدەکێشا . دەجا خۆ ئەمنیش حەکەدار بـــووم ، لەوانە بوو دلم بۆی بتۆقێ.
جاری وابوو کەش و تووش دەکەوتین، بزە یەکی دەهاتێ ودەرۆیی، وەك - تیری ساردە کەوان تێدەپەرێ، زرمەی لەعەرزی دێنا ، تەپەی لە دلی مـــن دەخست.
ئاغایەکی بە مالم، زلەخا ئەوەندەی تەفرەدام و خۆی لەبەر شیرن کردم ، خۆشەوە نەبێ. بە دایمەی خولای لە پێش چاوم بوو، پێم وابوو ئاسمان کـو ن بووە و ئەوی پێدا هاتۆتە خوارێ، دەی دەی خۆمخواردەوە و پیشم خوارد هەتــا رۆژێکی دەستم لە هەموو شتێکی شوت، خۆم گەیاندە دادە خەجێ، بێ ئـەوە ی سێ و دووی لێ بکەم گەزێکم زمان دەرکێشا و گوتم:
- ئەرێ دادە گیان! خەبەرەکە بووبەچی؟ ئەوە بۆ ماتەت بۆ هەلگرتـووە؟ کوێخا مۆرەم لێدەکا! زلەخا خۆم لێ لادەدا! ئەتۆش متتەقت لە خۆت بریوە. بەو خولایەی لە ژووری سەریە، بێتوو نەیدەن ئاورێکی هەلدایسێنم بــە و ولاتەی نەکووژێتەوە. هەمووتان دەکووژم، پاشان خۆمدەکووژم، دنیا و عالــەم سەر لێك دا ، تازە زلەخا هی خۆمە. پێشت وانەبێ هەر هەرەشە وگورەشەیە، قسەم بەتەواوی لەگەل کردووە، ئەوەی ئەتۆش رەنگە بیزانی، دەیزانم ،بـــە حەیبەوە دەمەوێ، ئەدی دەلێن چی؟

دادە خەجێ، سەرشانی چۆخەکەمی گرت• بایدا ، لەبەر لێویەوە بە ئەسپایی گوتی:

- ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ قەرەچی دەسکت لە دوو ناکا! مەیکە هەڵڵا هەتیوە بێ چاووڕوویە• نە حەیبەی دەزانی نە شوورەیی! ئەمن حەوڵی خۆم داوە،هەرچی دەکەم و دەکرێنم کوێخا رەسوو رازی نابێ• هەر ئەوڕۆ دەمەویست پێت بڵێم، خۆ بگەیەنە خدر ئاغای، پێم وانیە قسەی وی بشکێنێ ، هاتوو ئەویش نەبوو، هەر خەڵەتێکی پێت دەکرێ بیکە، مردووت مرێ، ئەی دەڵێی مۆرەی محەمەدی بە حەوتمانگان بووی!

برێك حەسامەوە، خدر ئاغام هەر لە بیرنەمابوو، سوکناییم بە دڵی داهات• کوێخا ژن بزەیەکی هاتە سەرلێوی:

- سەرزل! بە هەوایا چی؟ دەتەوێ لێگرا و تێگرامان سەر بە گۆمێ داکەی ، بە خولای هەرای کوڕەکان کەم خوری شۆرت دەکەن•

گـوتـم:

- قەرار وانەبوو ئەمنیش کوڕی تۆ بم؟

گـوتـی:

- ئاخر راناوەستی! دەنا بە خولای بەقەت ئەوانم خۆش دەوێی، بەزاوای خۆشمت دەزانم، کەللەکەری زەلام! هەر ئەوەت ماوە بمانکووژی ،تەماشای توخولاکەی ئەو دێڵە سەیە چی بە دیاری بۆ هێناوم•

برێکمان قوونە شەڕ کرد، پاشان دوومستی چاکی لە نێو شانم راکێشا و چەمۆڵەیەکی بەسەر دادام• بە قۆڵی دانووسام و بە قوربان و سەدەقەی بووم • رێك کەوتینەوە، وامان لێهات مووەمان لە بەرەوە نەدەچوو• ئەو جار بە راشکاوی رووم تێکرد:

- دەی دایە گیان جا ئەو جار چ دەفەرمووی؟

گوتــی:

- دەك خولا لە دایکت وەرگرێ، شکور کەریش بووە، پێم گوتی خدرئاغای



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بگرە و بەری مەدە، ئەمنیش لە کاری خۆم را نا وەستم• دەبڕۆ ڕۆڵە پێغەمبەر تکات بۆ نەکا، ئەی دەڵێی جیوەت تێکراوە! هەر دەیانگوت شێتە بـــروا م نەدەکرد، کە رەشێتە، ئەوە بۆ شەرم و حەیات لێ هەڵگیراوە! دەبڕۆ ڕۆڵـــە گیان حەزرەتی غەوسم بە گژ داکردی، دەبڕۆ کوڕم ئابڕووبەرە• دوو هەنگـــاو دوور نەکەوتبوومەوە ئاوڕم داوە:

- ئەرێ زۆرم لێ تووڕەی؟ ناخۆشت دەوێم!؟

گوتـــی:

- برۆبڕۆ هەڵی مەگێرسێنەوە، ناخۆشم ویستبای سەگم پێوە دەنـــای! سەرت داخە، ئاوڕمەدەوە، هەی دێ!

پێش ئەوەی بڕۆمە لای خدر ئاغا، بە دزی بابم خۆم گەیاندە دایکم• لـــە مێژ بوو دایکم نەدیبوو• بەدیتنی خوودار بووم، دایکم هەر نەمابوو! دەتگوت لە قەبران راهاتۆتەوە، لەق و لاواز، ئێسك و پێستێکی بە تەواوی•دەگـــە ڵ سەرم وەدەرکەوت، هەرای کردمێ و ئامبازم بوو• دەستی کرد بە ماچ کردن و بۆن پێوە کردنم• لێگدالێگدا فرمێسکەکانی دەهاتنە خوار• سەرێکی هـــەر قسەی بۆ نەکرا، هەتا تێرتێر گریا• قسەی خۆمان بێ ئەمنیش بەو هەمـــو و دڵ رەقی یەوە، ئاورم گرت• هەرچی کردم و کراندم خۆم پێ رانەوەستا، دەگەڵ دایکم تێر بە دڵمان گریاین•

ورده ورده دەستمان کرد بە راز و گلەیی، دنیامان شێوو وەرد کردەوە• دایکم رۆبووە راوکەی مریشکان، خێر اپڕی تاوەیەکی، هێلکە بۆ دەرۆنـــی کردم• لە پێشی دانام• بەرامبەرم رۆنیشت•

ئیشتیام بەسترابوو• گەرووم دەتگوت گەلا تالۆویان تێکردووە• هـــەر چۆنێك بوو لەبەر دڵی دایکم دەستم کرد بە نان خواردن• پڕی پیالەیەکی خوێ ئاڵەبێژکراو، لەبن هەرزالێ بۆ هێنام، بە دەنگێکی نووساو گوتی:

- رەشید گیان! رەببی مەرگت نەبینم• لەوەتی ئەتۆ لەو ماڵەی چوویـــە دەرێ، چۆرپێکم ئاو بە رەحەتی لە گەرووی ئاوا نەبووە• مردووی قەبرستانـــێ

چەندە خەوتـوون ئەمنیش هەر ئەوەندە• دایمە لەگەڵ باوکت شەڕمانە•بە داری نەحلەتیّ داچووە، لە تۆنەبانە و نەبانە، ئەمنیش نازانم چی دەگەڵ بڵێم ، ئەو پیرە خەرفاوەی بە جیّ دێڵم و دێمە لای تۆ، کەس چی چاکم پیّ ناڵیّ• وا ناکەم دڵم ناحەجمیّ ، ئەو پیاوەش ئەوەندەیموسوڵمانە ئەوەندەش دڵڕەقە، ئیلان و بیلان هەر ئەوەیە بۆ خۆی دەیزانیّ• رۆڵە گیان! ئەتۆ وەرە - پیاوەتی بکە• باوکتە و حەقی لە سەرتە• رەشید شیری ئەو مەمکانەت لێ حەلاڵ بیّ جوابی بدەوە• چی دەویّ بە جێی بێنە• کوڕە رەشید بڕوام پیّ بکە ئەوەندە گریاوم فرمێسکم ویشك بووە• رۆڵە نازانی دڵی دایك چۆنە• رەببی دایکت کوێر بیّ، وەختە گیانم دەرچیّ• مەرگی خۆم بە ئاوات دەخوازم•رەشە گیان! ئەو مەمکانەت دێنمە تکایە رۆڵە با بە پیری و کوێری بەلادانەیەم • هەتیوە شێتە دەبەر ئەو شان و باهۆیەت مرم، شتێکی دیکەشم بیستووە•ئاگام لێ یە خەریکی ژن هێنانی•••

مام میرزا ! هەر ئەوەم لە زاری دایکم زانی بە قەدرایە رمبێکی هەڵبەزیمەوە پێم سەیر بوو! چۆنی زانیوە؟ لە خۆم و زلەخاو باوك و دایکی بەدەر کەس نەیدەزانی، جا چۆن؟ کیّ پێی کوتبوو؟!•

بۆم نەدەچۆوە سەریەك• لەوانە بوو شاخم لیّ بڕویّ• خێرا خێرا پێشاوبرکەی دایکم داوە و گوتم:

- دایە گیان هەر بۆیە هاتوومە لات ئەوەت پیّ بڵێم، هەرچی تێفکریم لە بابم رانەدی• دەزانم ئەتۆش ئاوێری بە بیّ وی قاملە لە ئاوی نیێی• بڵیّ بزانم چ خێرخولایەك ئەو خەبەرەی داویەی؟ بزەیەکی ویشکی هاتە سەر لێوەشینەکەی:

- بەلا لە ئاقڵی ناتەواوت دا ، بۆیە پێت دەڵێم دڵی باوکت راگرە • رۆڵە سەدساڵی دیکەش بە سەرچیّ خەڵك هەر بە دایك و باوکتەوە دەتناسیّ قەدیمی لە خۆڕا نەیانگوتووە" گیا لە سەر رەگی خۆی دەڕویّ "•

خەجیّ ، دەستەخوشکی خۆمە، سەر چۆم و دەراوی ئەو نێوەنێوەمان پێکەوە بە نووکی بژارچن هەڵکۆڵیوە• ردیّن کلکە پاچی باوکت وگزیرە

گڵاوەی خەزوورت بەبێ یەك زەوادیان نەدەبڕی، ئیدی ئەتۆ لە کاری خـــولای گەڕێ، ئێستا ئەوان بوونە کوێخا و کوێخا ژن ئێمە بەهاوشانی خۆیـــــان نازانن. گووی ئاغایان دەخۆن. بەخولای رۆڵەگیان خەجە چڵێس بە نانی بابی من چاوی پشکووتووە.

هەر ئەوێ رۆژێ ئەتۆ چووبوویە لای، یەکە و سەحات هاتە ئێرە دەیکوت : " ئێمە دەزانین، ئێوە لە رەشیدی قەڵسن و خۆی پێوە دەرناهێنن، بۆیـــــە رەشیدمان هێناوەتە لای خۆمان. بە خولای بەقەد تۆم خۆش دەوێ. ئـــەو رۆ هاتبووە لای من دیاربوو بە مینگە مینگ داوای زڵەخایەی دەکرد. ئێستـــا ش هاتووم هەوڵێ رۆژێ پرست پێ دەکەم. باب و فرزەند لێك نابوورن، پێتـــان خۆشە مبارەکە، دەنانا بەردێکی لەسەر دادەنێم. ئێمە لە سەر دڵی ئێوەین . رەشیدی بەنگۆوە دەناسین. جارێ بەکوێخاشم نەکوتووە . نازانم چۆن دەبێ ، هاتوو ئیشا ڵای خولای لەگەڵ بێ رەشید و بردەوە لای خۆتان، با بۆڵـــە ت نەیە . دوایە نەڵێی شووژن بە دزیان کرد و کچیان لەملی پەستاوت .کچی مـــن حەیب نیە بووکی تۆبێ . ئێستاش لە لای من لە هەموو کەس خۆشەویست تری"

زۆری دەبەر هەڵخوێندم، وادیارە زۆری پێ خۆش بێ، کچەش کچی چاکە . رۆڵەگیان کارێکی باشت کردووە، بەگوێی باوکتم راگەیاند ،ئەویـــش زۆری پێخۆشە . ئەوە سوێندیشی دام بۆت نەگێڕمەوە، نایەوێ خۆی بشکێنێ ،بەلام قسەی خۆمان بێ گوتی : " دراوت دەدەمــێ بیدەیە بازار لە بەر خەڵکــــــی خوار نەکاتەوە" . بۆ خۆشم جووتێکم گووارەی پێنج گۆ ماوە هەر بـــۆ ئـــە و رۆژەم دانابوو . دەمەویست بۆ خۆم بیدەم بە ژنەکەت ، ئێستا کە وای لێهـا ت دەیدەم بەخۆت . رەشید! کوڕە وریابە سامی رەسەر سامت نەکەوێ. حیـــز ی بەردەستی ژنێ مەبە. وەك باب و باپیری خۆت بژی ، قەدری بابیشت بزانە . خەڵك بەویەوە ئەتۆ دەناسێ. سوورسوور لەبەر چاومە ئیزنم نادا بێمـــــە داوەتەکەت، بەڵام ئەوەی بزانە دڵم دایمە لەلاتە، هەر دەمەوێ مەرگـــــــت نەبینم.

دایکم دەستی کردەوە بە گریان• زۆرم زگ پێی سووتا ،پێکەنینیشم دەهات•
دایکم وایدەزانی زلەخام سەبارەت بەوی دەدەنێ• نەیدەزانی زلەخا وەك ـ
گۆشتی سەر چەپەرێ، خۆراکی هەموو کەسە، ئەگەر تلێپاتی تەڕی تێدا مابا ،
گیای من نەدەبوو•

هەر چۆنێك بوو ، دایکم ژێر کردەوە• بەلکی پشتێنەکەم چاوەتــەڕ و
سوورەکانیم سڕیەوە و گــوتم:

ـ دایە گیان شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ، دەست لەو کارە هیچ وپووچانە
هەلگرم و بێمەوە لای ئێوە• تەنیا تکام ئەوەیە مۆلەتم بدە، با جارێ بە پشت
ئەستووری ئاغا زلەخایە حەلاڵ کەم، پاشان ساڵ تەواوبێ و شەرتم بپەڕێ ،
یەهەربارێك بێ دەستم لەدەستی ئاغای دەکەمەوە،دایەگیان لەبەر دڵی تــۆ
قەرارێ بابـم هەزار جاریشم وەدەرنێ، هەر بە خاتری تۆ بێمەوە• ئەوەندەش
بۆ من پەرەوش مەبە، هێندی لادیوارێکی دەبم، ئیدی منداڵێك نیم، دڵــی
خۆت نارەحەت مەکە، دنیا بە خەمان پێك نایە•

بە دەستێکی پڕم دایە• لەبن هەنگڵم گرت• بە نێو ماڵێ دا دەستم کــرد
بە غارغاردێنێ• هەر چۆنێك بوو وەقلەم خست• زۆری حەول دا خۆم لــە
دەستی رزگار کا ، نەمهێشت ، هەتا وەپێکەنین کەوت و دوو چەپۆکی کەسا ـ
نەی بە سەرم دادا و گوتی:

ـ هەتیوە سەگە دامنێ! شەرتە چیدیکەت بۆ نەگریم ، تەماشای ئەمــن
خەمی کێمە! بە قەد کەرێکی بە قەوەتە • دامنێ هەتیوە، ناگریم، دامنێ!
دایکم دانا عەرزی• سەدجارم دەست و لاقی ماچ کرد• ئەویش بە هەناسەبرکــە
ئەمنی ماچ دەکرد• خەریك بووم وەدەر کەوم ، گوتی:

ـ راوەستە با گوارە و دراوەکەت بۆ بێنم!

گــوتم:

ـ دراوم ناوێ، چەندەشوو دەوێ بــوودەمێ •

گوتــی:

- دەزانم بە دزی و فزی زۆرت وەگیرکەوتووە• دەزانم دزاودز کەوتوون، لە خەڵکیش دەدزن و لە ئاغاش • ئەرێ رۆڵە تۆ خولاکەی پێت وایە مردن نییە • کورم قەبرەکەت ئاورین مەکە، ماری دووسەرت لە ملی دالێ• باوکت دایمە دەلێ: " ئێمە ماڵی حەرامان پێوە نایە، دەترشم بەلایەك بە سەر ئەو هەتیوە بێ" جاری واشە دەڵێ: " چاوی دەرێ ، کوری من با لە لای مـن دەبوو" ئێستا کە دوو ساڵ پترە خەریکی ئەو دزی و حیزیەی• بەلادرۆیە دا باوکت دەیەوێ بە ماڵی حەلاڵ ژن بێنی•

گوتم:

- بۆ پێی وایە مانگای لە سەر گوان دەکرم، یا مەرە ئەستێور؟ ئەمن ژن دێنم، مەلا سلامەت بێ ئەوەندی بلێیی یەك و دوو حەلاڵی دەکا •

دایکم چەپۆکێکی دیکەی پێدادام و گوتی:

- باشە، باشە بێدەنگ بە، خۆت کافرمەکە•

پرێسکەیەکی قورسی لە باخەڵم رۆکرد، ئەو لا و لای ماچ کردم و گوتی:

- خولا ئاگادارت بێ، کەرەشێنە، رەببی مەرگت نەبینم•

* * *

سەری شەوێ لە دیوەخانی ئاغا ، وەژوور کەوتم، بەدیوارەوەرا وەستام • خۆم فەقیر کرد• خدر ئاغا، جارێکی سەر هەلێنا ، هیچی نەگوت، سەری داخستەوە• دەمەویست هەڵدەمێ و قسەکانم بلێم، بۆم نەهات• چم لە بیر نەما • نەمدەزانی چۆنی دەست پێ بکەم• چابوو بۆ خۆی رووی تێکردم و گوتی:

- دەی رەشید! چت بەدمەوە؟

گوتم:

- وەڵلاهی قوربان زۆرم پێ یە، نازانم چۆنت عەرزکەم؟ لە کوێ را؟

گوتی:

- دەی دەی بلێ، کەنگێ هێندە شەرمێون بووی سەبەرەڵلا!



@kurdica

گوتـــم:

ـ بە سەری ئەو ئاغایەی ، هەتا نەگەیشتوومە حاستی تۆ هەر دەڵێـــی مەلای دوازدە حیلمم، دەگەمە خزمەت تۆ ، دەپووچێمەوە• بێ بەلاّبی وەهـــات منداڵ ترسێن کردووین، خۆشەوەنەبێ• ئەرێ قوربان ئەمن بەرپێچوونم ناوێ؟

گوتـی:

ـ قسەکەت بکە• بە سەری باوکم دێڵی سەرتووتکان لە تۆ بەحەیاتـــرە• یەکی ناشارەزابێ دەڵێ" مانگی شەرمێ یەتی" بڵێ بزانم!• ماڵی کێـــت هەڵناوە ؟

گـــوتـم:

ـ ئاغا ، لە ماڵی کوێخا رەسووی بەدەر ، ماڵی کەسم هەڵنەناوە •قوربان! حەوجێ بەوە ناکا ئەوانەشت عەرزکەم، بۆ خۆت دەزانی بابم وەدەری نـــاوم• هەوەڵ خودا و دووهەم ئاغا ، کەسی دی شك نابەم ، ئەتۆش نەئاورێکم وێدەدەی ، نە روحمت پێم دادێ•

گـــوتی:

ـ جا چاکە هەتیوە بۆ ماڵی کوێخا رەسووت هەڵناوە•

گوتـــم:

ـ قوربان باوك چاترە لە بێگانە• خۆ تۆش چ نافەرمووی!•

گوتی:

ـ ئەی لەو هەتیوەی ، جالە خۆڕا ئەمن چ بڵێم، زل حۆل چت کوتووە بـــە قسەم نەکردبی•

گوتـــم:

ـ قوربان خوا راوەستاوت کا• لە مێژە خەریکم شتێکت عەرزکەم،جـــا نازانم چۆن دەبێ• جارێ هەر دەستاودەستم کردووە• دەمەویست هەر بۆ خۆت بفەرمووی• ئاخر لە سایەی سەری تۆوە هەمووشتم هەیە، دەرد وبەلاّ نەبێ•ماڵ و حاڵ ، جێ ورێ• ئەوەی ئاغایەتی یە دەرحەق بە من کراوە ، نۆکەری خـــدر

ئاغاش هەر دەبێ وابێ. بەلام جا چت عەرز کەم!
گـــوتی:
- بلێ دەی، پخوازە مالی دنیایە.
چاوم کرد، تووتنەکەی خۆشە، وەختیەتی پێدادەم، گوتم:
- قوربان ئاخر ئەومال و حالە، بناوانێك، کابانێك، ئاودەنگی یەك ! ئاوا ، خێزانێك.
گوتی:
- دەوا بلێ، دەتەوێ ژنت بۆ بێنم. جارەشید ئەو شازادەکێ یە بـــــاز ی لەسەر نیشتووە.
گوتـــم:
- وەللاهی قوربان هەر لە دەرکی خۆت دایە، عەرزم کردی مالی کوێخـــا رەسووم هەلناوە، ئیزنت لە سەر بێ کچەکەی کوێخایە.
ئاغا، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:
- ئەی سەیە! کوێرا سازت کرد، هەتیوە ئەمن دەزانم چ زۆلێکی،دەی دەی زلەخات دیوەتەوە، ئەسقەزا کچی چاکە، دوو سێ سالان لە مالی خۆمـــان دا بووە. کچێکی جوانە، لەکارو باریش دەرهاتووە.مەبارەکە، بە چاوان،بـــە چاوان، ئەوەشت لەعایدی من، هەر سبەینێ بۆت دەستێنم. ئەدی شتێکی دی رەشید! کەنگێ دەچیە دەستەی ئەو هەتیوە؟
- کام هەتیو قوربان ؟!
- ئەی گێژە! بەهەویای تۆبم، کاروبارم تەواوە، کورە میرانی دەلێـــم ، ئەوە هۆشت لە کوێ یە !
- قوربان، سبەی شەوێ دووکەسم لە کورەکان بدەیە، شەرتە چیلکەیـــەکـــی لە دەرکێ نەهێلم.
- دەیباشە، هەر بۆ خۆت دووکەسان هەلبژێرە، کێت دەوێ، بیبە. ئەمـــن دەمەوێ قولێکی گیاووێنجە لە دەرکێ نەمێنێ، ئاوری نەدەی مەیەوە،هـــــەر

کەست هاتە سەر ڕێی بیکووژە، ئاوری تێبەردە و بۆ بابی ئاقڵ کە٠
گوتـــم:
- بەڵێ قوربان! دەفەرمووی وردە و یەخسیری بەتالان دێنم٠
گـوتـی:
- نا هەر ئەوەی پێمگوتووی، تالانم ناوێ، تەماح نەتگرێ، ئەو هەتیوانە درن،خێرا کارەکەی تەواو کە و بگەڕێوە٠
گوتـــم:
- بەڵێ ،ئەدی قوربان ، کوێخاش ، عەرزم کردی، بۆ خۆت٠
بە پێکەنینەوە گوتی:
- چەنە چەنی تۆی ناوێ٠ هەتا دێیەوە، جێ بە جێی دەکەم، چەغەبە٠ پاشەوپاش گەڕامەوە پاشخانە، لە پەنا " بلەخەزێم" هەڵتووتەکام، بلە لاوێك بوو تازە دەگەیشتێ، یەگجار ئازاوبەکار، تاقەکوڕەی خات خەزێم، نانکەری ماڵی ئاغا ، لە منداڵی یەوە بە سەغیری لە دەرکی ئاغا گەورە ببوو٠
بلەخەزێم، لە قەلەوانی و قازەوانی یەوە، ببووە نۆکەری سواری یە، دەتگوت بزووتە٠ هێلکەی لەبەر قەلێ هەڵدەگرت، زۆریشی ئەمن خۆشدەویست، ئەو شەوانەی وەدەر دەکەوتین" دیواربڕ" هەر بەوی بوو٠ بەو بۆنەوە ناوم نابوو کوڕە سۆفی،پیاوەکانی دیکەش هەر وایان پێدەکوت٠ رووم تێکرد:
- کوڕە سۆفی! سبەی شەوێ، ئەتۆ و یەکی دی٠
گـــوتی:
- ئەوی دیکە کامەیە؟
گوتم:
- گودروون٠
گودروون، پیاوێکی سەروردێن تاش، بێدەنگ ، لەسەرەخۆ و کەمێك قالب گران بوو٠ بۆیەم ئەو هەڵبژارد، دەمزانی بە گوێ یە٠ ئەوی کوتبام وایدەکرد٠

بـەتەماح نەبوو خۆ بەکوشت دا ٠

بانگی " گودروون"م کرد٠ سێ بە سێ سەرمان بە سەری یەکەوەنا ٠ رێ و شوێنەکەم پێکوتن، ئەسپەکان تێربن، تفەنگەکان خاوێن کرێنەوە، بۆ خۆتـان ساز و تەیاربن٠ بە کەس مەڵێن٠

میران ، گاڵتەی پێ نەدەکرا ، سوورسوور دەمزانی کوڕانی مەحموودبەگ دەست دەکەنەوە٠ کورتی ببڕمەوە، چووین و گیشەشمان ئاور تێبەردا ، ئەمما بریا ئەستۆم شکابا و ئەو کارەم نەکردبا ، هەر چەند دەڵێن" لە دووی چووان مەچۆ" هەرگیز داغی ئەو شەوەم لە دڵ دەرناچێ٠ گودروون بریندار بوو٠ بلە خەزێم کوژرا ٠ قوربان مەیتێك و بریندارێکم بە هەزار چەرمەسەرەبردەوە٠ جا خات خەزێم چۆنی زمان رە عەرزی دەخست و سینگی دەکوتا ، هەر ناگەڕێتەوە٠

خدرئاغا وەك مێشێکی لێ میوان نەبێ، لە خۆشی سووتمانەکە لاقی بە عەرزی یەوە بەند نەدەبوو٠ هەر باسی ئەوەشی نەکرد، ئەو کوڕە چۆن کوژرا و ئەو پیاوە چۆن بریندار بوو٠!

* * *

چەند رۆژێك گوزەرا ، خدر ئاغا ، زڵەخای بۆ ئەستاندم ، کوێخا کرکەی نەکرد٠ قسە، قسەی ئاغای بوو، کێ دەیوێرا ئاغای لەسەر بەڕەی هەستێنێ٠ لەبەر دڵی خات خەزێم، بێ تەقە و رەقە بووکیان بۆ دابەزاندم :ئاغا دەستووری دا ، ماڵێکیان لە قەراخ دێی بۆ چۆل کردم ، جل وجۆڕم بردە وێ٠ زڵەخا بوو بە چرای ماڵەکەم٠ خێر و خۆشی رووی تێکردم ٠ ئەرێ مام میـرزا ئەتۆ ژنت هێناوە؟

ـ نا مام رەشید٠

جا فایدەی چی قوربان، بە خولای سەد هێندە سەوادداربی، وەك گوێزی بە دیواری‌دادەم، تێم ناگەی، بێ سەمەرە، زۆری لەسەر ناڕۆم، هەر ئەوەندەت عەرز دەکەم ژن هێنان بەدڵی خۆت، لە هەموو شتی دنیایە خۆشترە٠ ئاخ

نێوچاوانەکەم نایکێڵێ. عومری من هەر ئەوەندە بوو دەگەڵ زڵەخایەم رابوارد. ماڵم لە ماڵە شای خۆشتر بوو. کەندووەکەمان قەت مستێکی دیکەی ئارد نەدەبرد. دانەوێڵە پڕی بن هەرزاڵێ. کەل و پەل، تەشت و مەسینە، راخەر، پێخەف، کووپە رۆن، پێستە پەنیر، نێوماڵێکی خاوێن، بۆن خۆش، سەرئاوەڵا...

قوربان هەر لە هەوەڵی نوێژی شێوانەوە، وەك ئاشقەوماشقەی لێك دەهالاین، هەتا کەڵەبابی بەیانی دەیخوێند، حەلاڵ و زەلاڵ نە دڵە کوتە هەبوو نە چلم هەڵلووشین. لای بەیانی خومان لێدەکەوت، قاوەڵتوونێ هەڵدەستاین. ژنی وەك زڵەخایە هەر نابێتەوە. دەستاوێکی ئەوەندە خۆشی بوو، تێر خواردنم سەحاتێکی دەگرت. ژنێکی ماڵدار، بەمشوور و پوخت و پاراو، دەجا خۆلە جوانیشی گەڕێ، هەموو شەوێ، بووك بوو، زۆرجاران دەیەویست نەقڵەکەی خۆیم بۆ وەگێڕێ، دەهات بگاتە سەری و دەیگێڕاوە. وەك ترسێکی دەزگی دابێ مات دەبوو، ئەمنیش هێندەم خۆش دەویست، دڵم نەدەهات برینی بکولێنمەوە، خۆم لێ گێل دەکرد. دەمەویست هەرگیز باسی ئەو قسەی لە لانەکەم. تازە شتەکە رابردبوو، ئێمەش موومان دەبەرەو نەدە- چوو.

قەدەرێك بوو میران خەو و خۆراکی لەو دێیە هەڵگرتبوو، هەر چەند هێندە بە قوونێکی خاوێن نەگەڕابووینەوە، ئەو دەست بەردار نەبوو! خدر ئاغا لە ترسی "میران" عەرز وەخۆی نەدەگرت. خولا خولای بوو میران دەستی لە یەخەی بکاتەوە. سێ چوار شەوان هاتە سەر دێی، ماڵی ئاغای وەبەر تفەنگان دا، گیشەی سووتاند، مەڕی رادا، جا چووزانم هەرچی سووکایەتی بوو بە سەری هێنایەن، ئێمەش دەستمان دەکردەوە، تەقەشمان دەکرد. بەلام دوای بلەخەزێم، پیاوەکان لە شلەیان دابوو، لە میرانی دەترسان و حەقیش بەو بوو. ئێمە وامان لێهاتبوو هەر ئاگامان لە ئاغابێ. زۆر دەترسا، دزی و فزی لە بیر چووبۆ وە. لە سەربان و دەروژوور پیاوی


@kurdica

دادەنا ، بۆ سەر ئاودەستێ دەبوو دووکەسی دەگەڵ بێ.

ئەمن باب نۆکەر بووم، کێشك و کەوانم نەدەدا ، بەلام ئاغا پێی گوتبووم، شەوانە نەنووم، یا لەسەر هەست بنووم، دەی خۆ ئەمنیش هەر ئەوەم دەویست. بە شەو و بەرۆژ لە لای زلەخایە بووم.

زلەخا وەك گوڵ دەکراوە. رۆژ بە رۆژ جوانتر دەبوو. دایکم دوو جـاران بەدزی بابم هاتبووە ماڵەکەمان. زلەخای لە چاوی خۆی خۆشتر دەویست. کوێخا و دادە خەجێش زۆریان ئەمن خۆش دەویست. گودرون، بەرە و چابوونەوە دەچوو. نێوەنێوە ئیشتیای دەکرد، دەهاتە ماڵی ئیمە، یەکەو سەحـات هەرچی ئارەزووی بوو زلەخا بۆی لێدەنا.

قەدەرێك پێچوو، زستان بە سەر دەستان داهات. بەفرێکی قورس باری. هەر شەوەی نوایەکی دەسەر دەکرد. کرێوەو باکوت بەردەرکی پێگرتین. بارن و رنوو رێ وبانی گرت. کەس ئەو ماڵ ئەو ماڵی نەدەکرد. بەفر بـە یەگجاری برستی لە ولاتی بری. بەفرێکی مۆر، دۆڵ و دەرەی لووس کـرد. ولات ساماڵ سپی بوو. گابەردێك بەدەرەوە نەما. کەڵ سەرێکی نەدەبـرد. میران، رێگای لێگیرا، ترسی ویشمان لە زگی چووە دەرێ.

مام میرزا! زۆرکوتن قورئان خۆشە. خرێ کەیەوە سەریەك هەر ئەو زستانەی بە رەحەتی ژیاوم. تێر و تەسەل، لە تەرپیم دەخوارد و لە ویشکی دەخەوتم. با دەرکی لێ نەدەکردمەوە. نێر هەر رەشید بوو. پیاو هەر رەشید بـوو. قوربان نەقڵ و نەزیلەی کوردەواری برانەوەی نیە، مەسەلەیە دەڵێن:

" بەفر ناردیە خوازبێنی ئاڵەکۆکێ، ئاڵەکۆك گوتی: " بە بەفری بلێـن سەبرێکم لێ بگرێ با یاڵ و بژم بێنمەوە، بە دەورەی خۆم دابێم، جا ئەودەمـی چۆنی بوێ وادەکەم".

ئێستا ئاڵەکۆك یاڵ و بژی نەهێنابۆوە، بای وەعدە هەڵیکرد. بەفـر ناردیە لای ئاڵەکۆك و گوتی پێی بلێن: " ئاڵە کۆکەی پرچنە، چۆرچـۆرە م کەوتە بنە، چ بکەم لەو ماڵ و ژنە"

قوربان ئێستاش نازانم ئەو کۆگا بەفرانە چۆن چوونەوە· بەهار هات و وڵات رەش بۆ وە· لە مێژ بوو تفەنگ و بارگینەکەم وەماڵە ئاغای نابۆوە· هەر ئەودەمی هەرچی ئاغا تێمدا شل و کوت بوو· ئیللان و بیللان گوتم:

- نە نۆکەری یە دەکەم و نە دزی. سەر و ماڵیشم لەبەر دەستی خۆت دایە· دەفەرمووی لەو وڵاتەش دەچمە دەرێ· دەرم دەکەی، دەمکووژی، جببەم دەکەی، بۆ خۆت خاوەن دەسەڵاتی· چیدیکە دڵی دایك و بابم ناشکێنم· دووساڵە سینگی خۆم بۆ بە گوللەیەوە ناوی چیدی ناکەم· مەشفەرموو لەترسی میران قزە بووە، بەماڵی خۆم هەتا دوژمنایەتیت بەسەر دەچێ خۆت لە سەر بە کوشت دەدەم· بەڵام بۆ لانی دزی و خراپەی بۆ هەندەران ناچم·

ئاغا زۆری حەول دا، ملم بۆ رانەکێشا، هەر دڵخۆشی دەدامەوە ودەیلا- واندمەوە· هەتا شەوێکی گودروون هاتە شوێنم· چارە نەبوو رۆیشتمە لای ئاغا، بۆ هەوەڵ جار ئاغا، داینام، بەسەر و روو خۆشی دەستی پێکرد:

- دەی رەشید! ئەمن نەمزانی ئەو ژنەتیوە ئاوا خانەکیت دەکا، دەنا قەت ژنم بۆ نەدەهێنای· کورە ئەوە بۆ وات لێ هاتووە، هێندەش ئاڵی نەبی باشە· هەر لێستاوە ئاوا فەقیر بی ئەدی بە پیری، قوڕی کوێ وەسەر خۆت دەکەی ؟

بڕێکی بە جەفەنگ سەر هاویشتە سەرم و پاشان گوتی:

- دەمەوێ پارشێوێ سواری ئەسپەکوێتی بی· ئەو ژنەتیوە ئیزنت بدا زووتریش هەر زۆرزوو، وەرێ کەوە· بچۆ شاری ئەو سیاییەشت پێ بێ،بڕێکم کەل و پەل دەوێ لە لای میرزا رەسووڵ بیان کڕە· رەحیم کەردار لەوێ یە بیدەیە بۆمان بێنێتەوە ،بۆ خۆشت چت دەوێ هەر لە لای میرزا رەسووڵ وەری گرە· لە سەر حیسابی من بنووسرێ· وابڕۆ بۆ شەوێ بێیەوە، با ئەو کچەتیوە لێت تووڕە نەبێ·

گوتم:

- بەڵێ قوربان، بەسەری ئاغای، سەروماڵم بە قوربانی سەری ئاغای بێ ئەو دایکە پیرەم هێندە گریاوە کوێر بووە، قەرارە بچمەوە لای بابم، دەنا

قوربان هێندەش مردووی ژنێ نیم. لە هەر جێگایەکیش بم هەر نۆکەری تۆم . نەسل و بنەچەکەمان لە بەر پێی ئێوەدا تەواو بووە، قوربان هەر نمەك خوردەی تۆم، هەر جێ یەکی پێی تۆی لێ بێ سەری من لەوێ یە.

ئاغا هەرای کردە نۆکەرەکان:

- ئەسپە کوێتی تێرکەن . پارشێوێ زینی کەن و بیدەن بە رەشیدی.

برێکی دیکەشی جەفەنگ پێ لێدام و مرەخەسی کردم. چوومەوە ماڵێ ، زڵەخا بە پیرمەوە هات و گوتی:

- چکارێکی پێت بوو؟

گوتم:

- چ نیە، دەمنێرێتە شاری، شت و متی بۆ بکرم. دەبێ پێش پارشێوێ وەرێ کەوم.

زڵەخا ، مات بوو، گوتی:

- رەشید! بە قسەی من دەکەی؟

گوتم:

- چت دەوێ!

- بەمن دەکەی مەچۆ.

- ئەی! ئەوە دەڵێی چی! خۆ ئەمن نۆکەریشی نەبم، رەعیەتیم! چلۆن دە کرێ؟ جا ئەو کارە چیە! بۆ هێندەت پێ چەتوونە!

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- کارەکەم پێ گران نیە. ئەتۆ وەك منی ناناسی. تووشی بەلایەکت دەکا! وەرە پیاوەتیت هەبێ و مەچۆ.

گوتم:

- خۆ من قەوەم بە قەوەی ناشکێ! ئەدی قورێ کوێ وەسەری خۆم کەم.

گوتی:

- رەنگە بە شێتم بزانی ، بەمن بێ خۆت نەخۆش کە. دوو، سێ لێفەت

پێدا دەدەم، نۆبەتێی بێنە خۆت• کوڕە ڕەشید ئەتۆ نازانی ئەوە چ سەیەکە ، پیاوی چابە بە هەر فێلێك بێ لای لێ لادە•

گوتــم:

- ئەرێ زلەخا! ئەتۆ کچە کوێخای ئەوەی نازانی، جوابە جەنگی ئاغــای کاری من نیە؟ نەچم بە بێگار دەمنێرێ•

- ڕەشید! نەتدەگوت، هەر چێ یەکی دەتەوێ، دەچینەوێ، وەرە پێکــەوە هەلێین، ئێمە دەتوانین هەر ئەوشۆ هەلێین•

بەو قسەی زلەخا قاقایەکم کێشا و گوتم:

- ئەوێ دەمێ لە مالە بابت بووی دەگەلم هاتبای!

بە قەلسی گوتی:

- بە قسەم ناکەی کەیفی خۆتە، لانی کەم ئیزنم بدە هەتا ئەتۆ دەگەڕێ - یەوە دەچمە مالی بابم•

گوتــم:

- چاکە ، بەو نیوە شەوەی نا ، ئاوا پچی دەلێن دەرکراوە، تاو هــەلات پچۆ، نەمدەزانی ئاوە ترسەنۆکی!

جێگامان ڕاخست ، ماوەیەك بوو زلەخا مەگیرانی دەکرد، ئاوی لە دلی دەهات، هەتا درەنگێکی بەخەبەر بوو، پاشان بێ هەست خەوی لێکــەوت ، ئەمن هەر چی ئەودیو ئەودیوم کرد خەوم لێ نەکەوت• هەزار فکری ئالــۆز و بلۆز دەورەیان گرتم:

" بلێی زلەخا، لە خۆی نیگەران بێ، یانی خدر ئاغا، هێندە ناپیاوە• بلێی ئەویش هەر کاری ئاغای ، نەبووبێ! چ بلا بوو لە عومری بابی دایە" •

هەتا نیزیك پارشێوێ فکرم لیکردەوە• هاتمە سەر ئەوەی کارێکی وابکــەم ئاغا، وابزانێ ڕۆیشتووم ، دەبێ هەر ئەوشۆ لێکی دەرکەین•

زلەخا، پرخەیەکی نەرمی دەهات، چی وای نەمابوو بۆ پارشێوێ•سەبرێکی هەستامە پێ، وام بەردی پشت چەپەرێ لابرد زلەخا وەخەبەر نەیە• چوومــە

دەرێ• بێ هەستێکی چەپەرەکەم پێوەدا • بەر بوومەوە بۆ لای ماڵـــی ئاغا • مەیتەرم وەخەبەر هێنا ، ئەسپەکە زین کرابوو، لغاوم کرد•رامکێشـا حەوشەی تەویلە• پێم دەرکێفێ نا ، بە ئانقەست دووگەرِم قۆرتە پێکرد• بـــە چوار ناڵە لە دەرکی ئاغای دوور بوومەوە• بە پشت دێی دا بامداوە،سەبرێکی دابەزیم• ئەسپەکەم بردە حەوشەی کوێخا ، ئاوزەنگی یەکانم بە سەر زینەکەدا هێناوە• ئەسپەکەم بەستەوە• کەس بە خەبەر نەبوو• هەوای دەمەو بەهـار ، تەرِو ساردبوو•

بێ هەست خۆم گەیاندە سەربانی نێو ماڵەکەی خۆم• لە سەر زگ راکشام ، کولانە ئاخنم دەرێنا • گوێم پێوەنا ، زلەخا خرپ خەوی لێ کەوتبوو • دەنگــی پرخەی هەروا دەهات•

قەننە کێشێکی بەو جۆرە راکشام• جارجار چاوملە دەورووپشت دەگێـرِا و ملەقوتەیەکم دەکرد•

یەك ناگا خدر ئاغام دیت، بە ئەسپایی وەك بۆ دزی بە پچێ، دەهاتە لای ماڵی ئێمە• وڵات تاریك بوو• خۆم مەلاس دا • وردە وردە هاتە پێش• لەبــەر دەرکی ئێمە چاوێکی گێرِا ، خۆی بەژووریّ داکرد• گوێم بە کولانەیەوە بــوو• زلەخا     وە خەبەر هات:

- رەشید! ئەوە دەرِۆی؟ بۆ وازوو دەرِۆی!

خدر ئاغا :

- رەشید نیم، خدرم، بووکە سوورەی خۆم•

زلەخا هەستا پێ و یەك بە خۆی قیژاندی:

- ئەیەرِۆ ، خدر ئاغا ئەوە لێرە چ دەکەی؟

هات برِوا ، خدر ئاغا پشتی بە چەپەرەکەیەوە نا ، لە سەرەخۆ :

- زلەخا! هات و هاوارێ مەکە، ئەتۆ کۆنەحیزەکەی خۆمی، رەشید، لـــە مێژە وەرِێکەوتووە، کچەتیوە بە کچی بۆم رادەوەستای ئێستا ئەو ناز و نیـم نازەت لە چیە• ئەوە مانگێکە دەنێرمەلات،مانای بەچی تەفرەم دەدەی؟هەتـا



@kurdica

ماڵ وەخەبەر نەهاتوون بەرێم کە، " چ مێوژێك و چ کەویژێك" خۆ تۆ جــا را ن وانەبووی. دەزانم چەند تووکت بەبەدەنیەوە ، بۆ خۆم بۆ رەشیدم ئەستاندی. نەمهێشت عەیبت وەدەر کەویٚ. رەشیدچیە! نۆکەرێکی خۆمە. دەگەڵەمن بــی لە خەڵکی باشترە.

زلەخا بە گریانەوە گوتی:

ـ ئاغا! مندال بووم فریوت دام. سەد سوێندی بە درۆت بۆ خواردم. ئابرووت بردم. کۆڵەوارت کردم! بۆ خاتری خولای دەستم لە کۆڵ کەوە، کــورە بەو خولایەی لەژووری سەریە بە رەشیدی بڵێم دەرپێت لە پیٚ دادەکەنـــیٚ. مێردەکەم خۆش دەویٚ. حیزنیم. شەرمیٚ بکە. ئەمن قەرەواشی تۆ بووم بابـــم حومری لە دەرکی تۆ براوە. برۆ دەریٚ! دنیا و حالەم سەر لێك دا، ناهێڵــم دەستت وەدەستم کەویٚ.

مام میرزا! چیدیکە خۆم بۆ رانەگیرا، هەموو شتێکم هاتە دەستی.وزاقی خۆم دا. پالم بە چەپەر یەوەنا نەکراوە. کشامەوە، جووت پێی خۆم بـــە چەپەری دادا، چەپەر بە رێسمەوە کەوتە ژووریٚ.بۆ خۆشم دەگەڵ چەپەرەکـــە کەوتمە ژووریٚ. خێرا هەستامەوە. دەگەڵ خدر ئاغا وێرای یەك هەڵمانکێشــا خەنجەریٚ. لەو دیوەی دا یەکترمان دەسووراند. زلەخا لە بەینمان دابــوو. پشتی لەمن بوو. لێم نەدەکشاوە. یەك بە خۆشی دەیقیژاند.

خدر ئاغا وەهەنا سەبرکە کەوتبوو. رێی دەستیشی لە من ئاوەلا تر بوو. خەنجەرێکی داهێنا من، ئاخ قوربان لەو رۆژەرەشەی. سەدبریا وەسەر دڵی من کەوتبا. زلەخا خۆی وەبەرگرت، خەنجەر هەتا بن دەسکان لە گۆی مەمکـــی رۆیشتە خوار. هاواری لیٚ بلێند بوو، ئیدی دنیام بە چاوی خۆم دی.خەنجە ـ رێکم لە مووی منداری خدر ئاغای راکێشا و سووراندم، هۆرەی لیٚ بلێند بوو، کەوتــە سەر عەرزی.

چوومە سەر زلەخایە، خوێن وەك کانی لە سەر سینگی هەڵدەقوڵـــی، راست وەسەر دڵی کەوتبوو....

دمم بە برینەکەیەوە نا ، دمم بە دمیەوەنا • دەهات بە تەواوی شل بـــێ • سەبرێکی گوتی :

ـ رەشید ، لە مێژ بوو دەترسام باسی ئەو قسەت بۆ بکەم، دەمزانـــــــی دەیکووژی و لێك هەڵدەبڕێین، رەشید گیان گەردنم ئازاکە•

ئیدی قسەی پێ نەکرا ، لە نێو باوەشمدا تەواو بوو • چوومەوە زگ ئاغا ، مابوو ، زمانی رەعەرزی دەخست • هاواری ئاوی دەکرد • ئەوەندەم بە پێلاقـــان بە تۆقی سەری دادا ، مێشکم بە کونەتفنکی دا هێنادەرێ• مردبووش هەر لێـم دەدا ، ئەو جار بە بەردی پشت چەپەرێ سەریم پان پان کردەوە • هەستامە پـێ بڕۆم، خوێن لە ماڵەوێرانەکەم دا لووزەوی بەستبوو • بەر پێم هەر زلچـــــە ی دەهات • خوێن گرتمی • دەستم بە دیواری گرت چوومە دەرێ•

گودروون لەبەر دەرکەی راوەستا بوو • تفەنگ بەشانەوە• پڕی دا دەستـم ، دەمەویست تفەنگێکم لێدا ، مردنم بە ئاوات دەخواست• گیان لە جێ یەکـــی سەختەو نایەتە دەرێ•

بڕێکی دوور خستمەوە و گوتی :

ـ کوا ئەسپەکە؟

ـ لە حەوشەی کوێخایە•

بردمیەوێ، دادەخەجێ بە خەبەر بوو • بە پیرمانەوە هات • هەر ئەمنـــی دیت بە هەر دووك دەستان بە سەری خۆی دادا • ئەو دەمی زانیم لە نووکـــی پێم را هەتا تۆقی سەرم شەلاڵی خوێنە • قسەم پێ نەکرا • گریانیشم نەهات • بەو هەلایە کوێخا رەسوو ، هاتە دەرێ، ئەویش واق ما ، پاشان بردمیە ژوورێ• دەستێکی بەرگی خۆی بۆ هێنام گوتی :

ـ جلەکانت بگۆڕە!•

بەرگەکانم گۆڕی• گودروون فیشەکدانەکەی لە خۆی کردەوە ، لە قەدی منـی بەست تفەنگەکەشی دادەدستم و گوتی :

ـ سواربە بڕۆ!•

رکێفم هێنا ئەسپە کوێت، وەك باڵی هەبێ، لە جێی خۆی هەڵکەندرا ٠بە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم لە ئاوەدانی دوور کەوتمەوە٠٠٠٠

بەڵێ قوربان ئاوا بوومە چەتە، رووم لە هەر شوێنێکی کردبا ، ئاغایەکی لێبوو، ئەمنیش ئاغام کوشتبوو٠ دنیام لێ بووە چەرمی چۆلەکەی٠بە قاچاخی زۆر خولامەوە ، هەتا تووشی دەستەی کەریمە شەلی هاتم٠ لەگەڵ وان کەوتم ئەمنیش وێڕای وان دەستم کرد بە راوەڕووتێ٠ هەر لەوێ لەگەڵ حەسکۆی بوینە ئاواڵ، ئەوەندەی گڵ لە سەر وی بە، ئەوەندە حەمری تۆبێ، وەك سێوێك بـــن لەت کرابن٠

قەدەرێکی دەچووینە دیوی گەرمێنێ، دەهاتینەوە ئەو دیوەی، ئەوەی خـولا پێی خۆش با نەمان دەکرد٠ پاشان حەسکۆ کوژرا ، ئەمنیش رقی دنیایەم لـــە کەریمە شەلی بوو٠ لەوان جوێ بوومەوە٠ میران تازە وەشاخی کەوتبـــوو ، خۆم لە پەنا وی هاویشت٠ زۆر پیاوانە پەنای دام٠ باڵی بەسەر کێشام٠ئـەوی پیاوەتی و غیرەتە لە میرانم وەرگرتووە٠ میران هەر بە نێو چەتە بوو٠هەرگیز فەقیرکوژ نەبوو٠ زوڵمی پێ قبووڵ نەدەکرا٠ لە شاخی دابوو زۆریش مێرانە٠ هەر لە ئێستاوە هەتا دەمرم باسی پیاوەتی میرانت ، بۆ بکەم تەواو نابێ٠ ئێمە ماوەیەکی یەکجار زۆر پێکەوە بووین، لە پیاوەتی بەدەر چم بـــــە و پیاوەیەوە نەدی٠ دوای ئەوەی ئەودەردەی بەسەر خدر ئاغا و دێ یەکەی ئێمـــە هێنا ، ئاغاکانی دەورو بەر رقیان لێ هەڵگرت ، گەلەکۆمەکیان کـــرد ٠ شەوێکی ئەمن لە دەستەی کەریمی دابووم٠ پیاویان ناردبووە سەری،زۆرپیاوی یەکەیەکە، خوا هەڵناگرێ ئەوانیش چاك وەدەست هاتبوون بەلام لە ئاخری دا مەحموود بەگ کووژرابوو٠ ئەوەبوو میرانی رەشاخی خست، ئەودەمـــــــی دەستەیەکی چاکی لە کۆنە چەتەکان خڕ کردبۆ وە٠ ئەمنیش وەك عەرزم کرد ی چوومە نێویان هەرشەوەی بە دێیەکمان دادەدا ٠ وڵاتمان وەئامان خستبوو ، کەس لە ترسی میران خەو و خۆراکی نەمابوو٠ بە تۆڵەی مەحموودبەگ زۆری لە ئاغاکان کوشت، زۆریانمان تالان کرد٠ پارەیەکی زۆرمان وەسەریەك نا ٠

پاشان ئاغاکان تێگەیشتن باشاری میران ناکرێ، هەر بۆخۆیان دڵخۆشیان داوە ، لە لای حکوومەتیش پاکانەیان بۆ کردو هێنایانەوە سەر ماڵ و منداڵی خۆی. میران ئەمنی خۆش دەویست، ئێستاش هەر وایە ئەویش ئەمنی لەگەڵ خۆی ئەمین کردەوە. ئەو ئاشەی بۆ ئەستاندمەوە ، هێنامیەوە سەر ئاشی. لە دەستەکەشی هێندێك هاتنەوە، بەشێکیشی هەروا لە شاخین، ئەوانیش میرانیان لە من خۆشتر دەوێ. ئێستاش بە بێ وی قامك لە ئاوێ نانێن. میران لە بنەوە هەر دەگەڵیانە. لەوەتی رەزا شا ، هاتۆتەسەر تەختێ ، ناوێرن زۆر خۆ ئاشکرا کەن دەنا هەر هەن و هەر دەشبن.

مام میرزا[1]. بەسەرهاتی من زۆر لەوەی پترە، بەڵام هەر بەشی ئەوەندەی چۆن بوومە چەتە پێویست بوو، پێت خۆش بێ لە ماڵی میران هەمووت بۆ دەگێڕمەوە. وەك دەبینی ئاشەکەم لەبەر یەك بردووە. سبەینێ دەیخەمەوە سەر یەك، شتێکی وانیە. بەردە مووروەکەی دەگۆڕم. تەوەرە و بستەشی بزانین چۆن دەبێ. پەڕەکانی بە مەعلوومی دەبێ توند کرێنەوە. جا نازانم تەمبوورەکە چیدەوێ. زەمبوورەکەی حەیبی نیە. کۆل و بانیژەشی باشە. چەقەنەکەش دەگۆڕم. ئاشەکەش دەمیزێ بەڵام جارێ دۆڵی واموەگیرنەکەوتووە، کای جار جار پێدا دەکەم ئەویش دەرجی دێ. دەڵێم بەردەکانیش بیرازکەم. بۆ زمهەری بەهارێ ساز و تەیار دەبم. قوربان سبەی شەوێش ئەمن ماندوو ئەتۆش بە مەعلوومی بەو تەقە تەقە مێشکی سەرت دەچێ، لە سەر خولای تەخت لێی دەنووین. دووسبەی بەری بەیانی ،دەرکی ئاشی دادەخەم. سواری ئەسپەکەت بە، وەپێشت دەکەوم خولا یاربێ نیوەڕۆیە لەماڵی میران دەبین. لەوێش چۆن دەفەرمووی وادەکەین، پێم خۆشە مام میرزا ، لەوەی بەو لاوە بە کەیفی تۆ بژیم. لەو ئاخری عومری دا بە مەیلی تۆ دەکەم ، ئەتۆش خۆت و خولای خۆت.

# ٦

یارە ، هەر دووك دەستی بە گوێلەوسارێك ، لەپشتەوە بەستراوە· دوو ئەمنیەی گرژ و مۆن و نەدوێن لەو لاو لای دەڕۆن· شەقامی شار پــڕە لــە حەشیمەت· بە زارکی بازاڕی دا نێوبڕی لیدەدەن· دەمەوئێوارەیە وهەڵـــڵا· کڕین و فرۆشتن ، چەنە لێدان ، هەڵسەنگاندن ، هەڵبژاردن· چەقەی دەست-فرۆش و کڕیار ، تەقەی لینگە تەرازوو ، هاواری جۆراوجۆر ، حەمباڵی قرتاڵە بە دەنگێکی خۆش: "بی نێرە! بیبەینەوە ، حەمباڵی بەڵەد" پیرە پیاوێکی شەربەت فرۆش، دەفرێکی گەورە بە باوەشەوە، یەك بە خۆی هەرا دەکـــا : یاکەریم!، یاکەریم! "

منداڵێکی قرپۆکی دەنگنووساو ، چەوری زەردەڵە ، تەبەقێك لەســەر شانی دەنیرێنێ: شەکەلەمە و رۆن"

یەك هاواری هەڵوای شەکری دەکا ، یەکێك فڕنی بە دۆشاوی· خاڵەمامە بە سنجوەکەی هەڵدەڵێ: "بووکە سوورە، بووکە سوورە، بۆ شەوێ ، بـــۆ منداڵەکان ، بۆولێدەدا تووزەڵە"

یەك دەگوڕێنێ : " ئای لەو مێوژەی " یەکیتر لەوسەری بازاری " ئـای ناخۆم" مێوژ فرۆش جواب دەداتەوە: " ئای·····"·



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بە پێش کەبابخانەیەك دا دەڕۆن ، منداڵێکی لەسەر لینگ باوەشێنــێ دەکا ، دووکەڵ و لاتی داگرتووە. بۆنی کەباب بە سەر یارە دادێ ، لـــــە بەرانبەر کەبابچی لەخۆوە رادەوەستێ: " جارێکی هەر لەو کەبابخانە یـەك بە زگم کەباب خوارد، ئەوێ جارێش ماست ودۆشاوەکەی کاروانسەرا ،چەنـد خۆش بوو ".

سەرە سیمرخێکی تێدەکوتن، وەپێش خۆی دەدەن ، سەری لە گێژەوەدێ ، مەچەکی تەزیون ، کالەکانی قرچ هەلاتوون. داو ودەلینگی تۆزاوی یـــــە. زۆریان رەتاندووە، بەلام ماندوو نیە. ئارەزووی کەبابیەتی ، ئەمنیـە لای بۆ شل ناکەن.

توێلکە کالەکێك لەژێر پێی دەڕوا ، هەڵدەخلیسکێ ، خۆی بـــۆ خـــڕ نابێتەوە. دەکەوێ. ئەمنیەی دواوە راستەوەی دەکا . ڕێبوارێك دەڵێ :

"ئای فەقیرە" یەکیتر هەڵدەداتــێ :

" کرمانج وانەبێ پیاوی دەخوا ، داخولا چەند کەسی زگ دڕیوە" یـارە ، چاوێکیان لێدەکا . چاوی یەکیان بەزەیی وژان ، ئەوی‌تر رق و قینی تێدایە . سەر دادەخانەوە، پێ بە پێی ئەمنیە. تەنیا دوو جاری شار دیوە. نامۆیـە ، غەریبە، شەقام و کۆلان ، دەرك ولاشیپان ، جۆرێکی‌ترن. کۆلان بـــــەردی تێگیراوە. دەرگاکان هەریەکەی رەنگێکن . گالە دراون . پەنجەرە پەردەیـــان پێوە، هێندێك جار لە کەلێنی پەردەوە، ئافرەتێك . جار جار بە تەنیشتیدا، نیگایەکی خەمبار ، بۆنێکی خۆش. منداڵێکی سەرقژن فیت فیتە لێـــدەدا . پیرەپیاو بە گۆچانێکی لووسی زەردەوە، لووتی قرچ ، وەك بێزی هەستابێ.

نازانێ بەندیخانە چۆنە، چالێکی قووڵی دێتە بەرچاو، جارجاریـــش هۆدەیەکی درێژ، وەك زاخە، پڕ لە گاوبەند ، بە بیری دا دێ.

دەگەنە شەقامێکی‌تر ، دوکانی رازاوە، بالەخانەی جوان جـــوان ، دیواری بەرز ، سوور ، راست، بە دڵی دا دێ:

"سەر هەڵێنی کلاوت دەکەوێ! ئەو خەڵکە چۆن بەرێ دەچن ؟ نە خەلە و

خرمان دیارە، نە مووچە و مەزرا ! سەرگێر کوا ؟ مەڕ ، گاران ! ئەدی چ دەکەن ؟ . ! خۆ هەموویان دوکانیان نیە ، دەمبەنە چ لایەك ! ئەو کابرا مۆنە، ئەوی دەیگوت : " کرمانج وا نەبێ وڵاتی دەخوا "

بلێی گیشەی نەبێ ؟ لەسەرچی رقی لە من بوو ! کرمانج کوا پیاوی خواردوە، شەیتان دەڵێ لەداخان وەك" گرژەی بەیرەمی "گرژە لە خۆڕا واینەدەکرد !"

بەبەر دەرکی حەمامێك ، دا دەڕۆن ، حەمام لە عەرزی دایە، بانەکەی خەر پوشتەیە، دووکەڵی لەسەر هەڵدەستێ . ریزێك پلیکان چوون لە ئەرزیە-وە ، فۆتە و قەدیفە لەسەر سەربانی بە تەنافی دا دراون .یارە ، بە دڵیدا دێ : " رەنگە بەندیخانە ئە ئێرە بێ "

هەروا دەڕۆن، با دەدەنەوە شەقامێکیتر ، بۆ لای کاروانسەراکە، یارە ئێرەی دیوە ، وەبیری دێتەوە :

" بەوەی داچوومە کاروانسەرا ، کچی کاروانسەرا دارەکە، چەند جوان بوو ، زۆری ملەقوتە دەکرد . شەوێ ، ئەو وەختی شمشاڵم بۆ لێدەدان ، لەوانەبوو بێ لە چاومەوە، چاوی حیز بوون ! چاوی حیز جوانە ! جا حیز بۆ جوانە ؟ لە ترسی خەزاڵ ، ئاخ کەنگێ دەچمەوە لای ؟ لە ترسی ئەو نەمویرا پڕ بە دڵ چاوی لێ بکەم ، جا کێ بۆیدە گێڕاوە ؟"

لەوبەری شەقام ، دەرکێکی گەورە ئاوەڵایە . ئا لایەکی سێ رەنگ ، لە سەربانی ، روو بە شەقام ، با دەی شەکێنێ . ئاژانێکی پیر ، لەبەر دەروازە، کێشك دەکێشێ . ملی درێژو چرچە، پشت ملی قاوەیی و شوێن شوێنە ، وەك کاڵەکۆن . شانی بە قورسایی تفەنگەکە داچۆڕاوە . بە زمانی ترکی بۆڵەیەکیان دێ ، یارە حاڵی نیە ، وەدەزانێ کەشکان دەخۆن . دەیبەنە ژوورێ . دا لانێکە و چوار هۆدە . بە پتە لە دەرکێك دەدەن . دەرکە جیرەیەکی وبشکی لێوەدێ ، دەکرێتەوە .

نایب ، لە پشت میزێك دانیشتووە، ئەمنیە لاقیان بە توندی لێك

دەدەن، یارە ، هەڵدەبەزێتەوە ، قەتی شتی وا نەدیوە.

نایب سەرێکیان بۆ دەلەقێنێ ، لە پشت میزەکە قیت دەبێتەوە ، کوتە مانگێکی زەردی بە زنجیرێکی باریك لە ملی هەڵاوەسراوە. یارە نازانێ ئەوە چیە، وەهمی تێلیسانی لێدەکا ، هەڵبەت تێلیسانی زێڕ. یارە هەرگیز نەزمیەی نەدیوە. ناوی نەزمیەی جارێکی لە میرزای زانیبوو . قسەکانی میرزا ، بە هەڕەمە بە بیری دا دێ:

" لە هەموو جێیەکی بێسەرەو بەرەتر ،نەزمیەیە. لەوێ پوولی بدە شای لە سەر تەختێ لابە. نەزمیە بازارە. لە بەندیخانە وریا نەبی هەر زیندانی دەتخۆن" نایب ئارام و هێدی ڕۆنیشتووە، دەوسیەی یارەی لەبەر دمی داناوە بە رواڵەت پیاوی چاکە ، چاوێك لە کوتە کا غەزەکان دەکا و ئاخێزێك لە یارە، جار جار سەر رادەوەشێنێ. یارە چی بۆ هەڵناکرێ . نایب ئاماژەیەك دەکا . ئەمنیە دەستی دەکەنەوە. دەستی بەردەبنەوە. فێنکایی بە دڵی دا دێ.

نایب پسوولەیەك دەنووسێ ، ژێرەکەی مۆرێکی قەڵەو لێدەدا ، دەیاندا- تێ ،ئەمنیە دیسان پانیەیان لێك رادەکێشن ، وەدەر دەکەون.

یارە ، بە تەنێ لە لای نایب ماوەتەوە.

نایب ئیشارەی یارە، دەکا . یارە حاڵی نابێ ، نایب بە دەستی ئاماژەی سەر کورسیەك دەکا . یارە لەسەر کورسیەکی چەپرەك دادەنیشێ ، کورسی پێچکەی لەقن ، جیرەیەکی وردی لێوەدێ ، یارە سوور هەڵدەگەڕێ . نایب سەری بە کاری خۆیەوە قاڵە، ورتەی لەبەر دمی نایە.

پشت سەری نایب وێنەیەکی گەورەی لێ هەڵاوەسراوە. وێنەی رەزاشایە. لە چوارچێوەیەکی دار دا . باڵتەیەکی درێژ ی وەك عەبا بەشانی دادراوە. یارە، چاوی تێبڕیوە. سمێڵی ئەستوور و قیتە ، چاوی زەقن.

نایب کوردی دەزانێ ، سەر هەڵدێنێ :

- یارە !

- بەڵێ قوربان.

- چـت کـردووه ؟
- هیچ قوربان !
- ئەدی لەچی دەگەڕێی ؟
- لە هیچ ٠
نایب بزەیەکی دێتێ :
- یاره !
- بەڵێ قوربان٠
- گیشەت سوتاندووه ؟
- خێر ٠
- ئەدی بۆ شەمێ وایگوتووه ؟
- چا چت حەرز کەم ، هەڵبەت درۆیە دەکا ، خۆ ماست نیە بە لێـویــەوه دیار بێ٠
- ئەدی ئەتۆ بە لێوتەوه دیاره ؟
- خێر قوربان !
نایب :
- یاره ئەتۆ پیاوێك بە ناوی میرزا ، دەناسی ؟
- کام میرزا ، قوربان ؟
- بۆ چەند میرزات دیوه ؟
- زۆر ٠
- چۆن ؟
- چاك ٠ ئەوانەی سەواددارن ، میرزان٠
- میرزا هەیاسی دەڵێم ، ئەوی دەناسی ؟
- کام میرزا هەیاس ؟
- ئەوی قاچاخ
یاره :

- ئەمن میرزای قاچاخم نەدیوە٠
- ئەدی کێ ژنی بۆ هێنای ؟
- بابم ٠
- ناوی بابت چیە ؟
- بابی عەسلیم ناوی برایمە٠
- بۆ چەند بابت هەیە ؟
- دوو باب قوربان ، سۆفی ئەحمەد ژنی بۆ هێنام ، بابی خۆم خودا عافووی کا دەگەڵ مردووی تۆ ، لە مێژە مردووە ، ئەمن هەر شوان بووم چۆبان ، چۆبان ٠

نایب بزەیەکی هاتێ ، دەزانێ یارە، خۆ کەر دەکا ، گوتی :

- یارە ! ژنەکەت خۆش دەوێ ؟

یارە ،سوور هەڵگەڕا ، تا ئێستا کەس شتی وای لێ نەپرسیوە :

- چت عەرز کەم٠

نایب :

- دەی بڵێ!٠
- قوربان هەموو کەس ژنەکەی ٠٠٠
- کێی دیکەت خۆش دەوێ ؟
- سۆفی ،سۆفی ئەحمەدم هێندی بابم خۆش دەوێ ٠
- کێی دی ؟

یارە ، زاری کردەوە، بڵێ میرزا ، زوو گێڕایەوە٠

نایب:

- ها !
- ها کێیە، کەسی دیکەم خۆش ناوێ ، ئەمن غەریبم قوربان٠

نایب لە قاقای پێکەنینی دا:

- ئەدی "گەینەنە" ؟

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

یارە ، چی تێنەگەیی :

- نەم بیستووە ! چت فەرموو ؟

- کوڕە ! خەسوو ، خەسووی تۆ !

- حاجی ژنێ دەفەرمووی ! هێندی دایکی خۆم خۆش دەوێ ، زۆر ژنـــــی چاکە.

- گیرفانت بە تاڵ کە بزانم !

- چی وایان تێدا نیە قوربان !

- چ دەڵێم ئەوەی بکە ، زوو ، زوو.

یارە هەرچی لە باخەڵی دابوو ، ڕۆی کردە سەر مێزەکە . شمشـــاڵ ، کیسەدراو ، دەسرەیەکی ریشوودار ، جووتێك گۆرەوی میرزایی.

نایب لەپێش دا ، دەستی برد بۆ کیسە دراوەکە ، گوتی :

- چەندی تێدایە ؟

یارە ، کەمێك درەنگ جوابی داوە :

- سۆفی لە ڕۆیشتن دا ، دایمێ گوتی : " دەتمەنە "

نایب ئەژماردی ، بیست پێنج قڕانی ، دوویانی پاشقول دا :

- ئەوە نۆ تمەنە !

یارە زانی درۆیە دەکا ، وەڕووی خۆی نەهێنا :

- بەڵێ .

نایب ، دەستێکی لە گۆرەوییەکان وەردا ، گۆریەی مەرەز ، میرزایـــی ، تەنك ، زۆری پێ جوانە. دەسرەو گۆریە و تمەنێکی لە دراوەکە داوە بە یارە :

- پوولەکەت زۆرە ، لێت دەدزن ، هەشت تمەنی لە لای من بێ ، پوولـــت ویست دەتدەمێ .

یارە :

- ئەدی شمشاڵەکەم ؟

- ئەویش لە لای من دەبێ ، شمشاڵ ئاسنە ! قەدەغەیە !

یارە ، بۆی ساخ نەبۆوە، شمشاڵ بۆ قەدەغەیە ، بە دڵی دا هات :

" شمشاڵم نەبێ ، لەوێ چبکەم ؟ قرم دێ · با ئەو گۆریانەی بدەمێ " :

- قوربان ! نایب :

- دەڵێی چی !

- ئەو گۆریانەم بۆ تۆ هێناوە·

- خۆ تۆ منت نەدەناسی ! کی ئەوانەی پێکوتی ؟

یارە ، هات بڵێ میرزا ، گێرایەوە :

- بۆ گەورەی زیندانم هێناوە ، ئەتۆش گەورەی !

نایب زۆری پێخۆشە ، بە تایبەتی بەو تاریفە ، چاو لە هەشتەکانی دەکا :

- ئافەرین !

گۆریەکانی خێرایەکی دە داخڵەی مێزەکەی هاویت ، بە چاوی خۆشەویستی رووی لە یارە ، کرد :

- ئەگەر قەول بدەی کوڕی چاك بی ، شەری نەکەی ، شمشاڵەکەشت دەدەمەوە ، هانێ .

- کوڕی باش دەبم قوربان !

- ئەو پووڵەش لێرە دەبێ ، قەبزت دەدەمێ·

یارە ، لەقەبزەکە حاڵی نەبوو ، شتەکانی لە باخڵی ناوە· نایب هەرای کرد :

- خەلیل !

خەلیل هاتە ژوورێ ، ئاژانێکی لاوە ، کەڵەگەتە ، لاقی لێك دا :

- بەڵێ قوربان !

- ئەو زیندانییە ، بەرە ژوورێ !

خەلیل هات بیباتە دەرێ کە نایب گوتی :

- یارە !

- بەڵێ قوربان !

هەر کەس ئەزیەتی کردی بە من بڵێ ·

- بەڵێ قوربان .

خەلیل :

- سەری هەڵپاچن سەرکار نایب ؟ نایب وەلام دەداتەوە :

- سەری تاشراوە.

ئاژان قۆڵی یارەی گرت، چوونە سەر هەیوانێك ، سێ چوار پلیکان چوونەخوارێ . حەوشەیەکی چووکەیە. دوو چناری جەوهەردار لە سووچێکی حەوشە، سەریان کێشاوەتە حەویقی ئاسمانێ . ئاژانێك دێ و یەك دەڕوا . جل وبەرگی هەموویان وێکدەچێ. چاوێك لە یارە دەکەن و لێو هەڵدەقرچێنن. یارە، کەمێك دەترسێ، هەوەڵ جارە دەترسێ . تەنانەت شەوی هاوارە بەرە وا نەدەترسا . ئەوبەری حەوشە دەرکێکی پۆلایە. بۆ لای وێی دەبەن.

دەرکە زۆر قورس و ئەستوورە. شتی وای نەدیوە. چاوەڕێی چا لاوێکی قووڵە. پێی وایە پشت دەرکەکە چا لاوە. لە زەینی ویدا زیندان ئاوایە . ئاژانێك دەگاتێ. خڕەی کلیل وجیرەی بەسامی دەرکی پۆلا ، یارەی راچڵە-کاند. وەختی ترس ، دەنگ پتری دەنگ دێ. کەڵ بە مەوتەن شەڕ دەکا. یارە ، سپی هەڵگەڕاوە. ئەو یارەی لە سەد سواری پشت نەدەکردەوە. ئەو کوڕەی گوللە نەیدەبڕی.

قوڵەشین ، پاڵێکی بە پشتیەوەنا ، تلاسکەیەکی بەست، رەتی برد و خۆی گرتەوە. دەرکە قورسەکە لە پشت سەری تەق پێوەدرا . کەوتە نێو دا لانێکی قوڵە، حەوشەیەکی دیکە، بەرد تێ گیراو. حەشامەتێکی شڕۆڵ و دڕۆڵ ، بە پیریەوە دێن. هەر وا لێی کۆ دەبنەوە ، پیرە پیاوێکی خڕەی تێك سڕماو ، قەرە پەپاغێکی رەقەڵە، لاوێکی دم رووتی سوورکارە...

حەوشە هەر جمەی دێ ، یارە، وردە وردە سامی دەشکێ :

" دیارە زیندان هەر ئەوەیە ، کوڕە خۆ چا لاوی لێ نیە ،ئێرە لە ماڵە خۆمان..." خێرا بە دەوری حەوشەدا دەڕوانێ ، چوار هۆدەی عەرزەکی لە لایەکە ، سەکۆیەك ، چا لاوێك وسەتڵ وتەناف ، ئاودەستێکی چووکە لە

گۆشەیەك٠

ئاژانێك بە چەكەوە لەسەربانی هۆدە دێ و دەچێ ، لە ژووری حەوشە - یەكی تر ، باتوونێك بە لاتەنیشتەوە٠ قاژ وقرۆژ و هەڵلایەكە باب ئاگای لە كوڕێ نیە٠
دەوری دەگرن٠ یەكێك دەڵێ :
- كوڕی باش ناوت چیە ؟
-یـارە ٠
- خەڵكی كوێی ؟
- لێرەوار ٠
یەكی تر هەرا دەكا :
- بەخێرهاتی ، ئەسڵە كۆپە !
ئەوانی دیكە لە قاقای پێكەنینێ دەدەن٠ پیرەی تێك سڕما و دەگاتێ٠ بە سەریان دا دەگوڕێنێ :
- مەیخۆن ، دوور كەونەوە! لاچن با سەری پتاشم، روو لە یارە دەكا :
- كوڕم سەر كڵاوەكەت دانێ !
یارە، سەری رووت دەكا ، تازە بە گوێزانی تاشراوە٠
لاوە دم رووتەكە "حەمە سوور" جرتێكی بۆ پیرە رادێڵێ٠ پیرە هەرای دەكاتێ٠ حەمە سوور ، هەڵدێ ٠ پیرە رێی دەكەوێ٠ دوو سێ یەك بە شوێنیان- دا ، یەكێك لاق وەبەر لاقی پیرە دەدا ٠ پیرە سەرەنگرێ دەبێ ، دەكەوێ٠
قەرەپە پاغ بە كوردی‌یەكی لەت وكوت دەگوڕێنێ :
- دایكۆ بە بابوو دادەدەم! ئەلی چەتەو گۆشت٠
هەرا دەكاتە سەر عەلی چەتە، هەڵیدەستێنێتەوە :
- ئەلی گیان ، نەمیردی ؟
عەلی چەتە سەر هەڵدێنێ ودەڵێ :
- نانا ئەمی حوسێن ،بۆ دەمرم! گورگ ئەگەر پیربوو ، دەبێتـــــە

مەخسەرەی سەگ٠

عەلی چەتە ، تایەکی توتن دزیوە ، دەوسیەی پێشووشی هەبوون ،چـوار ساڵیان زیندان بۆ بڕیوەتەوە ٠ لێرە کردوویانەتە سەرتاش ، پیـاوێکـی جەفەنگی‌یە ٠ گاڵتەی ئەو زیندانەی لەسەرە٠

ئەمی حوسێن ، گوێدرێژێکی دزیوە ، قەرەپەپاغە ، کوردی کەل وپـەل دەزانێ ٠ هەموو خۆشیان دەوێ٠ قسەکانی لە لای هەموو کەس دەڵێ، چی‌تێدا راناوەستێ ، نەقڵی گیران وتاوانەکەی وەك بنێشتە خۆشکە هەر دەڵێ و دەڵێتەوە :

" بابیم ئەمن بەرێ دەرۆیشتم، زۆر رۆیشتم ، زۆر زۆر رۆیشتم، ماندی بووم دا ، بە تووشی کەر هاتم ، سوار بووم ، دیدم هەچە هینە ها ، ئەمینـە ئەمن گرت٠ کورە دایکت چاك ، بابیت چاك ، نەدزیوە ، نەدزیوە ،گەرانـدی بردی ، گازی دە مانگی زیندان داوە لەمن٠ گورم سەرم، ژن ومیندالْ ئـوردا (١) ئەمین بوردا (٢) "

ئەمی حوسێن یان کردۆتە جارچی٠

حەمە سوور ، گیرفان برە، هێلکەی لەبەر قەلی هەڵدەگرێ ، تازە دەگاتێ، قامکی شادە وقامکی نێوانیی بە قەد یەکن، دەڵێی پێکەوە مشار کراون ٠ چاوی بە شۆق ودەغەڵن، جۆرێك دایکە خۆگێ یی و زۆڵی لێدەبارێ ،مشتەری دایمەی بەندیخانەیە، پێیەك لە دەرێ ویەك لە ژوورێ ٠

حەمە سوور ، پالی بە زەلامێکەوە نا ، بە یارەی دادا ٠ یارە، نەجوولاوە، وەك مەزرەق چەقی ٠ هەموویان حیسابیان هاتە دەستی ، جووڵە جووڵیـان وێکەوتووە، تێك داوێن٠ هەڵلایە ، سمرسمرە٠

ئاژانی نێو حەوشە گەیشتێ ، فیت فیتەی لێدا ، هەمووی لـە ژوورێ

---

(١) - ئۆردا : لەوێ

(٢)- بوردا : لێـرە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی کوردیکا @kurdica

کردنەوە • یارە ، نازانێ بۆ کوێ بچێ ، ئاژان قۆڵی گرت بردیە هۆدەیەك • زیندان ، دیوێکی ویشك و برینگە • زۆریش لە نێو ماڵەکەی خۆیان خۆشترە • بەلام بۆنێکی ناخۆشی بە بەر لووتی دادێ •

یارە ، هێندە نازدار نیە ، بەو جۆرە شتانەوە بگیرێ ، بۆنی ناخۆشی کردوون • میانەی تەویلە • بۆ تیژی کۆز ،سەرانگوێلك ، بۆنی ریخەشلەی بەهاران • بۆنی زیندان بۆنێکی قورسە ، خاوە ، هەرنە هووتە ، سەری گرتووە • بۆچڵکی بنیادەمە • جووتێك زیلۆی بۆری چڵکن ، راخەری هۆدەکەن ، رەنگی ئەسڵی یان مەعلووم نیە • پێخوستی سەدان لاق و لەتەری چەورن • بە چڵك سواخ دراون • رایەڵ وپۆی راخەرەکە سامالە ، بۆتە یەك ، تەختەیەکی چەوری رەق • تەبەقێکی خاوی بۆن گران •

یارە ، زووی دۆزیەوە ، بەلام چارەی نیە ، دەبێ هەڵکا ، حوکمی حاکم و دەردی موفاجا •

لە گۆشەیەك دانیشتووە ، زەلامێك بەرانبەری ،دەستی لە ئەژنۆ وەراندووە • تەسبێحێکی سووری دەنك زلی بەدەستەوە ، هەر جارەی دەنکێکی داوێ ، مەچەك وپشت دەستی خاڵ کوتن ، وێنەی ئافرەتێکی سەر رووت ، نووسراوەی جۆراو جۆر •

یارە ، هاتەوە بیری ، جارێکی دیکەش ئەو خاڵە کوتراوانەی بە ژنە قەرەچیەکی یەوە دیبوو :

"شیرن ، قۆڵەکانی هەتا ئانیشکی هەڵماڵیبوو وێنەی جوان جوانی لێ کێشرابۆوە • وێنەیەکی شاعەبباس بە جووتێك سمێڵی راستەوە ، لە ژێرەوەی سەرێکی بڕاو بە بان نێزەوە • دەستەکەی دیکەی چەپکێك گوڵ بوو ، خاڵە کوتراوە شینەکان لەسەر مەچەکە گەندومیەکەی زۆر دڵگر بوون • جوانی دم و چاویشی ، تاماوی دابووە مەچەکی،سەیرم پێ چوان بوو ، ئەوێ دەمێ تازە سووتاوی خەزاڵ دەبووم ، کچی دیکەم بەباشی نەدەدی • تالحەم بە شیرن دەگرتەوە ، لە نەکاو چاوم بەو نەخش وخا لانە کەوت ، نەمدەزانی چن • قەتم

شتی وا نەدیبوو • شیرن خێرا خێرا قسەی دەکرد • لەبەر ئەو وێنانە گوێم لـە قسەکانی نەدەبوو • دەستم هەڵێنا ، سەبرێکی قامکم لەسەر وێنەی دەستی دانا • راچڵەکی • گوتم:

– ئەوە وێنەی کێیە ؟!

قسەکەی بڕی ، چاوی لەچاوم کرد وگوتی :

– هەتیوە شەیتانە ! " ئاردی خۆت پێژتووە ، کەپەکت هێشتووە " لە چاوەکانت را دەزانم ئاشقی • لە شمشاڵەکەت را زانیم • دەست لە باسکی من مەدە ، گراوی یەکەت بەگوێی بگاتەوە ، لێت نەبان دەبێ •

ئێستاش نەمزانی تالحەکەم ئەوەی تێدابوو یا بە ئەقڵ دەیگوت ، پاشان لە رۆیشتن دا گوتی :

– ئەوە وێنەی شاعەبباسە • ئەو کەللە سەرەی بە نووکی نێزەوە کراوە ، سەرعێلی بنەماڵەی ئێمە بووە ، هەوەڵ منداڵی ئەو بنەماڵە چ ژن ، چ پیاو ئەو خاڵەی لە باسکی دەکوترێ ، بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە ، جیفرکێکی لە خۆی دا و لەمن دوور کەوتەوە • • • "

ئەمی حوسێن هەرا دەکا ، بانگاوازی جیرەی شێو ، نانێك و دەنکێك سێوکی کولاو • هەرکەسەی جیرەی خۆی وەردەگرێ • لە دەلاقەی مدبەقەوە ، دەیخاتە سەر دەستی ودێتەوە •

یارە ، جیرەی نیە • ئەمی حوسێن بانگی دەکاتە لای خۆی :

– ورە کورە ! گەریبی مەکە ، برێك هێناوە •

یارە ، ئیشتیای بەستراوە ، لەبەر دڵی ئەمی حوسێن دوو پارووی چکۆڵە دەخوا • ئەمی ، بەو ددانە کەل وپەلانەی ، ئەولاو ئەولا و سەگ بە حەسارێکی سەیری پێدەکا • نانەکە چیڕ و فەتیرە ، برێکیش سوێرە ، ئەمی گوێی نادا تێ • شەو بەسەر دەستان داهاتووە • لە هەر دیوەی چرایەکی فانۆس ، بە گوڵ میخی دیواری داکراوە •

بەندی لێی تخێڵ بوون ، هەرکەسەی لەبەر خۆیەوە ، وەك پەنجەی دەست •

یارە، لەسەر کەوشان درێژ بووە٠ شەوی بەندی درێژن، هێندی سالێك،كـــات بە شێنـەیی دەڕوا ، جاری وایە هەر ناڕوا٠٠٠

یەکێك پرخەی دێ٠ یەك لە خەودا قسان دەبزڕکێنێ ، یەکیش لـە دووری ماڵ وخێزان خەوی لە چاوان زڕاوە٠

یارە ، وەك خوێی لە چاوی کرابێ، خەوی نایە٠ هەوای هۆدەکە پیســە ٠ خەزاڵ بـەبەر چاوی دا دێ و دەڕوا ٠ سەروقژی دەرنێتەوە٠ دەگری٠دەبارێنێ ٠ سینگ دەکوتێ ، دوعا دەکا ٠ چاوە جوانەکانی وەك گۆمی خوێنێ ســوورن ٠ سەروپرچی ئالۆزوژاکاوە، خۆی بە پێ وقەدەم ڕەش دەزانێ٠ فکری ئالـــۆزو بلۆز ، یارەیان گەمارۆ داوە٠ دووری لە خەزاڵ ، سۆفی ، حاجی ، حاجی ژن، وڵات ،کانییەکەی بەردەرکیان ، دار بە ڕوو، دارستان ، ئەستێر ، ئـــەو هەوا سووکە ، ئەو وڵاتە بۆن خۆشە٠٠٠

بە دڵی دادێ :

" میرزا ، چۆن هێندە لە بەندیخانە دا ژیاوە، ئەو کابرایە بـەقـــەت منیشی تاقەت نیە٠ ئەرێ بلێی خەوم لێکەوێ ؟! پێم وانیە ! ئەو بۆ هەرنـە- هووتە دەمکووژێ ، گیشە سووتاندن ، کارێکی باش نیە٠ میرزا ، بـۆیـــە دەیگـوت :

" داکەوە ! هەدادە ! "

جوابم نەداوە، ئەو دەیزانی ئەو کارە بێ سەمەرە٠ بلەچەرچی چ گونـــی بارگێنی بەو گیشەیە دەچێ٠ بریا ئەو کارەم نەکردبا ٠ ئاخ تازە دەرچووە٠٠٠ چۆنی ئاور گرت ، ماڵەکەشی گرتی٠ شەمێ ، ئەمنی دیت، بووکـەکەی بلە ، بەو نیوە شەوە لـەوێ چیدەکرد؟! پێم وابوو نەیناسیوم ! بلێی لـە ژوانێ نەبووبێ ؟ ! کوڕە نەوەڵڵا، ئەو نیسکە ئیمانەشم دەچێ٠ ڕەنگە چووبێتـــــە سەراوێ ٠ لە ژوانێ با ، باسی نەدەکرد، بریا لە ژوانێ با٠"

یارە ، هەرگیز جێی واناخۆشی نەدیوە٠ شەو وشەونخوونی زۆر کێشاوە، وەختی شەو بە کێوی مەڕێ ، خەوی مەزرایە، خەوی بەندەنان ، گۆپاڵ بارانی

بەهارێ،خەوی ژێر قاپووت ، چەشنێك پاشایەتییە٠

جەنگەی زەوی مەرێ ، لە هۆڵێ دەنوست ، بۆنی مەڕ نارەحەتی نەدەکرد٠ بۆنی ئاشنا ، بۆنی ژیان ، لە دەنگی کاوێژی مەڕ ماندوو نەدەبوو، ئەو کرمە کرمەی ، ئارام و هێدی بە دڵەوە دەنووسا ، حەکایەتی بۆ دەگوت ، دە خەوی دەکرد٠ هەرگیز خۆی بە تەنیا نەدەزانی٠ چوارپێ پاسیان دەکرد ،لە گورگ ، لە دز ، ئەمما ئێستا چی بۆی ساخ نابێتەوە ، ئەو ئاژانەی سەربانی ئەوەی حەوشە ، بۆ ناخەون ، بۆ ناچنەوە ماڵی خۆیان ؟ ماڵیان نیە ؟! بە بیری دا دێ:

" بڕۆمە دەرێ ! بەڵکە دەنگ نەکا ، خۆ من خەوم لێ ناکەوێ ، جا ئەو بۆگەنیوە بۆ هەڵمژم٠ دەچمە سەر سەکۆکەی ئێوارێ ! چکاری بە من داوە ؟ دەڵێم خەوم نایە٠ جا چاکە ئەوەی حەوشەیان لەچی دەگەڕێ ؟! کێ دەتوانێ بەو دیوارە بەرزانە هەڵچێ ، گورپەی پێ هەڵناگەڕێ ، خۆ کابرا باڵی نیە٠ وەڵڵاهی سەد ساڵم لێرە کەن ناتوانم ٠٠٠٠"

سەبرێکی هەستاپێ ، پاڵێکی بە دەرکەوەنا ، کەلێنێکی چووکە، هەوای دەرەوە شالاوی هێنا ، سوکنایی بە دڵی داهات ، بووژاوە ، لاقێکی بەرێکر-دە دەرێ٠ کەس دەنگی نەدا ، وەغیرەت کەوت، لاقەکەی دی ، دەرکەکەی سەبرێکی پێوەدا ٠

ئاژانی حەوشە، لەوبەری دێ ودەچێ ، تەقەی پۆتینەکانی وەك شەڕە نێری دەچێ ٠ سەری هەڵێنا ، یارەی دیت:

- ها !

- خەوم لێ ناکەوێ رەییس!

ئاژان، بە دەستی ئیشارەی لای خۆی کرد ٠ یارە، وەڕێکەوت ،وەك بۆ زیانییە پچێ٠ هەنگاوی شل وبێهەستن، گوڕو تینی تێدا نیە، بێواز ،سست گێل و غەریب ، دەڕواتە لای ئاژان٠

- ها کاکە، دەچی موستەراب٠

- خێر ، خێر ،
- ئێلەدا ، دەچی دەسشوویی ؟
- خێر ، دەستم پیس نیە !
- کاکە نەنوستی بوو ؟
- چبکەم خەوم نایە ٠
- گەم مەخۆ ! دونیا هیش نیە ، ئەتوون نیۆت چی چییە ؟
- یارەی نۆکەرت ، ئەرێ لێم دەگەڕێی لەسەر ئەو سەکۆیە رۆنیشم٠
ئاژان ، بە مینگە مینگ دەڵێ :
- دانیش ، ئەدانیشە ٠
یارە ، لەسەر سەکۆ لاقی لێ درێژ کرد٠ پاڵی داوە، ماندوویـــی و فکری ئاڵۆز شل و داچۆڕاویان کردووە٠
چاوی لێڵ بوون، خەوی دێ ، لێگدا لێگدا زرە باویێشکی دێتێ ، خشەی هات و چۆی ئاژانی، ماوەیەکی کورت گوێ لێدەبێ ، بە قوونـــەوە خـەوی لێدەکەوێ، پرخەیەکی وردی لێوە دێ ٠

* * *

بەرەبەیانە، گرڕەی بێبەزەیی، فیت فیتەی زیندانەوان ، وەك کەڵەبابی بێ‌وادە، جم وجوولەی هاویشتۆتە حەوشە، لەهەر کونێکەوە ، سێ چوارێکـــی خەواڵوو بەرەو ئاودەست رقەیانە، چەشنی مەڕ بۆ سەر بەردە خوێ٠ ئاودەست چاوەیەکە، بەندی زۆرن٠
یارە، لەمێژە دەست و چاوی شوتووە٠ ماندوویی حەساوەتەوە،تێرخەوە ٠ چاوی گەشن٠ لەسەر سەکۆ هەڵتووتەکاوە، شمشاڵی وەناڵە خستووە٠سەحەری لێدەدا ، شمشاڵ دەگری ، دەناڵێنێ، هاواری جودایی، تەنیایـــی ، خەم دەپرژێنێ ، پەژارە دەچێنێ ، بەرەو ئاسۆیەکی دوور٠ بلوێژ ژەن لە حەوشە - یەکی قووڵ دا، خەیاڵی " دەوەنا و دەوەن ، رەوەزا و رەوەز "
بەندی لە دەوری یارە کۆ بوونەوە ، کەس دەنگی لەبەر نایە٠گێژەی


کوردیکا @kurdica

دوێنێ ، ئەسڵە کۆپە ، وریای ئەورۆ ، هونەروەری ئێستا ... !

هەموو بێدەنگن . بە چاوی چڕ داگرتوو ، دەڕواننە دەست وشمشاڵی یارە . هەست و چێژ بزووتوون ، هەرکەس لە قەدەرە خۆی . لە دنیای خەیاڵی خۆیدا گەڕاوەتەوە رابردوو ، جارجاریش داهاتوو .

رابردوو گەرچی رۆیوە ، کەچی نەخشی هەیە ، شوێنەواری هەیە ، جێ پێی ماوە ، یادی لە خەیاڵدا زیندووە .

ئاهەنگ بڵیند و نەوی دەبێ ، هاژەی زیرو بەمی شمشاڵ ، هەوراز و لێژی ژیان دەخەنەوە بەرچاو ، رۆژگاری رابردووی ، دەرەوەی هێناوەتە ژوور . هەستی تێکەڵ و پێکەڵ ، حاڵەتی ئارام و خەمباری داوە بە دەور و بەر . تەنانەت قەرەوڵی بان هۆدە و ئاژانی نێو حەوشە ، بێبەش نین .

نایب هاتە ئەو دیوەی قفڵ . بێهەست ، بێچرپە . دەنگی ئاسمانی شمشاڵ بە تەواوی زاڵە . نایب هەرگیز حەوشەی بەندیخانەی ئاوا بێدەنگ و هەڵلا نەدیوە ، کۆنەبرین گۆشتە زوونیان هێناوەتەوە ، هەستی گوناە سست بووە . بەدفەڕی بۆ مەبەستی خۆ ون کردن ، دیار نیە . شەپۆلێك تۆبەی نەسووح دەبینێ ، تۆبە رەنگە لەترسان بێ ، باش بوون دەبینێ ، گوناە ریشە- بڕ و برکەمرد هەست دەکا .

نایب نازانێ چبکا ؟! چۆن بکا ؟! نایەوێ ، لانی کەم بە دڵ نایەوێ ئەو سەفایە تێك چێ . پۆلێك تاوانبار لە ئانێك دا ، هەژارو بێتاوان .گوناە ، مل بادان ، سەرچەوتی ، هەڵلا ، تووڕەیی لەبەر پێی زەمان ، داچۆڕاو ، سووك ، چرووك و پێخوست کەوتوون . نەخش وشوێنەواری گوناە ونە . دەنگی ئەبەدیەتی ئاشتی ، سێ تەپڵی شەڕی خەواندووە . گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە .

ئاژانی نێو حەوشە بە دیتنی نایب ، مچوڕکێکی بە لەشی داهات ، ئەرك ! ئەرکی فێرکراو ، لەرابردوودا ، درێشەیەکی دەمێشکی کوتا ، مێشکی بارهاتوو بە ئەرکی هەڵە ، مێشکی فێرکراوی گوێ لەمستی ، بەکرێ گیراو ،

کراو • بەبێ‌ئەوەی ئانقەستێك لە گۆڕێ دابێ ، هەروا بە عادەت دەستی بەرەو یەخەی چوو • فیت فیتەیەکی ژەنگاوی کۆن ، بێ‌بەزەیی گرپاندی • بازار شێوا ، دەنگی سێحراوی شمشاڵ کەوت •

بەندی ریز بوون ، لەبن دیواری راوەستان • لە لایەکی حەوشە ، یـــارەش وەك ئەوان • خوارو خێچ ،شل و شەوێق • ئاژانێکی باتووم بەدەست ، راستەو-پاستەیان دەکا • نایب ، وەك رۆستەمی زەمان لە لایەکی حەوشە چەقیوە •

حەمە سوور ، حەجمانی نیە • سەفەر شەپکەکەی پاش و پێش لەسەر ناوە• کەریم سەوە ، دۆخینەکەی بە نێفەکی دا شۆڕ بۆتەوە • خلە درێژ بە شاقەڵـــی کەواکەی لووتی دەستڕێ • جانە ، دوور لە هەموویان لە کلکەی کـــەوانـــی سەفەکە راوەستاوە ، کەس نادوێنێ •

نایب ، دەیانبژێرێ ، وەك گوێزی بە ئەژمار ، جانە ، وێرای ئەو قامکی داوێ، ۱ ، ۲،۳/۱۰، ۲۰، ۳۰، ۰۰۰، ۱۰۰، ۱۲۶ ، یەك یەك لە ژوورێیان دەکا • دوو جاران دەگاتە ۱۲۶ ، نەفەرێك کەمە •

سەر لەنوێ ، لە دەرێیان دەکەنەوە ، لە داریان دەدەن ، دەژوورێ یـــان دەکـەنـەوە •

یارە ، سەری سوڕ ماوە ، نازانێ بۆچی دەیانئەژمێرن ، لەبەرخۆیەوە :
- ئەمن مەڕەکانی خۆم هەر بەسەر دەناسی !

نانی بەیانی خوراوە ، لەتێك نان و ئەوەندەی دڵ بەرێ ئاو • دیسان لـــە حەوشەدا ، بەڕەڵان •

حەمە سوور ، بە چاوێکی دۆستانە ، دەڕوانێتە یارە ، یارە ، هەست دەکـا وردە وردە حەمایەت دەبێ • وێرای خەڵك دێ و دەچێ •

جانە ، لە لایەکی بە تەنێیە ، دێ ودەچێ ، لەبەرخۆیەوە ورتەی دێ •یارە یەك وچان چاوی تێبڕیوە •

جانە ، سەبرێکی هەڵتووتەکا ، یارە ، رۆیشتە لای: تەپڵەکێکی رووحی‌لە پێش دمی داناوە ، جگەرەیەکی هەڵپێچا ، دایگیراند • خەڵووزو دەنـــکــــە

شەمچەکەی دەنێو هاویشت ، وەك پیاوێکی پوخت وپاراو، قونچکە جگەرە - کەشی لە ئاخری دا ، تێدا کووژاندەوە. ئەوجار دەستی دا تەپلەکەکە، لە حاست خۆی ئاوەژووی کردەوە، رشتی ، پاشان بە دەسرەیەکی ، جوان جوان خاوێنی کردەوە و ئەستریەوە. تەپلەك و دەسرەی دە گیرفانی ناوە. بزەیەکی هاتێ و سەر لەنوێ راستەوە بوو ، دەستی کردەوە بە قەدەم لێدان.

یارە، سەری سوڕماوە، قازانجی ئەو کارەی بۆ روون نەبوو.

عەلی چەتە، هاتە لای یارە، قۆڵی گرت وبردی :

- جانە، لە کەللەی داوە ، کەس نادوێنێ ، کاری هیچەکە و پووچەکە دەکا. فەقیرە ئێستاکەش زۆر لاوە. سەوادداره، چ دەکرێ ؟ چارەنووس ئاوا بووە!

- مام عەلی! بلێ بزانم ئەو تەپلەکە بۆ لە گیرفانی دەنێ ؟! کەلکی چیە ؟

- کوڕم پێم گوتی ، شێت بووە، لەسەری داوە. ئەوێ دەمێ تازە گیرا - بوو، پیاوی هێندە ئاقڵ وەگیر نەدەکەوت ، عەرز و حاڵی ئەو زیندانەی دەنووسی. سەوادێکی توندی هەبوو. لەپێش دا پیاوی حکوومەت بووە - کاربەدەستێکی بە مشوور. نازانم چی بەسەر هاتووە، چی دیوە؟ ئیمانم زایە نەبێ ، چووزانم ، هەرکەسەی قسەیەك دەکا. تاوانی ئەوەیە ژنەکەی خۆی کوشتووە، کەس ژنی خۆی لەخۆڕا ناکووژێ. نەدەبوو گیرابا .گرتوویانە دە ساڵیشیان زیندان بۆ بڕیوەتەوە. لەمێژە لێرەدایە ، بۆی نەکشاوە، شێت بووە.

- مام عەلی! ئەو جەماعەتە بەبێ ژن چۆن دەحاوێنەوە؟

- کوڕم ، ئەوانەی دەیانبەنە مەحکەمە و زیندانیان بۆ دەبڕنەوە، لەو سەری ، لە گەڕانەوەدا ، ئاژانێك لە دەرکی قفل ، بەگازەوە راوەستاوە،کاری هەر ئەوەیە، ئەوانە یەختە دەکا.

یارە، زەرد هەڵگەڕا ، مات بوو، بە دڵی دا دێ:

" ئەوە بۆیە میرزا ، ژنی نەدێنا ، ئەو کافربابانە فێڵی چۆن دەدۆزنەوە• عەلی چەتەکەیارەی بە کرۆماتی دەبینیێ تێی ڕا دەخوڕێ:

- کوڕە! کوێڕا تۆقی ، جەفەنگت دەگەڵ دەکەم ، گازومـاز لە گـۆڕێ دا نیـە •

ئەوە زیندانە ، پیاوان یەختە دەکا ، کوێرەوەری ،بـرسیـایـەتی و سووکایەتـییە•

- مام عەلی! ئەوەی بە شەڕێ چەندی لێرە رادەگرن ؟

- شەڕی چۆن ؟ بە تفەنگێ بە خەنجەرێ ؟

- شەڕ بە گۆپاڵ ، بە دار •

- ئەگەر زۆری کابرا شپرزە نەکردبێ ،رەنگە شەش مانگی بگرن•

- حاحا ، هێندە ئەدی ئەوەی گیشە بسووتێنێ ، سووتمانێ بکا ؟

- ئەوەیان پتر ، سووتمان خراپترە،ناکا و لاتت ئاور تێبەردابێ!

- بە ئەستۆیان داهێناوم •زۆریشیان جەزرەبەدام، ددانم پێدا نەهێنا •

- ئافەرینم، کارێکی باشت کردووە، لە زارت دەرهاتبا ، پێوە دەبووی، ئەو دەوڵەتە ، نێزەت وەبەر چەنەی دەدا ، هەر گوتت ئا ، تێت هەڵدەچەقێ ، گوتت نا ، رزگار دەبێ ، دەی خۆ کەس شایەدی لەسەر نەداوی؟

- شەمێ ، بووکی ئەو ماڵە ، ماڵی بلە چەرچی ، ئەو گوتوویە : "وەختی ئاورەکە دیومە "

- شەمێ ، جوانە ؟

- بە تۆ چی، لەکنەخۆ ریشت سپییە!

- هەتیوە گولە! هێندەت فوو لە دۆی کرد، ئاوات بەسەرهات ، ئەگەر هەر لەوێ ، لە پەنا گیشەکە•••، ئێستا لێرە نەدەبووی•

- تۆخـولا، مام عەلی! حەیبەی بزانە، خۆ تۆ موسوڵمانی،گوناهە• •

- کوڕە لاچۆ! لە نێفەکی شەمێت ••• ئەدی ئەگەر وا تۆبەکاری لێـرە چ دەکەی ؟

یارە، بە دڵپڕی لە عەلی چەتە ، دوور کەوتەوە ، بە حەوشەدا دێ ودەچێ ئاژانێکی درێژی ، رەقەڵەی ،لەجەر ، وەك میرغەزەب، غەزریوە• ئەوی شەوێ نیە، ئەوەیان بە قەلآنگ ناگاتە کەپۆی• فارسە، نەدوێنە، هەروەکوو خـۆی زۆر بە زل بزانێ • خەڵکەکەشی پێ پیس بێ ، خۆیان لێ نادا• یارە بە دڵ لێی تۆقیوە•

حەمە سوور، بە غـاردان هاتە لای یارە، باسکی بەسەرشانی داهێنـا ، بە قسە کردن وەرێکەوتن•

حەمە سوور ، شارستانییە، وریایە، چاووڕووی کراوەتەوە • لە بەیانی-یەوە ، لە شمشاڵی بەیانییەوە ،یارە ی کەوتۆتە بەر دڵی، رووی تێکرد :

- دەی یارە ! کوڕی چاك ، بریا بە قەد تۆم شمشاڵ زانیبا•

- خۆ کوێنت دەبەر نەبووە ، فێربە! هەر لە هاروهاجیەت کردووە•ئەرێ حەمەسوور ، ئەتۆ لەسەرچی گیراوی ؟

- چووزانم، لەخۆڕا ، بوختانیان پێ کردم•

- چ بوختانێك ؟

- بە تاوانی گیرفان بڕین•

- یانی ئەتۆ گیرفان دەبڕی ! چۆنی دەبڕی ؟! بە چەقوولە! چـۆن ؟

- هەتیوە کۆپەیە ! ئیدی خۆت کەر مەکە ، چەقۆی چی ، گیرفان بڕ ، دزە• دزێکی تەڕدەست، گیرفان بڕین ، یانی گیرفان بەتاڵ کردن ، گیرفـان هەڵتەکاندن، بڕین، دزییە•

- حەمە سوور ، زۆرم پێخوشە بزانم چۆن گیرفان دەبڕن !

- ئەمن گیرفان بڕ نیم، بەلآم ئاگام لێبوو ،ئەمی حوسێن ،شتێکی لـە تۆ دزی •

یارە ،سوورهەڵگەڕا ، گوتی :

- درۆ مەکە ! رەنگە کاری خۆت بێ ،ئەمیحوسێنـی فەقیر ، ئاگای لێنیە•

- بڕوام پێ بکە، نیشان بەو نیشانەی ، دەسرەیەکی ریشوودارە• ئـەوە



کوردیکا @kurdica

لە باخەڵی ئەمی حوسێن دایە ،وەرە پچین لێی وەرگرینەوە•
یارە ، باخەڵی گەڕا ، دەسرەکەی تێدانیە، سەری لە گێژەوەدێ،ئەمی حوسێن ،بە کوێدا ، گیرفانی بڕیوە؟!
- یارە ! دەتەوێ بۆت وەرگرمەوە ؟
- دەسرەکە ، وەدەزانم سەگ خواردی ، بەلام چۆن شتی وا دەبێ؟! خۆ ئەو کابرایە لە لای من نەبووە، ئەوجار کوا کاری وا دەکا ؟!
- یەزد دوورە، گەزنیزیك، دەوەرە پچینە لای ئەمی حوسێن•
ئەمی حوسێن ، لەسەر سەکۆ ، دانیشتووە ، دەوری ئاوەدانە، چەنەی گەرم داهاتووە• ئەوی دەیلێ ، نایلێتەوە• یارە و حەمەسوور گەیشتنەکنیان•
حەمە سوور بانگ دەکا :
- ئەمی حوسێن !
- ها ، چیت دەوێ کوڕە، شەیتان !
- دەسرەی یارە ، لە گیرفانی تۆدایە، بیدەوە!
ئەمی حوسێن ، روو لە حەمە سوور دەکا :
- گووندەر ! چیت کردووە ؟ یارە، فەغیرە، غەریبە، ئەزیەت مەکە•
- گیرفانی چاکەتەکەت بگەڕێ ، هێندەی لەسەر مەڕۆ !
ئەمی ، دەستی دەگیرفانی چاکەتەکەی نا ، هەموو چاویان لە دەستیەتی• دەسرە بەدەستیەوە هاتە دەرێ ، یەك جێ لە قاقای پێکەنینیان دا یارە ، لاقی بە ئەرزیەوە رەق بوو•
ئەمی حوسێن ، دەسرەکەی راداشتە لای یارە و بە پێکەنینەوەگوتی :
- بگرە بابیم ! ئەوە فەندی ئەو شەیتانەیە، لە جیبی تۆ بڕیوە ، لە جیبی من ناوە•
یارە، پێی سەیرە، حەمەسوور ، کەنگێ دەسرەکەی دزیوە، چۆن خستوویەتە گیرفانی ئەمی حوسێن، چاوی دە حەمەسوور بڕیوە، بۆی ساخ نابێتەوە•

حەمە سوور دەڵێ:

- یارە! بۆ واق ماوی، ئەتۆ گوتت پێم خۆشە بزانم " چۆن گیرفان دەبڕی " ئەمنیش پێم گوتی، دەسرەکەشت وەرگرتۆتەوە. با غەڵت دوو پێنج قرانیشی تێدایە، کەیفم لێبا ئەویشم دەدزی، هەر ویستم جەفەنگت لەگەڵ لێدەم. نارەحەت مەبە.

لە لای ئەمی حوسێن، دانیشتن، ئەمی، چاوە پرووشەکانی لە یارە،بڕی:

- یارە، ئۆغلم(١) هەمە سوور، شەیتانە بەنی نەهلەتە، منیش دەدزی، تۆش دەدزی، ئەمما، خوب دا، ئۆغلان مۆغلانە، بە خوودا وەك کوڕی خۆم خۆش دەمەوێ.

کەریم سەوە دەڵێ:

- ئەمی حوسێن! نەقڵەکەی لەبیر خۆت مەبەوە.

ئەمی حوسێن، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا ودەستی پێکردەوە:

"- بیرواریدی، بیری یۆخیدی، ئەڵڵاهدان سۆرە هیش کیم یۆخیدی(٢) " شاعەبباس زەماندا ..."

یارە، چی لێ حاڵی نیە، تەنیا شاعەبباسەکەی تێدەگا، لەوەی بەدەر، پێی وایە، ئەمی، کەشکان دەشاوێ، چووە لە فکرەوە:

" ژنە قەرەچی وێنەی شاعەبباسی لە مەچەکی کوتابوو، وێنەی شێن لەسەر رەنگی ئەسمەرە، چەندی لێدەکا لاوە! دەست ومەچەکی جوانی نەیدەهێشت بە باشی لە قسەکانی حاڵی بم، کوت و لەت لە تالحەکەی حاڵی دەبووم:

"ناوت دەچێتە دەفتەری دەوڵەتەوە، دەکەویە زیندان زۆرت پێناچێ،

---

(١) - ئۆغلم: کوڕم

(٢) - یەکێك بوو، یەکێك نەبوو، غەیری خودا هیچ کەس نەبوو "لە زەمانی شاعەبباسی دا ..."

رزگار دەبی " سەری بان نێزەکە کەللەیەکی گەورە بوو ، دەبێ چەندی مێشك تێدابووبێ، سەر دەبێ زەلام بێ. بەرانی سەر زل ، بەرخی جسنی لێدەکەوێتەوە، ئەمن سەرم دەلێی پەڕە خەرەکە، ئەمی حوسێن سەری وەك فاتەبلار ، دەچێ ، درێژ و باریك. حەمە سوور ، سەری عەینەتووبیلا ، مازوو، نایب کەللە زلە، هەگ بابم لەبەرت مرێ پیاو، ئەوەیە کردوویانەتە رەییس، بریا ئەو تمەنەی پاشقول نەدابا! وەڵڵاهی ئەویش بۆ پیاو نابێ ، دێڵەدزەیە ، سەری من بلێی بە نێزەوەکەن ؟! جا لەبەرچی ..! گیشە سووتاندن واش نیە . بریا میرزا ، لێرەبا ، کوڕە چاکتر، هەر لێرە نەبێ باشترە ، سەری وی‌یە بە نێزەوە دەکرێ ، بابم بە قوربانت بێ ،ئاوا دەبێ پیاو ، کوڕە باسەد سالم لێرەکەن. ژنە قەرەچی زۆر جوان بوو، گۆشتی دەخورا ، تاوسووتوو ، خڕوخۆڵ ،توند و تۆڵ ، هەر دەتگوت تۆپی جیرە ، دەتگوت مەزرەقە..."

ئەمی حوسێن ، بێدەنگ بووە. یارە ،هاتۆتەوە حاڵ ،حەمە سوور ، لە فکردایە. رەحمانە گۆج ، کڵاوی میلی دەچنێ. کەریم سەوە، گەلاوگەڵ دێ و دەچێ . پۆلێك بەندی رووتەڵە، لەوبەری کەلەمستێن دەکەن. ئەمی حوسێن چاو لە چاوی یارە :

- "یارە! (١) بابیم ، گەم و گوسە بێ‌سەرفەیە..زیندان گوونگی دەوێ.لە سەری ئەتۆ، هەر دونا ن‌نازبێگم‌ژنم هاتبوو ، لە مەلاگات ، دەگوت: "میندال برسین، هەوا سۆوخە... ئینان جەرگم بیرژا ، چی‌بکەم ئومری ئەوەیە دا ، لێدە ، لێدە! بابیم گەریبی مەکە."

یارە ، دەستی دا شمشاڵەکەی، هەموو سەریان هەڵێنا ، چاویان تێبڕی و

---

(١)- یارە، بابم ، غەم وغوسە بێ‌سەمەرە.زیندان کوونگی دەوێ. بەسەری تۆ ، هەر دوێنێ کە ناز بەگمی خێزانم هاتبووە ملاقاتێ ، دەیگوت: "مندال برسین ، هەوای ساردە... باوەڕ پکە جەرگم برژا ، چبکەم ژیان ئەوەیە ، لێی دە ، لێی دەبابم ، غەریبیە مەکە.

گوێیان بۆ شل کرد٠

بە دەنگێکی نەوی ، بەیتی کاکە میر وکاك شێخی وەنالە خست :

" هەی ڕۆ ، هەی ڕۆیە ، ئەگەر ڕاستە وئەگەر درۆیە ، وەسەری ئەستێیـــە بابان وێران بکەنەوە خۆڵی کۆ کۆیە "

هێندەی بڵێی یەك ودوو ، هەرچی زیندانی‌یە لە دەوری یارە ،کۆبوونەوە ٠ بەندی ، بۆ ئانێکیش بێ خۆ ون کردن ، خۆ لەبیرچوونەوەی ، پێ غەنیمەتە ٠ مۆسیقا دەرمانی دەردە دارە٠ ئاهەنگ مەڵحەمی بیرومێشکە٠

کەس هۆشی بە سەریەوە نیە ، ئاژانە دێزە بە پەلە گەیشتێ ،بەغەزەبـەوە شمشاڵەکەی لەدەست یارە ، ڕاپسکاند٠

ئەمی حوسێن ،پڕی بە دەستی داکرد ، ئاژان وای لە ئەرزی کوتا ، نرکەی لێهێنا ٠ ئاژان ، یارەی بەرەو قفڵبرد ٠ ئەمی حوسێن ، هەستاوە ، خـــۆی تەکاند ، بە دەنگێکی لەرزۆك ڕوو لە ئاژان گوتی :

- گونگت بەم !

هەموو بە قاقا پێدەکەنن ، ئاژان بە غەزەبەوە ، گورگ ئاوڕێکی داوە ، ڕەحمانە گۆج ، هەروا سەری داخستووە ، هەناسەیەکی هەڵکێشا :

- ئاخ بۆ تفەنگە سەرتۆپەکەم ، مردن باشترە لەوژیانە ، پیروئەسیر٠ جانە ، ئاگای لەکەس نیە ، لەوبەری حەوشە ، بە تەنێ ، دێ و دەچـــێ دەستێکی دەگیرفانی کوتەکەی دایە ، قۆڵەکەی دیکەی بە هەوای هەنگاوەکانی ، ڕادەوەشێنێ ، جار جار بۆڵەیەکی لەبەر دێ٠

ئاژان ، یارە ی بردۆتە لای نایب ، شمشاڵ بە دەستەوە ، لاق لێك دەدا :

- سەرکار ، بە پێچەوانەی یاسای زیندانە ٠

نایب ، سەرهەڵدێنێ ، ویشك و ڕەق جواب دەداتەوە :

- یاسا ، من بەڕێوەی دەبەم ، بۆخۆم ئیزنم داوە ، هەی دێ ! ٠نـایـب شمشاڵەکە دەداتەوە بە یارە٠ یارە ، دڵی دەکرێتەوە ، لە باخەڵی ڕۆ ناکا ، بە ئاشکرایی بە دەستەوەی دەگرێ٠

ئاژانە کزە ، وەها کە چەوەترێن کراوە، هەر ئاوران دێنێ• لەوەی دەگەڕێ بیانووی وەدەست کەوێ• دوو قرانی لەسەر بەری دەستیەتی بۆشەرێ • کەس وستەی لەبەر دەرنایە• چانە، هەروا دێ و دەچێ• دەستێکی رادەوەشێنێ جار جار بزەیەکی دێتێ•

عەلی چەتە ، بێخەیاڵ ،نارەناری دێ• رەحمانە گۆج ، وەها قەڵسە رەش هەڵگەڕاوە،یارە ، بێدەنگە • ئەمی حوسێن هێندەی دی کوور بۆتەوە •حەمە سوور ، قوت و سڵ هەڵتووتەکاوە• ئەوانی دیکەش• هەریەکەی سەری بە کارێکەوە خافڵاوە •

* * *

رۆژ کل نەبووە، لە دەلاقەی رسقێ وە هەرای ئەمی حوسێن دەکەن•ئەمی، بە قۆنە قۆن دەچێ ، پاشان هەرای خەلکەکەی دەکا •

جەمی نیوەڕۆیە، نیسك پلاوە، برینجەکەی هەل وپەل بووە• تێك ها لاوە• قورسەیە• نیسکەکەی نەکولاوە، رەق رەقە، نەیانبژاردووە ، وردە خیزی زۆرە• یارە ، لەبەرەوە، زیزانە و وردەخیزی جامەکە دەبژێرێ ، بە خاڵە حاڵ سێ چوار پارووی لێ ساخ دەکاتەوە•

ئەمی حوسێن و عەلی چەتە ، بێ قێزو بێز هەروا رایدەماڵن•حەمەسوور، لەبەر دەرکەوە، بە تووڕەیی جامەکەی حەوا دەداتە نێوەراستی حەوشە•

ئاژانە کزە، بیانووی وەدەست کەوت• بە دەستی ئیشارەی حەمەسووری کرد•

حەمەسوور ، رۆیشتە پێشێ• ئاژان ،شپلاغەیەکی توندی لێدا،شریخەی ئەو حەسارەی پڕ کرد•

حەمە سوور ، تاسا ، چاوی پڕ بوون لە ئاو، دوو هەنگاو پاشە وپاش کشاوە بەرچاوی تاریك بوو • نازانێ کێیە ولە کوێیە • وزاقی خۆی دا ،بە هێز و قووەتی خۆی ،کەللەیەکی لە دم ولووتی ئاژان راکێشا •

ئاژان ، تلاسکەیەکی بەست ، بەراویشت بەربۆوە، نالاندی•حەمەسوور ،



کوردیکا @kurdica

تێی بەربووە، بەقەستی کوشتن ، دەست ناپارێزێ• ئاژانی بان هۆدە،لێگـدا لێگدا فیت فیتە دەکێشـێ•

ئاژان ،رژانە نێو حەوشە، زرمە زرم پەیدابوو، ئاژانە کزەیان رفانـــد بەربوونە حەمە سوور ، حەمە سوور هاواری لێ بڵێند بوو•

رەحمانە گۆج، بە سەری رووت و بە پێی پێخاوس دەرپەریە حەوشـــە ، چاوی لێیە ، حەمە سوور ، بەلێدان و کوتان دەبەنەدەرێ ، و زاقی خۆیـدا ، نەگەیشتێ دەرکەیان گاڵە دا •

رەحمانە گۆج ، پەڵەیەك خوێنی گەش وتازەی ، لەبەرپێی خۆی دیـت • پێی وایە خوێنی حەمە سوورە، دڵی گەرم داهاتووە، خوێن بەری چاوی گرتووە یەك بە خۆی نەڕراندی:

- وەرنە دەرێ ! هەرچی خۆ بە پیاو دەزانێ ! هەرکەس دەرپێی ژنـانـی لەپێ دا نیە !•

بەندی لە هەموو لایەکەوە دەرپەڕین• ئاژانی سەربان ، فیت فیتەی لێدا• کەس لە ژووڕێ نەماوە ، لە دەوری رەحمانە گۆج ، خڕ بوونەوە•

عەلی چەتە دەپرسێ :

- چیە مام رەحمان ؟!

رەحمانە گۆج بە دەنگێکی گڕ و پیاوانە دەگوڕێنێ ، دەرك و لاشیپانـی زیندانی وەلەرزە خستووە• دەنگی مێرانەی لە دەریایەك رق وقینەوە، دێتـە دەرێ ، گوڕە نیە ، نەهرەتەیە، گوڕەی زیندان بناغەی زوڵم وەلەرزەدەخـا ، تۆسقاڵێکی ترس دەچاوی دا نەماوە• گیانی دەردەدار و سەرکێشی تێکەڵاوی نەڕڕەیەتی ، رووحی نەسرەوتووی کەلاوی کردووە• رەش هەڵگەڕاوە، ملیوەك کاریتەی بووز گرێ گرێیە•

سەربان پڕە لە ئاژان، نەڕەی رەحمانە گۆج، لەسەر یاسا و زوڵم و زۆر و زۆردار ، چاك وخراپ و دۆست و دوژمن ئەسەری هەیە• لەسەرو لە خوار کەس فرزەی لەبەر دەرنایە ، وەك نێرێکی لەبەرانبەردا نەبێ ، هاواری رەحمانـــە

گۆج ، رق وقینی پنگاوکراو بە درێژایی تەمەنیەتی • لە گیانی خۆی بووردووە دەست لە گیان شوتن کاری هەموو کەس نیە • بنیادەم ، یەك بە هـــەزارە ، قورس و پتەو دەگورێنێ :

- خوێن هاتە گۆڕێ ، کەلاکی برامان کەوت، ئەو ناپیاوانە حـــەمـــە سووریان کوشت، ئەوەش خوێنەکەی ، لەژێر پێتانە •

جا ، برایان ! مردن جارێکە ، ترس هەمیشەیە ، هەر مەعمووریکی هاتـــە ژووری بیکووژن ! دەبێ خوێن بێ و سەران بەرێ• هەرچی خواردەمەنـــیـــە فڕێدەنەدەرێ ، دەلاقەی رسقێ قورِ دادەن ، لەوسەعاتەیەوە ، مان گرتنـــی ویشك دەست پێدەکا ، تاوانی هەمووتان وەئەستۆ دەگرم ، سەرێـــك لـــە گوڵمەزان دا نەبێ سەر نیە ، حیزی تاکەی • یا ئەڵلا ، دەست پێکەن،بەردی ئەو حەوشە هەڵکەنن ، هەرکەس هاتە ژووری بیکووژن ، شەو و رۆژێکـــیـــان مۆڵەت دەدەم، بۆ ویست و داخازەکانمان ملّ رانەکێشن ، ئەو زیندانە ئـــاور تێبەر دەدەم•

ئێمەش ، پیاوانە، بێئەوەی نالەیەك پکەین، لەنێو ئاگـــــرەکـــەدا دەسووتێین.یارە، لە دڵە خۆی دا گوتی : "ئاوا دەبێ سووتمان"

بەندی بە چنگ ونینۆك خڕەبەردی تێگیراوی حەوشە هەڵدەکەنن،ورکـــە و لەتەنان، سۆمی رەقی کەڕووهێناویش فڕێدراوەتەدەرێ• لوولە تفەنگ لـــە بەرانبەر سینگی پڕ لە ژان راگیراون•

نایب ، بەسەر لێ شیواوییەوە دەڕوانێتە رەحمانە گۆج ، دەنگە دەنگ وهەلاّ و هوریا ، مۆڵەتی قسە کردن نادا ، کەس ئاگای لەکەس نیە • هرووژمـــی کۆمەڵێك هەژاری تاوانبار ، یاسای زالمی شل کردووە •

نایب ، دەگورێنێ :

- مام رەحمان ! دەست راگرە، شلّووغی مەکە، بۆخۆم جێ بەجێ دەکەم•

رەحمانە گۆج:

- نایب ! پیاوەکانت لابە ، ئاژانت نەیەتە نێو حەوشە ، لای ژووروی

کوشتنە، سەرێکە هێناومە، نای بەمەوە، لە داخانت وەزگم دا٠
نایب زاری کردەوە قسەیەك بکا، جانە، دەستی دا خرەبەردێك، تێیهەڵکرد٠ بەردەکە راست وەئەژنۆی نایب، کەوت٠ نایب نوشتاوە٠
دوو ئاژان بێفەرمان تەقاندیان، تەقەی هەوایی٠
نەڕە وگوڕە بۆ تاوێك وێستا، چەند کەسێك لە بەندییەکان رایان کردە ژووریٚ٠ ئەمی حوسێن، لەپێش هەمووان٠
رەحمانە گۆج، یەخەی دادڕی، لەسەر سینگە کوڵکنەکەی، شوێنی کۆنە داغ وەدەرکەوتن٠
یارە، باشیان دەباتەوە سەریەك، راست وچەپ، شوو داغ، ئاڵقە داغ٠ مام رەحمان سینگی وەك مەتاڵ دایە پێش و گوراندی:
- ئەگەر پیاون لێرەی دەن، خەساریان مەکەن! ناپیاو منداڵ دەترسێنن؟
سەفەر، زەرد هەڵگەڕاوە، خلە درێژ دەترسیٚ و پێی عەیبە هەڵیٚ٠ کەریم سەوە، گێژ و وێژ زاری داپچڕیوە٠ یارە، وەك کەڵ چەقیوە٠ عەلی چەتە، بەردی بەدەستەوە٠ جانە، ئاژانەکان دەبژێریٚ٠ هێندێك جامی مس لێك دەدەن٠
ئەمی حوسێن، گەڕاوەتەوە دەریٚ یەك بە خۆی هەرا دەکا:
یاشاسن رەهمانە گۆج، مەهوئۆسن ئاژان*٠
نایب، ئاژانی کشاندنەوە، هەتا نەدیو بوون٠ کەس لە سەربانی دیار نیە٠ کونی رسقیٚیان قوڕ دادا، بەردی حەوشەیان جویٚ کردەوە٠ بەردە دەست لە لایەك، خڕکە بەردی بە قەد چنگێك لە لایەك٠
یارە، قۆچەقانی بەنی لەپشتی کردەوە، دوومستی بەردی قۆچەقانی هەڵبژارد٠ سەتڵێکی ئاو هەڵکێشا، بەردەکانی پیٚ شوتەوە، لەباخەڵی کردن.
رەحمانە گۆج، لە حەوشەی زیندان حوکماتیٚ دەکا، لەسەر دڵان حوکماتیٚ

*- بژی رەحمانە گۆج، بمری ئاژان٠

دەکا ، پیاوەتی ئەوڕۆی لەکەس ون نیە ، بە چاوی گەورەیــــەك ، چـــاوی لێدەکـەن ، بێ نێو بڕ ، فەرمانێ دەدا :

- ئەم شۆ کەس حەقی نیە پخەوێ ، هەتا ڕۆژ هەمووتان بەخەبەرن، لـــە بەیانی را بە نۆرە دەخەوین، دەبێ زۆردار بزانێ ئێمە تاوانباریش بیــــن بە شەرین• ئەو خۆراکەی دەماندەنێ کەمە و خراپە، دەبێ چاکی کەن و زۆری کەن • لە حەوشەی زینداندا ، دەبێ ئازاد بین، هەر قوڵە شینێکی هـــەستا حەقی نیە لە ژووری مانکاتەوە• ئەوانەی نەخۆش دەکەون بیانبەنــە ســەر حەکیمی • وەعدەی مەلاقات پتر بکەن• ڕێگا بدەن خزم وکەسی خۆمان ببینین، ئەوشتانەی بۆمان دێ ، بماندەنێ ، بۆخۆیان نەیخۆن•

پاشان دەنگی بڵیندتر کرد :

- یەك جێ دەست دەنێ ، هەرچی بەردی گەورەیە بیبەنە دەرکی قفڵێ ، خێرا قوڕی بۆبگرنەوە ! عەلی چەتە دیوارێکی قایم لەپێش دەرکە دانێ ،هــەر لای سەربانیان بەدەستەوە دەمێنێ ، هەتا لەچنگ ونینۆك دەکەوین ،دەســت دەکەینەوە ، "حیزی هەمبانەی کولوانە" بەشەر ئەوەیە بە نێری بمرێ• هــەر کەس دەست نەکاتەوە لەخۆڕا زیندووە• هاواری مە ، بۆ هەموو زیندانەکانــی دیکە دەچێ• وەك مژێ لە قەنەی بدەی ، دیوارێکیان لەپێش دەرکەی دانـــا ، وەك دیواری چین• ئاخر بەردیان دانا و سەریان بە قوڕ ڕەش کردەوە• جـانــە یەك و چان بەردی دەژمارد•

ئەمی حوسێن ، هەرای کردە ڕەحمانە گۆج:

-* بەڵێ بەڵێ گوربان ! ڕەهمان پاشا ، بوودا ، دیوار •

بە درێژایی شەو ، ڕەحمانە گۆج ، قسەی کرد وتانووتی لێدان ، باســی سەردەمی چەتەیی و ڕێگری وپیاوکوژی خۆی بۆکردن، نەقڵی ئازایـــەتـی و لەخۆبووردوویی بۆ گێڕانەوە• باسی برسیایەتی وخۆڕاگرتنی بە گوێ دادان،

---

* - بەڵێ بەڵێ قوربان ! ڕەحمان پاشا ، ئەوەش دیوار •

ترسی لە زگی بردنەدەر ، تێکی هەڵشێلان وساخی کردنەوە • سەدجاریان پتر چەپڵە بۆ لێدا ، بۆ هەوەڵ جار وهەوەڵ شەو ، ئاژان لە ترسی بەندی خەویان لە چاوی زڕا • جارجار لە سەربانی را شەپکەیەك ملی کێشا وکشایەوە •

* * *

بەری بەیانی نایب ، لەسەرێ را هەرای رەحمانە گۆجی کرد :

– مام رەحمان ! مام رەحمان !

جانە ، دەگەڵ سەری نایبی ، لێ وەدەرکەوت ، دەستی دا خرە بەردێك • رەحمانە گۆج ، بە دەستی ئیشارەی لای جانەی کرد :

–بیگرن ! بزانین نایب ، چی دەوێ •

کەریم سەوە ، بەردی لە دەستی جانە هێنادەرێ ، باوەشی پێداکرد ، گرتی جانە زۆری خۆراپسکاند ، کەریم سەوە بەری نەدا •

نایب ، چەلێکی دیش هەرای کرد :

– مام رەحمان ! دەگەڵ تۆمە ، ئەتۆ دنیات دیوە ، ئەوکارانە ئاخری دەبنەچی ، چت دەوێ وادەکەم ، کارەکەی گەورە مەکەوە • دەوڵەت چ پەکی بەوەی دەکەوێ ، سەدساڵێ تەواو ئێوە برسی بن ، کەس گوێی نابزوێ • ئەو مان گرتنە بشکێنە ، ئەو دیوارە تێك دەن ، ئەو بەردانە لەجێی خۆی گرنەوە ، قەول دەدەم ، کەس کاری بەسەرتانەوە نەبێ •

رەحمانە گۆج هەرای کرد وگوتی :

نایب ! لە زیندان و کوشتن و برین بەدەر ، چ هەیە • مان گرتن بەردەوام دەبێ هەتا ویست و خوازەکانمان هەموو دێنە جێ !

– مام رەحمان ! چوو دەوێ بیانلێ ، حەول دەدەم بە پێی توانام ، بیانهێنمە جێ ، دەوڵەت دوژمنایەتی دەگەڵ میلەتی خۆی ناکا ، ئێوە زیندانین ، ئێمەش زیندانەوان ، لەهەموو جێیەکیش ئەوە هەیە ، بەلام دوژمن نین ، ئێمە براین ، بۆخۆت دەزانی ئەمن هەرگیز خراپ نەبووم • بوغزو غەرەزیشم دەگەڵ کەس نیە • با کارەکە هەر لەنێو خۆمان جێ بەجێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کریَ ، کورە لەمن دەرچیَ وای ناخۆن ! داروترووپیَبەر دەدەن، دەولەت کەرویَشکیَ بە ئەرابەی دەگریَ ، پیَ لەکەری شەیتانیَ بیَنەخوار ، ئەمن حورمەتی ریشی سپیت دەگرم. داواکەت بلَیَ بەلاَم ئەهوەن بە.

رەحمانە گۆج گوراندی :

– حەمە سوورم، بە ساخ و سەلیمی دەویَتەوە ، هەر هاتەوە، دیواری پیَش قفلَ تیَك دەدەم. ئاژانە کزە نەیەتەوە نیَو حەوشە، دەرکی رسقیَ دەکەمەوە. خۆراکەکەو زۆر کەن و خاویَنتربیَ ، مان گرتن دەشکیَنم. ئاژان ، ئازارمان نەدەن، ئیَمەش دەنگ ناکەین ، ئەوی نەخۆش کەوت بیبەنە لای حەکیم.

نایب! ئەتۆ سەواددار ی ، ئەوە رۆژیَك و دوو رۆژ نیە ، ئەمن پازدە سالَم زیندان لەبەرە، خانە ، دەسالَی دراوەتیَ ، لە گرتووخانەدا شیَت بووە، عەلی چەتە ، چوار سالَی هەیە، ئەوانی دیکەش هەرکەسەی بە پیَی خۆی برالە ئەوە گوزەران نیە . بەشەر بەریَچوونی دەویَ. مافی ئەو رووت و هەژارانە مەخۆن ، خودا هەیە ، ویژدان هەیە.

نایب بە شیَوەی پارانەوە دەلَیَ :

– باشە مام رەحمان ! ویستی تۆ دیَنمەجیَ، بلَیَ ئەو دیوارەی لابەن.

– نایب ! شەرتت ، شەرتی پیاوان بیَ ، فریوم مەدە، هەر دەمیَکی بمەویَ مان دەگرم ، قسەت پتەوبیَ ،فیَلَیَ مەکە ، شلَتاغم پیَ مەکە، حەمە سووری بە رەلاَ کە با دیوارەکە تیَك دەم.

– مام رەحمان ! قسەی من قەولی پیاوانە، شلَتاغیَش ناکەم ، بە ناخوونەك جنیَویَ مەدە، حەمە سووریش دیَنمەوە لای ئیَوە، ئەمما بە کویَدا! خۆ دەبیَ دەرکەکە پکەنەوە.

– دەرکە کردنەوەی ناویَ ، لەسەربانی را رۆی هیَلَنەخواریَ. یەك یەك شەرتەکان دیَنینەجیَ.

–باشە ، شەرتەکان قبوولَ دەکەم.

بـەندی ، کردیانە چەپڵـەڕێزان ·

نایب ، دەستووری دا ، حەمە سووریان لە سەربانی را ڕۆهێشتەخواریّ · لێك را دەورەیان دا ، ماچیان کرد ، بردیانە ژووریّ ، حەمە سوور دەشەلـیّ ، چاوی وەك گۆمی خوێنی سوورن، هەمووگیانی وەك لە خـمی هەلـکێشن رە ش و شین هەڵگەڕاوە·

ڕەحمانە گۆج ، هەرای کرد ، ئەو دیوارەی تێك دەن· دیوار تێـك درا ، کونی رسقیّ کراوە ، مان گرتن شکا ، و لاّت خاوێن کراوە ، نایب ، هاتە نێـو حەوشە· ڕەحمانە گۆجی ماچ کرد . عەلی چەتە بەربۆوە سەرتاشین ئـەمـی حوسێن ، دەستی کردەوە بەکار · کەریم سەوە کلاّوی میلی دەست دایە ، یارە ، تێی توورانـد· جانە ، چوو لە دنیای تایبەتی خۆیەوە·

نایب ، تەواوی شەرت و قەرارەکەی هێناجیّ· برسی کەوتنە فەرعـانـە · بەلاّم تەنیا ···ڕۆژێك·

ڕۆژی دووهەم ، ڕەحمانە گۆج و عەلی چەتە وجانە و حەمە سووریان بانگ کردە وەتاغی نایب ، · حەمە سوور لای ئێواریّ ، بە کۆت وزنجیرەوە بـە حەوشە داکرا ، بەلاّم ئەوانی دی تەنانەت بۆ ما لاّواییش نەگەڕانەوە، حەمـە سوور ، بە کۆڵێك ماتەمەوە گوتی :

– مام ڕەحمان یان ، دوور خستەوە بۆ بەندیخانەی ، برازجان· جانـە، بۆ ورمیّ و عەلی چەتە بەرەو سیاچاڵی کرماشان·

مام ڕەحمان ، چاکی تێگەیبوو ، نایب شلّتاغی پێکرد···

دیسان شەپکە توندە ، نان وئاو ، وەك خۆی لێهاتۆتەوە ، برسیایەتـی هێزی دەبەر کەس دا نەهێشتووە · ئاژانە کزە هاتۆتەوە نێو حەوشە ، مـــت خەبەری خۆی وەکرد · تەنیا شتێکی پێشی ناگیریّ ،شمشاڵ لێدانی یارەیـە · ئەویش نایب بۆخۆی حەزی لێدەکا · ئەو حەوتووەی ڕێگای ملاقاتێشیـــان بەستووە · نازبەگم هاتووە و ئەمی حوسێنی نەدیوە · لە دارو دیواری بەند – یخانە ، خەم وپەژارە دەباریّ·

یاره ، لەشكری لێدەدا :

" ئاغام مەكەن بە دڵی من ، چەندی لە ئێشە و چەندی لە بركەو چەنـدی لە ژانە، ئاورێكم بەربۆتەوە لە دەروونیّ ناوەڵڵا دوا مەتی لە دەروون خانە ، نە بە بایە كە رەحمەتی دەكوژێنەوە نە بە پڕیشكە پڕیشكی دەبارانە...

ئەمی حوسێن ، دەگری ،.فرمێسكەكانی دڵۆپ دڵۆپ بەسەر ریشـــــە سپی‌یەكەی دا دێنەخوار...

* * *

# ٧

تـازە سیـوادی ڕۆژێ وەدەر دەکەوێ ، میرزا لەسەر سەکۆی ئاش بێ‌هەستو خوست خەوتووە ، سەرمای شەختەی پایز وێکی هێناوە ، لاقی خڕ کردوونەوە• بە خەوەوە کرووشمەی کردووە ، ڕوخساری ڕەزاخۆشی ، غەریب و هێدی لـە ژێر لێفە دەرکەوتووە•

ڕەشید ، بەخەبەرە ، لەمێژە بەخەبەرە ، لای پارشێوێ ئەسپەکەی ئالیك داوە و زینی کردووە• بێ‌چرپە خزیوەتەوە ژوورێ • ئانیشکی خستۆتە سـەر سەرینێکی نوشتاوە ، دەڕوانێتە میرزا • حەسکۆی هاتۆتەوە بیر ، حەسکـۆ دەبینێ مەیتی چاولێك نراوی حەسکۆ•

تەزووی ساردی بەرەبەیان ، لە کەلێنی چەپەری ئاشەوە هرووژمی هێناوە• هاژەی مات وگنی چەپەر و زریان وەك دەنگی کونی گیراوی کۆنە شمشالێـك دێتە گوێ، شمشالێك کە نارە و نالە و ڕەمز و رازی سەدان بەیتـی وەك سەیدەوان و کاکە میر وکاك شێخی لە سینگی دایە• لە هاژەی نزم و نەوی ، غەریب و کۆست کەوتووی ، ئاهەنگی کوڕووزە و نووزەی عەزیزی داسنـی و ئەستی براکوژراوی لێوە دێ ، چەپەر دەنالێنێ :

" هەی ڕۆ هەی ڕۆیە ، ئەگەر ڕاستەو ئەگەر درۆیە ، وەسەری ئەستێیـە بابان وێران بکەنەوە خۆڵـی کۆ کۆیە "•

عەزیزی داسنی بووکی سووری ژێر تارای لەسەر دەستی ماوەتەوە،ئەستی تەرمی برایانی لە ئامێزدایە • لەبەر چاوی رەشید لە دار و دیوارەوە، خەم دەبارێ•

لە دڵە خۆی دا دەڵێ:

" ئاخ حەسکۆ گیان، گۆڕ غەریب ، ئەی گڵە مەرگت بێ، تۆ خولاکەی حەیف نیە ، دوای وی من بژیم ، بریا هەر ئەویٚ دەمێ دەکووژرام• لە دیوی گەرمێنێ بووین، رووی مانگێك دەبوو مابووینەوە ، لە دەستەی کەریمە شەلی دابووین، کەریم مارز بابی وەك خۆی هەر نەبوو حەدە و شەریف و حەمان ونەریمان، حەوت کەس بووین، راوە رووتمان دەکرد• پوولێکی رەشمان بە کەس نەهێشتبوو، ئەوەی نەغدینە نەبا نەماندەویست ،کەریمە شەل بەزەیی بە بابیشی دا نەدەهات• ئەو ناپیاوە گازێکی لەبەر پشێنی دابوو، ئەوەی ددانێکی زێڕ یا موتەڵای لە زاری دابا دەری دێنا • کابرا زیرەی دەگەیشتە ئاسمانێ، بەری نەدەدا، هەمووشمان لێی توورە بووین بەڵام سەردەستەمان بوو• بە گەورەی خۆمان دەزانی•

هەگبەکانمان ئاخنیبوو، جێ نەمابوو دراوی تێکەین• قەرار بوو بگەڕێینەوە،هەموو فەسڵ، فەسڵی خولان ساڵ ئەو دەمانە بوو•

ئاخ لەو رۆژە رەشەی• دەمەو ئێوارە لە پەنا گرە بەردێك، کۆزیلکەمان گرتبوو• چاوەڕێی ئەوە بووین، شەو بەسەر دەستان دابێ، ئیدی دەگەڕاینە-وە،هەر ئەو شەوە بەرەومال دەهاتینەوە• حەسکۆ لە پەنا من هەڵتـرووشکابوو ئەو دووساڵەی پێکەوە بووین، بەبێ یەك تفەنگمان نەتەقاندبوو• بەیتی " گەنج خەلیلی " دەگوت، زۆر بە ئەسپایی دەلۆراوە، دەیکولاند نارە ناری زۆر بە غەریبی دەهات:

" ئەزێ ڕابم کەمەرا پشتا خۆ بشکێنم بۆ ئەسپێ گەنج خەلیل بکەمە نالە• "

" بازنێ خۆ بشکێنم بکەمە هووردە بزمارە••••••• "



کوردیکا @kurdica

" بسکێت خۆ ببڕم بکەمە سەر ڕەشمە، بەلێ بکەمە دۆخ و سەرهەوسارە"
"گەنج خەلیل کوڕمامێ خۆ بێم سوار بکەم ل کۆمێتەکی تالە." 
حەدە، بە هەڕەمە گەیشتێ ، ئەومان لە بەرزایی شاخ دانابوو ، سایەدبێ، گوتی :

- هەستن، دەورەمان گیراوە ! لە سێ لایانەوە ، لای سەرێ ، ئەم لاو و ئەو لا ! چاوێکمان لێك کرد، ڕێگای هەلاتنمان نەبوو. لەنێو قەدی شاخ بووین جێیەکەمان ڕژد نەبوو ، بەربابینەوە خوارێ بە چاکی وەدەر دەکەوتین، تەنیا ڕێی ئەوەبوو گەمارۆ بشکێ ، وەك حەدە، دەیگوت: " نیزیك سەدنەفەر بوون" زوو ساخ بووینەوە ، دوو دوو و سێ سێ پشتمان تێك کرد، پەڕینە ژێر گابەردەکان ، من و حەسکۆ، ئاخ حەسکۆ گیان ! توولە نەمام ، هەموو عەسکەری و لاتی بکووژم ، تۆلەی موویەکی سەرت ناکەمەوە، ئەی کوێر بم کوڕە خۆ بەو خولایەی لە ژووری سەری یە، هەتا ئەمن ماوم وهەتا عەسکەر هەیە، دیتن و کوشتنم یەکە...

ئەی خۆزگەم بەوێ دەمێ نەکا ، پێکەوە بووین، ڕوومان لە ڕەوەزی شاخ بوو، لای سەرێیان لێگرتبووین ، لای سەرێ زۆر هیلاك بوو. تەقەمان کردبا وەدیار دەکەوتین. حەسکۆ، چاکی دەنگاوت، هێلکەی نەدەبوارد. لە جێیەکی خراپ عاسیە ببووین. چارە چیە ، جاری وایە شەڕ قوون دە دەرکێ دەنێ. "شەڕوتڕ بە خۆت نیە".

دامەزرابووین ، ورتەمان لەبەر نەدەهات ، گەمارۆ لە لای ڕاست و چەپمان هەر دەهاتوو تەنگتر دەکراوە ، لە لای سەرێڕا تەقەیان دەکرد، هەر لە جێی خۆیانەوە ، بەرنەببوونەوە، ماکەرباب دەتگوت قۆڕخانەیان پێیە. پڕیشکی بەردان لەوانەبوو کوێرمان کا.

کوڕەکانی مە، لای ڕاستمان دەز ڕێژێکیان کرد ، هۆڕەیان لێ بلێند کردن. تەقە غالب بوو.

حەسکۆ ، بەبێ ئەوەی خەجلابێ ، ئای لەبەر گۆڕەکەت مرم پیاوی ئازا ،

زۆر بە شێنەیی ، گەنج خەلیلی ، تێهەڵکردبۆوە، وەك مێشێکی لێ میــوان نەبێ ، ئەی کوێر بم بۆ پیاوی بە جەرگ • تف لە حەیات کەونە دنیــا ، بـــە غیرەتی حەسکۆوە، دڵم وەك کێوێکی لێهاتبوو، پێم وابوو دنیا لەمە بەدەر نێرەوەزی تێدانیە، کێ گونی هەبوو! کوا پیاو؟

حەسکۆ ، دەلۆراوە، تەقە هەر دەهات و توند دەبوو ، کورەکان ئاوریــــان لەسەر پشتی کردبوونەوە• ئەی لەو غیرەتەی‌وەی لەو پیاوەتیەی •

کەللەم گەرم دا هاتبوو ، کرمی شەرێم وەجووڵە جووڵ دەکەوت،ئانیشکم تێکوتا ، دوور لە ئیستای گوتم:

– ئەرێ هەتیوە خۆ چۆپیت نەگرتووە، شرەخۆر! دەرزی هەڵدەگری،لەبەر چەکمەکانیشی بێ یەکیان بەردەوە!

گوتی:

– رەشە! چت لێوەشارم، دڵم گیراوە، چاوم دەپەرێ ، ئەوەی بزانە ئەو رەوەزانە بترسن ئەمن ناترسێم ، نازانم چۆنت پێ بڵێم ،دڵم خەبەری ناخۆش دەدا!

گوتم:

– بوویە تاژی‌یەکەی قوباد بەگی" وەختی راوێ گووت دێ"

بزەیەکی بە زۆری هێنا سەر لێوان ، بە مینگە مینگ گوتی:

– بە چاوان چەکمەت لەسەرمن، بەلام رەشە! شتێکت پێدەڵێم، بە قسەم بکە•

بە جەفەنگ گوتم:

– ئەگەر گرتنی ئەو رەوەزەی نەبێ بە چاوان!

گوتی:

– دوو ساڵە پێکەوە برادەرین ، دەگەڵ کەس هێندە نێوانم خۆش نەبووە ، قەت بەتۆم نەگوت،بۆبوومە چەتە، ئەتۆش ئەوەندەت ئاقڵ نەبولێم بپرســی،

گوتم:

- نەوەڵڵا ، پێم وایە هەر لە زگ ماکی‌یەوە ، دز و چەتەی ٠ ناکا لــەو وەختەی دا خۆم لێ بکەیە شێخی قوون رەش !
گوتی:
- رەشە ! ئەمن چەتە نەبووم، زۆریشم خۆ لە ماڵی حەرام دەپاراســت ، کرێکاریم دەکرد، مەڵەغان گێڕان ، بڕیەکاری ، نیوەکاری ،سێگ بــەری ، سەپانی ، بە خولای جار جار کۆڵباریش دەبووم.
بابم نەداربوو ، ئێستاش وەك بیستوومە هەروایە٠ حەزم لە کچی مامم دەکرد، ناوی کەژێیە٠
مامم مەرداره، دەولەمەندە، خۆی بە هاوشانی ئێمە نازانێ، ئەمن و کەژێ لە منداڵیەوە یەکترمان خۆش دەوێ ، ئێستاش هەروابن، سەدساڵیدیش نەچمەوە ولاتێ ، پرچی سپی لە ماڵە بابی دەهۆنێتەوە٠
گوتم:
- ئەرێ حەسکو ! ناکرێ ئەو نەقڵەی هەڵگری بۆ رۆژێکی دی ، ئــــەوە کەریمە شەل ،لەداخانت ئاوس دەبێ٠ قەرار وابوو قسەیەکم پێ بڵێـــــی و ئەمنیش بەقسەت پکەم، قسەکەت بوو بە چی ؟!
گوتی:
- کەریمە شەل ، شەڕی لەبیرچۆتەوە ، ئێمە وەختێك تەقەی دەکەیــن ، ئەوانەی سەرێ بەربنەوە خوارێ ، وەدەزانن ئەو بەرقەدە بەتاڵە، دێنە بــەر لوولەی تفەنگێ ، جا ئەو دەمی حەرەبان وەك تەرمەکێ دەخەمە سەریـــەك ٠ جارێ تەقەی مە، گوللە حەرام کردنە، پێم خۆشە ئەوەی لە دڵم دایە بـــۆت هەڵڕێژم ، رەشە لە دڵم چەقیوە ئەورۆ دەکوژرێم، لەنێو ئەوانەش دا ، هـــەر ئەتۆ هەندێکت پیاوەتی هەیە٠
گوتم:
- جا ئەگەر وایە، زووکە، بیبڕەوە !
گوتی:

- مالّی ئێمە لە محالّی سۆمایە، گوندی...، ئەمن زڕدایکم هــەیـە ، زۆری ناخۆش دەویستم، سالّەری دوازدەی مانگیّ کوێرەوەریم دەکێشا ،هەرچی وەگیرم دەکەوت دەمبردەوە مالّیّ ، لەسەر ئەوەش را زستانان وەدەری دەنام. ئەمنیش تازە دەگەیشتمیّ، بەخۆم دادەشکامەوە، زۆرتریش لە لای کــەژیّ ، هەر دەبوومە ئاو و دەتوامەوە.

سالّێکی زستانیّ بابم هەڕەشەی لێکرد وگوتی :

" دەگەلّ حەسکۆی نەحاویّبەوە ، دەبیّ لەو مالّەی دانەبی "

شەوێکی بابم لە مالّ نەبوو ، ئێمە لەنێو مالّ دا خەوتبووین ، بە هەلاّی ئاوەدانی وەخەبەر هاتم...

باوەژن ، لای نیوەشەویّ ، بە دزی من وەدەرکەوتبوو، هاواری کردبوو :

" بگەنیّ ! کافرستانییە، حەسکۆ هاتۆتە زگم "

سەرو قژی دەرنیەوە، کراس و دەرپێی تیتۆلّ تیتۆلّ کردبوو، خەلّکی لیّ تین دابووم ، موختەسەر بە بیّ فەزیحەتی ، بە سووکایەتی لە دیّیان وەدەر- نام ، خودا نەکوشتە نامریّ ، هێندەیان لێدام بە حالّ روحم لەبەردا مابوو ، بە پەڕۆیەکی پیس کلکیان گرتم و فڕێیان دامە دەریّ.

لەویّ رۆیشتم ، چوومە محالّی دەشتەبێلّ ، چوومە شنۆ و لاجانیّ،چوومە هەر و لاتێکی پاش قەدەرێکی خەبەرەکەش دەگەیشتیّ ، بە چاوی ســـــــووك چاویان لێدەکردم پێیان دەگوتم: " دایە خۆگیّ"

وەك گولی دوور ئاوایە شوێنێك نەما لێی وەحەسێم سەری خۆم هەلّگرت ، نەمدەزانی روو لە کویّ کەم، تووشی دەستەی ئەو کەریمە شەلەی هاتم،بوومە چەتە، تا ئێستا ، دوو جاران بە دزی چوومەوە سۆمایە، کەژیّ ، هەر لەســەر قەراری خۆیەتی ، تەنیا خولا دەزانیّ و کەژیّ ، باوەژن بوختانی بــە مــــن کردووە ، رەنگە بابیشم ئەگەر لەخۆی نەگۆڕیّ ، بزانیّ ئەمن چم وژنەکــەی چیە.

رەشە ! بە برایەتیمان سوێندیّ دەخۆم بە عومری خۆم دۆخینی حەرامــم

نەکردۆتەوە• خەیاڵم وایە لەو سەفەرەی بەسلامەتی بگەڕێینەوە ، دەستی کەژێ بگرم و روو لە وڵاتی عوسمانلی کەم، ئەتۆش بە من دەکەی وەرە بڕۆین بۆ وێندەرێ• کارێکی پیاوانە رەچاوکەین، لە چەتەیی وەڕەز بووم•••

قسەکەشم ئەوەیە، هاتوو دنیایە، ئەمن کوژرام ، ئەو دراوەی هەمە ،بە تۆ و کەژێ دەبڕێ ، هەوڵ بدە بیدۆزیەوە• با چیدیکە بە هەویای من نەبێ•

ئای دنیای بێ ئەمەگ ، نازانم قسەی حەسکۆ ، تەواو ببوو یا نە نا ، دەستێك عەسکەر ، داگەرانە لای ئێمە، وەهاش کوت وپڕ بەسەرمـاندا کەوتن، وەك بۆ داری پچن ، لێیان راستەوەبووین ، پێم وایە، دە، دەوازە - کەسێك دەبوون ، وەك گەڵای داران بەرمان دانەوە خوارێ• ،یەك دوویەکیان مابوو، گۆڕبەترچن، حەسکۆ ئەنگووا، هەتا ئەمن بە تەنێ ئەوانم سەکەت کرد، حەسکۆ ، ئاخ لا لایم گاتێ، ئیدی بە دەنگ نەگەیشتمە سەری•••

ئەسپە بۆرە، دوو جاری حیلاند، رەشید وەخۆ هاتەوە ، وەك هەڵـووکـە گورج و گۆڵ ، خۆی گەیاندە دەرێ • چاوێکی لە وڵاتی گێڕا، ئێستا وڵات بە تەواوی روون نیە • بە پەلە هەرای کردە لای حەواڵەی ئاش ، کەسی لێ نەدی، سەرو خواری نێوماڵی چۆمی روانی، چۆڵ وهۆلە• حیلەی ئەسپە بۆرە وەشکی خستووە• هەروا چاو دەگێڕێ، چاوی رەشکەو پێشکەیەکی کرد، لەوبەری چۆم پۆلێکی سوار دیتن ، هەموو قووە و تاقەتی داوەتە چاوی• سوار دابەزیون ، چەك وچۆلیان پێیە، شەپکەیان لەسەرە• بە پەلە بژاردنی بەینی چوار ،پێنج کەسن•

بە غاردان گەڕاوە ژوورێ• میرزا ، بەخەبەرە:

- ها مام رەشید! چ باسە ؟

- سلامەتی تۆقوربان! شتێکی وانیە، سێ چوار قوڵەشین خەریکن بۆ لای ئاشی دێن ، هەر بەو رێگایەی ئەتۆ پێیدا هاتووی •

میرزا :

- مام رەشید! کوا تفەنگەکەت ؟



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

- ئەوەتا قوربان ، لەژێر سەرینەکەم دایە !
- ئەگەر راست دەکەی ئێستا تفەنگەکەتم دەیە ! .
- قوربان ، رەشید وەختی وا تفەنگی خۆی بە کەس نادا ، بەلام گیانی خۆی لەسەر مام میرزای خۆی دادەنێ. میرزا ! ئەرێ دەکرێ تکایەکت لێ بکەم ؟!
- فەرموو !
- ئەسپەکەم لە پارشێوێ وە زین کردووە، ئالیکم داوەتێ، ئاخر قەرار بوو پێکەوە هەڵکشێین ، دەکرێ خێرایەکی پێ دە رکێفی نێیبوو بڕۆی،قوربان ئەوانە کاریان بە تۆیە !
- نا مام رەشید، لەوەی گەڕێ ، تازە درەنگە ، بە خۆم وبەو ئەسپە زەلامەیەوە ناشاردرێمەوە ، دوورە تفەنگ دامدەگرن، ئەتۆش ! دەست دەکەیەوە، ئەوانیش لاچاوت ماچ ناکەن !
- قوربان ئەگەر ئەتۆ بڕۆی ، ئەمن دەتپارێزم ، وایان دەخافڵێنم ئاگایان لەتۆ ببڕێ.
- ئەدی دوایە چ دەکەی ؟
- دوایەش یاخوڵا بەمنی دەدا یا بەوان .
- نا ، مام رەشید، ئەمن قەتم نەویستووە کەسێك بکووژم، یا یەکێك بکوژرێ بەلام لە لای خۆیەوە ئەمنیش کوردم ، کوردایەتیەش دەکەم،لێرە دا هەلاتن خوێڕی گەرییە، ئەگەر راست دەکەی تفەنگەکەت بدە بەمن ،بۆخۆشت سواری ئەسپە بۆرەی بە و بڕۆ !
- میرزا ! ئەمن خەمی تۆمە، ئەتۆ حەیفی ، ئەتۆ بابی هەزارانی،جا بوون و نەبوونی من دەبێتە چی ؟ ئەتۆی هومێدی ئەو خەڵکە هەزارەی،ئەتۆی رەشیدت زیندووکردۆتەوە ، کوڕە بە بابەوەت دەبەرمرم میرزا ، مردن لە ڕێی تۆدا خەلاتە بۆ رەشید ، سەد سالە دەڵێن " شەڕ داوەتی کوردانە "هەر چاوی تۆم لەسەربێ ، سەتی وەك ئەوانە دەنێرمە بن گڵی ، ئەمن سەرم لە شەڕێ

دەخوریٚ ، ئەورۆ دەیبینی ئەو نەقلانەی بۆم دەگێڕایەوە درۆ نەبوون.
- مام رەشید ! راستت دەکرد ، کەس لەخۆڕا هار نابیٚ ، ئەمن ئێستا ،کە خۆم ئامادەی شەڕیٚ کردووە ، خودا ئاگادارە بە دڵ و بە گیان دژی شەڕو هەلام رەشید ، دنیایە ئەگەر ئەمن مردم و ئەتۆ نەکووژرای وەسیەتی من ئەوەیە ،هەتا دەکریٚ خۆ لە شەڕیٚ بپاریزن ، دنیا هەر ئاشتی تێدایە ، خوێن رشتن دەردێکی چارە ناکا ، دنیا بە سوڵح و سەفاوە خۆشە ، شەڕ تەنیا بۆ سەپاندنی ئاشتی کارێکی بە جێیە. رەشید ! ئەوەشت پیٚ بڵێم ، ئەمن هەر ئەو نێرگـــانـــە رووسەم هەیە ، لوولەکەشی کەمێك قۆڕ بووە ، بۆ دەستە و یەخەی نەبیٚ نابیٚ.
- میرزا ! ئێستا ، کە لەسەر وەدەست هاتنیٚ سوور بووینەوە ، تـکــا دەکەم ، جووابم دەوە ، ئەوە دەفتەرو قاقەز نیە لەمن باشتری بزانی ، لـــەو کارانە هێندی من تیٚ ناگەی. جۆگەی بەر دۆزەقە بەرەو چۆم ،مەتەریٚزی منە ، ئەو جۆگە یا دەیکەنە ، گۆڕی من یا تاقیان لێدەبڕم ، لەولای رادێن ،لـــە رووی ئاقڵ لەسەرچۆمی دەبنە دوو دەستە ، دەستەیەکیان دێنە بەر دەرکـــی ئاشی ، ئەوانی دی لای پشتەوەمان لێدەگرن ، وەدەزانن خەوتووین.
میـرزا !
- بەڵیٚ مام رەشید !
- رەشید ، هەزار گەمارۆی شکاندووە ، ئەتۆ پشت ئاشی بەرمەدە ،ئەگەر ئەمن کووژرام ، مەیە سەرم ، من عومری خۆم کردووە ، سەری خۆت دەرکـــە. تەنیا ئەو وەسیەتەم هەیە،بۆت کرا ، بلیٚ لە پەنا قەبری زڵەخایە ، بمنێژن . وەرە مەردبە میـرزا ، خۆت بپارێزە ، خۆت بە کوشت مەدە ، ئەتۆ دەبیٚ جاریٚ بژی ، بێکەسین ، بیٚ گەورەیی لەمێژە پشتی شکاندووین . وەخت بەرتەنگـــە قوربان ،چیدی لەسەر بڕۆم ، دەگەنیٚ ، وەخۆ کەوین !
رەشید پڕی دا تفەنگەکەی ، ماچی کرد ، فیشەکدانەکەی هەروا هاویشتە ملی. دەستی لە ئەستۆی میرزا کرد. لەخۆ وە گوتی :
- ئاخ حەسکۆ گیان ، کاکە پشت ئاشی بەرمەدە ، ئاگات لیٚ بیٚ پشتـــم

لێ نەستێنن ، هەتا نەیەنە پەنات تەقەی مەکە ! خوداحافیز •

رەشید ، وەك بریسکە دەرپەڕی ،کەس نەیدی، گەیشتە نێو جۆگەلە •میرزا بە کاوە خۆ خۆی گەیاندە پشت ئاشی ، مات بووە و سێلەی داوەتە بەرەوە •

ئەمنیە ، بە ماتە ماتە دێنە پێش ، ئەسپەکانیان لە نەدیوە •سێ نیزامی و یەکی قەرەیەخە تفەنگ بە دەستەوە ، خۆیان کووڕ کردۆتەوە • یاری یاری بە رەقەی رێیە دا دێن• زۆر بە ئەسپایی نیزیك دەبنەوە • و ردە وردە وەك بۆ دز یە پچن •رەشید ونە• میرزا بەباشی لێکیان دەکاتەوە • ولات روونا کە• شۆڕ بوونەوە نێو مالی چۆمێ•

قەرەیەخە، وەپێش کەوتووە • تفەنگی بەدەستەوەیە• لێك بلاو دەڕۆن ، ئەوجار بە قوونەخشکە دێنەپێش، گەیشتنە لێواری چۆم ، بە تەواوی دەنا - سرێن • سولتانێکی کەلەگەتی چوارشانە ، دوو ئەمنیەی درێژی تەلاش ، بلەچەرچی • چۆم ئەژنۆیەکی ئاوتێدایە• پردە بازیشی هەیە، تەزووی زریان ساردە• ئەسپە بۆرە حیلاندی• هەر چواریان راچلەکین• سولتان و ئەمنیە - یەك لە چۆمیان دا ، بەربوونەوە لای خوارێ• بلەچەرچی بە ماتە ماتە ،وەنێو ئاوێ کەوت•

ئەمنیەیەك خۆی گەیاندە پردەباز ، چاوێکی لەو لاو لای کرد ، بە قوونە خشکە چووەسەر هەوەل بەرد، دوو جاران خەریك بوو هەروا بەقوونەوە باز - داتە سەر بەردەکەی دی ، بۆی نەکرا ، بەردەکان کەمێك لێك دوورن•هەوایەك خۆی هەلێنا بازداتە سەر بەردەکەی دی • خەریك بوو پێی بگوێزێتەوە ، شریخەی سێ تیری رەشید، ئەو دۆلەی لەرزاندەوە• ئەمنیە تلاسکەیەکی بەست نا لاندی ،کەوتە نێو ئاوەکە، شلپە شلپێکی لە ئاوەکە هێنا ، لینگە فرتەیەکی کرد ، شل بوو•

بلەچەرچی لەگەل ئەرزی بوو بە یەك • سولتان خێرا پەڕیە بن بەردێك • ئەمنیە برێك واوەی سولتان دامەزرا • سینگ کران بە هەمبانەی پشوو • دل وە کوتە کوت کەوتن• قەلێك دووڕاودوور قڕاندی، زریان بۆنی

باڕووتی برد٠ سوڵتان چاوێکی لێ بۆتە دووان ، نازانێ لە کوێڕا پێوەیان نان٠ بۆ ئەوەی جێگای حەریف بدۆزێتەوە ، کڵاوەکەی لەسەر بەردەکە دانا ، خۆی کێشا بن گابەردێکی واوەتر ، رەشید ، کڵاوەکەی دیت ، وەیزانی ئەمنیەیە٠ تەقە لە تفەنگێ هات ، کڵاوی هەڵگرت ٠ خۆی مات کردەوە٠

سوڵتان شوێنی تەقەی هاتە دەست٠ پاش تاوێك ، بە قوونە خشکە خۆی گەیاندە ئەمنیە ، بە دەست وبە سرتە شتێکی پێگوت ، ئەمنیە قایشی تفەنگەکەی لە دەستی هالاند ، بەزگە خشکە بەرەو دەرکی ئاش لەقی وخوشی٠ سوڵتان دەستی کرد بە تەقە٠ بەستەیەکی بڕنۆی بە پۆلە پنگەوە نا ،بێ‌نێوبڕ بەستەیەکی دیکەی دەپاڵ کرد٠

بلە چەرچی لەسەر زگ‌دوو تفەنگی هاویشت، وەنێو قەدی دیواری ئاش کەوتن ، گوللە کەوانەی کرد ، تۆز لە دیواری بڵیندبوو٠

رەشید ، هاواری لێهەستا :

– ئاخ سووتام٠

بلە چەرچی لەخۆشیان شاگەشگە بوو٠ سەری هەڵێنا ، بە دەنگێکی گڕو لەرزۆکەوە :

– میرزا ! پیاوەکەت کووژرا ، وەرە دەرێ ، دەست لەسەر سەرت دانێ، شەرتە نەتکووژم ٠

میرزا ، چی نەگوت ، لەتاوی رەشید لەرزی٠

ئەمنیە هەروا بە زگە خشکە وەسەر دەکەوێ ، زۆر سەبر ، وەك کیسەڵ٠ رەشید ، بە دەرەوە نیە٠ سوڵتان بێ‌وچان دەیتەقێنێ ، پۆلە پنگە و لیێواری جۆگەلەی کێلاوە٠

بلە چەرچی گوراندی:

– میرزا ! جوابی من نەدەیەوە زەرەر دەکەی ، خۆت تەسلیم کە، هۆی میرزا ! ئاشەکە دەسووتێنم ، وەك تۆ ماڵی منت ئاور تێبەردا ، بەلام ئەمن پیاوترم ، وەرە دەرێ ، مەترسێ٠

میرزا ، یەك دووجاری هاتەسەرێ ، تەقەیەكی لێ بكا ، پەژیوان بـۆوە • تا ئێستا كەس میرزای نەدیوە • میرزا ئەمنیە دەبینی وەك ماری پسا و بەرەو دەركی ئاشی وەسەر دەكەوێ ، قسەی رەشید لە گوێی دا دەزرینگێتەوە : "هەتا نەگەنە پەنات ، تەقەی مەكە"

رەشید ، دەنگی لێوەنایە ، سولّتان هەروا دەیهاویّتە لای جۆگەلە • بلەش جار جار تەقەی دی ، جارێكی هەستا سەرچۆكان ، سولّتان فیتەیەكی بۆ كرد هەڵنەستێ ، بلە مات بۆوە • میرزا ، حیسابی ، ئەمنیەی لەبەر دەستیدایە:

" ئەمنیە دەیەوێ ، پشت لە رەشید بستێنێ ، خۆی بخاتە نێو جۆگەلە ، بەلام بۆ چیەتی ؟ ، رەشید ئەگەر نەكووژرابێ ، بریندارە"

رەشید هەستی نیە ، نە تەقەی دەكا ، نە بە دەرەوەیە • سولّتان دەوروپشتی جۆگەی هەروا داگرتووە •

بلە چەرچی هەڵدەستێتەوە سەرچۆكان :

– میرزا ، هۆی میرزا !

تەقە لە تفەنگی رەشید، هەستا • بلە چەرچی ، هۆراندی ، بەراوپشـــت بەربۆوە سەر ئەرز •

میرزا ، لەبەر خۆیەوە :

– هەی دەست خۆش رەشید •

رەشید ، خۆی مات كردەوە • سولّتان بەك لەسەریەك پێوەی دەنـــــێ • ئەمنیە گەیشتۆتە دەركی ئاشی ، وامادووە هانكەی دێ ، بەو سەرمایـــە شەلالّی ئارەقیە ، ئانیشكی چاكەتەكەی دراوە ، كزە ، زەردەڵەیە ، لەبـــەر لوولەی نێرگان دایە • وردە وردە دەخزێ بۆ لای گۆنگەی دۆزەقە •

میرزا ، لەئانێك دا سەدفكری بە دلّی دا دێ:

" ئەو هەژارە ! چۆنی بكووژم ؟! من و پیاوكوشتن ! ، نەمدەویســـت خوێن لە لووتی كەس بێ! هەولّی ئازادیمە ، بە خاتری ئەوانە مالّ وێـــرا ن بووم• زۆر لاوە، كزە، هەزار ئاواتی دە دڵ دایە •••

@kurdica

چبکەم ؟ چارە ! خەریکە بگاتە پشت جۆگە، لەپشتەوەرا رەشیـــــدی دەکووژێ، رەشید هۆشی دواوەی نیە، بەمنی گوت وریابە پشتم لێ نەستێنن ! سوڵتان مۆڵەتی نادا سەر وەدەرنێ ، سەنگەری گوێستۆتەوە، جێیەکەی قایمە شارەزایە، ئەوەی نەکووژم سوڵتان هەردووکمان دەکووژێ ، فەقیرە ،ئازەری- یە ؟ کورە ئەوەی ناوێ خۆ من نەچوومە هەشتەرلۆیە، بەردەرکی لێ بگـرم ، چاوی دەرێ٠٠٠"میرزا ، لە گۆشەی دیواری رۆژهەلات وقیبلەیە ،هێنـــدی موویەك سەری وەدەرخستووە٠ ئەمنیە هانکە هانکی دێ ، گەیوەتـــە ســەر جۆگەکە، چاوی لە لای خوارێیە٠ بەرگەکانی تیتۆڵ تیتۆڵن٠ خۆلاوی ، در و داڵ پێوە نووساو، شەکەت و کەلەلایە٠ سوڵتان ، یەك پشوو تەقەی دێ،رەشید ون بۆتەوە٠

ئەمنیە، قایشی تفەنگەکەی لە قۆڵی هەڵمالی ، نێوقەدی گرت٠خەریکە خلۆر بێتەوە٠ ئاگای لەپشتەوە نیە، دەلەرزێ٠

میرزا ، دەستی دەلەرزێ ، لوولەی نێرگانی نیشانە گرتووە٠ پشوو لـە سینگی دا حەفسە٠ پەلەپیتکەی کێشا ، تۆپەڵەی نێرگان جوولەیەکی کەمــی لێوە هات ، شریخەیەکی بە سام وشڵپەیەك وێرای یەك، مێشکی ئەمینـــەی لاو بە قەدی جۆگەدا پرژا٠

رەشید ،ئاوری داوە:

- هەگ بابم بە نۆکەرت بێ میرزا !

ئەمنیە تفەنگی لەدەست کەوت ، دوو جارتلاوە ، چنگی قرژ کرد ،کەوتە سەر پشت ، تەنانەت ناڵەیەکی سەبری نەکرد، گوللەی نێرگان مێشکی سەری هەڵتەکاندووە٠

میرزا ، هەرای کردە تفەنگەکەی ٠ دەستی دایە٠ برنۆی وەسەتە٠دەیەوێ فیشەکدانەکەی لێکاتەوە، هەنگاوێکی ماوە بگاتە سەر کەلاکی ئەمنیــــە٠ سوڵتان تفەنگێکی لەپاڵ کرد٠

رەشید، دەست وبە جێ جوابی داوە٠ یەك بە دووی یەك دا ، سەنگـــەری

سولّتانی داگرت• تەواوی ئەو رۆژە هێندی ئەو چەلەی نەتەقاندووە•

سولّتان، سەری بردەوە ژووریّ ، لە تەقە کەوت•

رەشید، هەرای کرد:

- میرزا ! بکشێوە دوایە، دەی زوو! ئەو مارزبابە هێلکەی هەڵدەگرێ.

میرزا ، هاتەوە جێی خۆی ، فیشەکدانەکەی بۆنەهات• بەلاّم تفەنگی هێنا • چەخماخی لێدا ، بەستەیەکی فیشەك تێدایە• مچورکێکی بە خالّیگەی داهات لە تاوان دەستی بۆ برد، خوێنێکی گەرم بە قامکی دا هاتەخوار• دەستی بە برینەکەی داهێنا ، شتێکی وا نیە، چۆخەکەی کونێکی چووکەی تێبووە• لۆیەکی پشتێندی خستەسەر برینەکە ، توند بەستی•

هەرای کردە رەشید:

- تەنیا سولّتان ماوە•

- سەر وەدەر مەخە میرزا ! ئەوەشیان لەسەر من•

میرزا ، گوراندی :

- سولتان دەگەڵ تۆمە، دارو دەستەکەت هەموو کووژراون، تەنیا تۆماوی هەستە برۆ، شەرتە بەشەرتی پیاوان بێیە بەردەستم کارم پێت نەبێ• وەرە دەرێ خۆت بە کوشت مەدە •

سولّتان هەرای کرد:

- ئەتۆ کێی ؟

- ئەمن میرزام ، ئەو کەسەی وەشوێنی کەوتووی•

سولّتان دەگورێنێ:

- وەختێك ئەو سەنگەرە چۆل دەکەم ، مردوو یا زیندووی ئەتۆ و رەشیدە دزەم بەدەستەوەبێ•

میرزا نسحەتی دەکا :

- سولّتان ! تۆ خوێندەواری • من وەشوێن ئازادی کەوتووم ، من بە خاتری تۆ وێڵیئەو دۆڵ و دەرەم• من حەقی لەدەست چووی تۆ و باب وبرای تۆ،

ئـاوارەی کردووم٠
سولّتان ! تۆ بە کرێ گیراوی٘من بکووژی ، خۆت فریو مەدە، خـــۆت مەکووژە، برای خۆت مەکووژە٠ بە هەڵەچووی سولّتان ئەوە کاری تۆیە، ئەمن دەیکەم، ئەتۆ سەربازی ئەو خەڵکەی ، نەك رەزاخان براڵە، لەو ســەنگەرە وەرە دەرێ ، من چم کردووە دەتەوێ بمگری ٠ ئاقڵ بە ئێمە دوو کەسیـــن ، دەرچوونت نابێ ٠
سولّتان جنێوان دەدا :
- چەتە ! پیاوکوژ ! هەرتاوێك دەبێ ئەمنیەیەکی منت کوشتــــووە، حەیاناکەی ، دەتەوێ فریوم دەی ،تازە بێمەدەرێ چبکەم ، ئەتۆش نەمکوژی ، رەزاشا چی ، میرزا ، ئەمنیە هەر ئەو دوو کەسە نین ئێوە دەوروگیراوە، نیو سەعاتی دیکە ئاوروو لەسەر پشتی دەکەنەوە، منیش بکووژن، ئـاخـــری دەکووژرێن ٠
رەشید هاوار دەکا :
- میرزا ! سەری خۆت بەوەیەوە مەیەشێنە، ئەجەلی هاتووە٠
سولّتان، تەقاندی ، رەشید جوابی داوە٠ زریان کەوتووە٠ نێومـــاڵـی چۆم هەرهاشەی دێ٠ بۆنی دووکەڵ و باروت و ولاتی داگرتووە٠ میرزا ، لـــە گۆشەی دیواری ئاشە ٠ رەشید، هەر لە جۆگەی خۆی دا جێ دەگوێـــزێتـەوە ٠ سولّتان جێگاکەی زۆر قایمە، بەلام دوورە ئاوە، زۆریشی تینووە، لەترســی رەشید ناوێرێ پێ لە پەستەی کاتەوە٠ هێندە لە میرزای ناترسێ، بـــە لام بیستوویە رەشید، چ ئەنگێوە و پیاو کوژێکە٠
رەشید ، لە فکری وەی دایە پشتی لێ بستێنێ ،بەلام چۆن ؟ بە بیری دادێ:
- میرزا ، فیشەکی نیە، تفەنگی بێفیشەك بە کار نایە٠ ئەو خافلاند - بای ، ئەمن بۆی دەخزیمە خوارێ ٠٠٠
ئێستاش چارە هەر ئەوەیە، هەتا کەنگێ تەواوی نەکەین٠ دوور نیـــە ئەمنیەی دیکەشی بە دوودابێ ، میرزا ناکشێتەوە ، هەردووکمان دەکـــووژن

ئەو هەتیوە ئازایە،ئەنگێوەشە ، دەبێ بۆی بەربمەوە ، لەسەر خولای·بریـــا میرزا فیشەکی پێ با ، ئەو ئەمنیەی پیاوانە کوشت ، ئەرێ بلێی وەدەستــی نەکەوتبێ ! کورە نەوەللا هەر بۆ خۆم دەنگم دا ...

رەشید ، بە جۆگەدا وردە وردە داگەڕا خوارێ ، لەنیزیك ئاو مالـــکی چۆم جۆگە زۆر پەل بۆتەوە ، پنگە وگیا وگۆلێشی لە دەوروبەر نیە· میـــرزا سەرپشتی رەشیدی دیت· زۆر زوو بیری رەشیدی خوێندەوە· خێرا چەخماخی لێدا · تفەنگێکی بە سولتانیەوەنا ، سولتان جوابی داوە·رەشید پتر وەغیرەت کەوت :

– هەی بە بابەوەت دەبەرمرم ، هەر دەلێی دەدلی من دایە !

خۆی هاویشتە بن بەردێك ، سولتان نەیدی ·میرزا تەقەیەکی دیکــەی کرد· گوللە مستێکی خۆل پرژاندە دم وچاوی سولتان ·رەشید کەمێکی دیکەش رۆیشتە پێش· سولتان دوو تفەنگی بە دووی یەك دا هاویشتە سووچی دیواری ئاش ، ئاوری لەبەردکاری هەلستاند ، پرێشك سەرو دم وچاوی مـــیــــرزای دا گرت·

دەنگی تفەنگی رەشید نەدەهات· سولتان وەشك کەوت· روانیـیــە لای خوارێ کەسی لێنەبوو· زانی کەلەکێك لە گۆڕێ دایە· میرزا تەقەی کـــرد · سولتان لەبەرەوە دەروانێ· رەشید خۆی کوتا بۆ بن بەردێك ·سولتان دیتی ، خۆی گێل کرد، لوولەی تفەنگی بەرێ کردە لای خوارێ· ماوەیەك گـــوزەرا · تفەنگی میرزا دوو فیشەکی تێدا ماوە· تەقەیەکی دیکەی کرد· رەشید، دەر - پەری جێ بگوێزتەوە· تەقە لە تفەنگی سولتانی هات، راست وەکۆلەی سینگی رەشید کەوت رەشید ، گلا ·

میرزا ، بە چەپۆك بە سەری خۆی دادا · سولتان کەلاکی رەشیدی لێ دیارە هلاشی لە لای ویە· میرزا ، لە تاوی رەشید، لەپشت دیواری، هاتۆتە دەرێ· سەردەستەکی ئاخر فیشەکی دەپال سولتان کرد ·سولتان فرێ درا ،نێـــــو تەمبارەکە· میرزا ، تفەنگی بە تالی بە ئەرزی دادا ·

چوو لە فکرەوە :

- رەشیدیشم چوو ، حەیف ، سەد حەیف ، پیاوی وا ئازا و بەجەرگ٠٠٠٠ سوڵتان ئەنگاوە ، نەشکووژرابێ، بریندارە ، ئەگەر بریندار بێ، هەتا وەخۆ دێتەوە ، خۆم بگەیەنمە فیشەکدانی ئەمنیە ، بەو نێرگانە شەرم پێ ناکرێ٠

میرزا ، لەسەر زگ خوشی ، گەیشتە پەنا کەلاکی ئەمنیە ، دوو قەتاری فیشەك لە قەدی ئەمنیە کردەوە ، جێیەکەی زەق و بەرچاوە ،نیگەرانە سوڵتان بیبینێ دەرچوونی نابێ ، هەر بە زگە خشکە هاتەوە پەنا دیوار٠ و چانێکی- دا ، کەمێك هاتەوە سەرەخۆ ، ئەسپە بۆرە ، لێگدا لێگدا دەحیلێنێ ئاو نەدراوە ، میرزا ش تینووە ، بەلام ئاوی لێ دوور نیە٠ بەستەیەکی فیشەك هاویشتە سەرتفەنگەکە ، قامکی پێداهێنا ٠ سوڵتان جوابی داوە٠

میرزا ، خوودار بوو :

- ئای جندە دایك! نەمکوشتووە ، دەستم شکێ ، بێشك برینەکەشی وا نیە ، وەك مار وایە هەتا سەری پان نەکرێتەوە نامرێ، بریا پێش ئەوەی رەشید٠٠٠ ئاخ ئیشاڵڵا نامرێ ، بریا ئەو فیشەکانەم لەلابا ، دەبوو مەودای فکر کردنەوەی نەدەمێ٠ ئەستۆی شەیتانی شکێ، ئاخ وەڵڵاهی راستە دەڵێن "پیاوی سەر دووکانێ ٠٠٠" ئەوەندەم قوون و هونەر نەبوو ، ئەو فیشەکانە وەدەست خەم٠٠٠

ئەو هەتیوە زۆر درە ، رەشید ، ساخ با دیسان دەکرا هەرای لێکەم ! تازە جێی نەماوە ، براکوژی هاتۆتە گۆڕێ " نەمار کلکی لەبیر دەچێ نە باغەوان کوڕ " قسەی من و سوڵتان تفەنگ دەیکا ٠

دەبێ لەپشتەوەرا بۆی بچم ، لەو ئاودرەی دایە ، لێژایی بەرەوچۆم،جا چۆن بچم ؟٠! کەسێك نیە بیخافلێنێ٠ پیاوێکی بەکارە ، بە جەرگە،کارامەیە شەر لەگەڵ وەی ، گاڵتە نیە٠ بۆخۆی پیاوێکە ، فەرماندەیەکە!دەبێ لەرووی ئاقڵەوە٠٠٠، کورە ئاخر ئاقڵ و ئازایەتی ؟! ٠٠٠

هەروا گەلایی ناکرێ ، هەتا کەنگێ دوورە تفەنگ ، سواری ئەسپەکەم



کوردیکا @kurdica

بم ، هەڵکوتمە سەری !؟ ئەوەش خۆ بەکوشت دانە ، بەوەی ناڵێن کار ۰
سوڵتان تەقاندی۰ میرزا ، هەودای خەیاڵی پسا ۰
سوڵتان هاواری کرد :
- میرزا ! رەشید کوژرا ، ئەتۆ ماوی ، جێگای من زۆر قایمە ، دەست لە سەر سەرت دانێ ،دەوڵەت بە روحمە!
میرزا جوابی داوە۰
- بگرە !
بەستەیەکی لەسەریەك پێوەنا ، بەری سوڵتانی تەپ و تۆز دایگرت۰
سوڵتان ماتەی هەڵگرت۰ میرزا ، کەوتەوە بیر نەخشەکەی :
- سوڵتان، شەڕی بە دەرس خوێندووە ، هەرتاوێ دی .ئەو رەشیدە کەڵـەی چۆن وەسەریەك گێڕا ۰ ئاخ رەشید ، بەراستی حەیف ، بلە چەرچـــی چـــۆن تۆپاند ، چۆنی خۆ پێ وەدەرخست ، ئەرێ خۆ رەشید ، قەراری وانەبوو ، بەمنی گوت :
" ئەو جۆگە ، یا قەبری من دەبێ یا ۰۰۰"
ئەدی بۆ پەلەی کرد! سەری گەرم داهات ؟ بۆ بیروڕای گورا ۰ رەشیـــد ، شارەزای شەڕبوو ، سەد گوڵمەزی وای دیبوو ۰۰۰
رەشید ،چاکی دەزانی، رێگای هەر ئەوەیە ، سوڵتان خۆ بەدەستەوە نادا جێگای قایمە ، ئەو ئاودرە هەر دەڵێی بۆ شەڕ لەگەڵ من سازبووە! دەبــــێ پشتی لێبگرم ، بەبەرەوەدا ، بە چۆمی دا ناکرێ ،رەشید ،ئەو دەراوەی تاقی کردەوە بواری نەبوو ۰ دەبێ بە لای سەرێ دا بۆی پچم۰ لێرەرا هەتا پشـــت حەواڵەی بەزگە خشکە ، لەوێ نەدیو دەبم، بە پشت ئاودڕەکەدا ، بادەدەمەوە، کارێکی سەختە ، هیلاکە! سۆسەی بکا لینگم لە ئەرزی دەبڕێ !
ئەدی وانەبێ چبکەم ؟! شەڕە و هاتووە ، ئەمنیەکەم بە نابەدڵی کوشت ! ئەوەیان بە رق و قینەوە دەکووژم، کتێب و فەلسەفە و ئەوانە بۆ ئێرە نابـن ، هەوەڵ شەڕمە و دەبێ پیاو بم ، نابێ خوێڕیانە بمرم،رەشید ، دەیگوت :

" ئازایەتی هەمووی نیو سەعات خۆڕاگرتنە "

دوو ڕیزە فیشەکدانەکەی لەخۆی بەست، لە سیلەی دیواری ئاشەوە، چاوی لە شوێنی ئاودڕەکە کرد، فکرێکی دیکەی بە دڵی داهات:

- ئەو ئاشگێڕە ئاوە، بە هاسانی ، لەسەرێ ڕا دە ئاودڕی سوڵتـــــان دەکرێ! ئاخ بۆیەکی توندو تۆڵ وەك ، یارە، ... ئاو لەو خڕۆکــــەی،دەر- دەپەڕاند‌دا مدەگرت، بەتەنێ ئەوەش ناکرێ !.

شوێنی سوڵتانیلەزەینی دا نیشانە کرد، لە پەنا دیوار هەڵتــرووشکا ، دوو تفەنگی دەپاڵ سەنگەری سوڵتان تەقاند.

قورس و پتەو، پیاوانە، هەستاپێ وەڕێ کەوێ. زرمەیەکی لەپشت سەری هات ، ڕاچڵەکی، چەخماخی لێدا ، ڕووی تفەنگی تێکرد، زەلامێکە لەســـەر حەواڵەوە خۆی فڕێداوتە خوارێ ، تفەنگێکی پێنج تیری قازاخی حەمایــەل کردووە، بزەیەکی پیاوانەی هاتۆتێ.

میرزا ، لوولەی تفەنگی لە کۆڵە سینگی نیشانە گرتووە:

- دەست لەسەر سەرت دانێ! مەیە پێش !

زەلام زۆر لەسەرەخۆ:

- مام میرزا ! ئەمن هاتوومە یاریدەی ئێوە، لای بە ئەو تفەنگـــــەی! بوویە سوورەداڵە " هەر بە خاڵی خۆت دەوەستی "

میرزا بە دوودڵییەوە پرسی:

- ئەتۆ کێی؟.!

- ئەمن میرانم .

میرزا ، خەجڵا، پەشۆکا ، شێوەی یای نازی لێدەکا ، یای نازێکی نێـر ، پیاو، وێچوو، کۆك وپۆشتە، توندو تۆڵ.

- میرزا ! ئەدی کوا ڕەشید؟

میرزا، بە خەمێکی گرانەوە :

- ڕەشید، بەداخەوە ئەنگوا ، نازانم ماوە یا مردووە !

- ئەدی کەلاکەکەی ؟
- لە قەراخ چۆمـیـیـە •
میران دەرپەڕی ، وزاقی خۆی دا ، داگەڕێتەخواریٚ•میرزا ، توند گرتی :
- چ دەکەی؟ !
- دەچمە لای •
میران گەڕاوەتەوە، لە تەمەنی رەشید دایە، ترس لە چاوی دا نیە، بـە قەوەتە،میرزا ، قەوەی بە قەوەی ناشکیٚ ، خۆی لەباوەشی میرزای راپسکاند •
میرزا پێی دەڵیٚ :
- میران ! راوەستە، گوێت لە من بیٚ، سوڵتان ماوە، لەوبەریە•••
لەو وەختەی دا ، سوڵتان تەقاندی • میرزا ، جوابی داوە، میران شوێنی سوڵتانی هاتە دەست•
میران پرسی :
- هەر ئەو ماوە ؟
- بەڵیٚ•
- میرزا ، دەکریٚ ئەتۆ بیخافلێنیٚ ، هەتا بە پشتەوەدا دەگەمە دەستەی؟
- ئەمن بۆخۆم ئەو خەیاڵەم هەیە ، خەریك بووم وەڕێکەوم، ئەتۆ هاتی •
ئیستا کە دوو کەسین ، ریٚیەکی دیکەشی هەیە•
- دەفەرمووی بەبەرەوەدا !
- نا ، میران ! ئەو ئاوەی لە حەواڵەوە لادراوە، زۆر بە هاسانی دەکریٚ دەو ئاودرەی سوڵتانی کەین، ئاو هێرشی بۆ دێنیٚ ، دەردەپەڕیٚ•دایدەگرین•
- ئەوە کاری پیاوانە نیە ، دەنا راست دەکەی، دەمەویٚ قاتلی رەشید بەو دەستانەی خۆم بکووژمەوە•
- میران ! سوڵتان ، زۆر ئازایە، بۆ وەی نابیٚ بە هێندی نەگری•
- کاکە ! سەتی وام لەسەر کۆشم داناوە، هەی هەی لەو رۆژە رەشـــە کچۆڵەیەك سووراو سپیاوی کردووە ، بۆ میرانی هاتۆتە بەندەنیٚ• ئەو دەمی

ئەمن پیاوم دەکوشت، ئەوە دەزگی دایکی دا ، پەنیری دەکوشی. ئەتۆ سێ لـە سەرەی لەسەر هەڵمەگرە ! جا چاوت لەمن بێ چۆن تەرس و گووی تێکــەڵ دەکەم. ئەرێ فیشەکت ماون ؟

- ماڵی ئاوەدان بێ، ئەمنیە کزە، ئەوتفەنگ وفیشەکدانانەی بە میرات داوە بەمن.

- یانی لەپێش دا تفەنگت نەبوو ؟!

- خێر .

میران ، بە چنگە کرە ، بە بەر قەدی حەواڵەی هەڵڕووچکا. میـــرزا ، سوڵتانی داگرت. یەك بە دوای یەك دا ، وەك برێشکەی سەر سێڵێ . سوڵتان بەکاوەخوو بە پێ خۆر، جار جار تەقەیەك دەکا ، خۆی لێ گێڵ کردووە، بــە بیری دا دەڕوا :

" لە میرزای بە دەر کەس نەماوە، ئەویش سەری گەرم داهاتووە، بـــا بیهاوێ فیشەکی لێ تەواو دەبێ ، جا ئەودەمی وەك کەروێشکی مانـــدوو دەیگرم. "

میرزا ، مۆڵەتی سەر وەدەرنانی ناداتێ ، بەستە لەسەر بەستەی دەیخاتە سەر ، ، گاڵەی تفەنگی برنۆ، ئەو دۆڵەی پڕکردووە. میرزا ، پشت ئەستـــوورە، دەست وچاوی بەو تفەنگە راهاتووە، تفەنگی وەسەت خۆش دەستە، تازەیە ، بە حوکمە. قاپۆڕە فیشەکی چاك دەداتەوەدەرێ. میرزا ، هەرچی دەڕوانێتە، پشت سەنگەری سوڵتان چی لێ دیار نیە ، بەڵام بە هەموو حیسابان ،دەبـــێ ئێستا ، میران لەپشت سوڵتان بێ. میرزا ،تفەنگی واداوێ،بەربــکــا ، سوڵتان وادەزانێ تفەنگی میرزا ، گەرم داهاتووە. تفەنگی میرزا ، جاریوایە بە تەپ و تۆز سوڵتان و سەنگەرەکەی ون دەکا . پێنج تیری قازاخ دوو شریخەی توندی لێوەهات . میرزا ، سیلەی چاوی داوەتە سەنگەری سوڵتان،سوڵتـــان هەردووك دەستی دمەوڕوو، بە لێواری ئاودڕەکەدا شۆڕبوونەوە. میران هەڕای کردە سەری.

میرزا ، لە سووچی دیوار هاتە دەرێ، بەسەر کەلاکی ئەمنیەدا ،داگــەڕا خوارێ تەقلەکوت خۆی گەیاندە ،رەشید•

رەشید ، وە سینگی کەوتووە ، برینەکەی دیواودەرە ، لەپشتەوەڕا دەستــی تێوە دەچێ•

رەنگی خوێن وکەف وکولێ سوور ، رەشیدی گێژو مەنگ کردووە،نەشەیە ، ئارام و هێدی بەرەومەرگ دەڕوا ، مەرگێکی بێئێش و ئۆف ،بێ برك وژان•••

میرزا ، دوو مستی ئاو بە زاریەوە کرد، سەری رەشیدی خستۆتە ســـەر رانی• دەگری ، قسەی بۆ ناکرێ•••

رەشید ، تەکانێکی خوارد، کەمێك چاوی هەڵێنا ، لەبەر لیۆیەوە :

- میرزا ! درەنگ هاتی ، سولْتان چی بەسەرهات ؟

میرزا ، بە گریانەوە دەڵێ :

- کووژرا •

- کێ کوشتی ؟

- میران •

- ئەدی کوا میران ؟

- ئەوە دێ •

رەشید ، لەسەر رانی میرزا ، سەری سووڕاند، رووی لە سەنگەری سولْتان کرد، یەك بە چاوی روانی، بە زۆری گوتی :

- ئای میران ! دۆستی تەنگانە•

پاشان چاوی لێك ناوە• میرزا ، دەگری ، وەك مەنجەڵ دەکولێ ،دەڵێــی هەموو فرمێسکی تەمەنی بۆ ئێرە راگرتووە، کۆنە برینەکانی دڵی زاریــان کردۆتەوە دەستی رەشیدی توند لە دەست گرتووە، دەستە بە قەوەتەکـانی ، خەپلەوشلن• میرزا ، ئەودەستانە ماچ دەکا ، بۆنیان پێوە دەکا ، لەنێوچاوانی دەخشێنێ• لێگدا لێگدا دەڵێ :

- رەشید ، چاو لە چاوم کە، رەشید هەرگیز لەبیرم ناچیەوە ،رەشیـــــد

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

پشتت شکاندم ، رەشید بالت بەستم...

رەشید ، مژۆلی بۆ هەلنایە ، هەر ئەوەندەی چاو بۆکراوەتەوە ،بەحـال بیبیلەی چاوی وەدەرکەوێ، لەبەر لێویەوە زۆر بە ئەسپایی :

- میرزا ! بۆمن مەگری ، بە ئاسوودەیی دەمرم، تەنیا ئـەو شـەرەم پیاوانەبوو میرزا !، خۆشە، خۆشە، مردن زۆر خۆشە.

رەشید، چاوی بە تەواوی کردەوە . پڕ بە چاوی دە میرزای فـکـری ، تەکانێکی خوارد، سەروملی لەسەررانی میرزا ، شل بۆوە.

میرزا ، بە ئەسپایی چاوی لێك نا ، دەست و لاقی. راکێشا ،دمی هەلبەست. میران، وەك گۆلی قوراوی بە پەلە گەیشتێ، خۆی بەسەر مەیتی رەشید کێشا . میرزا ، باسکی گرت و هەلیپچڕی . میران و میرزا ، دەستیان لـە ئەستۆی یەکتر کرد، لە بانگیان دا ، گریان ، بەدەنگ ، بەدل ، بەکـول ، لەمێژە فرمێسکی دوو پیاوی بە جەرگ لەسەر مەیتێك ئاوا تێکەل نەبــووە، دلۆپە گەرم وتێکە لاوەکان دەرژێنەسەرلەشی ساردەوەبووی جوا مێرێکیرەشید.

میران، پیاوەتی، ئازایەتی ،دەنگ خۆشی ، ئەمەگ و دۆستایـەتـی رەشیدی دێتەوە یاد.

میرزا ، لەخۆبووردوویی ، میوانداری ، کامل بوون و بە ئامـانـج گەیشتن، حەول دان و بە ئاکام نەگەیشتنی رەشید جەرگی دەبرژێنێ.

میرزا ، دلی بۆ رەشید ورەشیدەکانی دی گیراوە، ئەوانەی ، قـەوە ، تاقەت ، گوڕ و تین وتوانا ، هۆش و گۆشیان هەیە، دەکرا ، زۆر بە هـاسانـی دەکرا بە لای باش دا کەلکیان لێ وەرگیرێ، بەلام ئەو هەموو هێزو هەیبەتـە بە فیرۆ دەچێ. قالبی ساخیان هەیە، مێشك و دەماری ئامادەیان لەگـەلە ، کەچی بەرەو رێیەکیان دەبەن، جگە لەزایەبوون، جگە لە کوشتن و بـڕیـن و سوتاندن و وێران کردن بەرهەمێکیان نیە، گریانی میرزا ، لە ئەبەدیەتـەوە دێ ، میرزا ، بۆ کورەیەك دەگری کە زیندەوەرەکانی وەك یاسای جەنگەل،بـە چاوی بەستوو یەکتر دەکووژن. میرزا ، بۆخۆی دەگری. لە دارستانێك دایـە

بۆ وەی نەیکووژن دەبێ بکووژێ• میران بۆ رەشیدێك دەگری شەست سالـــی تەمن بوو •

میرزا ، بۆ رەشیدێك دەگری ، تازە لە دایکی خۆی ببوو •

* * *

میران ، بێئەوەی چاو لە میرزا بکا :

- میرزا ! گریان بێفایدەیە ، دنیا بە خەمان پێك نایە ، هەتا ئەمـــن دەگەرێمەوە ، مستێك ئاو بە دم و چاوت داکە•

میران ، بەرەوئاش وەرێکەوت ، چی وای نەگرت گەراوە ،لبادەکەی سەر سەکۆی هەلّوێزنیوە ، دەبن هەنگلّی دایە•

مەیتی رەشیدیان لەسەر لبادەکە درێژ کرد ، هەر یەکەی لایەکیان هەلّێنا بەرەو ئاش تێهەلّبوون • جەنازەیان لەسەر سەکۆی ئاشی دانا ، جاجمێکی شەقەیان بەسەر هەلّکێشا •

میرزا ، وەك پەردەیەکی شانۆ ، هەموو بەسەرهاتی رەشیدی هاتەوەبیر • لە نەکاو لەبانگی دا ، بەچۆکی خۆی دادا ، میران باوەشی پێداکرد ، کولّین ، سووتان ، توانەوە ، میران بە گریانەوە دەلّێ :

- کاکە میرزا ، بەسە ! گریان کاری پیاوان نیە ، لەمێژبوو چەتەیی و رێگری و پیاوکوشتنم وەلا نابوو ، دەمەویست تێرو تەبا بژیم ، دەگـــەلّ ژیان ئاشت ببوومەوە ، بەلام لەسەر مەیتی رەشید ، لە بەرانبەر تەرمی ئـازا و کۆلّنەدەری رەشید ، بە خوێنی رەشید سوێند دەخۆم ، هەتا شوێنەواری زوڵم لەم ولاتە بمێنێ ، ئەو چەکەم لەدەستی نەکەوێ•

میران ، رەش هەلّگەرا ، فرمێسکی ویشك بوون • میرزا ، سەری هەلّێنا هەیبەتی میران ، وەغیرەتی خست ، بە دنیایەك رێزو حورمەتەوە لەبەرانبەر مەیتی رەشید ، پاشەو پاش لە ئاشەکە هاتنە دەرێ• میران چەپەری ئالّقەرێز کرد •

کەلاکی بلەچەرچی و دوو ئەمنیەیان ، لەنێو جۆگەی بەر ئـــاش دا

شاردەوە• میران باخەڵیان گەڕا ، ئەمنیە کزە سێتمەنی پووڵی سپی پێ بوو ، ئەوەی دیکە لوولەیەك تریاك ، بلە، چی وای لە باخەڵ دانەبوو• چەك و - چۆڵیان خڕ کردەوە• ئەسپە بۆرە حیلاندی•

میران :

- ولاغی تۆیە ؟

- بەڵێ پێم نەکراوە ئاوی دەم•

میران:

- جا ئەگەر وایە بیبەسەر ئاوێ، پاشان سوار بە وەرە بۆ لای کەلاکی سوڵتانە زلە، هەتا دەگەینە لای ئەسپەکەی من ، ئەو چەکانەش لەپێش خۆت دانێ•

میرزا :

- میران ! ئەدی تفەنگەکەی رەشید ، چی لێهات،؟

میران:

- دڵم نەهات• هەڵیگرم، دەو جۆگەدا شاردوومەتەوە ، دەمەوێ دەگەڵ خۆی بنێژم، ئەو تفەنگەی زۆر خۆش دەویست•

وەختێك میرزا گەیشتەسەر کەلاکی سوڵتان، میران گیرفانی دەگەڕا هێندێك کوتە کاغەز ، وێنەی ئافرەتێك و بڕێکی دراو لە گیرفانی دەرێنا • تفەنگ و دوو رێز فیشەکدانەکەشی دا بە میرزا ، فیشەکێکی وایان تێدا نەمابوو•

وەسەرکەوتن بۆ پشت حەواڵەی ئاش• ئەسپی میران لە دارێکی خراوە ، لە دوورەوە حیلاندی ، ئەسپە بۆرە سڵ بوو• میرزا ، جڵەوی توند کرد• وردە وردە گەیشتنێ، میران سواربوو ، بە جووتە سوارە وەڕێکەوتن•

میران ، دوو تفەنگی بڕنۆی وەسەتی لەپێشە ، تفەنگە قازاخەکەی خۆشی بە شانیەوە•

میرزا ، تفەنگی ئەمنیە کزەی لەشانی کردووە، بڕنۆیەکی سەرتۆپیشی

لەپێش خۆی داناوە٠

میران ، لەپێش دا دەڕوا ، میرزا ، بە دووی دا ، ئەسپە بۆرە خۆ دەکوتێ وەپێشی کەوێ ، دەگەنە حاستی یەك بە جووتە دەڕۆن٠

میرزا گوتی :

- کێ خەبەری بەتۆدا ، میران !

- نایب ٠

- نایب ! جابۆ ؟ ! چۆن ؟ !

- با لەسەررا بۆت وەگێڕم، دایە مرۆت ، قەدەرێك بوو ،هەراسانی کردبووم، هەر دەیگوت" ئەو خوشکەت بێنەوە ، دەترسم دیدارئاخربم" بۆڵە بۆڵی کوندە جەرگی کردم، بۆخۆت دەزانی ، پیرێژن ، ئەویش ئەوانەی زلە موویان لە چەنەی دەڕوێ، لە هەموو پیاوێکی بێ‌ڕەزاترن٠ دوێنێ بەیانی وەڕێکەوتم، پیاوێکم بە دوو یەکسمەوە هێنا ، پێم وابوو ، نوێژی خەوتنان دەگەمە کۆخی مەولوود کەوان ، لەوێ ئەو تفەنگ وفیشەکدانەی دادەنێم ، دیدەنی‌یەکی مام مەولوودیش دەکەم بەردەبمەوە خوارێ ، نوێژی بەیانی لە ماڵی بای نازم ، لەوێ هەتا ئەوان ساز دەبن، سەرخەوێکی دەشکێنم٠

ئەمما میرزا ، دەڵێن" تەقدیر ، تەگبیری بەتاڵ دەکا " نوێژی خەوتنا - نێکی درەنگ گەیشتینە وێ ، کوخ ئاوری نەدایسا ، چاو چاوی نەدەدی ، چۆلەچرام داگیراند ، مام مەولوودی هەژار یەک‌بەمەیدانێ کەوتبوو ، بەحاڵ پشووی دەهات ، ئازای بەدەنی ڕەش و شین هەڵگەڕابوو٠ کەسیشی لە لا نەبوو، پیاوەکەم بە ئەسپەکەی خۆم دا تەقڵەکوت ناردە شوێن کوڕەکانی٠

برێکم سەروگوێلاکی خاوێن کردەوە٠ ئاوم بە زاری داکرد٠ قسەی بۆ نەدەهات ئەوەندەیان لێدابوو ، ئاخ و ئۆخیان لێ بڕیبوو٠ بەهەزار حاڵ وەقسەم هێنا ، لە ڕێ وە گوتی :

" میرزا و ڕەشید گەیشتنە ماڵی ئێوە؟"

گوتم:

- ناوەڵڵا • کەسم نەدیوە •

ئیدی قسە پێنەکرا ، هەرچی بەقوربان وسەدەقەی بووم ، کەلکی نەبوو • لەئاخری دا لەبەر لێویەوە گوتی :

"ئەمنیە ، بلە چەرچی"

ئەوەندەی دی سەرم سوڕما • خولایە ئەمنیە و بلە چەرچی ، چکاریان بەو پیرە فەقیرەیە ! ؟

زوو زوو ئاوم بە زاری دادەکرد ، بە ئاوی گەرم دادەمالی ، هەرچی کردم وکراندم، متەق لە دارو بەردی دەهات لەوی نا • نەمدەزانی چبکەم ، درۆیە ناکەم خەمی ڕەشیدیم بوو • ئەتۆم قەت نەدیبوو • جارێکی ناوی تۆم لە بای نازێ بیستبوو • قسەی لەت و کوتی مام مەولوودیشم ، بە باشی بۆ نەدەچۆوە سەریەك، لەداخان چوومە بەر دەرکە • وڵاتێکی تاریك وئەنگوستە-چاو • سوارێك بە تەپە تەپ دەهاتەپێشێ• دڵم خۆشبوو ، گوتم هەر باشە ئاودەنگیە • هەرچاکە ، بەتەنێ قرم دەهات • هەتا تەواو نەهاتەپێشێنەمناسی. نایب بوو تاقە سوارە !سەرم سوڕما !

نایب زۆر بە گرژو مۆنی حاڵ وحەکایەتی بۆ گێڕامەوە ، گیشەسووناندنی بلە،گیرانی یارە ، لێدان و تێهەڵدان وبەرد لە گونی خەڵك خستن•••

کورتی دەبڕمەوە ، بەقسەی خۆی ، نایب و سوڵتان لەسەر ئەو زوڵم و زۆرە قسەیان لێك هەڵدەبەزێنەوە ، سوڵتان هەڕەشەی توندیشی لێدەکا ، تەنانەتدەڵێ ، نایب دەبێ بدرێتە دەست قانوون و تەمبێ کرێ، نایب خاینە سوڵتان وەشوێن تۆ کەوتبوو ، نایبی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو ، بلە چەرچی وەك نۆکەرێك ماڵ بە ماڵ و جێ بە جێی ئەو مەڵبەندەی لە خزمەت دابووە• بڕێکیشی باسی یای ناز بۆ کردم•

ئیدی هەموو کارەساتەکەم بۆ روون بۆوە ، لێدانی مام مەولوودی فەقیریش هەر لەو ڕێیەی رایە ، هەڵبەت سۆراخی تۆیان لێپرسیوە و نەیگوتووە • نایب دەیگوت :



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

" لە تاوی میرزا و رەشید، سەری خۆم هەڵگرتووە ، هاتووم ،سوڵتان ، ئازایە، ئەنگێوەیە، زاڵمە، ناپیاو وداوێن پیسە، دەترسم بەلایەکیان بەسەر بێنێ" راستییەکەی مام میرزا! بەلا لە درۆیە دا ، ئەمنیش لەتاوی رەشید ، نایب و پیاوەکەم و مەولوود وهەرچی هەبوو و نەبوو ، بەجێیم هێشت.

تەقلەکوت بەرەو ئاش رێگام بڕی، هەتا ئەسپەکەم وەستا ، بە پڕتا وهاتم. لە چۆمی نیزیك بوومەوە، تەقەی تفەنگان دەهات. زانیم کارەکە پیس بووە. نەدەکرا بە رەقەی رێیەدابێم، دەبوو هەڵکشێمە لای سەرێ ، وەپەڕم و بە پشتەوە دابێم، باقی دیش بۆخۆت ئاگاداری ، لەباتی ماندوونەبینی لەوانەبوو ، تفەنگێکم لە گورچووی دەی.

ئەستۆی شەیتانی شکێ، ئەگەر ئەسپەکەی خۆم نەدابا بەو هەتیوەی ، بە شوێن کوڕانی مەولوود کەوانی داپچێ ، لانی کەم سەحاتێك زووتر دەگەیشتمێ. دیارە قەزاو قەدەر ناگەڕێتەوە، بەلام بوونی من لەوێ پێویست بوو، زوو گەیبامێ رەشید، لەوانە نەبوو بەوجۆرە پیاوانە بکووژرێ.

میرزا ، ئەوەشت پێ بلێم، دلت غایلەی نەکا ، هەرچەند روو بە روو قسەی وا باش نیە، ئەتۆشم زۆر پێ ئازابوو، ئەگەر ترسەنۆك بای ،ئەودەمەی لە حەواڵەی ئاشی راخۆم فڕێ دا ،بێشك دەبوو ئەمن بکووژی ،لەوێ ئەتۆ ئازابووی! هەر ئەو داخە دەمکووژێ، ئەتۆی ئاوە دەسکەرەوە، بەبێ‌تفەنگ ملی رێیە بگری ، وەو بەندەنانە کەوی ، برالە ئەتۆ تفەنگت پێ‌با ، رەشید نەدەکووژرا ، ئەمن ئەو پیاوەم دەناسی، سەری لە دوژمنی خۆی دەشێواند ، کوڕە جەرگی هێندی ئەو کێوانە بوو ، کوڕە پۆلابوو ، ئاوربوو.

میرزا گوتی:

- میران! رەنگە فکری من و تۆ یەکتر نەگرێتەوە، نازانم چۆنت پێ بلێم، ئەمن قەت دەفکری خەڵك کوشتنێ دانەبووم.

- ئەی کوڕە دەستەبرا ، ئەتۆ وات دەوێ ، ئەدی ئەگەر خەڵك ئەتۆی گوشت ؟میرزا! لەپێش دا تاریفی تۆم ، بەو جوورەی بۆخۆشت دەلێی هەر

وا بیستووە، کوڕە کاکە ، حکوومەت وایدادەنێم هەرگیز کاری بە کاری تـــۆ نەبێ ، ئەدی ئەو چەتە و دزانە چ لێ دەکەی ، بۆرە پیاوێك لەو ڕێگـــایــە ، تووشت دەبی ، هەر کەچە تفەنگێکی پێ بێ، مەیدانە ئەسپێکـــت لـــــێ دەکشێتەوە ، سەگ ترێنی تۆ نایگاتێ ، یا ئەسپەکەت لێدەستێنـــێ یـــا تفەنگێکت لە گورچووی دەدا ، کاکە گیان ! حەمام بەتران گەرم نابێ . خـــۆ چەك بۆیە نیە هەر پیاوی پێ پکووژی ، زۆرتر بۆ ئەوەیە خۆتی پێ بپارێزی، دەڵێن" تفەنگ عومرێکی لە کۆڵ دەکەی ،جارێکی بەکەڵکت دێ" میرزا !خـولا بە قوربانی ئاقڵی خۆت کا ، ئەوەندە بە پیاوەتی و لەسەرەخۆیی هاتیە بـــەر نەزەرم ، هەوەڵ سەحات ئاشقت بووم، پێم حەیف بوو ، دەنا بەو خودایـــەی لە ژووری سەری‌یە، دوای سولتان ئەتۆم دەکوشت. کوڕە ئاخـــەر وەك ڕۆژی ڕووناك لێم سوورە ، ڕەشید ، لە سۆنگەی تۆدا کووژرا ، ڕەشید، لەمێـــــژە کاری بە کاری کەس نەمابوو.

تازە ، بە پەکوو پەکووی هیچ ناکرێ ، ئەوەی نەدەبوو ببێ ، بوو ،بروام پێ بکە ، دوو برام هەیە، ڕەشیدم لە هەردووکیان خۆشتر دەویست .ئەوەشـــت پێ بلێم ، بابم کووژرا ، نەگریام ، ئەوە هەوەڵ جارە لە عومری خـــــــۆمدا دەگریم ، قەت قەت فرمێسکم نەهاتوونەخوار، ڕەنگە ئیشی پیری بێ.

میرزا رووی تێدەکا :

- بڕێکت حەقە ! ئەمن بۆیە دەهاتمەماڵی ئێوە ،خۆ لە شەڕو هەلایـــە لادەم ، دەنا خوا هەڵناگرێ حاجی ، حەمە ، زۆری هەوڵ دا ، دەیەویســـت زۆریش پیاوانە وەدەست بێ ، فکری هەموو لایەکیشی کردبۆوە.

میران ! هێندەشم لۆمە مەکە ، بە بیروبڕوام سوێندێ دەخۆم ،پێم خۆش بوو لەباتی ڕەشید، من دەکووژرام ، کاکە قرچە قرچم لە پشتی دێ.

سێ ڕۆژە میوانی ڕەشیدم ، میوانداری‌یەکەی هەرهات و گەرم کرد،هەتـا ئەوڕۆ رووحی خۆی لەسەر دانام . هەتا سەعاتێکی پتر لە لا دەمامـــەوە ، هێندی سالێکی لێ نیزیك دەبوومەوە . هەموو نەقڵ و بەسەرهاتی خۆی بـــۆ

وەگێڕام، باسی تۆ ، چەتەیی ، قاچاخی ، تەنانەت دلداری و خۆشەویستی زلەخایە، چاکی تێگەیاندم، چەتەیی هەر بە مەبەستی مالی دنیایە نیە ، کۆلکەی کارەکانی نیشان دام• ئێمە دوێنێ دەهاتینە مالی ئێوە ،بۆیە وەدرەنگی کەوتین ، ئاشەکەی لەبەریەك هەلوەشاندبوو ،هەتا خستیەوە سەر- یەك ، شەوبەسەردەستان داهات• قەرارمان وابوو، ئەورۆ تاو هەلێ وەرێ - کەوین •بەداخەوە وای لێهات، ئەمن قەت پیاوی وا تووش نەهاتووم ، داخی رەشید ، هەتا هەتایە لە دلم ناچێتە دەرێ، رەشید، دەرسی ئازایەتی و پیاوەتی دامێ، دەمرم ، زیندووی کردمەوە، دەرکی دنیایەکی نوێی بۆ ئاوەلا کردووم•

مەسەلەی "نایب "یش جێگای پرسیارە، ئەمن بۆخۆم قەتم نەدیوە•حاجی زۆری تاریف دەکرد، دیارە پیاوەتی هەیە•

میران دەلێ:

- نایب ، برێك پوولەکیە• ئەوەی لێدەرچێ پیاوی واکەمە، لەوێش دا زۆر خەتابار نیە• رەییس پۆستە، ئەو پۆستانەی ئەمنیەش بە ئیجارە دەدرێن دەبێ وەریش گرێ ، بەشی سەرەوەش بدا•

خانەی ئاوەدان بێ، دراوی نیشان دە، باری هێلکان نابزێوێ،کەیخودا- یەکە خۆشەوەنەبێ•

میرزا دەپرسێ:

- ئەدی سولتان چکارە بوو•

- بەو جۆرەی نایب ، دەیگوت لە ورمێ رابە شوێن تۆدا هاتووە،کاری بە تۆ بووە• لێرەش بەسەر ئەو گیشە سووتاندن وهات هاوارەی دا دەکەوێ ، شوێنی تۆ دەو هەزارو دوو لایەی دا دەدۆزێتەوە•

میرزا دەلێ:

- پیاو حەیفە جوانان بشکێنێ، پیاوێکی ئازابوو، بریا کەمێکی ئاقل دەگەل با•

نوێژی ئیوارە نەبووە• ئەسپی میران، لەوانەیە بوەستێ• مەیدانە ئەسپێکیان ماوە بگەنە مالێ ، میران ، جلەوی ئەسپەکەی کێشا :

- برالە کاك میرزا ! مەلێ کابرا خەشیمێکی خاوبوو، ئاگام لێیە بە درێژایی ئەو رێگایە، نێوە نێوە، هەر گریاوی، ئیدی تەواوی کە• دایە مرۆت ئاوات ببینێ ئابرووت دەچێ• لەمندالێیەوە لەبیرمە، رۆژێ جارێکی ئەوەی دە گوێم سریواندووە :

" گریان بۆ پیاوان حەیبە" دابەزە لەسەر ئەو کانی‌یە ئاوێکی بە دەست و چاوت دا کە•

میرزا دەلێ :

- دایە مرۆت دایکتە ؟

- دایکی من و بای نازە ، براکانی دیکەم دایکیان جوێیە•

میرزا ، بە ناوی بای ناز، دیسان راچلەکی، بەلام وای خۆ لە ئەسپەکە فرێ دا ، میران تێی‌نەگا • میرانیش دابەزی• خۆیان سووك کرد ، ئەسپیان بەردا سەر ئاوێ• میرزا ، دەسنوێژی هەلگرت ، میران دەست وچاوی شوت• سواربوونەوە ، وردە وردە تێهەلبوون•

لە قەراخ هۆبە ، مارف و مراد بە پیریانەوەهاتن• مارف لە تەمەنی میرزا ، دایە• مراد کەمێك زێراترە• پرپان بە جلەوی ئەسپەکان داکرد •بە گەرمی بە خێریان هێنان•

سوار، دابەزیون• دایە مرۆت بە پیریانەوەدێ ، تەمەنی هەشتا سال دەبێ ، پیرێژنێکی زیت و وریایە ، مووی سەری سەرپاك سپی بووە•خەنەشی تێ‌نەداوە کەلەگەت و رەقەلەیە، رەزاخۆشە، پیرێکی خوێن شیرینە• میرزا ، هەوەل نەزەر خۆشی دەوێ ، میرزا ، داروبەرد و کێو وشاخ و دەرك وبانی،ئەو هۆبە و هەوارەی خۆش دەوێ ، بەتایبەتی دایە مرۆت•••

میران دەلێ :

- دایە تکاکارم هێناوە لێم نەدەی ! ئەو میوانە میرزایە، ئەو

میرزایەی ناز ، تاریفی دەکرد، پیاوێکی گەورە و ماقووڵە، وەختابوو بە جووتەش سەرمان تێداچێ • هەر ئەوشۆم مۆڵەت بدە، سبەینێ زوو یای نازت بۆ دێنمەوە•

دایە مرۆت دەڵێ:

خودا بە قوربانی میرزات کا ، مانگێکە دەڵێم ئەو کچۆڵەم بۆ بێنەوە، هەر تەفرەم دەدەی ، چت بەسەرهاتووە؟ درۆیان تێك مەخە•

میران دەڵێ:

- دایە گیان ! بۆ درۆ وراستیان ، چاو لەو تفەنگانەکە•

دایە مرۆت، میرزای بە گەرمی بەخێر هاتن کرد، چاوێکی بە تفەنگە - کان داگێڕا ، چەمۆڵەیەکی سەبری لەمیرانی نا ، وەپێشیان کەوت بۆ نێو ماڵێ ، نێوماڵ دە، پازدە کەسی نێرو مێ لێ وەدەرکەوت، هەموو بەخێریان هێنان•

دایە مرۆت گوتی:

- میرزاگیان ! کاولاشی خۆتە، ئەتۆش وەك کوڕەکان وای ، دەڵێم هەتا پاروەنانێکی دەخۆن و دەحەسێنەوە، نێوماڵەکە نیزیکترە•

میرزا دەڵێ:

- ئاوەدان بێ، ماڵە دایکی خۆمە•

دایە مرۆت ، خێزانی ماڵەکەی یەگجێ وەدەرنا ، بۆخۆی گەڕاوە لای پیاوەکان• بە میران و بە میرزای نەقڵی شەڕەکەیان بە تەواوی بۆ گێڕاوە•

دایە مرۆت دەڵێ:

- حەیف بۆو پیاوە، گەردنی خۆش وئازابێ، بەقەد کوڕەکانم خۆش دەویست، پیاوانە مردووە• چابوو لەو دواییە دا ، ئەو دزی و چەتەییەی وە لانا ، خودا ساحێب رووحمە، ئیشاڵڵا لە گوناهی دەبووری•

کوڕێکی جحێڵی قۆشمە، پڕی سەر مجومعەیەکی نان وپێخۆر هێنا ، لەپێش میرزای دانا ، بە دیواریەوە راوەستا •



@kurdica

میران گوتی :

- میرزا ، ئەو کوڕە نۆکەری تۆیە ، حەسکۆ ، ئەمن کۆزم ساوایە ، لەبەر شەڕە شەپێ نەپەڕژاومە ، منداڵ وەسەریەگ نانێ ، حەسکۆ ، کوڕی گەورەمە •

میرزا چاوێکی لە بەژن وبا ڵای حەسکۆ کردو گوتی :

- عەمەدرێژبێ ، ئەوەندەی گڵ لەسەر حەسکۆیە ، ئەوەندە عومری وەی بێ رەنگە رەشید ••• !

میران وەڵامی داوە :

- بەڵێ ، رەشید ، ناوی ناوە •

دایە مرۆت و حەسکۆ وەدەر کەوتن •

میرزا ، کەمێکی دەست دە نانەکەیەوەدا ، چی پێ نەخورا ، میران ،تێــر تێری خوارد و گوتی :

- میرزا ! برالە مات مەبە ، ئەگەر ماتی ، بۆ دەهاتی • دایکم جەفەنگێ نازانێ ، ئەتۆ مات بی بە سەری من دادەدا • ئەو ئێوارەش ئیزنم بدەی دەبێ برۆم بە لای ئەو مەیتانەوە ، رەشیدی بنێژم ، ئەو کەلاکانەش راگوێــزم ، کوڕەکــــانیــش دەبـــــەم ،حەسکۆش دەبەم ، ئاخەر رەشید مامی بوو •

میرزا گوتی :

- ئەمنیش دێم ، ئەگەرچی هێندێکیش بریندارم •

- چی ! ئەدی بۆ دەنگێ ناکەی !؟

- شتێکی وا نیە ، پووک وپێست بڕیویەتی ، لەسەر خاڵێگــــەمــــە ، بەستوومە • لەو قسانەدا ، دایە مرۆت بە پەلە وەژوور کەوت :

- میران ! منەتی تۆ بە پووشێ ، ئەوە ناز و نەوەکانم لەگەڵ سـۆفـی ئەحمەد گەیشتنێ •

ئەوەی گوت و وەدەر کەوت •

میرزا ، دەنگ و رەنگی گۆڕا • میران ئاگای لێیە ، بە پێکەنینەوە دەڵێ:

- کاکە گیان ! ئەتۆم ناوێ ، برینداری ، ئێستە بانگی دایە مرۆت ،

دەكەم ، بێ برینەكەت دەرمان كا ، ئێمەش لەسەر ئیزنت دەبێ بڕۆین•ئەتۆ خاوەن ماڵی ، سۆفیش هەروا ، ئاگاشوو لە وڵاتی بێ•
شوانەكانیش مەڕیان شەو بەكێوە، لە ئێوە بەدەر نێرەوەزمان لەماڵی دا نیە•
میرزا بە ڕەنگە بزركاویەوە دەڵێ :
– وەسیەتی ڕەشید، ئەوەبوو، لە پەنا قەبری زلەخا بینێژن•تكا دەكەم لەبیرت نەچێ• وەك لەبیرم بێ ئەو ئەمنیانەش یەكسمەكانیان دوور لەچۆمی ڕاگرتبوو ، جا نازانم چیان لێهاتووە؟
میران دەڵێ :
– ئەگەر سندم كراین ، ئەوە ماون، دەنا نا هەریەكەی ڕووی لە وڵاتێكی كردووە• لەبەر دەركی نێو ماڵەكە، میرزا ، هەڵترووشكاوە ،وەتمان دەستی لە ئەستۆی دایە• سوفیلە پەنایان ڕاوەستاوە• میران و مراد و مارف و حەسكۆ ، سەر بەرەوژێر، تەقڵەكوت بەربوونەوە• تەپ و تۆز بە حەوشە وەربووە•
دایە مرۆت ، جێگای میرزای گوێستۆتەوە• دوور لە قاژ و قرووژی ژن و منداڵ• جێی میرزای بە ڕەحەتە • هۆدەكە پاك وخاوێنە، بە مافوورەی خۆماڵی پڕ كراوەتەوە• لە لای سەرەوە، جاجمی پڕ لە نوێن، قەلاپچن لەسەریەك داندراون، سەرینی گەورە گەورە نراوەتە سەر چارشێو نوێنەكان• هۆدە بەرفرەوانە• بە گڵە سپی سواخ دراوە• بۆنی جاترە و نەعنا لە وڵاتی دێ• ئەسپەندەری چندراو لەوبەر ئەوبەری دەركە هەڵاوەسراون•
میرزا ، ئانیشكی خستۆتە سەر دوو سەرینی ئەستوور، دایە مرۆت خەریكە برینەكەی دەرمان كا • یای ناز، یارمەتی دەدا •
كراسی مەڕمەڕ شای میرزا، شەڵاڵی خوێن بە برینەكەیەوە نووساوە ، قرچ هەڵاتووە • دایە مرۆت دەیەوێ كراسەكەی بە ئەسپایی لێكاتەوە ،سەر هەڵدێنێ :

- رۆڵە نازیلێ! ئەو دەسرەیەم بەو ئاوە کولاوە بۆ تەڕ کە.

ناز، دەسرەکەی تەڕ کرد ودایەوە. دایە مرۆت بە کاوەخۆ خەریکە دووجاران دەسرەی کزرە،تەڕ دەکرێتەوە. دایە مرۆت لەپشت میرزایە، یای ناز رووبەڕوویەتی. وەختی هاتووە کراسەکەی لێکەنەوە، دایە مرۆت قەراخی کراس دەگرێ، لەبەر لێویەوە:

- بیسمیللا.

یای ناز دەڵێ:

- ئەی دایە گیان سەبر!

دایە مرۆت سەر هەڵدێنێ. یای ناز، چاوی پڕن لە ئاو. بە ئەسپایی بەبێ ئەوەی بیکولێنێتەوە، کراسەکە لێدەکاتەوە. دایە مرۆت بە بزەیەکی مانا دارەوە:

- کچم ئەو کراسە راگرە، نەخزێتەخوارێ.

یای ناز بە دەستێکی دەیگرێ، قامکی دەکەوێتە سەر لاکەلەکەی گەرمی میرزا، برین لەبەر چاویەتی. فرمێسکی دێتەخوار، بەرچاوی لێڵ دەبینێ، جاری وایە هەر نایبینێ، خەم و شادی تێکەڵە، بزە وهەناسە، ئەڵماسی نێوشەوەی چاوی، شەونم دەخاتە سەر پەڕی گوڵ، ئەوبەندەیبەیتیسوارۆی بە دڵ دا دێ:

" پێیان بڵێن بەوان حەکیمان، لوقمانان، چازانان،شتاقیان دەستی نەبەنێ، هەتاکوو بۆخۆم مەلحەمێکی ساز دەکەم، لەهێلێ،لەدارچینێ،لە ژەنگی گوارێ، لە تۆزی شەدێ، لە ئارەقی دەبەر گەردەنێ. بۆخۆم بە پەنجێکە ناسك و بە قۆڵی پڕ لە بازن، رۆی دەنێمەوە سەر ئەوان برین و گەرمە برینێ، هەلەکەی گەلێ گەلێ ناسکە نەکوو لەمنی بابان وێران بێنێتەوە تەشەنێ."

میرزا، هەست و خوستی لێبڕاوە، لە هەوەڵەوە لێوی دەگەست بۆ وەی ناڵەی نەیە، ئێستا حەوجێ بەوەش ناکا. "پەریان دەستیان لێداوە"هەست

و ئیحساسی لەسەر نوختەیەکی لا کەلەکەی خڕ بۆتەوە، لە ژێر قامـکـــی یای ناز، دەرد و ژان کۆچی کردووە، تینی ئەوین کەوتۆتە سەر زامی خۆشە - ویستی ، ئاوی حەیاتی دڵداری لە گیانی پڕ لە داخواز و تینووی ئاژن دەبێ، دەستی پڕ لە نازی ناز ، دڵی خەمبار و دەردەداری باوەشێن دەکا . لـەبیــری میرزا دا،زەمان ویستاوە . هەست و ویست دەڕژێنە نێو گیانی مانـــدووی ، تێکەڵاو دەبێ ، بڵاو دەبێ ، دەرەخسێ .

دایە مرۆت ، زۆر لێزان و شارەزا ، خەریکی کاری خۆیەتی دەوروبـەری برینەکەی خاوێن کردۆتەوە .بێ ئەوەی بە هەویای یاریدەی کەس بێ . بە تەنێ ملی پێوە ناوە، هەموو شتێکی بۆ روون بۆتەوە .

یای ناز ، دەستێکی بە کراسەوە بیانووە، دەستەکەی دی لە خۆوەدەچێتە نێو دەستی میرزا ،دەستی خڕو خۆڵ و نەرم ونۆڵ و ئەسمەرەی ناز ، لەدەستی ماندوو و پیاوانەی میرزادا لە کۆل دراوە، ون بووە و حاشار دراوە . تەنیـــا ئەنگوستیلەیەکی نەقیم سوور شایەدی دوو هەستی نەسرەوتووە . نوختەی وێك کەوتنی دوو خۆشەویستی ، تێکەڵاوی دوو ئەوینە،وەختێك دەبنەوە یەك .

دایە مرۆت ، مەڵحەمی داناوە، بەستوویەتی ، لەخۆی بەدەر کـــەس ئاگای لێ نەبووە . حەکیمانە سەر هەڵدێنێ :

- میرزا ، برینەکەت پووك وپێستە ، بەو دەستە مەڵحەمەی گۆشتـــە زوون دێنێتەوە ، بازارێکی دی زەحمەتی نەدەی سارێژ دەبێتەوە . دەچـــم کراسێکی خاوێنت بۆ دێنم ، ئەوەی خۆت دانێ ، با نازیلێ بۆت بشـوا و ئەوەندی بەسەردا نەگری .

میرزا و ناز وەخۆ هاتنەوە ، پڕ بە چاو، چاو لێك دەکەن.شەرمی جاران نەماوە . ئیدی غەریب و نامۆ نین.

یای ناز دەڵێ :

- دەی میرزا ! چت دە دڵ دایە ؟

- پێم وایە دەستی یەکترمان خوێندۆتەوە .

- بە چی ؟
- بە دڵ ٠
- بۆ میرزا ! ئەتۆش دڵت هەیە؟ ئەو چاو و رووە هەر هی خۆت بـــێ ٠ لەسەرچی ما ڵاواییت نەکرد؟ !
- پێم حەیف بوو بە خوات بسپێرم ، یای ناز ، دڵم هەیە ، ئـــەتـــۆش دەزانی بەڵام چبکەم ، ئاوارەم ، بێماڵ و حاڵ ، ژن وماڵیان گوتووە ٠

یای ناز :

- ئەتۆ چۆن ژیای ، ئەمنیش وا دەژیم، پێم خۆشە لەباوەشی تۆدا بمرم ٠
- پەلەی مەکە ناز ! بزانین چی لێدێتەوە ٠
- بەسە، بەسە ، کوێر بووم هێندە گریاوم ، زووخاوم هەڵێنا میرزا ٠
- باشە ،یای ناز ! ئاخری پێوەت کردم٠ لەگەڵ کاکت قسان بکەم یا بە دایکت بڵێم٠
- هەر بۆخۆم بە دایکم دەڵێم، بۆخۆشی دەزانێ٠ دەکرێ بە کاکیشـــم بڵێی، میرزا ، راستیم پێدەڵێی ؟
- ئی چی !
- چۆنە وا ملت راکێشاوە ؟ بە کوێ دا دڵت نەرم بوو؟
- لەمێژە خۆشم دەوێی ، رامگرتبوو بۆ هەلێکی باش٠
- سوڵتان نەبا لەدەستم هەڵدەهاتی !
- بەرەحمەت بێ ٠
- چی ! کووژرا ؟
- بەڵێ٠
- بە نەحلەت بێ، چاو حیزی بەرەڵڵا ، میرزا ! ئەدی ئەو پووڵە چبوو؟
- بۆ وەتمانم ناردبوو ٠
- ناز ، لەسەر سەرت گەرێ ، لە هەموو پیاوان نەجیب تری ،بەڵام هەر تێت دایە، ئەرێ میرزا ! دایە مرۆت داوای ئەستێ دەکا ٠



@kurdica

میرانیش هەروا ، بۆ حەسکۆ یا نە، دەڵێی چی ؟

- ئەدی ئەستی پێی خـۆشە؟

- ئەوە بۆی شێت دەبێ٠

- بیدەیە، کچی دایکیەتی ٠ وەتمانیش دەبەین٠

- بۆ کوێ ؟

- هەر جێیەك خوا بە قسمەتی کا ٠

دایە مرۆت ، دەرکەی کردەوە، کراسێکی تازە دوروا وی جووت باقیـەی بەدەستەوەیە، دایە دەست میرزا :

- رۆڵە گیان ! کراسەکەت بگۆڕە !

دایە مرۆت لەچوونە دەرێ دا ، چاوێکی لە یای ناز کرد٠ یای ناز بـــە دووی ویدا وەدەر کەوت٠

میرزا ، کراسەکەی گۆڕی،خۆی خڕ کردەوە٠ وەدەرکەوتە دەرێ٠ سۆفـــی لەبن دیوارێکی هەڵترووشکاوە٠ میرزا ، هەرای لێکرد :

- مام سۆفی ! دەسنوێژێکی هەڵنەگرین ؟

- ئەمن هەمە، دەخزمەتت ڕا دێم٠

دایە مرۆت خۆی گەیاندنێ :

- میرزا گیان ! بۆخۆمان سەنگە سیرمان هەیە، ئێوەش چ دەفەرمـــوون بۆتان لێ نێم ؟

میرزا دەڵێ :

- دایە مرۆت ، هەرچی هەیە ئەوەی دەخۆین ، جارێ پەلـەت نەبـــێ ، بۆخۆت بازاڕێکت مۆڵەت داوم٠

دایە مرۆت بە رووخۆشیەوە دەڵێ :

- جا بازاڕێك بۆ برینەکەتە ، ئێرە ماڵە خۆتە، کێ چکارەیە؟

میزرا دەڵێ :

- دایە مرۆت ، دەترسم دوای قەدەرێکی بڵێی :

" کشە کشە ، پۆپە رەشە، میوان رۆژێك و دووان خۆشە"

- بە خولاّی براڵە، بەوجۆرەی ئەتۆ خۆت خۆشەویست دەکەی ،تووشی مریشکە رەشەی نابی٠

- خوا لەزارت بڕوانێ ! هەویایەکی هەمبێ بەتۆیە٠ قەرار وابوو دەگەڵ کوڕەکان فەرقم نەبێ؟

- لە میرانی فەرزتری ، ئەوە سۆفیش غەیرە نیە، لەمێژە حەسکۆ و ئەستێ دلّیان پێکەوەیە، تازە وا هەلّناکەوێتەوە، ئێوە تەشریفوو لێرەیە دەلّێم با سۆرە وتۆرەمان نەکەوێتە مالّێ ، کارەکەی بەبێ مزەرتی تەوا و کەن، جارێ بەخولاّی نازیلێ هەر ملی باداوە، دەلّێ: "مندالّە" ئەمنیش دەلّێم ئەوە نەبێ ، ئەوی دیش چەتوونە٠

- دایە مرۆت ! هەرەشەمان لێ مەکە، لەبەر دەستی خۆت داین٠

یای نازیش رازی دەبێ٠ کچەش هێندە مندالّ نیە، لەمالّە تۆش دەبێ ، خۆ ناچێتە هەندەران٠

یای ناز ، لەبەر دەرکی نێومالّ راوەستاوە ، دەڕوانێتە بەژن و بالاّی میرزا ، ڕوومەتی وێنەی خاشخاشکی سوورن، وەك تازە لە دایکی خۆی بووبێ٠ سۆفی و میرزا ، وەڕێ کەوتن ، دایە مرۆت رۆیشتەوە ژووری٠

سۆفی دەلّێ:

- دەی میرزا ! ئەو نەزمانەشت هەبوو، نەماندەزانی ، حاجی ژنی فەقیر وایدەگوت ، ئێمە بڕوامان نەدەکرد٠

- حاجی ژن چی دەگوت؟

- دەیگوت: " لەوەتی کاکە میرزام رۆیوە ،یای ناز ، هەر دەگری و دەبارێنێ" ٠

- سۆفی لەو جەفەنگانە گەڕێ، چۆن بوو لەو وەختەی دا یای نازت هێناوە مالّە بابی ؟

- کاکە کەلّەگاییش حەددی هەیە، بۆخۆت قەراری دەگەلّ دادەنێی، لە

منیش دەپرسی٠

- بە سەری ئەو سۆفی‌یەی ، ئەمن خەبەرم نەبووە٠

- شۆخیت عەرز دەکەم، راستیەکەی ئەوەیە، سولّتان تەماحی لە یای نازێ ، کردبوو، ئەوەش،نایب بە حاجی گوتبوو، ئێمەش چاومان لێکرد، کارەکە پیستر دەبێ، سولّتان ئاوا غلوور و یای ناز، ئاوادڕ ، وە چاکە حیزوسلامەت رایگوێزین٠ دەنا دێیەکە بەربەلاّ دەبوو٠

میرزا ، یای ناز ، ئەوەندەی جوان وژنی چاکە، سەد هێندەش دڕ و ئازایە هەر بە دەست وتفەنگیش کەس باشاری ناکا ، خوشکی دایی وبابی میرانیە ، میرانە و ژنە ، ئەوسولّتانی ئەمن دیتم لیّی وەژوور دەکەوت،ئەو نازەی ئەمنیش دەیناسم ، قسەی ناوێ دەیکوشت، کارەکە ئاوا بوو٠ ئیدی ئێستاکەش چۆن بۆتۆ رادەوەستێ ! نازانم چیە و چۆنە ! کاران کارکردە،بە خولاّی نە ژنی وات وەگیر دەکەوێ ، نە تفەنگچی وا٠ بە پیری سەری ئەوە بۆتە کەسپی من٠ ئەمن بی‌هێنم و ئەتۆش خۆی پێدەرمان کەی٠ خۆشیەکەی ئەوەیە لەمنیشی دەشاریەوە٠

- سۆفی ! دەزانم جەفەنگێ لێدەدەی ، بڕوام پێ پکە، ئەمن و یای ناز ، هەر دووراو دوور یەکترمان خۆش ویستووە، ئێستاش چ نەقەوماوە ئەو بێوەژنە ئەمنیش پیرە کوڕ، ئەتۆش ردێن سپی ، مەلای بێنە و بەشەرعی محەمەدی لێم مارە کە، هێندەشم تۆپ وتەشەر پێدا مەدە٠

- کەنگێ ئیشالّلاّ ،شیرینی‌یەکەی دەخۆین٠

- ئەوشۆ ، پسوولەیەکت بۆ دەنووسم، سبەینێ وەڕێ کەوە پچۆ شاری ، مالّە کەمالّی دەزانی؟

- کەمالّ ! ناوەلّلا ، هەرناشی ناسم ، هەر دووکانی حاجی حەسەنی بەلّەدم بابی رەسووی٠

- دەیباشە، لەوێ پێت دەلّێن٠ بەلّکە کارێکی بۆ یارەی پکەن وهێندێکیش شڕو شالاّت پێویستە ، ئەوانەش رەسوو دەتداتێ٠ لەوسەری را ئیشەلّلاّ

دەگەڵ یارەی دێنەوە، مەلا و حاجی و مام حەسەنی بێنە و کارەکەی تـــەوا و دەکەین، هێندە منەتەشی ناوێ ئەتۆ هەر کەست دەوێ هەتا بۆت پخوازم•ئەتۆ سۆفی هەر جێی هاوار و بانگان بووی ، ئێستاش هەر وای•

لەسەر کانییە گەڕاونەوە• دایە مرۆت ، چرایەکی پێنج نـمـــــرەی هەڵکردووە، شووشەکەی بۆ دەسترێنەوە• میرزا خەریکی کاغەز نووسینـــــە • وەتمان لە پەنایەتی• سۆفی نوێژی شێوانی دابەستووە• ئەستی یەك دووجاری مل دەژووری کێشاوە• شەو هەردێ و تاریکتر دەبێ•

میرزا ، کاغەزەکەی بە پەلە نووسی، چەند جاری بەسەریەگدا نوشتاندەوە وەك نوشتە دەپاڵ یەکی ڕۆکرد• دایە دەست سۆفی•

سۆفی دەپرسێ :

- قوربان ئەوە چ گوناهێکی هەیە وات بەسەرهێنا ؟

میرزا ، بە پێکەنینەوە :

- گوناهی نیە، ئەوە دەڵێم نەوەك لەرێیە تووشی گیروگرفتێکی بـــی ، ئاوا چاکتر ون دەکرێ •

- یانی دەفەرمووی ، ئەگەر تووش هاتم قووتی دەم ؟

- قووتیشی نەدەی ،دەکرێ خێرا بیهاوێیە قوژبنێك !

وەتمان هەڵدەداتێ :

- مام میلزا ! ئەو ، ئەو قەلەمەی دەدەی بەمن ؟

- ئەرێ وەتمان گیان ! قەڵەمی دیکەش بۆ کوڕی خۆم دەکڕم•

- مام میلزا ، عەژە دەیگوت، خلە دەیگوت، تۆ باوکت نیە، سەلـــــە-خۆڵەی ، تۆ ،تۆ باوکی من دەبی ؟

- ئەرێ ، ئەرێ ڕۆڵە گیان ، من باوکی تۆم•

سۆفی دێتە ناو ئەم وت و وێژە :

- وەتمان ، قەرار نەبوو من باوکی تۆبم؟ ئەدی ئەمن ؟ کوڕم نابی ؟

وەتمان دەڵێ :

- ئاخە، ئاخە، یای ناز، گوتی مام میلزا ، مام میلزا ...
سۆفی چاوی پڕ بوون لە ئاو ، بەوحاڵەوە بزەشی دێتێ:
- وەتمان گیان ! باشە ، قەی ناکا ، مام میرزا ، باوکی هەموومانە.مام میرزا ، نووری چاوی ئێمەیە، وەکازی پیری مە.
- یای ناز ، مجومعەیەك لەسەر سەری وەژوور کەوت، لەپێش میـــرزا و سۆفی دانا. ئەستی بە شوێن وی دا ، پری کاشی‌یەکی هەمەدانی دۆ هێتــا ، دۆیەکە کەچکێکی داری لێك و لووسی دە نێو دایە.
وەتمان بانگ دەکا :
- دایە، دایە! مام میلزا، باوکی منە ، قەلەمی دامێ.
یای ناز ، سوور هەڵگەڕا ، سەبرێکی لێوی گەست، دەستی وەتمانی گرت وبردیەوە ژووری ، ئەستی بە حیلکە حیلك دەرپەریە دەرێ.سۆفی ومیــرزا ، یەگ بەزگیان پێکەنین.
شێو خورا و بەزیادکرا ، شەوچەلە هاتەگۆڕێ. سۆفی ومیرزا ،ولاتیــان شێوو وەرد داوە. هەرچی بەکەلکی گوتنێ دەهات بۆ یەکتریان باس کــرد . حاڵ و حەکایەتی ئەو چەند رۆژەیان ورد ورد بۆ یەکتر گێڕاوە.
یای ناز ، جێگایان رادەخا . سۆفی چۆتە دەرێ. میرزا ، وەك دە خەیاڵ دابڕێ ، دەروانێتە بەژن وبا لای ناز .
یای ناز دەڵێ:
میرزا ! ئاوا خەیاڵی رۆینێت هەبێ ، ئەدی ئەوماڵ ومەڕو ما لاتــەی چ لێ پکەین ؟
میرزا دەڵێ :
-قەرارە وەکوو من بژی ، وانیە؟
- بەرێ وەڵلاهی ،لەسەر هەر دینێك بی ، دێمە سەر دینت.
- سبەینێ بەسۆفی بڵێ، بە رێیان کاتە ئێرە. با ئەوانە جیازی ئەستی بن.



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

- ئەدی بەشی وەتمان ؟

- ناز ، ئاخەر بۆخۆت نەتگوتووە ، وەتمان کوڕی میرزای دەبێ بە قسەکەی خۆت ، هەرچی هەمە دەبێتە ئی وەتمان ، ئەمن زۆرم هەیە• ئەو قەڵەمەی داومەتێ ،دنیایەکی جەوهەر لێ دێتە دەرێ، هەر قەڵەم دەیباتەوە ، دنیا بەرەو زانین دەڕواتە پێش• سۆفی سبەینێ دوای دیتنی میران، دەچێتە شاری لە گەڕانەوە دا قەرارە مەلا وحاجی ومام حەسەنی دەگەڵ خۆی بێنێ ، ئەتۆ وئەستێ بۆ شەوێ مارە دەکەین• سبەینەکەی ئێمە دەڕۆین، خوا یاربێ ئاوری نەورۆزێ لەو بەندەنانە دەکەینەوە •بیستوومە دەست وتفەنگی تۆش قسەی لەسەر نیە•

یای ناز ، ئەوەندە بە کەیفە ئەوە دەدرێ، بەبزەیەکی شیرنەوە :

- ناز لەسەرت گەڕێ میرزا ، دڵم لەلای تۆ دەحەسێتەوە، دایمە پەرۆشی داهاتووی وەتمان بووم، بە بوونی تۆ خەوشم لە دڵی دەبڕێ ، دەمەوێ هەوەڵ چەکداری تۆ بم• ئەو تفەنگە سەرتۆپە لە ئێستاوە مارەیی من بێ•

میرزا ئاگام لەخۆم نەبوو دەستم چوو لە دەستی تۆوە• لەلای دایە مرۆت ئابڕووم چوو• دایە مرۆت ئەوە لە خۆشیانت خەنی دەبێ، لەماڵە مەش قسە هەر قسەی وییە •ئەو وەختی باوکیشم مابوو، دایە مرۆت هەر کەللا بوو•

میـرزا دەڵێ :

- خۆ ئەتۆش خەیاڵت نیە دەگەڵ من وابی ؟

- نا میرزا ! ئەمن بەو ئاقڵەی نابم دەکەوشەکانی تۆ دایە•

- ناز ! ژن ومێرد وەختێك بەختەوەرن، بیریان لێك نیزیك بێ، ویڕای وەتمان دەبێ دەرس بە تۆش بڵێم•

بۆ نوێژی بەیانی سۆفی و میرزا راستەوەبوون• میران تازە گەڕاوەتەوە سلاو و ماندوونەبینییان لێکرد• میران دوو شەو و رۆژە نەخەوتووە ،کەمێك داچۆڕاوە• بەلام زۆری لێدیار نیە، قرچەیەکی لەپشتی هێنا وگوتی :

- وەسیەتەکەی رەشیدمان هێنا جێ• بەداخەوە مام مەولوودیش لە پەنا

رەشید نێژرا • حەسکۆ وەك کچۆڵان لەورێیەدا هەر گریاوە• هەر دەڵێی لــە من نەبووە• میرزا ببوورە ئەتۆش کەمێك گرینۆکی •••

بەرە بەیانە ، ئاسمان هەوری رەشی کلّۆ کلّۆ دایگرتووە ،برینی میــرزا دوو ، سێ رۆژە سارێژ بۆتەوە• کەماڵ ،یارەی لە زیندانێ بە زامن هێناوەتـە دەرێ •سۆفی دوای دە رۆژان گەڕاوەتەوە، هەر فیکەی سمێڵی دێ ، مــەلا و حاجی و مام حەسەنیش لە دوێنێوە دەگەڵ سۆفی هاتوون ، مەلا شــــــەوی رابووردوو دایك و کچی مارە کردووە• کاری خێرێ بە باشی بەڕێوەچــووە • هەموو لایەك رازین ، میرزا ، خەریکە خۆی بۆ سەفەر ساز دەکا :

- دەی سۆفی ! یارەش ، نەهات ! هەڵبەت خەزاڵ ئیزنی نەداوە !

- قوربان ئەتۆ نەتفەرموو ئەویش بێ ،دەنا زۆری پێخۆش بوو ،کەمێکیش بە دڵ پڕی • حاجی حەمە، قسەکەی لە سۆفی ئەستاندو گوتی :

- قوربان ! ئێمە پێمان وابوو پێت سەلاح نەبووە یارە بێتە خزمەتت•

حاجی پاشان رووی لە میران کرد :

- خاڵە میران ! میرزا ، وەوەی دەچێ بە پەلە بێ، بلێ ئەسپەکەی مــن بۆ یای نازێ ،زین کەن ، لەوەی چاکتر چم لە ماڵێ دانەبوو بیدەمێ•

میران، چاوێکی دۆستانەی لە حاجی کرد :

- پیاوەتی تۆ لەوانە پترە ! بەلام ئەمن رەوەیەکم ئەسپ هەیە، ئێرەش ماڵە بابی یای نازە ، بەشی هەیە، ئەسپێکی هەر دەکەوێ•

حاجی دەڵێ:

- براڵە میران ! دەزانم سەت هێندەت هەیە• ئەوە دابە، لــــەوێ را رەشمەی زێوم وێخستووە، بەو نیەتەی هێناومە، دەستم مەگێڕەوە، حاجـــی ژنیش جووتێکی گوارەی پێنج گۆ ، بۆ ناردووە، بە هەزار ناری عەلی دەستۆی دایە مرۆتم خست بیداتێ• دیارە فەرق و جودایەتی دێننە گۆڕێ• ئــەمــن ئارەزووی زەماوەندی گەورەی میرزام بوو، دەمەویست حەوت شەو ورۆژی بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا داوەت بۆ بگێڕم•بە ناشکوری نەبێ لەمێژە شایی وشیـن

لەو وڵاتەی تێکەڵە، میرزا ، رەگی حەیاتی منە، برادەری دنیاو قیامەتێمە • بەهەشتی باقیم بە بێ میرزای ناوێ•

میران دەڵێ :

- باشە مامە حاجی ، خۆ ئەمنیش بە پێیانت نانێرمەوە !•

سۆفی رانك و چارشێوێکی بە دیاری بۆ یای ناز هێناوە• مام حەسەن خەنجەرێکی چووکەی دەسك ماهی داوە بە وەتمان•

مەلا دەڵێ :

- میرزا ! ئەمن هەر دوعاگۆم ، رەببی خوا بتانپارێزێ • رەببی خوا ئەو دەورو دووکانەی وەرگێڕێ ، رەببی ئەوی زاڵمە لەسەر زەوی پا بێتەوە•••

یەگجێ گوتیان : ئامین•

ئەسپ راگیراون• میرزا تفەنگی برنۆی وەسەتی بەدەستەوەیە•تفەنگی سەرتۆپ بە شانی یای نازەوە، بۆتە نەخش ، هێندەی دی کورت لە چاو دەدا ، فیشەکدانەکانی تاقی کردەوە، هەموو بە نێو قەدی شلن• بەرانك و چارشێوە- وە وەك ئەڵماسی نێو تاریکایی دەدرەوشێ• ئەسپە کوێت کوڕژنێ دەکا ، ئەسپە بۆرە سەر رە سینگی میرزای دەخا •

میرزا ، زۆری هەوڵدا قسەیەکی پێ نەکرا • یای ناز ئەستی وحەسکۆی ماچ کرد• دایە مرۆت یەك یەك ، میرزا وناز و وەتمانیلە ئامێز گرت•رووی لە ئاسمانێ کرد و گوتی :

- رەببی ئاخرو خێر بێ •

سوارە، سواربوون ،وەتمان لە پاشکۆی یای ناز ، سوار کراوە، دەستی لە قەدی یای ناز گەیشتوونەوە• بووکەکانی دایە مرۆت ، لەوبەری حەوشە وێستاون و دەگرین• مارف و مراد سوار بوون بەرێیان دەکەن•

میرزا ، رکێفی هێنا ئەسپە بۆرە، بە دووی یەگدا تەقە لە ئاوزەنگی دێ• بە نەرمە غار تێهەڵبوون •هەوری ئیقلیم گیری پاییز ، ئاوسی بارانی پەڵەیە• پیاو بڵاوەیان کردووە• ژنەگان چوونەوە ژوورێ• ئەستی و حەسکۆ لەسەر

بێلایە سرتەیانە٠

دایە مرۆت ، بە تەنیٚ ماوەتەوە٠ هەروا دەڕوانێتە سوارەکان ٠میــرزا و ناز ، بە جووتە سوارە وەسەر دەکەون، هەوراز هەر دەڕوا و رژد دەبیٚ، دوور دەکەونەوە و لێل دەبن ، دەبنە دوو خاڵی چووکە ، ئەوانیش دەڕۆن و دەڕۆن ، دەبنە خاڵێك ، ئەویش دەکشێتە نێو هەوران و ون دەبیٚ ٠ دایە مرۆت ،لەبەر خۆیەوە دەڵیٚ :

- خۆزگە ئەوەندە دەژیام ، ئاوری نەورۆزیم بە چاوی خۆم دەدی٠٠٠

١٣٧٠/١٢/٢٥

* * *

" ء "

**ئاورگ:** جێ ئاگر

**ئاخێز:** لەبەر هەستانێکی کەم ، برە هەستانێك.

**ئاپۆرە:** غەریب ، زیادی ( ناخوانده ، طفیلی )

**ئاهی نەگرفته:** بە نودرەت هەڵکەوتن ( کم ممکن ، تصادفی ).

**ئاومالك:** ئەو چیلکە و چاڵەی ئاوی چۆم دەیماڵێ و دەیخاتە قەراخ.

**ئەسپی یەکناسێ:** ئەو ئەسپەی هەر خاوەنەکەی بناسێ، رکێفێ بە هەموو کەس نەدا .

**ئەندێش کردن:** فکر کردنەوە ، نیگەرانی .

**ئاڵە بێژ کراو:** دابێژراو ، ( ئاڵە ـ الك ) ، ( بێژ ـ دابێژتن ).

**ئاڵی بوون:** لە ژن ترسان ، لەبەر دەستی ژن دابوون.

**ئاش دەمیزێ:** وەختێك دۆڵ کون بوو ئاو دەدا .

**ئاژان :** پاسەبان ، پۆلیس .

**ئاردی خۆت بێژتووە ، کەپەکت هێشتووە:** ئەو ئاردەی بە کەلك دێ دات بێژتووە ، ئەوی ماوە کەپەکە ( گوردی خۆت گرتووە ).

**ئاش دۆڵە:** ئاش ئاوی تێدا نیە .

**ئەسمەرە :** سەوزە.

" ب " :

**باڵەکەو :** گەنمی بەکەو دەکەن بە دوو دەستان بە پێوە دایدەتەقێنن.

**بە چاو ماتە هەڵگرتن:** بۆسە هەڵگرتن بە چاو ، خۆ گێل کردن و روانین.

**بەرە ژان:** ژان بەرە بە بەرە، ژانی کەرەت کەرەت ( ژانی سەرەتایی منالْبوونێ ).

**بەلاش :** بە خۆرایی ( مجانی ).

**بزووت:** توند و تۆڵ ، بزۆز.

**بناورە:** ئەو گیایەی بۆ هەڵبوونی ئاور لە بنەوەی دەنێن، بە چیلکە و چاڵیش دەڵێن

**بێ چاوێنی بوون:** بە چاوەوە نەبوون، لە چاوی پیس بە دوور بوون.

**بەرماڵ لە سەر ئاو گەران:** تاریفە بۆ موسوڵمانەتیە، بەرماڵی لە سەر ئاوێ دەگەرێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**باب نۆکەر:** گەورە نۆکەر ، گەورەی نۆکەران.
**بە کلك گوێز شکاندن:** بە کەیف و دەماخ بوون.
**بەربەلا کردن:** وەبەر بەلا دان.
**بیکاتە چێوی خمێ:** یانی شەڕو هەڵلایە سازکا ، خەڵکی ڕەشپۆش کا .
**بە مەشکەت دەردێنم:** وات کەوڵ دەکەم بۆ مەشکە ببی( لە لای ملی را ، کەوڵی یەك پارچە)
**باشار کردن:** دەرەقەت هاتن، قەوە بە قەوە شکان، عیلاج پێکران.
**بە حەوت مانگان بوون:** ئیشارەیە بە بەپەلە بوون( یانی لەزگی دایکی پەلەی کردووە و ئێستاش هەروایە)
**با دەرکی لێ نەدەکردمەوە:** کەس کاری پێم نەبوو ، کەس ئازاری نەدەدام.
**بەردەمووروو:** بەرد یا ئاسنێکی قووڵە لە ژێرەوەی هەرە خواری بەرداش، تەوەرەی - لەسەر دەسووڕێ.
**بستە:** بستێك دەبێ " ئاسنە" لە سەر بەردی سەرەوەی ئاش قایم دەکرێ.
**بانیژە:** ئەو قولکەی باراش ئاشی تێدەکەن.
**برکە مرد:** ئەو تەرە کاریەی ( شووتی و کالەك) لە بەر نەخوشی برکەکەی گەیشتبی.
**بەو تەپەتەپەی:** سوێندی ژنانەیە، مەبەست سوێند خواردن بە ئەنگوتکە هەویرە.
**" پ " :**
**پندرە سەری داخست:** ( پندرە ـ بە ئەدەب ، بێدەنگ ، فەقیرۆکە).
**پلتۆخ:** کار پیس ، پیسکێر .
**پووش بە سەر کردن:** داپۆشینی قسەیەك یا ڕووداوێك.
**پیاو ئەوەیە سەری لە گوڵمەزان دابێ:** پیاو ئەوەیە سەری لە کێشە و هەڵلایە دابێ.
**پاپووکە خواردنەوە:** خڕ بوونەوە، گۆلۆلە بوون.
**بە پەندی سیا هەڵێنان:** ( بە خاك سیاە نشاندن ) پەند، دێرەدا یانی بەلا. بە بەلای گەورە دوچار کردن.
**پارێزدان:** ئیزن دان ،خۆ بەدەستەوە دان ، ڕێگا دان.

" ت " :

**تورمە:** چەشنێك شاڵە" زەمانی زوو جۆلا دەیچنی"

**تەندووره زمنە:** گڕ کێشان ، وەك گڕی تەندووری گەرم داهاتن، ها لاو هێنان •
" ئیستلاحە بۆ دێو"

**تەکمیش :** بۆش کردنەوەی بنی دار و ریشە، خاوێن کردنەوە لە گژو گیا بە پێمەرە•

**تالحە:** فاڵ گرتنەوە•

**تەرس و گوو تێکەڵ کردن :** زگ درپین ، وەك حەیوان کوشتن•

**تاجیلۆکە:** گیایەکی سووك و پەلە پووشی پایزی یە•

**تەوەرە:** ئاسنێکە لە سەر بەردە مووروو دەسووری•

**تەمبوورە:** تۆپێکی خڕی دارە پەردەی ئاشی لە دەوری دەدری•

**تیلیسان:** قایشیکە وەك پیشەوەی شەپکە بو خو پاراستن لە تیشکی تاو لە نیو چا و دەبەستن•

**تلاسکە بەستن:** بەلا داهاتن•

**تاماو :** ئەو شتەی تام دەدا بە ئاوێ•

**تخێڵ بوون:** درێژ بوون ، خەوتن ، راکشان•

**تەپڵەك:** ژێر سیغار•

**تەمبار :** بەرزایی کەم ، تەپك•

" ح " :

**حەوجۆش :** بە جێگای کەتری ئاویان تێدا دەکولاند، لە قورقوشم و ئاسن ساز دەکرا • ( رەنگە لە پێشدا ئاوجۆش بووبێ) حەوجۆشە کۆنیان ورد دەکرد دەیان کردە " ساچمە" •

**حاشا لەو قەبرەی ناڵەی لێ نایە:** یانی قەبری خۆم ئاورین دەکەم، خۆم بۆ ئەو گوناحەی ساز کردووە•

**حیزی هەمبانەی کولوانە:** حیزی سنووری نیە، وەك هەمبانەیەك هەر چەند خوری یا لۆکەی شیکراو( کولوو)ی تێکەی دەیبا •

**حوکمی حاکم و دەردی مفاجا :** حوکمی حاکم وەك دەردی مفاجا ( سەکتە ) وایە٠
**حیسابی رقوومی:** شێوە نووسینێکە تایبەتی بازرگانەکان( گۆیا جوولەکــــــە هەوەڵ بار سازیان کردووە)٠
" ج " :
**جامە مەڕی:** جامی مەڕ دۆشین٠ زۆرتریان مس بوون٠
**جببە کردن:** جەریمە کردن٠
**جیفرك لە خۆدان:** دەرپەڕین ، هەڵبەزین و هەڵاتن٠
" خ " :
**خەرەك:** ئەسپابی بەن هەڵکردنێ یە( خرك) خەرەك رستن، بەن رستن ، خوری رستن٠
**خوری شۆر کردن:** لێدان بە گۆپاڵی ( خوری بە کوتەکان دەکوتن ، بۆ شوتنێ)٠
**خیسکن:** وەك خیز ، رەنگی خیزی٠ گڵێك کە بەشی زۆری خیز بێ٠
**خەرمانەدان:** ئاڵقەیەکە لە دەوری مانگی دەگەڕێ، قەدیمی دەیانگوت عەلامەتــــی بارانەیە٠
**خاتووزمەهەریر:** بارانی سەرە بەهارێ " دەڵێن خاتووزمەهەریر شینی برایانـــــی دەگێڕێ"٠
**خۆ لە تەپڵێ گوڵێ دان:** خۆ رازاندنەوە، خۆ جوان کردن٠
**خۆ پێوە دەرهێنان:** خۆ تێگەیاندن٠
**خەشیمی خاو :** بێ دەسەڵات ، بێ ئاقڵ ، ئەو کەسەی گێلە پیاوبێ٠
" چ " :
**چل مێردە:** دارێکە دە ئەو بەر و ئەوبەری دەرکەی رادەکەن، لە ژوورەوە دەرکـــــەی پێدادەخەن ٠ (قەوەی چل مێردانی هەیە )٠
**چاوبز بوون:** چاوی وەك بزن، شەیتان ، بە کەیف ، قەلەو٠
**چۆڵە پێچ:** راوی ئـەو دەمەی کەو خەریکی هێلکە کردنە ، ئاخری مانگی بانەمەڕ ٠
**چەرمی ئاوەسوو :** قایم و بە قەوەت( چەرمی ئاوەسوو رەقترە لە چەرمی دیکە)٠
**چەقەنە:** دارێکە لە سەر بەردی سەرەوەی ئاش لەنگەری بەردەکە دەگرێ٠

**چێـو پاساری:** لێوە سوانەی کەمێك درێژ دەکەنەوە٠ شتێکە وەك بالکۆن ، قولەترە٠

" د " :

**دڵ لە بوورەوە چوون:** دڵ لە خۆ بوونەوە( ضعیف )

**دەڵ:** داعبایەکی کێوی یە ، داعبایەکی خوێڕی یە٠

**دڵاودڵ بوون:** دوودڵ بوون، خاتر جەم نەبوون٠

**دوعای ئەبوو دووجانەی:** دوعای شێت چا بوونەوەیە، بۆ زۆر شتی دیش دەبێ٠

**دۆزەقە:** ئەو گۆ نجەیەی ئاوی ئاشی پێد ا دێتە دەرێ٠ گۆنگەیەکی درێژە٠

**دەبە پێکردن:** ناڕاستی دەگەڵ کردن، وەعدە بە جێ نەهێنان٠

**دیزە بە دەر خۆنە پێکردن:** باسی قسەیەك نەکردن، وەك دەرخۆنەی لە سەر دیــــزەی دانێی٠

**دوڕوبا :** سەنگێکی قیمەتی یە( ڕەنگی قاوەیی یە و زرووقەی دێ)٠

**دەوسیە :** پەروەندە٠

**دەهۆ :** گزە ـ فێڵ ـ تەڵەکە٠

**داری لە ئەستێرەکە ڕاکێشا :** ئەستێر یا گۆل گۆنگەکەی بە دارێك دەگیرێتەوە و بەردە بێ٠

" ڕ " :

**ڕەنێونان ، ڕەنێو هێنان:** کۆ کردنەوەی بەرهەم ، جێ بەجێ کردنی دەغڵ و دان و٠٠

**ڕەفیچکە نەواندن:** ڕەفیچکە خوارەوەی ئەژنۆیە، مەنزوور پاشوو فیزاندنی یەکسمە٠

**ڕەوگیر کردن:** بە زۆری ئەستاندن٠ داگیر کردن٠

**ڕاوەباڕ:** ڕاوەکەر ئاخری هاوینێ ، ئەو **فەسڵەی** " باڕ " گەورە بووە٠

**ڕفحە:** تاقەی وەتاغێ لە بلێندایە ـ( ڕوف تورکی) ترك وەریان گرتووە٠ شایەدیــــش ( رفعە) بە مانای( رفیع) بەرز بووبێ٠

" ز " :

**زناو:** زنە ئاو، ئاوی زنەی ، ئاوی زانەوەی زەوی٠

**زەهەڕ:** کەڕەتێك ئارد لە ئاشی کردن( بەشی چەند مانگ)٠

**زریزە:** بە ئالقەی دەفەی دەڵێن ، هەر شتێك زریوەی بێ.

**زرووقە:** شەبەق ، شۆق .

**زگ تێشووی هەڵناگرێ:** تێشوو ـ تووشە( زگ پەسمەندەی پێ هەڵناگیرێ).

**زەمبوورە:** ئاخری دۆڵی ئاش ئەو نوختەی ئاو بە غورەم لەپەرەکان دەدا .

**زیزانە:** تۆوی گیایەکی وردە، دەگەڵ دەغڵ و دان دەبێ ، هێندی زنگیانەیە.

**" ژ " :**

**ژنانیلە:** ئەو پیاوەی وەك ژنان هەڵکەوتبێ.

**" س " :**

**سپی رۆژ:** رۆژی سپی ، ئەو رۆژانەی هەوری سپی بەری رۆژێ دەگرێ.

**ساڵی چاو قووڵکەی:** سالی هاتنی نەخۆشی تاعوون.

**سۆسە کردن:** هەست کردن.

**سوێتە :** تەشتی بە گڵ ساز کراو، پاشان لە کڵ هاتبێتە دەر .

**سایە چەور:** بە کەسێکی دەڵێن قازانجی بۆ دەست پێوەندی زۆربێ . سەخی.

**سەلای سەگ و بەیتی کەر پێکردن:** دەرد بە سەر هێنان و جەزرەبە پێکردن.

**سێ شەشی بەهارێ :** یانی هەر تاوەی هەوایەك بێ.( شەش رۆژی ئاخری زستانێ و ١٢ رۆژی هەوەڵی بەهارێن)

**سەر ئاسۆ کردن:** سەردان.

**سامال سپی :** یەگجێ وڵات سپی بێ.

**سیایی:**لیستە، سوورەت ، نووسراوەی ناوی کەل و پەل.

**سیمرخ:** مست ، نەقورچ.

**سەرگێر :** حەسارێکە بۆ بێرو هاوێر و حەسانەوەی مێگەل.

**سەرسەر :** هەڵلا و کێشە و تێك هاویشتن و شانە چرکە .

**سەگ بە حەسار پێکردن:** یانی ئەو بەرو بەرکێن بە شتێکی کردن.

**سایەد:** ئاگادار، چاو لە سەردا پچڕاو .



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

" س " :

**شانشینی:** ( شاه نشین ) قوو لایەك وەك تاقە بە لام رێکی عەرزی و گەورەیە وەك - مێحرابی مزگەوتێ ،( گەورەتر )٠

**شەپیتە:** ئەو تەختەدارەی جۆ لاتان و پۆی پێ توند دەکا " شەپستەی پێوەدا "

**شیلەم:** تەکمیشێکی کەم٠

**شاویڕ:** ئاوی کەم ، گۆ لای لە پەنایەك ، وردەزنە٠

**شەرعی ماری بەداری:** شەرع دەگەل مار کردن بە داری ( داردەست ) دەبێ، یانی ماری بە داری بکووژە٠

**شەو بە سەر دەستان داهاتن:** یانی هێندە بە کارێکەوە بی هەتا شەو دێ، شەوهاتن ٠

**شاتلۆرە:** بەربوونەوە و سووڕان لە سەر لا تەنیشت٠

**شاتاندن:** شاتە شات کردن، هەڵڵا هەڵڵا کردن٠

**شەخسی و وەخسی لێك راکێشان:** وەك لە سینگ دانی محەڕڕەمێ لێك راکێشان٠

**شیش کوت:** جاسووس ، ئەو کەسەی بە شیشەی و لاتی دەپشکنێ٠

**شێفەلەتە:** گیایەکە، بە میوەکەشی هەر دەڵێن شێفەلەتەو هێندی گوێزێکە ، دوولەت دەبێ٠

**شووژن بەدزی کردن:** مەسەلەیەك لە بەینی دوو یا چەند کەس دابێ، غەیرە نەزانێ٠

" ع " :

**عەیار:** عەیار - پەیمانە - ئەندازە - پێوانە

" غ " :

**غلوور:** غەڕە، خاوەن غروور٠ بە فیس و ئیفادە٠

" ف " :

**فەتر:** نانی هەویری هەڵنەهاتوو٠ نانی فەتیر- چیڕ٠

**فیزە باریکە دان:** هەلاتن ، هەلاتنی حیزانە٠

" ق "

**قەمامە:** قایشێکی درێژ بوو بە سەرباری بارەبەردا و بە بەرزگی دا ، بارەکەیان

پێدەبەست.

**قەرەقۆڵ:** ئەو کەسەی بە دووی مەڵەغان گێڕدا گیای کۆ دەکاتەوە( قۆڵ رەش )

**قرپۆك:** چکۆڵە ، نابووتە.

" ك " :

**کڵاو بە تیلاگی سەرەوە نان:** یانی بە ئازادی رۆیشتن.

**کەشکە فەریکە:** کەشکی برژاو ، کەمێك برژاو " فەریك = ئاوی تێدا نەمێنێ ".

**کزر :** خاو ، نیوە ویشك.

**کێشەوە کردن:** کێشانەوە بۆ ژووریّ . هێنانەوەی زۆر .

**کمت و کرووت:** لەت و پەت.

**کوتەك ئاشی دەگێڕێ:** کوتەك زۆرە، هیندی ئاوێکی ئاش بگێڕێ..

**کەوبوار :** راوی ئەودەمەی کەو بواری گەڕانەوەی لە گەرمێنێ را هەبێ، راوەکـــە وی سەرە بەهاریّ .

**کەوجووت:** راوی ئەودەمەی کەو جووت دەبن، نێرەومێ یە، ئاخر و ئۆخری خاکەلێوە ( راوەکەوی ئەوێ دەمێ ).

**کۆتەراو :** ئاخری پایزێ ئەگەر ساڵ خۆش بێ ، نێرەکەوی دەبەسەنەراوی.

**کەش و تووش کەوتن:** رووبەروو هاتن و بە پەنا یەك دا رەد بوون.

**کرکە نەکردن:** دەنگ نەکردن.

**کۆڵ:** دۆڵێکی چووکەیە، گەنمی نێو بانیژە بە نێوی دا دەچێتە نێو بەرد.

**کەل و پەل زانین:** کەمێك زانین، هێندێك زانین

**کوێن دەبەربوون:** لەش بریندار بوون، کوان لەلەش هاتن.

**کەشك شاوتن:** کەشك سوانەوە.

**کەچەوەترێن:** بە خۆدا شکاندنەوە . شەرمەزار کردن.

**کاران کار کردە:** کاری ئەو کەسەی کاری کردووە. کاری کار زانان.

" گ " :

**گێژەو :** گەنمی لە بێژینگی دا بە دانیشتنەوە گێژە پێدەدەن هەتا چیلکـــە و چاڵەکەی دەکەوێتە سەرەوە.